مجلـــة

# الصِراطُ الْمُسْتَقِيم

گۆڤاری

# ڕێگـــای ڕاســـــت

**گۆڤارێکی زانستی شەرعی و ڕۆشنبیری،وەرزییە**
**دەستەیەك لە مامۆستایانی ئاینی دەری دەکات**

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
م/ عبداللطيف أحمد مصطفى

---

**ماڵپەری بەهەشت**

ba8.org

ماڵپەڕێکی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوکردنەوەی ئەو ئیسلامەیە کە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێکی حیزبی نیە.

# خطبة الحاجة

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله ، نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا ، من يهد الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له .

وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له.

وأشهد أن محمداً عبده ورسوله .

﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ ﴾.

(آل عمران:١٠٢)

﴿ يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيراً وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيباً ﴾

(النساء:١)

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيداً. يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزاً عَظِيماً﴾.

(الأحزاب:٧٠/٧١)

**أما بعد :**

فإن خير الحديث كتاب الله ، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ ، وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار .

**سەروتار**

# یەکگرتن وکۆمەڵ بوونی موسڵمانان لەسەر ریگا راستە فراوان ودێرینەکەی ئیسلام، نەك لەسەر ریچکە خوارە تەسك وداهێنراوەکانی حیزبایەتی

: م/ عبداللطيف أحمد مصطفى

پێش نوێژو وتار خوێن لە مزگەوتی گەورەی چوارقوڕنە

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

پێویستە لەسەر گشت موسڵمانان کە یەك دەست و یەکگرتوو و یەك کۆمەڵ بن ودژی کافرو بێ باوەڕان بن, وەهاوکاربن لەسەر خواپەرستی و کاری چاکەو تێکۆشان لەپێناوی خوداو بانگەوازی یەکتری بۆ گرتنە بەری ئەو ڕێگایەی کە پێشینە چاکەکانمانی لەسەر بووە لەهەموو لایەنەکانی دیندا, چونکە ئەم یەکبون و یەکگرتنە لەسەر سوننەت و ڕێبازی سەلەفی صالح بریتیە لەگەورەترین بنچینەکانی ئیسلام کە خوای گەورە پێغەمبەرانی پێ ناردووە، وەك لەم ئایەتە پیرۆزەی قورئاندا دەردەکەوێت:

﴿ ۞ شَرَعَ لَكُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا وَصَّىٰ بِهِۦ نُوحًا وَٱلَّذِيٓ أَوۡحَيۡنَآ إِلَيۡكَ وَمَا وَصَّيۡنَا بِهِۦٓ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَىٰٓۖ أَنۡ أَقِيمُواْ ٱلدِّينَ وَلَا تَتَفَرَّقُواْ فِيهِۚ ﴿١٣﴾ ﴾ [الشورى: ١٣] .

واتە: خوای گەورە لە دیندا بەرنامەیەکی بۆ داناون کە وەسیەت و ئامۆژگاری پێغەمبەری خۆی پێ کردووە, وە بریتییە لەو بەرنامەیەی کە بۆ تۆمان نارد ئەی محمدﷺ, وە هەروەها ئەوەیەکە وەسیەتی پێغەمبەران ابراهیم وموسی وعیسامان پێ کردووە کەئەو بەنامەیەش بریتییە لەوەی:

١- تەنها خواپەرستی و دینی ئیسلام بەرپا بکەن ودەستی پێوە بگرن و لەسەری کۆببنەوەو یەك بگرن.

٢- وە هەروەها لێی جیا نەبنەوەو لاڕێ نەبن و جیاجیایی وپارچە پارچەیی تێدا دروست نەکەن ونەبن بە گروپ گروپ و حزب حزب .

وە لە ئایەتێکی تردا خوای پەروەردگار هەڕەشە دەکات لەوانەی کە تەفرەقە دەبن و موسڵمانان پارچە پارچە دەکەن دەفەرمووێت:

﴿ إِنَّ ٱلَّذِينَ فَرَّقُواْ دِينَهُمۡ وَكَانُواْ شِيَعٗا لَّسۡتَ مِنۡهُمۡ فِي شَيۡءٍۚ إِنَّمَآ أَمۡرُهُمۡ إِلَى ٱللَّهِ ثُمَّ يُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُواْ يَفۡعَلُونَ ﴿١٥٩﴾ ﴾ [الأنعام: ١٥٩] .

واتە: ئەوانەی کە دینەکەیان کردۆتە چەند ڕێچکەو حیزبێك وپارچە پارچەیان کرد ئەوە تۆ بەریت لێیان و پەیوەندیت پێیانەوە نییەو شوێن کەوتەی تۆ نین، وەئەوانە حیسابیان لای خوای پەروەردگارە لەپاشان ئاگاداریان دەکاتەوە بە خراپی ئاکامی کردەوەکەیان.

ئیمامی بەغەوی لەتەفسیرەکەیدا دەفەرمووێت: ئەوانەی دینەکەیان پارچە پارچە کرد موبتەدیعەکانن: (هم أصحاب البدع والشبهات في هذه الأمة) .

واتە: ئەو کەسانەی بیدعەیان لەدیندا داهێناوە و گومان و شوبهە دروست دەکەن و بەڵگەی نادروست دەهێننەوە لەسەر حیزبایەتی و ڕێچکەو بۆچونەکانیان ئەوانەن دینەکەیان پارچە پارچە کردووە.

وەلە ئایەتێکی تردا خوای پەروەردگار فەرمانی کردوە بەهەمان بنچینە گرنگەکەی پێشوو کە لە دوو خاڵدا دەرکەوت.

یەکەم: دەست گرتن بەتەنها خواپەرستی و یەك بوون لەسەری

دووەم: تەفرەقە دروست نەکردن و پارچە پارچە نەبوون.

وە دەفەرمووێت:

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَاطِي مُسْتَقِيمًا فَاتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا السُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّاكُم بِهِ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾ [الأنعام: ١٥٣] .

واتە: ئەو تەنها خواپەرستییەو دوورییە لە شیرك بریتییە لەڕێبازی من کە ڕێبازێکی ڕاستە لەبەر ئەوە:

١- هەمووتان شوێنی بکەون وە تەنها ئەم ڕێبازە بگرنەبەر لێی دوانەکەون و کەمتەرخەمی مەکەن لەشوێن کەوتنی.

٢- وەنەکەونە شوێن ڕێچکەکانی تر چونکە گشت ئەم ڕێچکانە لاتان دەدەن لەڕێگە ڕاستەکەی خوای گەورە.

وە لەئایەتێکی تردا خوای گەورە فەرمان بە پێغەمبەرەکەی دەکات:

﴿فَلِذَٰلِكَ فَادْعُ ۖ وَاسْتَقِمْ كَمَا أُمِرْتَ ۖ وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَاءَهُمْ ﴿١٥﴾﴾ [الشورى: ١٥] .

واتە: بانگەوازی خەڵکی بکەن بۆ ئەو دینەی کە بۆگشت پێغەمبەران نێردراوە کە بریتییە لە تەنها خواپەرستی و شوێن کەوتنی شەرعی خواو ڕێگا ڕاستەکەی.

وەهەروەها جێگیرو بەردەوام بە لەسەر ئەم دینە چۆن فەرمانت پێکراوە وەها ئیستیقامەتت بێت لەسەر ڕێگای ڕاستی خوا.

وەشوێن هەواو ئارەزوو بۆچوون و ڕێچکەکانیان مەکەوە.

کەواتە خوای گەورە ئەوەی دەوێت لە موسڵمانان کۆك و یەکگرتوو بن بەڵام لەسەر چی؟ بێگومان لەسەر ئەو ڕێگا ڕاستەی کە پێغەمبەران و هاوەڵانی پێغەمبەری ﷺ لەسەر بوون ڕێبازی سەلەفی صالح.

وەئەم یەکگرتنەش لەسەر ئەم ڕێبازە ئەوە قەدەغەدەکات کەشوێن ڕێچکەی تر بکەوین چونکە ڕێچکەکان لەسەر ڕێگای ڕاست لات دەدەن، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك بەسەر ڕێگایەکی گشتی ڕاستدا بڕوات لەشارێکەوە بۆشارێکی تر بەڵام لەڕێگادا چەندان ڕێچکەی بچوك بچوك لەلای ڕاست و چەپ شارێگەکەدا لایانداوە بەرەو گوندو لادێکان، ئەگەر ئەو کەسە لابداتە سەر ئەو ڕێچکانە ئەوە لە شارێگەکە دەردەچێت و ناگاتە ئەو شارەی کە مەبەستی بوو.

بەهەمان شێوەش هەر کەسێك شوێن ڕێچکەیەك بکەوێت ئەوە لەڕێبازی ڕاستی پێغەمبەر ﷺ لادەدات و دوور دەکەوێتەوە و ناگاتە ئامانج.

بەڵگەیەکی تر لەسەر بنچینە مەزنەکەی پێشوو.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَٱعْتَصِمُوا۟ بِحَبْلِ ٱللَّهِ جَمِيعًا وَلَا تَفَرَّقُوا۟ ﴾ [آل عمران: ١٠٣] .

واتە: ١- هەمووتان دەست بگرن بەدینی خواوە بەگشتی کۆبن و یەکگرتوبن لەسەری.

٢- وەپارچە پارچەو حیزب حیزب مەبن و لێك جیا مەبنەوەو تەفرەقە دروست نەکەن.

لەم ئایەتە پیرۆزەشدا تێبینی دەکەین کە خوای پەروەردگار ئەو ڕێبازەی دیاری کردووە کە یەکگرتنی لەسەر دەکرێت کە ئەویش ئەو ئیسلامەیە کە لە قورئان و سوننەتدا هاتووە و هاوەڵەکانی ﷺ لەسەر بوون و لەوانەوە پێمان گەیشتوە.

کەواتە ڕێگای یەکبوون و یەکگرتن پەیڕەوو پرۆگرامی حیزبێك نییە کە لەو بیست ساڵەی لەمەوپێش دروست بووەو سەری هەڵداوە لەسەر دەستی چەند کەسانێك! بەڵکو بریتییە لەو ئیسلامەی لەدێرین زەمانەوە لە گشت پێغەمبەرانەوە وە لەپێشینە چاکەکانەوە ﷺ گەیشتووە بەئێمە.

کەواتە هەرکەسێك کە دەیەوێت وەڵامی ئەم ئایەتە قورئانییە پیرۆزانە بداتەوە و هەوڵی یەکبوون و یەکگرتن و بەکۆمەڵ بوونی موسڵمانان دەکات ئەوە با بانگیان نەکات بۆ ڕێچکە داهێنراوەکەی خۆی بەڵکو بابانگی بکات بۆ ئەو ئیسلامەی کە درێژبوونەوەیەکی سروشتییە بۆ ئەو ئیسلامەی کە سەلەفی صالحی لەسەربووە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانی ﷺ.

وەخوای گەورە خەبەری پێداوین کە حیزبایەتی و پارچە پارچەیی و فرە حیزبێتی پیشەو عادەتی موشریك و کافرەکانە، وە ئێمەی موسڵمانانی وریا کردۆتەوە لەم عادەتە خراپەی ئەوان کە دەفەرمووێت:

﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ مِنَ ٱلْمُشْرِكِينَ ﴿٣١﴾ مِنَ ٱلَّذِينَ فَرَّقُوا۟ دِينَهُمْ وَكَانُوا۟ شِيَعًا ۖ كُلُّ حِزْبٍۭ بِمَا لَدَيْهِمْ فَرِحُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ [الروم: ٣١ – ٣٢] .

واتە: ئەی موسڵمانان ئێوە لە موشریکەکان مەبن و وەکو ئەوان مەبن ئەوانەی کە دینەکەیان پارچە پارچە کردوو بوون بەچەند گروپێك کەهەر حیزبەی بەوە دڵخۆشە کە لای خۆی هەیە و ئەو پرۆگرام و بەرنامەیە بەڕاست دەزانێت کە حیزبایەتی لەسەر دامەزراوە ! !

ئەگەر ئەمڕۆ سەیری واقیعی موسڵمانان بکەین دەبینین کەوتوونەتە شوێن عادەتی موشریکەکان وەکو ئەوان بوونەتە چەند حیزب و هەریەکە خۆی بەڕاست دەزانێت، ئەم دیاردەیەش زۆر ترسناك و خراپە چونکە خوای گەورە فەرمووی وەکو موشریکەکان مەبن.

کەواتە: حیزبایەتی تەفرەقە دروست دەکات و بێ فەرمانی خوای گەورەی تێدایەو لاسایی کردنەوەی کافرو موشریکەکانی تێدایەو هۆی لاوازبوون و دۆڕان وفەشەل هێنانی موسڵمانانە و دەبێتە هۆی ئەوەی موسڵمانان بەیەکترەوە خەریك بن و دژایەتی یەکتر بکەن.

کەواتە: حیزبایەتی و پارچە پارچە کردنی موسڵمانان بێ شەرعییەو موسڵمانان پێی لاواز دەبن و ئیسلام پێی دوادەکەوێت، نەك بەپێچەوانەوە وابزانرێت ئیسلام بەهۆی ئەم حیزبانەوە ماوە ! !

نەخێر حیزبایەتی دەردە نەك دەرمان، وە هۆکاری دووبەرەکی و فەشەلە نەك سەرکەوتن و وەدەست هێنان.

تێبینی/ کاتێك ئەم ڕاستییە دەخەینە ڕوو مەبەستمان ئەوە نییە کە موسڵمانان هاوکاری یەکتر نەکەن لەسەر کاری خێرو چاکەو بڵاو کردنەوەی ئیسلامەتی، نەخێر پێویستە چەندە ئێستا کاردەکرێت بۆ خزمەتی ئیسلام ئەوە زیاتر هەوڵ بدرێت و خەڵکی لەدین شارەزا بکرێت، بەڵام لەقاڵبێکی فراوانی هاوکاری شەرعیدا نەك لەقاڵبی تەسکی حیزبایەتیدا.

وەهەروەها کاتێك بەموسڵمانان دەڵێین وریابن لەڕێچکە داهێنراوەکان و نەکەونە شوێن حیزبایەتی بەناو ئیسلامەتی یان غەیری ئیسلامەتی مانای ئەوە نییە کە ئێمە حیزبێکمان دروستکردووەو خەڵکی بۆلا بانگ دەکەین، نەخێر بەخەڵکی دەڵێین ئێمە هەر مەناسن و بەڵام پێویستە خوای خۆتان بناسن و دینەکەتان بناسن و شوێن پێغەمبەرەکەتانﷺ و پێشینە چاکەکان (السلف الصالح)رضي الله عنهم بکەون، وە ئەوەش بۆ ئێمەو ئێوەش یەکسانە و وەکو یەکە، پێویستە هەموومان بەگشتی شوێن ڕێبازی پێشینە چاکەکان بکەوین لەدیندا، چونکە سەرفرازی دونیاو قیامەت تەنها لەوەدایە کەشوێن ئەوان بکەوین وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَٱلسَّٰبِقُونَ ٱلۡأَوَّلُونَ مِنَ ٱلۡمُهَٰجِرِينَ وَٱلۡأَنصَارِ وَٱلَّذِينَ ٱتَّبَعُوهُم بِإِحۡسَٰنٖ رَّضِيَ ٱللَّهُ عَنۡهُمۡ وَرَضُواْ عَنۡهُ وَأَعَدَّ لَهُمۡ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي تَحۡتَهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدٗاۚ ذَٰلِكَ ٱلۡفَوۡزُ ٱلۡعَظِيمُ ١٠٠﴾ [التوبة: ١٠٠] .

واتە: ئەو پێشکەوتوانەی یەکەم لە کۆچکەرو پشتیوانەکانیان، هەروەها ئەوانەش کەشوێنیان کەوتوون بەباشی، ئەوە خوا لێیان ڕازی بووەو ئەوانیش ڕازی بوون بەبەخشندەیی خوا بۆیان، وەبەهەشت و باغاتێکی بۆئامادە کردوون کە چەندەها ڕوباریان بەژێردا دەڕوات، وەبە بەردەوامی تیایدا دەمێنێتەوە کە ئەمە بەڕاستی سەرفرازی گەورەیە !.

کەواتە: شوێن کەوتنی پێشینە چاکەکان رضي الله عنهم لەدونیادا تاکە ڕێبازی سەرفرازی مەزنە، لەبەر ئەوە خۆشمان و خەڵکیش بۆ ئەو ڕێبازە بانگ دەکەین، نەك بۆ ڕێچکەیەکی حیزبی تازە داهێنراو. وەئەمەش جیاوازییەکی ئاشکرایە لەنێوان بانگەوازی سەلەفییەت و بانگەوازی حیزبییەت.

سەلەفییەت بانگەوازییە بۆلای خواو شوێنکەوتنی پێغەمبەروﷺ پێشینە چاکەکانرضي الله عنهم کەئەویش ڕێگای بەهەشتە.

حیزبیەت بانگەوازیە بۆلای سەرکردە حیزبیەکان و پرۆگرامی حیزب و بڕیارەکانی، کەئەمەش ڕێچکەی دابڕێنەرە لە ڕێگای ڕاست و گومڕا بوون و بەرەو دۆزەخ چوونە ئەگەر چی بەناوی ئیسلامیشەوە بێت، چونکە لەئیسلامدا فرە حیزبێتی نییە، موسڵمانان تێکڕا بە عەرەب وکوردو فارس و تورك و.... حیزبی خوای گەورەن وەلەهەموو سەردەمێکدا ئەم حیزبەی خوای گەورە هەر هەبووە.

بەڵام حیزبەکان سەریان هەڵداوە لەناو حیزبی خوا کە حیزبی خوایان پارچە پارچە کردووە و موسڵمانانیان دابڕ دابڕ کردووە.

وەدروست نییە هیچ کام لەم حیزبە ئیسلامیانە بەخۆیان بڵێن ئێمە ئەو (حـــزب الله) یەین کە قورئان باسی کردووە لەبەر چەند هۆیەك:

١- چونکە حزب الله لەقورئاندا بە(تاك) باسکراوە نەك بەکۆمەڵ، واتە تەنها یەك (حـــزب الله) هەیە، کەچی ئەم حیزبانە چەندها حیزبن، کەواتە چۆن دەکرێت چەندەها حیزبی لێك جیا خۆی بەتاکە (حزب الله) بزانێت؟!.

٢- لەقورئاندا ووشەی (أحزاب) واتە حیزبەکان بەخراپی هاتووە نەك بەباش باسکرا بێت، وەئەمانەش چەندەها حیزبن نەك یەك حیزب کەواتە ووشەی (أحزاب) دەیانگرێتەوە نەك (حزب الله).

وەپێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (وستفترق أمتي على ثلاث وسبعين فرقة كلها في النار إلا واحدة، قالوا من هي يارسول الله، قال ما أنا عليه اليوم وأصحابي)[1] .

واتە : ئوممەتی ئیسلام دەبێت بەحەفتاو سێ فیرقە گشتیان بۆ دۆزەخن تەنها یەکێکیان نەبێت، وتیان کامەیە ئەو ڕزگار بووە ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەو کۆمەڵەن کە لەسەر ڕێبازی من و هاوەڵانمن رضي الله عنهم.

واتە: ئەوانەن کە لەسەر ئەو ئیسلامە دەڕۆن کە سەلەفی صالح پێشینە چاکەکانی لەسەر بووە، نەك ئەوانە بن کە شوێن کەوتەی گروپە داهێنراوەکانن.

کەواتە: کۆمەڵی ڕزگاربوو، وەکۆمەڵی شوێن کەوتەی حەق و حیزبی خوا یەکەو نابێ بەدوو، لەکاتێکدا کە گروپە گومڕاکانی ناو بازنەی ئوممەتی ئیسلام زۆرن و هەمووشیان بەئیسلامی ناسراوە وەك پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: (ئوممەتەکەی من واتە: موسڵمانان دەبنە حەفتاو سێ فیرقە) فیرقە ئیسلامیەکانی باسکرد کەدەچنە دۆزەخەوە، بەڵام ئەو فیرقانەی کە پەیوەندیان بەئیسلامەوە نەماوە خۆیان حوکمیان لەسەر خۆیان داوەو ئیعلانی دووری خۆیانیان کردوە لەئیسلام – پەنابەخوا- .

وەهەروەها ڕیبازی ڕاست تەنها یەکە بەڵام ڕێچکەی لاڕێ زۆرن وەك لە ئایەتەی پێشوودا دەرکەوت:

﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ۚ ذَٰلِكُمْ وَصَّىٰكُم بِهِۦ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿١٥٣﴾﴾ [ الأنعام: ١٥٣] .

(صراط) : تاکە ، (سُبُل): کۆیەو زۆرن.

کەواتە فرە حزبێتی حزبە ئیسلامیەکان خۆی لەخۆیدا ئاشکراترین بەڵگەیە کە ئەوان لەسەر تاکە ڕێگاڕاستەکە نین، بەڵکو لەسەر ڕێچکە زۆرەکانن، چونکە ئەگەر لەسەر حەق بونایە ئەوا ناکۆك و پارچە پارچە نەدەبوون.

٣- وەهەروەها پرسیار دەکەین لەم حیزبە ئیسلامیانە کە هەریەکەیان خۆی بە(حزب الله) ی ڕاستەقینە دەزانێت وئایەتی (أولئك حزب الله) دەکەنە بەڵگە بۆ چەواشە کردنی خەڵکی، پێیان دەڵێین هەریەکێ لەئێوە ڕۆژی دامەزراندنی حیزبەکەی دیارە کە ساڵانە یادی دامەزراندنی دەکەنەوە وەك جولەکەو گاوەرەکان کە یادی ساڵرۆژی دامەزراندنیان هەیە !.

جا ئایا پێش ئەوەی کە حیزبەکەتان دابمەزرێت کە بە(حزب الله) ی دادەنێن، ئایا پێشتر (حزب الله) هەبوو یان نەبوو؟!.

لەوەڵامدا دوو ڕێگەتان لەپێشە:

١- ئەگەر بڵێن نەبوو ئێمە دروستمان کرد، ئەوە ئەوە دەگەیەنێت کەموسڵمانان نەبوون پێشتر، وەبەڵکو خۆشتان پێش دامەزراندنی حیزبەکەتان لە(حزب الله) نەبوون، وەکە مرۆڤیش لە(حزب الله) نەبێت ئەوە لە (أحزاب الشيطان)ە، کەواتە خۆشتان و تێکڕای موسڵمانانیش گومڕابوون و کافر بوون پەنابەخوا.

وەکەوا بوو بێگومان ئەو هەڵە گەورەیە ناکەن کە بڵێن پێش حیزبەکانمان (حزب الله) نەبووە، کەواتە پەنا دەبەنە بەر وەڵامی دووەم کە ئەمەیە:

---

(١) (رواه الترمذي، وحسنه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٠٤).

٢- (حزب الله) بەردەوام هەبووە پێش دامەزراندنی حیزبەکانیشمان.

وە ئەم وەڵامە ڕاستە، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لاتزال طائفة من أُمتي ظاهرين على الحق)[٢]. واتە: بەردەوام کۆمەڵێك دەبن لەئوممەتی من کەدیارن لەسەر حەق.

کەواتە: موسڵمانان بەگشتی هەبوون پێش حیزبەکانتان، وە لەوەش زیاتر کۆمەڵێکیش هەر هەبووە کە بانگەوازی بۆ حەق بکات و بەتەواوی لەسەر حەق بووبێت، کەواتە (حزب الله) هەر هەبووە!، کەوا بوو ئەگەر(حزب الله) هەبوو، ئەی دامەزراندنی حیزبەکانتان لەچی؟ وەبۆچی؟

بۆ ئەوەی ئێوە دەسەڵات بگرنە دەست؟!.

یان بۆ ئەوەیە کە ئیسلامەتی بڵاوبکەنەوە؟!.

کەبۆ یەکەمە ئەوە بەئاشکرا مەبەستەکەتان دەربڕن و مەیدەنە پاڵ ئیسلام و موسڵمانانیش پارچە پارچە مەکەن.

وەئەگەر بۆ دووەمیشە ئەوە ئیسلامەتی بەو هۆکاری حیزبایەتییە بڵاو نابێتەوە وبەرەو پێشەوە ناچێت، بەڵکو زیاتر موسڵمانان دەبنە ناکۆك لەگەڵ یەکتری و بەیەکترییەوە خەریك دەبن و فەشەل دەهێنن و دژایەتی دەکرێن.

وەهەروەها بۆتان نییە ناو لەحیزبەکانتان بنێن (حزب الله)، چونکە دانتان نا بەوەی کە (حزب الله) پێش ئێوەش هەر هەبووە و حیزبایەتیش نەبووە، کەواتە ئێوە چەند گروپێکتان دروستکردوە لەناو (حزب الله) و یەکێتی و برایەتی موسڵمانانی (حزب الله) تان پارچە پارچە کردوو گوریسە ئەستورە پتەوەکەی (حزب الله) تان لاوازو باریك کردەوە بەوەی کەچەند تاڵ و لقێکتان لێ دابڕی و جیاتان کردەوە.

کەواتە حیزبەکان نەك هەر (حزب الله) نین بەڵکو (حزب الله) یان لاواز کردووە. کەواتە ئەوان دەردی موسڵمانانن نەك دەرمان.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (لاتختلفوا فإن من كان قبلكم اختلفوا فهلكوا)[٣] .

واتە: ناکۆك و لێك جیامەبنەوە و تەفرەقە مەکەن، چونکە ئەوانەی پێش ئێوە لێك جیابوونەوەو تەفرەقەیان تێکەوت و بوونە چەند حیزبێك بۆیە بەهیلاك چوون و گومڕابوون.

کەواتە: فرە حیزبێتی و تەفرەقە حەرامەو هۆی بەهیلاك چوونە، نەك واجب بێت و هۆی سەرکەوتنی موسڵمانان بێت!!.

وە پێویستە بزانین کە ئەو کەسانای لە ڕێبازی سەلەفی صالح لادەدەن ئەوان ناکۆکن و تەفرەقەیان دروست کردووە و بەخراپ و لاڕێ لەقەڵەم دەدرێن نەك ئەوانەی لەسەر ڕاستە ڕێیەکەی سەلەفی صالح بەردەوامن و حیزبایەتی ناکەن و موسڵمانان پارچە پارچە ناکەن، وەهەر کەسێ واز لە ڕێبازی سەلەفی صالح بهێنێت گومڕا دەبێت، بەڵام هەرکەسێ واز لەم حیزبانە بهێنێت نەگومڕا دەبێت وەنە گوناهباریش دەبێت، بەڵکو بەختەوەر دەبێت ئەگەر ڕێبازی سەلەف بگرێتە بەر .

---

(٢) (مختصر صحيح مسلم: ١٠٩٥، وصحيح الجامع الصغير: ٧١٦٦).

(٣) (صحيح الجامع الصغير: ٧٢٥٥، ومشكاة المصابيح: ٢٢١٢).

**بەڵگەیەکی تر لەسەر حەرامی حیزبایەتی وتەفەروق:**

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿ وَلَا تَكُونُوا۟ كَٱلَّذِينَ تَفَرَّقُوا۟ وَٱخْتَلَفُوا۟ مِنۢ بَعْدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلْبَيِّنَـٰتُ ۚ وَأُو۟لَـٰٓئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿١٠٥﴾ ﴾ [آل عمران: ١٠٥] .

واتە: وەکو ئەو کەسانە مەبن کەلێك جیابوونەوەو ناکۆك بوون و بوونە چەند ڕاو فیرقە وحیزبێك، دوای ئەوەش کە بەڵگەو دەلیلیان بۆهات کە تەفرەقە حەرامە ئەوانە سزایەکی بەهێزو گەورەیان بۆ هەیە.

کەواتە: خوای گەورە بەم ئایەتەو چەندەها ئایەتی تریش تەفرەقەو حیزبایەتی حەرام کردووە، بەڵام حیزبییەکان بەردەوامن لەسەری وخەڵکی بۆ بانگ دەکەن و کارەکەشیان بەباش و پەسەندو ئیسلامەتی دادەنێن، هەر چەندە پێچەوانەی شەرعی خوای گەورەشەو نەهیشی لێ کراوە ! !، ئایا دەبێت ئەم ئایەت وحەدیسانەیان نەبیستبێت؟ یان بەهەڵە لێکیان دەدەنەوە.

بێ گومان بیستویانە بەڵام هەڵوێستیان بەرامبەریان جۆراو جۆرە:

١- ئەوانەی کە تێ گەیشتون کە ئەم ئایەت و حەدیسانە دژبە تەفرەقەو حیزبایەتین، بەڵام بەرژەوەندی دونیایی و مانەوەی زەعامەت ولێپرسراوێتیان لەوەدایە خەڵکیان لەدەور بێت، ئەوانە لە ناخی خۆیاندا حەز بەم جۆرە بەڵگانە ناکەن، وەئەوەندەش بۆیان بکرێت ڕەتیان دەکەنەوە بەلاوازیان دادەنێنن ئەگەر حەدیس بوون، وەماناکانیشیان دەگۆڕن ئەگەر ئایەت بوون بەم شێوەیە:

بۆ نمونە: بەشوێن کەوتەکانیان دەڵێن: ئەم ئایەتانە باسی تەفرەقەی گاورو جولەکەکان دەکەن! واتە جیابوونەوەی ئەوان لەئیسلام تەفرەقەیە، بەڵام موسڵمانان هەرچەندە لێك جیاو پارچەو پارچە پارچە ڕاو فرەحیزبیان هەبێت ئەوە قەیناکات وەهەموویان هەر لە (حیزب الله) ن و ڕزگار بوون، وەیان ئایەت و حەدیسەکان بۆ خاتری حیزبەکەی خۆیان لێك دەدەنەوە، واتە: دەڵێن بەبەڵگەی ئەم ئایەتانە ئێمە دەستەو کۆمەڵ وحیزبی خواین، وەهەرکەسێ نەیەتە ناو حیزبەکەمانەوە ئەوە تەفرەقەچییەو خزمەتی موسڵمانان ناکات! !.

وەبەداخەوە شوێن کەوتە نەزان وساویلکە دڵسۆزە حەماسیە دڵ گەرمەکانیشیان بەو لێکدانەوە ناحەقە خەڵەتاندووەو قەناعەتیان پێ کردوون! . وەنازانن ئەم یەکگرتن و کۆمەڵ بوونە لەسەر ڕێبازی پێغەمبەران و پێشینە چاکەکان نییە کەبانگەوازیان دەکرد بۆ تەنها خواپەستی و دوورکەوتنەوە لەشیرك وبیدعەو بێ شەرعی، بەڵکو یەکگرتن و کۆمەڵ بوونە لەسەر حەڵاڵ کردنی بیدعەو بێ شەرعی وەك ئاهەنگ گێڕان بەبۆنە داهێنراوەکان و تێکەڵی ژن و پیاوان و مۆسیقاو گۆرانی و ئافرەتی سەرو سینگ ڕووت خستنە سەرشاشەی تەلەفیزیۆنەکانیان ولاسایی کردنەوەی گومڕاو کافرەکان وتەمسیلی و فلیمی پڕ لەگوناهو بێ شەرعی لێدان و دۆستایەتی کردنی خورافی و موبتەدیعان و دژایەتی ئەهلی سوننە وتەوحید.

کەواتە: لەسەر ئەوە یەکگرتن و کۆمەڵ بوون نەك لەسەر ڕێبازی سەلەف.

وە بۆزیاتر دڵنیابوون لەوەی کە حیزبایەتی و تەفرەقە و پارچە پارچە بوون دەردە نەك دەرمان وەزەرەرە بۆ موسڵمانان نەك قازانج ئەوە کۆتایی باسەکەم دەهێنم بەفەرموودەیەکی پێغەمبەر ﷺ کە وەسیەتی ئوممەتە موسڵمانەکەی تێدا کرد بە چەند ئامۆژگارییەك:

١- أوصيكم بتقوى الله.

٢- والسمع والطاعة وإن تأمَّرعليكم عبد حبشي.

٣- أ- ومن يعش منكم فسيرى اختلافاً كثيراً.

ب- فعليكم بسنتي وسنة الخلفاء الراشدين المهديين, تمسكوا بها وعضوا عليها بالنواجذ.

ج- وإياكم ومحدثات الأمور, فإن كل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة[٤].

واتە: ١- ئامۆژگاریتان دەکەم بەتەقوای خوا بۆچاك بوونی پەیوەندی نێوان خۆتان وخوای پەروەردگار وچاك بوونی گشت کارێکتان.

٢- وەهەروەها ئامۆژگاریتان دەکەم بە گوێڕایەڵی کردنی سەرکردەکانتان, بۆچاك بوونی وەزعی دنیاتان, چونکە دەرچوون لەگوێڕایەڵی کاربەدەستان (لەچاکەدا) وەشۆڕش کردن دژیان فیتنەو ئاشوب وئاژاوە پەیدا دەکات لەوڵاتدا و ژیان ودنیاتان تێك دەچێت .

٣- وەئامۆژگاری سێهەم بریتییە لەسێ بڕگە:

أ- یەکەمیان هەواڵی ئەوەی دا کە ئوممەتەکەی توشی دەردی ناکۆکی و دووبەرەکی و تەفرەقەیەکی زۆر دێت .

ب-وە عیلاجی ئەم نەخۆشی و ناکۆکی و تەفرەقەیە بریتییە لەوەی کە پێویستە دەست بگرن بە سوننەت و ڕێبازی پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵانی رضي الله عنهم, وەتەنها چارەسەرو عیلاجی تەفرەقەی موسڵمانان بریتییە لەگەڕانەوەو دەست گرتن بەڕێبازی سەلەفی صالح کە پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیتی رضي الله عنهم، کەواتە سەلەفییەت عیلاجی ئیختیلافەو تاکە هۆکاری یەکگرتن و کۆمەڵ بوونی موسڵمانانە .

ج- وەبڕگەی سێیەمی وەسیەتی سێیەم بریتییە لەخۆپارێزی و(ویقایە) لەو شتانەی کەتەفرەقە دروست دەکەن و دەردی ناکۆکی پەیدا دەکەن، ئەو شتانەش کەهاوکاری ئەم دەردە کوشندەیەن بریتین لە (محدثات الأمور) واتە: ڕاوبۆچوون و ڕێچکەو حیزبە داهێنراوەکان، چونکە هەموو داهێنانێك لەدیندا بیدعەیەو گشت بیدعەیەکیش لەدیندا گومڕاییە، چونکە دین تەواوەو بۆ گشت سەردەمێکەو پێویستی بەداهێنان وتەواوکاری و زیادەی کەس نییە.

کەواتە: لەم فەرموودەیەدا لەوەسیەتی سێیەم سێ شتمان بۆدەرکەوت:

یەکەم- دەردی موسڵمانان ناکۆکی و لێك جیایی و تەفرەقەیە، کە حیزبایەتی دروست کردنیش تەفرەقە دروست کردنە.

کەواتە: حیزبەکان دەردن بۆ موسڵمانان نەك دەرمان .

دووەم – دەرمان و عیلاج وچارەسەری ئەم دەردە وەتاکە هۆی یەکگرتن وکۆمەڵ بوونی موسڵمانان بریتییە لەگەڕانەوە بۆسەر مەنهەجی سەلەف.

(٤) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٧٣٥، وصحيح الجامع الصغير: ٢٥٤٩).

سێیەم- هۆکاری دروست بوونی تەفرەقە بریتییە لەو ڕێچکە و حیزب و بۆچونە داهێنراوانەی کە لەسەردەمی سەلەفی صالحدا نەبوون، وەپێویستە دوورکەوینەوە لێیان ئەگینا لەدەردی ناکۆکی ڕزگارمان نابێت و زەلیلی و فەشەلمان لەسەر لاناچێت.

کەواتە: بۆمان دەرکەوت کە پێغەمبەری خوا ﷺ ناکۆکی بەدەرد داناوەو فەرمانیشی بەعیلاجەکەی کرد کە گەڕانەوەیە بۆسەر مەنهەجی سەلەف، وە وریایشی کردینەوە لەوشتە داهێنراوانە. بەڵام هەندێ لە موسڵمانانی ئەمڕۆ لەهەرسێ بڕگەکەی وەسیەتی سێیەم پێچەوانەی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن بەم شێوەیە:

یەکەم- حیزبایەتی بەدەردو هۆی تەفرەقە دانانێن.

دووەم- وازیان هێناوە لەم عیلاجەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووە، بەڵکو ئەوانە گەڕانەوە بۆ سەر مەنهەجی سەلەفی صالح بەدواکەوتوویی و توندڕەوی و وشکی ونەزانی لەقەڵەم دەدەن و ئەمە بەهۆکاری تەفرەقە دەزانن و سەلەفییەکان بەتەفرەقەچی باس دەکەن.

سێیەم- خۆیان نەپاراستوە لەو شتە داهێنراوانەی کەبیدعەن و ویقایە لەم شتانە بەپێویست نازانن، بەڵکو ئەم بیدعانەو ئەم ڕێچکەو حیزبایەتییە داهێنراوە بەباش دەزانن و بەتوندی دەستی پێوە دەگرن و دۆستایەتی و دوژمنایەتی لەسەر دەکەن و بێ فەرمانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەکەن کە فەرمووی: (إياكم ومحـدثات الأمـور). کەواتە چ خێرو سەرکەوتنێك چاوەڕێ دەکرێت لەکەسانێك کەلەهەرسێ بڕگەی وەسیەتی سێیەمی پێغەمبەری خوا ﷺ دا پێچەوانە کاردەکەن؟! وەچ یەکگرتن و کۆمەڵ بوونێك دروست دەبێت بەم شێوەیە، بێ گومان لەڕواڵەتدا دروست دەبێت بەڵام لە چوارچێوەیەکی تەسکی حیزبایەتی کەهۆکاری سەرەکی تەفرەقەی موسڵمانانە، وە وێنەی ئەمانە وەکو کەسێك وایە کە بۆخاتری دروستکردنی قەسرێك شارێك تێك دەدات. وەئەمانەی بۆئەوەی چەند سەد کەسێك لەخۆیان کۆکەنەوەو یەکگرتنیان پێ بکەن لەسەر بناغەی حیزب ئەوە لەتێکڕای موسڵمانان جیادەبنەوەو خۆیان جیادەکەنەوەو ناو وشیعارو هەویەو ناو تۆمار کردن وبەیعەت وبەڵێن و پەیمان دادەنێن بۆ شوێن کەوتەکانیان، وەئەوەی کە بەیعەتی دابێت وناونوس کرابێت و هەویەی بۆکرا بێت بەبڕیارەکانی حیزب ڕازی بێت ئەوە لای ئەوان موسڵمانێکی یەکگرتووە ولەجەماعەتی موسڵمانانە، وەئەگەریش ئەمانەی نەبێت ئەوە تەفرەقەچییەو لەکۆمەڵی موسڵمانان دابڕاوەو (لاجماعەیە)!!. حاڵی ئەمانە وەکو کەسێك وایە کەچەند پارچەیەکی بچوك لەسەیارەیەك دەکاتەوەو دەڵێت ئەوەی من سەیارە ڕاستەقینەکەیەو پێویستە گشت سەیارەکە بدرێتە من بۆ ئەوەی بەسەیارە حساب بکرێت، نەك من چەند پارچە بچوکەکە بگەڕێنمەوە بۆ لاشەی سەیارەکە کە بەبێ ئەم پارچانەش هەردەڕوات!!.

کەواتە بەداخەوە تەرازووی هەڵسەنگاندن لایان پێچەوانە بۆتەوەو سوننەت بەبیدعە دەبینن و بیدعەیش بەسوننەت، وە تەفرەقەو حیزبایەتی بەچارەسەر دەزانن و مەنهەجی سەلەفیش بەهۆی دواکەوتن؟!.

ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرتان ﷺ نەبیست کەفەرمووی ئوممەتەکەم دەبێتە حەفتاو سێ فیرقە و حیزب هەموویان بۆ ئاگرن جگە لە یەکێکیان نەبێت، کەواتە کە تەفرەقەو حیزبایەتی دەرمان بوایە نەك دەرد ئەوە بۆچی دەیفەرموو بۆناو ئاگرن؟!

وەئەگەر گەڕانەوە بۆسەر مەنهەجی سەلەف خراپ بوایە بۆ دەیفەرموو تەنها ئەوە ڕزگاربووە لەدۆزەخ کەلەسەر ڕێبازی من و هاوەڵانمە ﷺ:

(ما أنا عليه اليوم وأصحابي):

**کەواتە:** وكل خير في اتباع من سلف

وكل شر في اتباع في خلـــف

واتـە: گـشت خێرێـك لەشـوین کـەوتنی سـەلەفدایە, وەهـەموو شـەڕو نەهامـەتی و زەلیلـی و فەشـەلێکیش لەشـوێن کـەوتنی داهێنراوەکانی ئەوانەیە کە شوێن سەلەف نەکەوتون.

وەلەکۆتاییدا بزانە کە ئیسلامەتی هەربووە پێش حیزبایەتیش, وەهـەر لەبـەر ئـەوە زانایـانی سـەلەف فەرموویانـە: (كفـــرت بدين وُلِدتُ قبله)[٥] .

واتە: بێ باوەڕم بە دین و ڕێچکەو مەزهەبێك کەمن پێش ئەو لەدایك بووم! !.

کەواتە: ڕێچکەیەك دوای تۆ یان دوای سێ قەرنە چاکەکەی سـەلەف پەیـدا بووبێـت تەفرەقـە بـۆ موسـڵمانان دروست دەکات نەك یەکگرتن و بە کۆمەڵ بوون, کەواتە: (فاعتبروا ياأولي الأبصار).

**وآخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين**

**وصلى اللّه وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.**

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

(٥) (الشرح والإبانة لابن بطة).

# ناوە جوان و سیفەتە بەرزەکانی خوای گەورە لە سورەتی (الإخلاص) دا

م/ : عبدالغفور عبدالله

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبي بعده:

**فەزڵ و گەورەیی سورەتی (الإخلاص):**

ئیمامی بوخاری (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) لە عائیشەوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوە کە: پێغەمبەر ﷺ پیاوێکی نارد بەسەر بەشێك لە سوپایەکدا، وە ئەم پیاوە لە نوێژەکانیدا کە بۆ هاوەڵەکانی دەکرد کۆتاییەکەی بە سورەتی ﴿قل هو الله أحد﴾ دەهێنا، وە کاتێك گەڕانەوە ئەمەیان بۆ پێغەمبەر ﷺ باس کرد، ئەویش فەرمووی: پرسیاری لێ بکەن بۆچی وای کردووە؟ پرسیاریان لێ کرد، ئەویش ووتی: چونکە ئەم سورەتە سیفەتەکانی خوای گەورەی تێدایە، وە منیش ئەو سیفەتانەم خۆش دەوێن و حەز دەکەم بیان خوێنم، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ( هەواڵی بدەنێ بەوەی کە خوای گەورەش ئەوی خۆش دەوێت)[1].

وە هەر ئیمامی بوخاری لە ( أبي سعيد)ەوە دەگێڕێتەوە کە: پیاوێك گوێی لە پیاوێکی تر بوو سورەتی: ﴿قل هو الله أحد﴾ی دەخوێندو دووبارەی دەکردەوە، کاتێك بەیانی داهات، پیاوەکە هات بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و ئەوەی بۆ گێڕایەوە، وەك ئەوەی پیاوەکە ئەمە بەکەم بزانێت، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (سوێند بەو خوایەی گیانی منی بەدەستە، ئەم سورەتە سێیەکی قورئانە)[2].

وە زانایان دەربارەی ئەوەی کە ئەم سورەتە سێیەکی قورئانە فەرموویانە: قورئان کۆمەڵێك زانستی گەورەو فراوان دەگرێتە خۆی، وە ئەوانیش دەگەڕێنەوە بۆ سێ زانستی سەربەخۆ؛ ئەوانیش:

١- حوکم و شەریعەت، کە ئەویش زانستی فیقهـ دەگرێتەوە لە عیبادەت و معامەلات و......هتد.

٢- پاداشت و سزا لەسەر کردەوەکان و ئەو هۆکارانەی کە دەبنە مایەی پاداشت و سزا بۆ خاوەنەکانیان لە خێرو شەڕ.

٣- زانستی تەوحیدو بە تەنها خوا پەرستی و ئەوەش کە پێویستە لەسەر بەندەکان لە ناسینی و زانیاری بوون دەربارەی و ئیمان پێ بوونی، وە ئەمەش لە سەروو هەموو زانستەکانی ترەوەیەو لە هەموان گەورەترەو بنچینەو بناغەکانی تەوحیدی لە خۆ گرتووە.

وە وتراویشە قورئان هەواڵ دەدات دەربارەی سێ شت:-

١- هەواڵ دانە دەربارەی ناوو سیفاتەکانی خوای گەورە، کە سورەتی (الإخلاص) دەیگرێتەوەو بەشێك لەو سیفەتانەی لە خۆ گرتووە.

٢- هەواڵ دانە دەربارەی دروست کراوەکان؛ وەك هەواڵ دان دەربارەی ئوممەتانی پێشوو، وە ئەو ڕووداوانەی کە ئێستاو داهاتوو ڕوو دەدەن.

---

(١) (رواه البخاري: ٧٣٧٥).

(٢) (رواه البخاري: ٧٣٧٤ – ٥٠١٣ – ٦٦٤٣).

٣- هەواڵ دانە دەربارەی حوکم و فەرمانەکان: وەك: أقيموا، آتوا، لا تشركوا، ...... وە ئەوانەش کە بەم شێوەیە بن.

وە هەروەها یەکێکە لەو سێ سورەتانەی کە شەوانە پێغەمبەر ﷺ کە دەچووە سەر جێگای خەوتن دەیخوێندن، ئیمامی بوخاری لە عائیشەی دایکی ئیمانداراناوە (ڕەزای خوای لێ بێت) دەگێڕێتەوەو دەفەرموێت: (هەر کاتێك پێغەمبەر ﷺ هاتبا بۆ سەر جێگاکەی دەستەکانی کۆ دەکردەوەو سورەتەکانی ﴿قل هو الله أحد﴾ و ﴿قل أعوذ برب الفلق﴾ و ﴿قل أعوذ برب الناس﴾ی دەخوێندن و فوی بە دەستەکانیدا دەکردو ئەوەندەی دەستی گەیشتبایە لاشەی دەستی پێدا دەهێناو لەسەرو دەم و چاویەوە دەستی پێ دەکردو ئەمەی سێ جار دووبارە دەکردەوە[٣].

**هۆی دابەزینی سورەتەکە:**

هۆی دابەزینەکەی ئەوەبوو کە موشریکەکان بە پێغەمبەریان ﷺ وت: وەسفی خواکەتمان بۆ بکە؟ خوای گەورەش لە وەڵامی موشریکەکان ئەم سورەتە پیرۆزەی دابەزاند)[٤]، کە دەفەرموێت: ﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ اللَّهُ الصَّمَدُ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ [الإخلاص: ١-٣] .

**واتاو لێکدانەوەی ئایەتەکان:**

﴿ قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴾ واتە: ئەی محمد ﷺ بڵێ: خوای گەورە تاك و تەنهایەو هیچ هاوشێوەو وەزیرو وێچوو شەریك و هاوەڵێکی نییە.

وە بەڵگەشە لەسەر نەفی کردنی هەموو جۆرە شەریك و هاوەڵێك لە خوای گەورە لە هەموو ڕوویەکەوە، لە زات و سیفات و کردەوەکانیدا، هەر وەك چۆن بەڵگەیە لەسەر تەنهایی خوای پاك و بێ هاوتا لە گەورەیی و تەواوی و بەرزی لە هەموو سیفەتەکانیدا، وە بۆیەشە وشەی (أحد) دانانرێت تەنها بۆ خوای گەورە نەبێت، کە زۆر فراوانترو پڕ ماناترە لە (واحد).

﴿اللَّهُ الصَّمَدُ﴾ واتە: ( خوای گەورە بێ پێویستە لە هەموو شتێك و بە پێچەوانەوە هەموو شتێك پێویستی بەوەو هەر ئەو جێگای نیازو ئومێدو مەبەستە).

وە ابن عباس (ڕەزای خوای لێ بێت) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەفەرموێت: ( خوای گەورە سەروەرو گەورەیەو خاوەنی هەموو شتێکەو سەروەری و گەورەییەکەی گەیشتۆتە ئەو پەڕی تەواوێتی، وە خاوەن شکۆو پایەدارو بەرزەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی شکۆو پایەداری، وە گەورەیی بێ کۆتاییەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی گەورەیی، وە هێدی و لەسەر خۆو ئارامگرەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی لەسەر خۆیی و ئارامگری، وە دەوڵەمەندو بێ پێویستەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی دەوڵەمەندی، وە خاوەن دەسەڵاتێکی زۆرەو گەیشتۆتە ئەوپەڕی دەسەڵاتی، وە زاناو ئاگادارە بەهەموو دروست کراوەکانی و گەیشتۆتە ئەوپەڕی زانایی و بە ئاگایی، وە کار بەجێ و لێزانەو کار بەجێی و لێزانی گەیشتۆتە ئەو پەڕی، وە ئەو خوایە کە سەروەری و پایەداری و هەموو سیفەتەکانی تری لەو پەڕی تەواوێتی و گەورەییدان، وە هەر ئەو خوایە خاوەنی ئەو سیفەتانەیەو ناگونجێت دابنرێت تەنها بۆ ئەو نەبێت، کە هیچ وێچوو هاوشێوەی نیە).

(٣) (رواه البخاري: ٥٠١٧، وأبو داود: ٥٠٥٦، والترمذي: ٣٤٠٢ وغيرهم).

(٤) (رواه الترمذي: ٣٣٦٤، وأحمد: ١٣٣/٥، وصححه الألباني في: صحيح الترمذي: (٢٦٨).

(ابو القاسم الطبري) لە کتێبی (السنة)دا دەڵێت: ( هەر خوای پەروەردگار جێگای نیازو مەبەست و پشت پێ بەستنە بۆ دابین کردنی پێویستیەکان و لەو پەڕی پایە بەرزی دایەو ناخوات و ناخواتەوەو هەر خۆی دەمێنێت لە دوای دروست کراوەکانییەوە).

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە سیفەتی (الصمد) ناوو سیفەتێکی کۆکەرەوەیە بۆ هەموو سیفەت و ناوە تەواوو جوانەکانی خوای پەروەردگار، وە کۆکەرەوەیە بۆ هەموو سیفەتە کەم و ناتەواوەکانی دروست کراوەکانی، چونکە هەموو دروست کراوەکان پێویستیان بەخوایەو خوای گەورە پێویستی بە هیچ لە دروست کراوەکانی نییە. دوای ئەوە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ .

واتە: ( کەسی لێ نەبوەو لە کەسیش نەبووە، وە هیچ وێنەو هاوشێوەی نییە).

وە دیسان ئەمەش جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە خوای گەورە لەوپەڕی تەواوی سیفەتەکانی دایەو تاکو تەنهاو بێ پێویستە لە هەموو شتێك، وە لەبەر تەنهایی و بێ پێویستیەتی لە هەموو شتێك و گەورەیی و تەواوێتی سیفەتەکانیەتی؛ کە هیچی لێ نەبووە، چونکە هەروەك دیارە کە باوك پێویستی بە منداڵەکانێتی لە بواری خزمەت کردن و بەخێوکردن و هاوکاری کردن لەکاتی تەنگانەداو هەروەها بۆ بەردەوام بوونی نەوەو وەچەکانی.

﴿وَلَمْ يُولَدْ﴾ واتە: ( لەکەسیش نەبووە)، چونکە ئەگەر لە یەکێك بووبێت، ئەوا باوك لەپێش ئەودا دەبوو، لە کاتێکدا خوای گەورەو باڵا دەست یەکەمەو هیچ شتێك لە پێش ئەوەوە نەبووە، وە ئەو دروست کارەو غەیری ئەو هەمووی دروست کراون، کەواتە چۆن دەگونجێت لەدایك بووبێت؟!

وە هەروەها خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:

﴿ بَدِيعُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ أَنَّى يَكُونُ لَهُ وَلَدٌ وَلَمْ تَكُن لَّهُ صَاحِبَةٌ وَخَلَقَ كُلَّ شَيْءٍ وهُوَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ [الأنعام: ١٠١] .

واتە: ( خوای گەورە ئاسمانەکان و زەوی بە جوانترین شێوە بەدیهێناوە، چۆن دەگونجێت کە خوا منداڵی ببێت، لە کاتێکدا خوای گەورە خێزان و هاوسەری نییە؟! وە ئەوەی لە بووندا هەیە هەر هەمووی خوای گەورە دروستی کردوون، ئیتر چۆن شتێك لەدروست کراوەکانی خۆی؛ دەبێتە وێنەو هاوەڵ بۆی؟! وە خوای گەورە بە هەموو شتێك بەئاگایەو زانیاری ئەو دەوری هەموو شتێکی داوە).

وە هەروەها دەفەرموێت:

﴿ وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا لَقَدْ جِئْتُمْ شَيْئًا إِدًّا تَكَادُ السَّمَاوَاتُ يَتَفَطَّرْنَ مِنْهُ وَتَنشَقُّ الْأَرْضُ وَتَخِرُّ الْجِبَالُ هَدًّا أَن دَعَوْا لِلرَّحْمَنِ وَلَدًا وَمَا يَنبَغِي لِلرَّحْمَنِ أَن يَتَّخِذَ وَلَدًا إِن كُلُّ مَن فِي السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ إِلَّا آتِي الرَّحْمَنِ عَبْدًا﴾ [مريم: ٨٨-٩٣] .

واتە: ( موشریك و بت پەرستەکان دەیان ووت: خوا منداڵ و نەوەی بۆ خۆی داناوە، بەڕاستی ئێوە شتێکی زۆر گەورەو هەڵەو نابەجێتان هێناوەتە کایەوە، وە لەبەر گەورەیی ئەو قسەیە خەریکە ئاسمانەکان درزیان تێ بکەوێت و زەویش لەت و پەت بێت و شاخ و کێوەکانیش بەسەر یەکدا بکەون و بڕمێن، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە منداڵیان بۆ خوا داناوە، لە کاتێکدا نابێت و ناگونجێت و شایانی گەورەیی و پایەداری ئەو نییە کە منداڵی ببێت، چونکە هیچ هاوشێوەو

وێچویەکی نییە، بەڵکو هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەموویان بەندەی خوای گەورەن و ئەو بەدیهێناون و دروستی کردوون).

وە لە ئایەتێکی تردا خوای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَقَالُوا اتَّخَذَ الرَّحْمَنُ وَلَدًا سُبْحَانَهُ بَلْ عِبَادٌ مُكْرَمُونَ ﴾ [الأنبياء: ٢٦] .

واتە: (موشریك و بێ باوەڕەکان وا گومانیان دەبرد کە خوای گەورە منداڵی بۆ خۆی داناوەو دەیان وت: فریشتەکان کچی خوان، پاکو بێگەردی و بەرزی بۆ خوای گەورە، خوای گەورە زۆر دوورە لەوەی کە ئەوان دەیڵێن، بەڵکو فریشتەکان بەندەی بەڕێزی خوای گەورەن و بەردەوام خەریکی بەندایەتی و پەرستن و جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی خوای گەورەن و بە هیچ شێوەیەك سەرپێچی فەرمانەکانی خوای گەورە ناکەن ).

﴿وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾،

واتە: (وە خوای گەورە هیچ وێنەو هاوشێوەی نی‌یە).

وە خوای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت:

﴿ لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ وَهُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ﴾ [الشورى: ١١] .

واتە: (خوای تاکو تەنها بێ وێنەیەو هیچ شتێك لەو ناچێت و زۆر بیسەرو بینەرەو هەموو شتێك دەبینێت و هیچ شتێکی لێ وون نابێت).

کەواتە: خوای گەورە هیچ وێچوو هاوشێوەیەکی نییە لە دروست کراوەکانی، نە لە زاتیداو نە لە ناوە جوانەکانیدا، وە نە لە سیفەت و نە لە کردەوەکانیدا، لەبەر ئەوەی ناوەکانی خوای گەورە هەموویان جوانن، وە سیفەتەکانیشی هەموویان سیفەتی تەواوو گەورەن، وە بە کردەوەکانی خۆی و بە بێ هیچ هاوبەش و هاوەڵێك ئەو هەموو دروست کراوە گەورانەی بە دیهێناوە، بۆیە خوای گەورە لەبەر تاکو تەنهایی لە تەواوێتی هەموو ئەم سیفەت و ناوە جوانانەیدا، هیچ هاوشێوەو وێچویەکی نییە، وە خوای گەورە بیسەرە بۆ هەموو دەنگێك بە جیاوازی زمانەکان و جۆراو جۆری پێداویستیەکان و بینەرە بۆ هەموو شتێك.

وە ئەم ئایەتەو هاوشێوەکانی ئەم ئایەتە، بەڵگەنە بۆ مەزهەبی ئەهلی سوننەو جەماعە، لە جێگیرکردن و دانانی سیفەتە تەواوەکان بۆ خوای گەورەو نەفی کردن و لادانی هەموو هاوشێوەو وێچویەك بۆ خوای گەورە.

وە دەبێت خوای گەورە بە پاکو بێ هاوتا دابنێین لەوەی کە وەسفی بکەین بە سیفەتی دروست کراوەکانی، چونکە هەموو ئەو سیفەتانەی کە تایبەتن بە دروست کراوەکان، ئەوە کەم وکووڕی و ناتەواوییان تێدایەو خوای گەورەش پاکو بێگەردە لە هەموو کەمو کووڕی و ناتەواوییەك، وە شایانی هەموو تەواوی و بەرزی و گەورەییەکەو هیچ هاوشێوەو وێچویەك نییە لە سیفەت و ناوە جوانەکانیدا.

وە نابێت لە هیچ سیفەتێکدا خوای گەورە کە (دروست کارە)، بە دروست کراوەکانی بچوێنرێت یان دروست کراوەکانی بەو بچوێنرێن، وە دروستیش نییە کە وەسفی خوای گەورە بکرێت بە سیفەتێك لە سیفەتە تایبەتیەکانی دروست کراوەکانی، هەروەك چۆن دروست نی‌یە کە دروست کراوەکان وەسف بکرێن بە سیفەتێك لە سیفەتە تایبەتیەکانی خوای گەورە.

وە لەم سورەتەدا دوو جۆر سیفەتی خوای گەورە باسکراون، ئەوانیش:-

**یەکەم:** ئەو سیفەتانەی کە جێگیرو دانراون بۆ خوای گەورە، کە (الله) سیفەتی پەرستراوێتی خوای گەورە دەگرێتەوە، وە (أحد) سیفەتی تاکو تەنهایی خوای گەورە دەگرێتەوە، وە (الصمد) سیفەتی بێ پێویستی خوای گەورە دەگرێتەوە لە هەموو شتێك.

**دووەم:** بە پاك دانانی خوای گەورە لەو سیفەتانەی کە کەم و کورتیان تێدایەو سیفەتی ناشیاون بۆ ئەو، کە: ﴿لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ﴾ دەیگرێتەوە.

**ئەو پەندو ئامۆگاریانەی کە لەم سورەتە وەردەگیرێن:**

١- سەلماندن و جێگیر کردنی تاکو تەنهایی خوای گەورە.

٢- تەواوێتی و دەوڵەمەندی خوای گەورەو هەژاری و بێ دەسەڵاتی دروست کراوەکان بۆی.

٣- ڕەددە لەسەر ئەوانەی کە دەڵێن قورئان قسەی (محمد)ە ﷺ.

٤- ڕەددە لەسەر یەهودییەکان کە دەڵێن عوزەیر کوڕی خوایە.

٥- سەلماندن و جێگیر کردنی سیفەتی قسە کردن بۆ خوای گەورە.

٦- ڕەددە لەسەر گاورەکان کە دەڵێن عیسی کوڕی خوایە.

٧- سوربوون لەسەر پشت بەستن بە تەنها بەخوای گەورە، چونکە خوای گەورە تەنهایەو هەر ئەویش جێگای نیازو مەبەستە بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان.

٨- ڕەددە لەسەر موشریکەکان کە دەڵێن فریشتەکان کچی خوان.

٩- سوربون لەسەر پەرستنی خوای گەورە بە تەنهاو هاوەڵ بۆ دانەنانی.

١٠- بە پاك دانانی خوای گەورە لە چواندنی بە دروست کراوەکانی.

١١- وەرگرتنی عەقیدەو بیروباوەڕ لە قورئان و سوننەت.

١٢- سەلماندن و جێگیر کردنی ئەوەی کە خوای گەورە لە سەرەتاوە هەبوەو هیچ شتێك لە پێش ئەوەوە نەبووە.

١٣- بە پاك دانان و لادانی خێزان لە خوای گەورە.

١٤- ڕەددە لەسەر ئەوەی کە دەڵێت: شتەکان بەهۆی سروشت و لە خۆیانەوە دروست بوون.

١٥- ڕەددە لەسەر ئەوەی کە دەڵێت: خوای گەورە وێچوو هاوشێوەو هاوەڵی هەیە.

١٦- سەلماندن و جێگیر کردنی ئەوەی کە تەنها خوای گەورە پەرستراوەو شایانی پەرستنە.

١٧- ڕێزو گەورەیی زانستی تەوحید و بە تەنها خوا پەرستی.

١٨- سەلماندن و جێگیر کردنی سیفەتی (الصمدية) بۆ خوای گەورەو هەر ئەویش جێگای نیازو مەبەستە بۆ دابین کردنی پێداویستییەکان.

١٩– هەر كەسێك بڕوای تەواوی هەبێت بە تـەنهایی خـوای گـەورەو بـەوەی كـە تـەنها ئـەو جێگـای نیـازو مەبەسـتەو وە هەرچیەكی بوێت بە ئاسانی دەیكات ، ئەوە دڵەكەی ڕزگاری بووەو پارێزراوە لە هەموو تاریكایی و گـومڕایی و پیـسییەك و لە هەموو پەیوەست بوونێك بە غەیری خوای گەورە.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

سەرچاوەكان:

١– عمدة التفسير، مختصر تفسير ابن الكثير، للشيخ أحمد شاكر (رحمه الله).

٢– تيسير كريم الرحمن، للشيخ عبدالرحمن بن ناصر السعدي (رحمه الله).

٣– العقيدة الواسطية، شرح:

- ✓ الشيخ/ عبدالرحمن بن ناصر السعدي (رحمه الله).
- ✓ الشيخ/ محمد خليل هراس (رحمه الله).
- ✓ الشيخ/ محمد بن صالح العثيمين (رحمه الله).
- ✓ الشيخ/ صالح بن عبدالعزيز الفوزان (حفظه الله).
- ✓ الشيخ/ عبدالعزيز المحمد السلمان.

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# جۆرەکانی
# شەریك بۆ خوا دانان وەمەترسییەکانی

ئامادەکردنی: هەتاو نوری
زانکۆی سلێمانی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه أَمَّا بَعْدُ ...

شەريك بۆ خوادانان گەورەترين زوڵم و ستەم و ناحەقييە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە پەروەردگاری. وەك پەروەردگار فەرموويەتی:

﴿إِنَّ ٱلشِّرۡكَ لَظُلۡمٌ عَظِيمٞ ١٣﴾
[لقمان: ١٣].

واتە: بەڕاستی شەريك و هاوبەش دانان بۆ خودا گەورەترين ستەم و ناحەقييە کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە پەروەردگاری .

چونکە هەروەك چۆن خوا پەرستی بريتی‌يە لەوپەڕی ڕێزگرتن و بەگەورەگرتنی خودا، بەهەمان شێوەش هاوبەش پەرستيش ئەوپەڕی بێ ڕێزی و سپڵەيی‌يە بەرامبەر بەخوداو سيفەتە پەسەند و ناوەجوانەکانی .

وە پێغەمبەر ﷺ کاتێك کە پرسياری لێ کرا سەبارەت بە گەورەترين و ناقوڵاترين تاوان و خراپە فەرموويەتی: گەورەترين تاوان بريتی‌يە لە (**أن تجعل لله نِداً وهوخلقك**) البخاري: ٤٤٧٧

واتە: گەورەترين تاوان بريتيە لەوەی کە کەسێکی تر لەگەڵ خودا بپەرستی، لەکاتێکدا تەنها خودا دروستی کردووی.

مەترسی هاوبەشپەرستی لەوەدا دەردەکەوێت سەرجەم کردەوە چاکەکانيش کە بۆ خودا کراوە هەمووی پوچەڵ دەبێتەوە و لە ڕۆژی قيامەتدا پاداشتی هيچيانی دەست ناکەوێت و مايە پوچ دەردەچێت، چونکە هەروەك چۆن ئاگر پووش دەسوتێنێ، بەهەمان شێوەش شيرك و هاوبەشپەرستی کردەوەی چاك دەوەرێنێ .

هەروەك خودا دەفەرمووێ:

﴿وَلَقَدۡ أُوحِيَ إِلَيۡكَ وَإِلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكَ لَئِنۡ أَشۡرَكۡتَ لَيَحۡبَطَنَّ عَمَلُكَ وَلَتَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡخَٰسِرِينَ ٦٥﴾ [الزمر: ٦٥] .

﴿وَلَوۡ أَشۡرَكُواْ لَحَبِطَ عَنۡهُم مَّا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ﴾ [الأنعام: ٨٨] .

نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بە هيچ شێوەيەك لێبوردن و عەفوو لێخۆش بوونی خودا شمولی ئەو کەسە ناکات کە شەريکی بۆ خودا دانابێ و پێش مردنی تەوبەی لێ نەکردبێ و پێوەی مردبێ .

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾ ﴾ [النساء: ٤٨]

واتە: پەروەردگار لە گوناهێك خۆش نابێ كە بریتی بێ لـە شـەریك بۆ دانـانی، بـەڵام بـە گـوێرەی ویـستی خـۆی خـۆش دەبێت لە هەر گوناهێكی تر جگە لە شیرك .

وە هەركەسێ شەریك بۆ خوا دابنـێ ئـەوە گونـاهو بوهتـان و درۆیـەكی گـەورەی كـردووە، چـونكە خـوا شـەریكی نـیـە لەڕاستیدا.

لـەوەوە دەردەكـەوێت كـە شـەریك بـۆ خوادانـان گـەورەترە لـە كوشـتنی بەناهـەق و زینـاو دزی و هـەموو تاوانـە گەورەكانی تر .

جا تاوانێك ئەوەندە گەورەو ناقوڵابێ، وە ئەوەندە ناپەسەندو قێزەون بێ، كـە زینـاو دزی و ئـارەق خواردنـەوەی لـە ئاستدا نزم بێ، شیاوی ئەوەیە كە هەركەسێك ئەنجامی بدات و لێی نزیك بـێ، بەهەشـتی پڕنـازو نیعمـەتی لەسـەر حـەرام بـێ وجێگـاو مـاڵ و شـوێنی هەتاهـەتایی و هەمیـشەیی دۆزەخـی پـڕ ژان و شـین بـێ . هـەروەك خـوای زانـاو كاربـەجێ دەفەرمووێ: ﴿ إِنَّهُۥ مَن يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ حَرَّمَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ ٱلْجَنَّةَ وَمَأْوَىٰهُ ٱلنَّارُ ۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ ﴿٧٢﴾ ﴾ [المائدة: ٧٢ ] .

واتە: هەركەسێك شەریك بۆ خودا دابنێت ئەوە پەروەردگار بەهەشتی لێ حـەرام كـردووە و، شـوێنی هەمیـشەیی دۆزەخـە و، وە هیچ پشتیوانێكیان نیـیە ڕزگاریان بكات لەم حاڵە .

جا لەوەوە دەردەكەوێت: هەروەك چۆن خواپەرستی ڕێزوحورمەت دانە بۆ ئینسان، بـە هـەمان شـێوە شـەریك بـۆ خـودا دانانیش بێ ئەدەبی وگێلیەتی وبێ حورمەتی كردن و سوكایەتی كردنە بە ئینسان، چونكە خواپەرستی بەنـدەكان ڕزگـار دەكات لە پەرستن و بەندایەتی كردنی بەندەكان بۆ پەرستن و بەندایەتی كردنی خوای بەنـدەكان، بـەڵام هاوبەشپەرسـتی بەندەكان لەپەرستنی خوداوە پەلكێش دەكەن بۆ پەرستنی بەنـدەكان، هەربۆیـە هاوبەشپەرسـتی والـە ئینسان دەكـات كە غەیری خودا لە دڵیدا خۆشەویست بێ، وە ئەو خۆشویستنەش وای لێ دەكات كەملكەچی بـێ ، جـا هـەركات ئینسان خۆشەویستی و ملكەچی بۆ غەیری خودا دەربڕی، ئەوا ناچار دەبـێ كـە گوێڕایـەڵی خۆشەویستەكەی بـێ و ئـەوەی ئـەو بەباش دابنێ دەبێ جێبەجێی بكات و ئەوەی ئەو بە خراپی دابنێ دەبێ وازی لێ بهێنێ، جا هـەركات ئینسان لـە هـەڵس و كەوتەكانی ژیانی دا بەوشێوەیە پابەند بوو بە حەزوو داخوازی كەسێكی ترەوە جگە لە خودا، ئەوا ئـەو كەسـە دەبێتـە جێگـای تـرس و ئومێـدی، بۆیـە ناچـار بـۆ دەسـت كـەوتنی خێروخۆشـی و لادانـانی زیـان و ناخۆشـیش پـەنا بـۆ خۆشەویستەكەی خۆی بەرێ و داوای كۆمەكی لەو بكات وپشت بـە ئـەو ببەسـتێ. ئـا بـەم جـۆرە خـۆی بـچوك وسـوك و ڕیسوا دەكات و لەبەردەستی مرۆڤێكی وەكو خۆی دا چۆك دادەدات .

ئەو **هاوبەش بۆ خوا دانانەش** كە زۆر مەترسیدارە و بڵاوە لەناو كۆمەڵگـەی موسڵمانان دا و زۆر كەسـی بـەرەو ئەو مەترسیانە پەلكێش كردووە، **بریتیە لە شەریک بۆ خوا دانان لە پەرستن دا** .

جا لەبەر ئەوە هەر لە یەکەمین پێغەمبەرەوە کە(نوح)بووﷺ تا دواهەمین پێغەمبەر کە(محمد)بووﷺ خوای گەورە تەنها بۆ ئەوە ناردنی کە خەڵکی بانگ بکەن بۆ خواپەرستی و دوریان بکەنەوە لە هاوبەشپەرستی.

وەکو خوای پەروەردگار دەفەرمووێ:﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ﴿٣٦﴾ ﴾ (النحل: ٣٦).

واتە: بەجەخت لەسەرکراوییەوە بۆ هەموو نەتەوەو میللەتێك پێغەمبەرێکمان ناردووە تاوەکو بانگی خەڵکی بکەن بۆ بەندایەتی کردنی خوای پەروەردگارو خۆیان بەدور بگرن لەتاغوت پەرستی و **هاوبەشپەرستی** و توخنی نەکەون.

﴿وَمَا أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِي إِلَيْهِ أَنَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾ ﴾ [الأنبياء: ٢٥].

واتە: ئەی پێغەمبەری خواﷺ، سەرجەم پێغەمبەرانی پێش تۆ کەناردوومانن و کتێبمان بۆ دابەزاندوون، بنچینەو بناغەی بانگەوازەکەیان ئەوە بووە بانگی خەڵکی بکەن بۆ بەندایەتی کردنی زاتی (الله) کە تەنها ئەو بپەرستن، وە تاوەکو بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە کەهیچ پەرستراوێکی شیاو بە پەرستن نییە تەنها زاتی(الله)نەبێ، کەوابوو بەندایەتیش بە تەنها بۆ ئەو بکەن.

**هەر بۆیە** بە درێژای مێژوو کێشەومشتومڕ و ناکۆکی وگرفتی سەرجەم پێغەمبەران(سەلامی خوایان لەسەر بێ) لەگەڵ تەواوی بێ باوەڕانی قەومەکانیان تەنها لەسەر (**خواپەرستی**) و (**هاوبەش پەرستی**) بووە، نەك لەسەر(**خواناسی**) و(**خوانەناسی**) .

ئەو خەڵکەی وا بەگژ پێغەمبەراندا چوونەو دەسەویەخەی پێغەمبەران بوون هەموویان خوایان بە خاوەن و پەروەردگاری خۆیان زانیوە، لەچەندەها ئایەتدا بۆمان دەرکەوت کە موشریکەکان هەموویان باوەڕیان بەوە هەبوو، کە تەنها خوا پەروەردگارەو دروستکاری بونەوەرەو خاوەنی هەموو شتێکە، وەلەو شتانەدا هیچ یەکێکیان نەدەکرد بە شەریك بۆ خوا.

گەر بەڵگەشت دەوێ ئەم ئایەتانە بخوێنەرەوە و بە جوانی بیری لێبکەرەوە:

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ ﴾ (الزخرف: ٨٧).واتە: ئەی محمد ﷺ ئەگەر بپرسی لەم موشریکانە کە کێ دروستی کردوون؟ ئەوا لەوەڵامدا دەڵێن: (الله) دروستی کردووین بە تەنها .

﴿ وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ وَسَخَّرَ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لَيَقُولُنَّ اللَّهُ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٦١﴾ ﴾ (العنكبوت: ٦١).

واتە: ئەگەر پرسیار بکەیت لە موشریکەکان: کێ ئاسمانەکان و زەوی دروست کردووەو کێ خۆرو مانگی ژێربار کردووەو بە ڕێکی دەخولێنەوە؟ ئەوا لە وەڵامدا دەڵێن: تەنها (الله) .

**بەڵام کێشەی سەرەکی و لارێ بوون و گومڕایی ئەوان لەوەدا بوو لە پەرستندا هاوبەشیان بۆ خوا دادەنا، واتە هاوبەشپەرست بوون.**

هاوبەشپەرستییەکەی ئەوانیش کە دووچاری گومڕایی ولاڕێ بوونی کردبوون و پێغەمبەران بۆ ڕاستکردنەوەی هاتن و بووە کێشەو مشتومڕی نێوان پێغەمبەران و بێ باوەڕان بە زۆری لەم بەشانەی پەرستن دا بووە:

## یەکەم: شەریك بۆ خوا دانان لە هاوار بۆ کردن و داوا لێ کردن:

ئەگەر ئینسان بۆ دەست کەوتنی خێروخۆشی و لادانی زیان و ناخۆشی داوای کۆمەکی لەغەیری خوا بکات و پشت بە غەیری خوا ببەستێ، ئەوا ترس و ئومێدی بۆ غەیری خوا دەربڕیوە. بۆیە غەیری خودای بە (پەرستراو)ی خۆی زانیوە، بەمەش بەشێك لە عیبادەت و پەرستنی بۆ غەیری خودا دەربڕیوەو دوچاری شەریك وهاوبەش بۆ خوا دانان دێت لە عیبادەت و پەرستن دا.

﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَـٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾المؤمنون: ١١٧

واتە: هەر کەسێك لەگەڵ (الله) پەرستراوێکی تریش بپەرستێ بە شێوەیە داوای کۆمەکی لێ بکات و پشتی پێ ببەستێ کە لەڕاستیشدا هیچ بەڵگەیەکی بە دەستەوە نییە لەسەر ئەو کارەی، ئەوە حیسابی لای پەروەردگار ئەوەیە کە کافرەو کافرانیش سەرکەوتوو نابن .

﴿ وَمَن يَدْعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَـٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرْهَـٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓ ۚ إِنَّهُۥ لَا يُفْلِحُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ ﴾ المؤمنون: ١١٧

واتە: کێ گومڕاترە لەو کەسەی لە غەیری خوا هاوار دەکاتە ئەوانەی کە وەڵامی هاوارەکەی نادەنەوەو بێ ئاگاشن لە هاوارو داواکەی؟ وە کاتێکیش خەڵکی کۆکرانەوە لە ڕۆژی دوایی دەبن بە دوژمنیان. وە بێ باوەڕ دەبن بەو بەندایەتی‌یەی بۆیان دەکردن و، بەو هاوارەی کە دەیان کردنێ.

## دووەم: شیرك لە نیەت و ویست و مەبەستدا:

ئینسان ئەگەر نیەت و مەبەستەکەی لەبنەڕەتەوە بۆ غەیری خوا، بەجۆرێك تەنها مەبەستی سەرەکی دەست کەوتنی غەیری ڕەزامەندی خودا بێت ئەوە شیرکەو هاوبەشپەرستی‌یە وەکو ئەوەی مەبەستی دەست کەوتنی دونیاو زەعامەت و پلەو پایەو ڕابواردنی دونیا بێت.

وەك پەروەردگار فەرموویەتی:

﴿ مَن كَانَ يُرِيدُ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا وَزِينَتَهَا نُوَفِّ إِلَيْهِمْ أَعْمَـٰلَهُمْ فِيهَا وَهُمْ فِيهَا لَا يُبْخَسُونَ ﴿١٥﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَيْسَ لَهُمْ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ إِلَّا ٱلنَّارُ ۖ وَحَبِطَ مَا صَنَعُوا۟ فِيهَا وَبَـٰطِلٌ مَّا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿١٦﴾ ﴾ هود: ١٥ – ١٦.

واتە: ئەوەی کەتەنها ژیانی دونیا و جوانییەکانی مەبەستە ئەوە ئێمە لە دونیادا داخوازیەکانی و مەبەستەکانی بۆ دابین دەکەین، وە لەدونیا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان وەردەگرن، بەڵام لەدوا ڕۆژدا هیچ پاداشتێکیان نییەو تەنها ئاگری دۆزەخیان بۆ هەیەو کردەوەکانی دونیاشیان پوچەڵەو لای خوا قەبوڵ نییە، چونکە بەمەبەستی ئەو نەیان کردووە ونیەتیان تەنها دونیا بوو.

(أنا أغنى الشركاء عن الشرك فمن عمل عملاً أشرك معي فيه غيري، تركته وشركه)[1].

واتە: من لە هەموو شەریکەکان بێ پێویست تر و دەوڵەمەند ترم؛ جا لەبەر ئەوە هەر کەسێ عبادەت و پەرستنێك بۆ من بکات و یەکێکی تریش بکاتە شەریکم تیایدا لەنیەت و مەبەستی، ئەوە من واز دەهێنم لەو کەسە خۆیشی و شیرکە کەیشی. واتە من هیچ بەشێکی کردەوەکەی لێ قەبوڵ ناکەم و بە عەبدی خۆشمی دانانێم لەو کردەوانەدا!.

## سێیەم: شیرك لە گوێڕایەڵیدا:

هەر کەسێك گوێڕایەڵی کەسێك بکات وەك گوێڕایەڵی کردنی خواو ئیعتیقادیشی وابێت کە ئەوکەسەی گوێڕایەڵی بۆ دەکرێت شایستەی ئەوەیە فەرماندەر بێت ویاساو شەرع دابنێت وگوێڕایەڵی بکرێت؛ ئەوە ئەو کەسەی کردووە بەشەریکی خوا لە عیباتەتدا.

**چونکە خوای پەروەردگار گوێڕایەڵی کردنی غەیری خۆی و پابەندبوون بەدین و بەرنامەیەکی تر جگە لەدین و بەرنامەکەی خۆی بەشیرك و هاوبەش بۆ خوادانان ناوبردووە.**

وەکو دەفەرمووێ:﴿وَإِنۡ أَطَعۡتُمُوهُمۡ إِنَّكُمۡ لَمُشۡرِكُونَ﴾ [الأنعام: ١٢١].

واتە: ئەگەر گوێڕایەڵی بێ باوەڕان بن و پابەندی حەڵاڵ و حەرامی ئەوان بن، ئەوا ئێوەش وەکو ئەوان دەبن بە موشریك .

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ فَرِيقٗا مِّنَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ يَرُدُّوكُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡ كَٰفِرِينَ﴾(آل عمران: ١٠٠).

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر گوێڕایەڵی کۆمەڵێك لەگاورو جولەکە بکەن لەحەڵاڵ و حەرامدا ئەوا لەدین و ئیمان پاشگەزتان دەکەنەوە و کافر دەبن .

**لەوەوە دەردەکەوێت:**

کە غەیری خوا بە فەرمانڕەوا زانین و ئیعتقاد بوون بەوەی کە غەیری خوا بۆی هەیە سەرچاوەی فەرمان ونەهی و شەریعەت وبەرنامەو یاسادانان بێ، یان شتێك کەخوا حەڵاڵی کردبێ، ئەو بەحەرامی دابنێ یان بەپێچەوانەوە، ئەوا شەریك و هاوبەشی بۆ خوا داناوە .

﴿ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ وَٱلۡمَسِيحَ ٱبۡنَ مَرۡيَمَ وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُوٓاْ إِلَٰهٗا وَٰحِدٗاۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۚ سُبۡحَٰنَهُۥ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ٣١﴾ [التوبة: ٣١].

واتە: جولەکەو گاورەکان زاناو پیاو چاکەکانی خۆیانیان کردبوو بە خوا لەغەیری خوا, چونکە کردبوویانیان بە فەرمانڕەواو بەپێچەوانەی شەرعی خوا حەڵاڵ وحەرامیان لێ وەردەگرتن، وە (عسی)ی کوڕی (مریم)یشیان ﷺ کردبوو بە خوایەکی تر لە غەیری خوا، چونکە کردبوویان بە فریادگوزاری خۆیان، لە کاتێکدا داوایان لێ کرابوو کە پەرستن و بەندایەتی تەنها بۆ یەك پەرستراو بکەن کە (الله)یە، چونکە غەیری ئەو هیچ فریادگوزاریکی ڕەواو فەرمانڕەویەکی حەق

[1] رواه مسلم رقم (٢٩٨٥)

نییە، وە ئەو خودایە زۆر لەوە بەرزوو پاکترو پیرۆزترە کە شەریك و هاوبەشی بۆ دابنرێ لە فریادگوزاری و فەرمانڕەواییدا.

(عدي) کوڕی (حاتم) پێش ئەوەی موسڵمان بێ گاووربوو، کەگوێی لە پێغەمبەر ﷺ بوو ئەم ئایەتەی دەخوێندەوە، پێی سەیربوو کە چۆن زاناو پیاو چاکان دەکرێن بەخواو دەپەرسترێن، بۆیە وتی:

(إنّا لَسنَا نَعبُدهم) وتی: ئێمە عیبادەتمان بۆ زاناو پیاو چاکەکانی خۆمان نەکردووە تاوەکو بیانکەین بەخوا و بیان پەرستین.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:(أَلَيسَ يُحَرِّمُونَ مَاأَحَلَ الله فَتُحَرِّمونَهُ, ويحلون ماحرم الله فتحلون؟ قال, فقلت: بلى, قال ((فتلك عبادتهم)))[1].واتە: ئایا ئەوان ئەوەی خوا حەڵاڵی کردووە حەرامی ناکەن و ئێوەش شوێنیان ناکەون و بەقسەیان ناکەن و بەحەرامی نازانن؟ وە یان ئەوەی خوا حەرامی کردووە ئەوان حەڵاڵی ناکەن و ئێوەش بەقسەیان ناکەن و حەڵاڵی ناکەن؟)) ووتی: بەڵێ.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئا ئەوە عیبادەت کردن و بەندایەتی کردنی ئەوانە.

## چوارەم: شەریك بۆ خوا دانان لە خۆشەوستندا:

ئەو خۆشەویستی‌یەیە کە ئەوپەڕی بە گەورە دانان ومل کەچی لەگەڵدایە بۆ خۆش ویستراوەکە جا هەرکات ئینسان خۆشەویستی وملکەچی بۆ غەیری خودا دەربڕی، ئەوا ناچار دەبێ کە گوێڕایەڵی خۆشەویستەکەی بێ وئەوەی ئەو بەباشی دابنێ دەبێ جێبەجێی بکات و ئەوەی ئەو بە خراپی دابنێ دەبێ وازی لێ بهێنێ .

وە لە ناو خەڵکیدا ئەم جۆرە شیرکە هەیە وەك پەروەردگار دەفەرموویێت:﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ ﴿١٦٥﴾ ﴾[البقرة: ١٦٥] .

واتە: لەناو خەڵکیدا هەیە کە وێنەو هاوشێوەو شەریکی بۆ خوا داناوە لەوەدا کەخۆشی دەوێت وەك خۆشویستنی خوا، واتە: وەك ئەو خۆشویستنەی بۆ خوا هەیە کە بەگەورە دانان وزەلیلی لەگەڵدایە. بەڵام بڕواداران خۆشویستنەکەیان بۆ خوا زیاترە لە خۆشویستنی موشریکان بۆ خۆشەویستەکانیان وئیعتیقاد پێ بووەکانیان.

**سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا إله إلا أنت أستغفرك أتوب إليك**

------------------

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

---

[1]) رواه الترمذي, والبيهقي في الكبرى ١١٦/١٠, وحسنه الالباني في (غاية المرام).

# ئەركی سەرشانمان بەرامبەر سەلەفییەت

✍/ سلطان العيد

وەرگێڕانی: م / جمعة علي خورشيد

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه .

لەپاشان:

خوای تەعالا لەقورئانی پیرۆزدا ئەفەرمێت: ﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ ﴿١١﴾﴾ [الضحى: ١١].

واتە: نیعمەت وچاکەی پەروەردگارت بۆ خەڵکی باس بکە.

زانای موفەسیر ئیمامی سەعدی (رەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (ئەمە نیعمەتە دینی و ودونیاییەکان ئەگرێتەوە ﴿فَحَدِّثْ﴾ واتە: ستایشی الله ی لەسەر بکە, بەتایبەت باسی نیعمەتەکانی ئاماژە پێکرد ئەگەر مەصلەحەتێك لەوێدا هەبوو، ئەگەر نا ئەوە باسی هەموو نیعمەتەکان ئەبێتە هۆی سوپاس گوزاری, وە ئەبێتە هۆی ئەوەی دڵەکان خۆشەویستیان زیاد بکات بۆ ئەوەی کە نیعمەتەکانی بەخشیوە, چونکە دڵان چاکەکاریان خۆش ئەوێ) .

وە لەو نیعمەتە گەورانەو بەخششە مەزنانە لەم ڕۆژانەماندا: سەرهەڵدانی سوننەت، ولاواز بوونی بیدعەت, وە روو کردنی خەڵکی لەخۆرهەڵات وخۆرئاوا بەرەو دەست گرتن بەم ڕێبازە پیرۆزەوە. کەڕێبازی سەلەفییە .

وەخەڵکێکی زۆر لەژێر مەشخەڵی ئەهلی سوننەو سەلەفییەکان کۆبونەتەوە، ئەوانەی ڕێنیشاندەری حەقن وەپێی هەڵدەستن, ڕێبازی هاوەڵان وشوین کەوتوانیان بەچاکە, وەپێشەوا هیدایەت دراوەکان, وەك چوار ئیمامە بەڕێزەکەو ئەوانەی لەسەر ڕێبازی ئەوان بوون لەزانا پایەبەرزەکان، وەك شێخی ئیسلام ئیبن تەیمیە، وجگە لەو لەزانا دڵسۆزەکان .

لەکارە سەرسوڕهێنەرەکانی پەروەردگاریان ئەمەیە کەئەهلی بەتاڵ بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵ و کۆششیان ئەوە بوو کەبەرەنگاری بکەن لەڕێبازی ئەهلی سوننەی ڕاستەقینە کە بریتییە لەسەلەفییەت, بۆئەم مەبەستەش چەندەها پڕوپاگەندەو درۆو گومانیان خوڵقاندو پیلان وفرِوفێڵی گەورەشیان کرد.

بەڵام پەروەردگارمان هەر نووری خۆی ئاشکراو سەرکەوتوو ئەکات وسوننەتی پێغەمبەرەکەی ﷺ سەرئەخات, دڵی خەڵکی کردەوە بۆ ئەم بیروباوەڕە پاکە دڵانی بەرەو ڕێبازی سەلەفی صالح هەڵنا, وەئەهلی ناحەقی سەرشۆڕ کرد, فێڵەکانیانی پوچەڵ کردەوە, سوپاس وستایش بۆ پەروەردگار لەسەرەتاو کۆتاییدا وبەنهێنی وبەئاشکرا .

وەئەم نیعمەتە پیرۆزەی کە تێدا ئەژین پێویستە ئەمڕۆ ئیمانداری یەکخواپەرست لەگەڵیدا هەندێ ئادابی شەرعی پیادە بکات لەوانە:

یەکەم: سوپاس وستایش کردنی الله لەسەر ئەو نیعمەتە، چونکە نیعمەت بەسوپاس گوزاری بەردەوام ئەبێت, وە بەپێچەوانەوە لەناو دەچێت, وەئەم نیعمەتە دینییە لای موسڵمانی یەکخواپەرست گەورەترە لەنیعمەتە دونیاییەکان .

دووەم: جێگیر بوون لەسەر ئەم باوەڕە پاکەو هەوڵدان بۆ سەرخستنی وپاڵپشتی کردنی وبڵاوکردنەوەی، چونکە ئەهلی سوننەت ئەگەر بانگەوازی بۆ بیروباوەڕەکەیان پشت گوێ بخەن وبەرپەرچی ئەو کارە نەدەنەوە کە پێچەوانەی سوننەتە ئەو کاتە ئەهلی ئەهواو بیدعە زاڵ ئەبن بەسەریانداو خەڵکی سەر لێ شێوار ئەکەن.

سێیەم: بایەخ دان بەفێربوون وفێرکردن لەبەر ئەوەی ئەم رێبازە سەر ئەخرێ بەزانیاری وبەڵگە سەلماندن، چونکە گومان و کارە پڕو پوچەڵەکانی لەلایەن سەلەفییەوە بەرپەرچ نادرێتەوە مەگەر خاوەن زانیاری و روونکردنەوە بێت .

وە ئەو بانگەوازییە سەلەفییانەی کەسەر بناغەی زانست وفێرکردن بوو, مایەوە وبڵابووەوە وبەرهەمی هەبوو وەك بانگەوازی (شـيخ الإسلام ابن تيمية ـ قدس الله روحه ـ) هەروەها قوتابییەکانی لەدوای خۆی وەك (الإمام ابن القيم والإمام ابن كثير )هەروەها بانگەوازی پێشەوا موحەممەدی کوڕی عبدالوهاب ـ رەحمەتی خوایان لێ بێت وپاداشتیان بداتەوە ـ هەر لەژیانی خۆی دا کۆمەڵێ قوتابی جێ هێشت کەبوون بەکەڵە زانایانی دونیا وپشتیوانانی سوننەت .

هەروەها بانگەوازە سەلەفی یەکان کەبەرهەمی ئەو بانگەوازە چاکسازی یە بوون , لەزۆربەی وولاتە ئیسلامی یەکان وەك: بانگوازی ئەهلی حەدیس لە وولاتی هیندو دەوروبەری, وەبانگەوازی پشتیوانانی سوننەت لەمیصر, وبانگوازی زانای پایەبەرز ئەلبانی لەشام, وە زانای پایەبەرز ـ تقي الدين الهلالي ـ لەمەغریب, وبانکەوازی زانای پایەبەرز ـ مقبـل الـوادعي ـ لەوولاتی یەمەن وبێجگە لەوانە لەبانگەوازە چاکسازییەکان کەلەسەر بناغەی زانست وفێر کردن .

بانگەواز کردن بەچاو رۆشنی دامەزراوەو ئەمێنێتەوە بەبتەوی.

وەئەوەی ئەبێتە هۆی لاوازی بانگەواز سەلەفییەت دورکەوتنەوەی هەندێ لەهەڵگرانی لەزانست وفێرخوازی و لەبەر کردنی مەتن وموداڕەسەی سوننەت .

وە رووکردنە ووتی وات وقیل وقال، کە پێغەمبەرﷺ نەهی لێ کردووە بۆیە هەندێك بەتەنها خۆی ئەداتە پاڵ بانگەوازەکە بەبێ ئەوەی بەدوای زانستی شەرعی دا بگەڕێ لەسەر رێبازی پێشین .

وەکار ترسناك تر ئەبێت ئەگەر ئەوان واتە: خەڵکی نەزان ببن بەپێشەنگی کاری بانگەواز کردن, کارەکان تێك ئەدەن لەکاتێکدا وائەزانن چاکە ئەکەن .

ئامۆژگاریم بۆ ئەو برایانەی کەخوای تەعالا زانستی پێیان بەخشیوە ئەوەیە: ئەو زانیارییە لەمزگەوتەکان و هەر جێیەك کەبوار ئەڕەخسێ بۆ بڵاوکردنەوەی دریخی نەکەن، دانیشن بۆ فێرکردنی خەڵکی و چاو روون کردنەوەیان لەرێبازی پێشینی صاڵحان .

چوارەم: سووربوون لەسەر بانگەوازی بۆ رێبازی پێشین, چونکە موسڵمانی سەلەفی دڵسۆزەو کلیلی چاکەیە بۆ برایانی، بەزانیاری ودانایی وروونی بانگەواز ئەکات وخۆی ئەپارێزێ لەشاردنەوەی حەق لەبەر خەڵکی بەبیانوی ئەوەی کاتی نەهاتووە، چونکە ئەوە پێچەوانەی (البلاغ المبين)ە کەپەروەردگار فەرمانی کردووە بە پێغەمبەران .

پێنجەم: خۆیەکلا کردنەوە بۆ حەق و دوورکەوتنەوە لەحیزبایەتی ودەمارگیری بۆ هیچ کەسێك .

ئەگەر ئەهلی سوننە –سەلەفییەکان– نەهی بکەن لەدەمارگیری بۆ پێشەوا پایەبەرزەکان وەك ئیمامی مالیك و ئیمامی شافیعی وئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و جگە لەوانیش، چ جای ئەوانەی لەوان کەم تر بن و نەگەن بەپلەو پایەی ئەوان؟! .

وەئەگەر ئەهلی سوننەت سەرەڕای ڕێز گرتنیان و مودارەسە کردنیان بۆ کتێبی زانایانی ئیسلام بەڵام ئەوان نەهی ئەکەن لەدەمارگیری مەزهەبی، چونکە عیبرەت بەبەڵگە شەرعییەکانە.

بۆیە ئەڵێم ئەگەر وابوو، ئەوان نەهی ئەکەن لەو کارە کەپێشەوا ئەلبانی ڕەحمەتی خوای لێ بێت ــ ناوی ئەبات بە (التعصب للمشائخ: دەمارگیری بۆ زانایان) چونکە ئەم کارە حیزبایەتییەکی شاراوەی تووشی بانگەوازی سەلەفییەت کردووە! بۆیە ئەبینیت بەردەوام سەلەفییەکان موسڵمانان هۆشیار بکەنەوە لە حیزبایەتی کە رووی گەشی ئیسلام ئەشێوێنی ودووبەرەکی دروست ئەکات لەنێوان موسڵمانان دا، وەزیاتر ئاشکرا ئەبێت لەکاتی جیاوازی و دووبەرەکی دا! پەروەردگارا لەفیتنەی نهێنی وئاشکرا بمانپارێزیت.

بۆیە ئەرکی سەرشانی پێشینی ئەوەیە کەبەدوای حەقدا بگەڕێت و, شوێنی بەڵگە سەلمێنراوەکان بکەوێت، لەگەڵ ڕێزو حورمەت بۆ پێشەواو زانایان.

شەشەم: بەزەیی هاتنەوە بەیەکتر، پێشینان ئەیان فەرموو: (ئەگەر بیستت کە ئەهلی سوننەیەك هەیە لەرۆژهەڵات یان رۆژئاوا, سڵاوی بۆ بنێرە چەند کەمن ئەهلی سوننەت).

وەخوای تەعالا وەسفی پێشینی چاکانی کردووە بە ﴿رحماء بينهم﴾ [الفتح: ٢٩].

واتە: لەنێوان خۆیاندا بەبەزەیین، دەبا ئەمە نیشانەی ئەهلی سوننەت بێت، وە رەوشتی چاودێرکراو بێت لەکاتی فێربوون و فێرکردندا بۆ برایانیان ولەکاتی هەڵس و کەوت کردن لە نێوانیاندا.

وەئەگەر بەزەیی هاتنەوە لەنێوان ئەهلی سوننە نەمێنێت، پەرتەوازەو جیاواز ئەبن, دووبەرەکی پەیدا ئەبێت، وەئەبن بەپارووەیەکی ئاسان بۆ ئەهلی ئەهوا بەتایبەت ئەوانەی کەلاوازن، پەروەردکارا جێگیرمان کەی لەسەر حەق.

حەوتەم: هۆشیاری لەسەر قسەکردن دەربارەرەی دینی خوای گەورە بەبێ زانیاری وە ئاگادار بوونەوە لەچوونە ناو هەر باس وکارێك کە جێی بایەخ نەبێت, ئەهلی سوننە لەم رۆژگارەدا زۆرن و لە هەموو ولاتێك هەن, وچەند بەشێکن:

تێیاندا هەیە عەوامن: زۆرینەی گەنجەکانمان لەم بەشەن.

وەتێیاندا هەیە فێرخوازی زانستی شەرعییە ئەمانەش چەند پلەیەکن.

وەلەوان هەیە گەیشتووە بەپلەی زانایان.

عەوامەکان ئەرکی سەرشانیان ئەوەیە کە قەدری خۆیان بزانن وەرۆنەچن لەو باس و بابەتانەی کەشارەزا نین لەدیندا، بەبیانوی سەرخستنی سوننەت! چونکە سوننەت سەرناخرێت بەقسەکردن لەدینی خوای تەعالا بەبێ زانیاری.

وەپێویستە جیدال و دەمە دەم وگفتوگۆ لەگەڵ ئەهلی ئەهوا وبیدعە نەکات، چونکە لەوانەیە گومانی بۆ پەیدا بکات وەئەمیش ئەمەندە زانیاری پێ نییە کە شوبهاتەکانیان پوچەڵ بکاتەوە.

بەڵکو پێویستە لەسەر عەوامی گەنجانی سەلەفی رووبکەنە فێرخوازی بەدڵێکی راستەوە, وەپرسیار لەزانایان بکەن لەبابەتە ئاڵۆزەکان.

هەشتەم: ئارامگرتن وگومانی باش بردنە خوای تەعالا, هەر کاتێك دوژمنان زۆریان بۆ هێنان گومانی باش بەپەروەردگار ببەن، دڵنیا بن خوای تەعالا دینی خۆی سەرئەخاو، دۆستانی خۆی سەربەرز ئەکات، سەیری ئەوانەی پێش خۆتان بکەن, وەك پێشەوای پایەبەرز ئەحمەدی کوڕی حەنبەل بەتەنها مایەوە لەفیتنەی خەلقی قورئان حەقی ئاشکرا کرد وئارامی گرت لەسەر ئەزییەت، تاوەکو پەروەردگار سەری خست و، پایەبەرزی کردو، خۆشەویستی خستە دڵی موسڵمانانی راستەقینە کە خوای تەعالا بەتەنها ئەپەرستن .

ئارام بگرن و دڵ لاواز مەبن وغەمبار مەبن وبزانن: کەفێڵی شەیتان وشوێنکەوتوانی لاوازە, وەسەر ئەنجام هەر بۆ خۆپارێزانە

نۆیەم: هۆشیار بوونەوە و ئاگاداری لەپیلانی شەیتان وتاقمەکەی، چونکە هەوڵ وکوششی ئەوان تێکدانی ریزی ئەهلی سوننەی سەلەفییەکانە، وەجۆش دانی فیتنەیە لەنێوانیاندا، وەدڵ رەق کردنیان لەئاستی یەکتر وناحەزی پەیدا کردنە، بەدووزبانی وبڵاوکردنەوەی درۆو گومان دروست کردن بۆ سەلەفییەکان، تاوەکو ووشەیان لەیەك بترازێ وجیاواز بێت وناحەزی ودوژمنایەتی برا بەرامبەر براکەی گەشە بکات پەروەردگارمان ئەفەرمێت: ﴿ لَوْ خَرَجُواْ فِيكُم مَّا زَادُوكُمْ إِلَّا خَبَالًا وَلَأَوْضَعُواْ خِلَالَكُمْ يَبْغُونَكُمُ ٱلْفِتْنَةَ وَفِيكُمْ سَمَّٰعُونَ لَهُمْ ۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌۢ بِٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤٧﴾ ﴾

[التوبة : ٤٧] .

واتە: ئەگەر لەگەڵتاندا دەرچوونایە بۆ غەزا کردن، هیچ شتێکیان بۆ زیاد نەئەکردن بێجگە لەتێکدان و خراپە و، لەناو ئێوەدا خەڵکانێك هەن بەباشی گوێیان لێ ئەگرن وەخوای گەورە بەئاگا وزانایە بەستەمکاران .

ئەرکی گرنگی سەلەفی ئەوەیە کە پشتیوانی بکات لەئیمانداران، ئەگەر کارێکی بەتاڵ بدرێتە پاڵ برایەکی ناسراو بەچاکەکاری وشوێن کەوتنی سوننەت، پێویستە لەسەری کار بەم ئایەتە بکات کەپەروەردگارمان وەك ئەدەبێك فیرمان ئەکات وفەرموویەتی:

﴿ لَّوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ ٱلْمُؤْمِنُونَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُواْ هَٰذَآ إِفْكٌ مُّبِينٌ ﴿١٢﴾ ﴾ [النور: ١٢] .

واتە: کاتێ ئەو بوهتانەیان بیست ـ بۆ دایکی ئیمانداران ـ دەبوایە پیاوان وژنانی ئیمانداران گومانی چاکی بەخۆیان ببردایە, وەبیان ووتایە ئەم قسەیە بوهتانێکی ئاشکرا و روونە, هەروەها فەرموویەتی:

﴿ وَلَوْلَآ إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَآ أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَٰذَا سُبْحَٰنَكَ هَٰذَا بُهْتَٰنٌ عَظِيمٌ ﴿١٦﴾ ﴾ [النور: ١٦] .

واتا: بۆچی کاتێ ئەمەتان بیست نەتان ووت: بۆ ئێمە شیاو نییە قسەو بوهتانی ئاوەها بکەین, پاك و بێگەردی بۆ تۆ خوایە، ئەمە بوهتانێکی زور گەورەیە .

دەیەم: خۆ بەکەم زانین و نەرم نیانی لەگەڵ ئەهلی سوننە سەلەفییەکان، چونکە دەردو بەڵایەکی لەناو بەر، ئەوەیە کە ئینسان فریو بخوا بەکردەوەکانی، هەرکات کارێکی لێوە دەرچێت کە سەرخستنی بانگەوازی تێدا بێت یەکسەر توشی خۆبەگەورە زانین ئەبێت بەرامبەر برایانی، واهەست ئەکات وئەبینێت کەئەو حەقترە لەکەسانی تر ئەگەر چی غەیری ئەو زاناترو خۆپارێزتر و بەسود تر بێت، ئەمەیە کە لەوانەیە کارە چاکەکەی پوچەڵ بکاتەوە, خوای گەورە باشتر ئەزانێت کێ لەپێناویدا تێ ئەکۆشێ، وەئینسانی زیندوو لەوانەیە تووشی فیتنە بێت لەپەروەردگارمان داواکارین نیەتمان پاك بکات وجێگیرمان بکات لەسەر سوننەت .

ئەرکی سەلەف ئەگەر کارێکی کرد بۆ سەرخستنی سوننەت سوپاسی خوای گەورە بکات لەسەر ئەو نیعمەت و دەسپێشخەرییە، وەداوا بکات کەخوای گەورە لێی وەربگرێ و ئیخلاصی پێ ببەخشێت، وەنەرم ونیان و لەسەرخۆبێت لەبەرامبەر براکانیدا، دڵسۆزیان بێت و، هیوای چاکەیان بۆ بخوازێت .

خوای تەعالا بەرکەت بخاتە هەوڵ وتواناکانەوە، هەموولایەك تەوفیق بدات بۆڕێگای ڕاست .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# ئەی شوێن کەوتوی حەق دڵ تەنگ مەبە....بەڵکو مژدە بێت لێت

✍ : جمال بن عبد العزيز الربيعي
وەرگێڕانی: م/ شاخەوان جەواد
پێش نوێژو وتار خوێن لە مزگەوتی
سەید ئەحمەدی فەیلەسوف لە شۆرش/ چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله والصلاة وسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه:**

**ئەی ئەوکەسەی شوێن کەوتووی سەلەفی صاڵحی ( دڵتەنگ مەبە چونکە بێگومان تۆ لەسەر حەقی )** ........

بەڵێ تۆ لەسەر حەقی، چۆن وانییە؟ لە کاتێکدا خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿ وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥ ﴾ [النساء: ١١٥] .

واتە: ئەوەی دوژمنایەتی پێغەمبەر ﷺ بکات و لێی جیا بێتەوە لە دوای ئەوەی ڕێگەی ڕاستی بۆ ڕوون بووەوە، وە شوێنی ڕیگەو ڕێبازێك بکەوێت کە جیا بێت لە ڕێگەو ڕێبازی ئیمانداران (هاوەڵانﷺ)، ئەوا وازی لێ دەهێنین لەگەڵ ئەو ڕێگەو بەرنامەیەی کە هەڵیبژاردووە و ڕووی تێکردووە، (لە دواڕۆژیشدا) دەیخەینە ناو ئاگری دۆزەخەوەو دەیسوتێنین و سزای دەدەین، کە ئەوەش سەر ئەنجامێکی زۆر ناخۆش و سامناکە.

بەڵێ تۆ "ئەی لاوی سەلەفی" دژایەتی پێغەمبەرت ﷺ نەکردووە، بەڵکو شوێنی کەوتویت، وە شوێنی ڕێگەو ڕێبازی ئیمانداران کەوتویت کە هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ و شوێن کەوتوانیانی (خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت).

وە پێغەمبەر ﷺ تۆی گێڕاوە بە کەسانی ڕزگاربوو و سەرکەوتوو، هەروەك هاوەڵی بەڕێز معاویە رضي الله عنه دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(إفترَقَتِ اليَهودُ عَلى إحدَى وَسَبعينَ فِرقَةً فَواحِدَةً في الجَنَّة وَسَبعونَ في النّارِ، وافتَرَقَتِ النَّصارَى عَلى ثِنتَينِ وَسَبعينَ فِرقَة فإحدى وَسَبعينَ فِرقَة في النّارِ وَواحِدَة في الجَنَّةِ، وَالّذي نَفسُ مُحَمّدٍ بِيَدِهِ لَتَفتَرِقَنَّ أُمَّتي عَلى ثَلاثٍ وَسَبعينَ فِرقَة،

**واحِدَةٌ في الجَنَّةِ واثنَتانِ وَسَبعونَ في النّارِ، قِيلَ: يا رَسولَ اللهِ، مَن هُم؟ قالَ: الجَماعَةَ)**[١]، وفي رواية الترمذي عن عبد الله بن عمرو: قالُوا: وَمَن هِي يا رَسولَ اللهِ؟ قالَ: **ما أنا عَلَيه وَأصحابِي)**[٢] .

**واتە: جولەکە بوون بە حەفتاو یەك بەش و کۆمەڵی جیاواز تەنها یەك کۆمەڵیان (لەسەر حەق بوون) دەچنە بەهەشتەوە وحەفتا کۆمەڵ وگروپە جیاوازەکان دەچنە ئاگری دۆزەخەوە، وە خاچ پەرستەکان (گاورەکان) بوون بە حەفتاو دوو کۆمەڵی جیاواز حەفتا و یەك لەو کۆمەڵ وگروپە جیاوازانە دەچنە ئاگری دۆزەخەوە تەنها یەك کۆمەڵیان (کە لەسەر حەق بوون) دەچنە بەهەشتەوە، وە سوێند بێت بەو خوایەی کە ڕوحی منی بەدەستە ئوممەت و شوێن کەوتوانی منیش دەبن بە حەفتاو سێ بەشەوە، کۆمەڵێکیان دەچێتە بەهەشتەوە و حەفتاو دوویان بۆ ئاگری دۆزەخە، ووترا: ئەی پێغەمبەر ﷺ کێن ئەو کۆمەڵەی کەدەچنە بەهەشتەوە؟ فەرموی: ئەو کەسانەن کە کۆمەڵی حەق و ڕاستی موسوڵمانان، وە لە ڕیوایەتێکی تردا کە ئیمامی** الترمذي **لە** عبدالله**ی کوڕی ئیمامی عومەرەوە (خوایان لێ ڕازی بێت) دەیگێڕێتەوە: هاوەڵانی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ ووتیان: کێن ئەو کۆمەڵە؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: ئەو کۆمەڵەن ئەمڕۆ من و هاوەڵانم لە سەر چی مەنهەج و ڕێبازێکین ئەوانیش لەسەر هەمان مەنهەج و ڕێبازن.**

**وەهەروەها** مُغيرة**ی کوڕی** شعبة رضي الله عنه **دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:**

**(لا تزال طائفةٌ من أمتي قائمةٌ بأمر الله لا يضرُّهم من خذلهم أو خالفهم حتى يأتي أمر الله وهم ظاهرون على الناس)**[٢] .

**واتە: بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەت و شوێن کەوتوانی من هەستاون بەفەرمانەکانی خواو بەرزیان ڕاگرتووە، پشت هەڵکردنی کەسانێك لێیان و پێچەوانەکردنیان زیانیان پێ ناگەیەنێت تا ڕۆژی قیامەت، بەڵکو بەردەوام سەرکەتوو و دیارن لە ناو خەڵکیدا بەبەڵگەو ووتەکانیان.**

**وە** ثوبان رضي الله عنه **دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:**

**(لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق لا يضرهم من خذلهم، حتى يأتي أمر الله وهم كذلك)**[٣] .

---

[١] أخرجه ابن ماجه بهذا اللفظ، في كتاب الفتن، باب افتراق الأمم، ٣٢١/٢، برقم ٣٩٩٢، وأبو داود، كتاب السنة، باب شرح السنة، ١٩٧/٤، برقم ٤٥٩٦، وابن أبي عاصم، في كتاب السنة، ٣٢/١، برقم ٦٣، وصححه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه، ٣٦٤/٢.

[٢] سنن الترمذي، كتاب الإيمان، باب ما جاء في افتراق هذه الأمة، ٢٦/٥، برقم ٢٦٤١، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٧٢٩٠، ومشكاة المصابيح: ٦٢٧٦.

[٣] صحيح مسلم، كتاب الإمارة باب قوله ﷺ: "لا تزال طائفة من أمتي ظاهرين على الحق لا يضرهم من خالفهم" ١٥٢٣/٢، برقم ١٩٢٠.

واتە: بەردەوام كۆمەڵێك لە ئوممەت و شوێن كەوتوانی من دیارو ئاشكران لەسەر حەق و ڕاستی پشت هەڵكردنی كەسانێك لێیان و دژایەتی كردنیان زیانیان پێ ناگەیەنێت تا فەرمانی خوای پەروەردگار دێت لەسەر ئەو حەق و ڕاستیەن.

**بۆیە دڵ تەنگ مەبەو خەفەت بار مەبە.....بەڵكو مژدە بێ بۆت**

**ئەی لاوی سەلەفی بەڕاستی تۆ غەریبی............ دڵ تەنگ مەبە**

بەڵێ تۆ غەریبی لە سەردەمێكدا كەسانی لەسەر حەق و حەق ویست زۆر كەمن، كەسانی خراپ و شوێن كەوتووی خراپ گەلێك زۆرن، بەڵێ سەردەمێك ڕەشەباو فیتنەی لەناو بەر هەڵی كردووە، وە فیتنەی شوبوهات و هەواو ئارەزووەكان باڵی خۆی دەهاوێت، سەردەمێك كەسانی بانگەوازكارو حەق ڕوون كەرەوە زۆر كەمن، كەسانی دانیشتوو و خەم نەخۆر گەلێك زۆرن.

**بەڵێ دڵ تەنگ مەبە بەڕاستی تۆ غەریبی..........بەڵام خۆش بەختی و بەهەشت بۆ غەریبەكانە**

أبو هريرة ﵁ دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

**(بَدَأَ الإسلامُ غَرِيباً وَسَيَعودُ كَما بَدَأَ غَرِيباً، فَطُوبى لِلغُرَباء)**[٤].

واتە: ئیسلام دەركەت و سەری هەڵدا بەغەریبی وە ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ غەریبی، بۆیە خۆشبەختی و بەهەشت بۆ ئەو كەسانەی كە غەریبن (واتە: چەند فەرمانێكی خوای پەروەردگار و پێغەمبەر ﷺ جێبەجێ دەكەن كە بەلای زۆربەی موسوڵمانانەوە غەریب و نامۆیە). وە لە ڕیوایەتێكی تردا كە ئیمامی أحمد لە عبدالله ی كوڕی مسعودەوە (﵁) بۆمان دەگێڕێتەوە: **(قالَ: قِيلَ: وَمَن الغُرَباء؟ قالَ: النّزاعَ مِنَ القَبائِلِ)**[٥] .

ووترا: غەریبەكان كێن؟ فەرمووی: ئەو كەسانەی كە كۆچیان كردووە و وڵاتی خۆیان بەجێ هێشتوە لە پێناوی خوای پەروەردگار .

وە لە ڕیوایەتێكی تردا كە ئیمامی أحمد لە عبدالله ی كوڕی عمرو كوڕی عاص بۆمان دەگێڕێتەوە، ووترا: غەریبەكان كێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی:

**(أناسٌ صالحونَ في أناسٍ سُوءٍ كَثِير مَن يَعصيهِم أَكثر مِمَّن يُطيعُهُم)**[٦] .

واتە: غەریبەكانی ئوممەتی من كەسانێكی چاك و بۆخوا سوڵحاون لەناو كەسانێكی زۆری خراپدا، ئەو كەسانەی كە سەرپێچیان دەكەن و شوێنیان ناكەون گەلێك زۆرترن لەو كەسانەی كە بەقسەیان دەكەن و شوێنیان دەكەون. وەهەروەها لە ڕیوایەتێكی تردا پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

**(الذين يصلحون إذا فسد الناس)**[٧].

---

[٤] مسلم، كتاب الإيمان، باب بيان أن الإسلام بدأ غريباً وسيعود غريباً، ١٣٠/١، برقم ١٤٥.

[٥] المسند للإمام أحمد، ٣٩٨/١، قال الشيخ الألباني: صحيح دون قال: قيل، **بڕوانە**: سنن ابن ماجه، ١٣٢٠/٢ برقم ٣٩٨٨.

[٦] المسند للإمام أحمد، ١٧٧/٢ و٢٢٢، وصححه العلاّمة الألباني في السلسلة الصحيحة، ١٥٣/٤، برقم ١٦١٩.

واتە: غەریبەكانی ئوممەتی من كەسانێكی چاكن و چاكسازیشن كاتێك خەڵكی خراپ دەبن (واتە: هەم خۆیان پەیوەستن بە دینەوە و چاكەكارن وەهەم بانگەوازی خەڵكیش دەكەن بۆ لای چاكە). بۆیە ئەهلی سوننەو جەماعە كەسانێكی غەریبن لەناو كۆمەڵانی ئەهلی بیدەع و شوێن كەوتوانی هەواو ئارەزوو كۆمەڵ و گروپە جیاوازو پارچە پارچەكاندا.

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە................ بەڵكو مژدە بێ بۆت**

**ئەی لاوی سەلەفی بەڕاستی كەسانی لەسەر حەق زۆر كەمن** ..............

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە**

بەڵێ بەڕاستی كەسانی لەسەر حەق زۆر كەمن، چۆن وانییە لە كاتێكدا خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ وَإِن تُطِعْ أَكْثَرَ مَن فِي الْأَرْضِ يُضِلُّوكَ عَن سَبِيلِ اللَّهِ ۚ إِن يَتَّبِعُونَ إِلَّا الظَّنَّ وَإِنْ هُمْ إِلَّا يَخْرُصُونَ ﴿١١٦﴾ ﴾ [ الأنعام: ١١٦] .

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر تۆ گوێڕایەڵی زۆربەی خەڵكی سەر زەوی بكەویت و بەقسەیان بكەیت، ئەوا گومڕاو سەرلێشێواوت دەكەن و لە ڕێگەی ڕاستی خوای پەروەردگار لات ئەدەن، چونكە ئەوان شوێنی حەق و ڕاستی ناكەون جگە لە گومان نەبێت.

وە دەفەرموێت:

﴿ وَمَا أَكْثَرُ النَّاسِ وَلَوْ حَرَصْتَ بِمُؤْمِنِينَ ﴿١٠٣﴾ ﴾ [ يوسف: ١٠٣] .

واتە: زۆربەی خەڵكی ئیماندارو موسڵمان نین، هەرچەندە تۆش "ئەی پێغەمبەر" بە پەرۆش بیت هەوڵ بدەیت تا ئیمان بێنن.

وە هەروەها دەفەرموێت:

﴿ تِلْكَ آيَاتُ الْكِتَابِ ۗ وَالَّذِي أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ الْحَقُّ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿١﴾ ﴾ [ الرعد: ١] .

واتە: ئەوەی لەم كتێبەدا هەیە ئایەتی قورئانی پیرۆزە، وە ئەوەی لە سەرانسەری ئەم قورئانەدا بۆ سەر تۆ "ئەی پێغەمبەر ﷺ" دابەزێنراوە لە لایەن پەروەردگارتەوە هەمووی ڕاستی و حەقیقەتە، بەڵام زۆربەی خەڵكی ئیمان ناهێنن.

بۆیە زۆر جار خوای پەروەردگار لۆمەو سەرزەنشتی زۆری دەكات (ئەگەر لەسەر حەق نەبن) وە بە باشە باسی كەسانی شوێن كەوتوی حەق دەكات هەرچەندە كەمیش بن، هەروەك دەفەرموێت:

﴿ اعْمَلُوا آلَ دَاوُودَ شُكْرًا ۚ وَقَلِيلٌ مِّنْ عِبَادِيَ الشَّكُورُ ﴿١٣﴾ ﴾ [ سبأ: ١٣] .

---

(٧) مسند الإمام أحمد، ١٧٣/٤ ، وصححه العلاّمة الألباني في السلسلة الصحيحة، ٢٦٧/٣ برقم ١٢٧٣.

واتە: ئەی نەوەو شوێن کەوتوانی پێغەمبەر داود ﷺ ئێوە بە کردارو بە گوفتار سوپاسگوزاربن (چاکە لەگەڵ خەڵکیدا بکەن)، هەر چەندە زۆر کەم لە بەندەکانم سوپاسگوزارن (زۆربەیان بێباوەڕن، یان ئەگەر موسڵمانیش بن ئەوا کەم سوپاسگوزارن).

وە هەروەها خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ الْخُلَطَاءِ لَيَبْغِي بَعْضُهُمْ عَلَى بَعْضٍ إِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَقَلِيلٌ مَّا هُمْ ﴿٢٤﴾﴾

[ص: ٢٤ ] .

واتە: لە ڕاستیدا زۆربەی ئەو کەسانەی کە شەریك و هاوکارن زوڵم وستەم لە یەکتری دەکەن، تەنها ئەوانە نەبێت کە باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاکە دەکەن، کە ئەوانیش کەمن (واتە: ئەوانەی ئیمانیان هەیەو کاری چاکە دەکەن و زوڵم وستەم ناکەن کەسانێکی زۆر کەمن).

وە هەروەها دەفەرمووێت: ﴿حَتَّى إِذَا جَاءَ أَمْرُنَا وَفَارَ التَّنُّورُ قُلْنَا احْمِلْ فِيهَا مِن كُلٍّ زَوْجَيْنِ اثْنَيْنِ وَأَهْلَكَ إِلَّا مَن سَبَقَ عَلَيْهِ الْقَوْلُ وَمَنْ آمَنَ وَمَا آمَنَ مَعَهُ إِلَّا قَلِيلٌ ﴿٤٠﴾﴾ [هود: ٤٠ ] .

واتە: (ئەم کێشەیە بەردەوام بوو، لە نێوان پێغەمبەر ﷺ نوح (عليه السلام) و گەلەکەیدا) هەتا ئەو کاتەی فەرمان و بڕیارمان هات (بە لە ناوبردنی بێباوەڕەکان) و لە تەنورەکەوە ئاو بەرز بووەوە(*) (کە ئەوە نیشانەی دەست پێ کردنی تۆڵەی خوای پەروەردگار بوو) ئەوسا ووتمان: ئەی نوح لە هەموو نێرو مێیەك دووان هەڵبگرە لە ناو کەشتیەکەدا وە ماڵ و خێزانت، جگە لەوانەی کە بڕیاریان لەسەر دراوە توشی سزاو تۆڵەی خوا ببن بە هۆی بێباوەڕییانەوە، وە ئەو کەسانەش هەڵبگرە کە ئیمانیان هێناوە، کەس بڕوای بە نوح ﷺ نەکردوو لە گەڵیدا نەبوو جگە لە کەسانێکی کەم نەبێت.

وە پێغەمبەر ﷺ شوێن کەوتوانی حەقی گێڕاوە بە یەك تاقم و کۆمەڵ، وە باسی کەسانی سەرلێشێواوی کردووە و گێڕاویانێتی بە حەفتاو دوو کۆمەڵ و گروپی ناکۆك و جیاواز، لە پێشتردا باسی ئەو فەرموودەیەمان کرد.

فضيلي کوڕی عیاض (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: ﴿ئەی موسڵمان شوێنی ئەو ڕێگا ڕاستە بکەوە کە هیدایەت و ڕێنمونی تیایە، کەمی شوێن کەوتوانی ڕێگای ڕاست هیچ زیانت پێ ناگەیەنێت، وە ئاگادار بەو خۆت بە دوور بگرە لە شوێن کەوتنی ڕێگای گومڕاو سەرلێشێواوی، لە خۆت بایی مەبە بە ژمارەی زۆری لە ناو چوان "زۆری شوێن کەوتوانی ڕێگای گومڕاو سەرلێشێواوی"﴾.

---

(*) ئەمە ووتەی زۆرینەی ڕاڤەوانانی قورئانی پیرۆزە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لە هاوەڵان فەرموویانە: (فار التنور) واتە: فەجر دەرکەوت و دونیا ڕوناك بووە، وە (عکرمة والزهري)ش فەرموویانە: (التنور) واتە: ڕووی زەوی.

**وە زانای پایەبەرز إبن القیّم (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت:**

واصدع بما قال الرسول ولا تخف     من قلة الأنصار والأعوان

فالله ناصر دينه وكتابه     والله كاف عبده بأمان

إلى أن قال :

لاتخش كثرتهم فهم همج الورى     وذبابه أتخاف من ذبان[8].

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە................**

**بەڵکو مژدە بێ بۆت.**

**ئەی گەنجی سەلەفی تەنها خوای پەروەردگار هیدایەت دەرە، وە هیدایەت نەدانی خەڵکیش هەر بەدەست خۆیەتی ............**

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە**

**بۆیە نەفسی خۆت بە هیلاك مەبە لەسەر باوەڕ نەهێنانی زۆربەی خەڵکی....... خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:**

﴿أَتُرِيدُونَ أَن تَهْدُوا۟ مَنْ أَضَلَّ ٱللَّهُ ۖ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا ﴿٨٨﴾﴾ [النساء: ٨٨] .

**واتە: ئایا ئەتانەوێ (دڵی) کەسێك هیدایەت بدەن و ڕێنمونی بکەن کە خوای پەروەردگار گومڕای کردووە؟!! (بە هۆی باوەڕی دانەمەزراوی و دڵ و دەروونی نەخۆشییەوە) بێگومان هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕای بکات (بە هۆی کوفرو کاری ناپەسەندییەوە) ئەوە هەرگیز ڕێگەیەکت دەست ناکەوێت بۆ ڕێنمونی کردنی.**

**وە هەروەها دەفەرمووێت:**

﴿وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنْ هَادٍ ﴿٣٣﴾﴾ [الرعد: ٣٣] .

**واتە: هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (بە هۆی کوفرو کاری ناپەسەندییەوە) ئەوە هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێنمونی بکات و هیدایەتی بدات.**

**وە هەروەها دەفەرمووێت:**

﴿مَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ وَلِيًّا مُّرْشِدًا ﴿١٧﴾﴾ [الكهف: ١٧] .

**واتە: هەرکەسێك خوای پەروەردگار هیدایەتی بدات ئەوە بەڕاستی هیدایەت دراوەو ڕێنمونی کراوە، وە هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (بە هۆی کوفرو کاری ناپەسەندییەوە) ئەوە هەرگیز کەسێکت دەست ناکەوێت کە پشتیوانی بکات و ڕێنمونی بکات.**

**وە هەروەها دەفەرمووێت:**

﴿وَمَن يَهْدِ ٱللَّهُ فَهُوَ ٱلْمُهْتَدِ ۖ وَمَن يُضْلِلْ فَلَن تَجِدَ لَهُمْ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِهِۦ ۖ ﴿٩٧﴾﴾ [الإسراء: ٩٧] .

---

[8] **بڕوانە**: النونية لابن القيم (رحمه الله) ص:١٦-١٧.

واتـە: هەرکەسـێك خـوای پـەروەردگار هیدایـەتی بـدات ئـەوە بەڕاسـتی هیدایـەت دراوەو ڕێنمـونی کـراوە، وە هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (بە هۆی کوفرو کـاری ناپەسـەندییەوە) ئـەوە هـەرگیز کەسێکی دەست ناکەوێت کە پشتیوانی بکات و ڕێنمونی بکات و ڕزگاری بکات.

وە هەروەها دەفەرمووێت:

﴿ذَٰلِكَ هُدَى ٱللَّهِ يَهۡدِي بِهِۦ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُضۡلِلِ ٱللَّهُ فَمَا لَهُۥ مِنۡ هَادٍ ٢٣﴾ [الزمر: ٢٣] .

واتە: بەڕاستی ئا ئەوە هیدایەت و ڕێنمونی خوایە کە هەر کەس شایستە بێت هیدایەتی دەدات و ڕێنمونی دەکـات بۆ ئەو پلەو پایە بەرزانە، ئەوەی ڕێگای ڕاستی خوای پەروەردگار بزر بکات ئەوە هیچ کەس نییە هیدایەتی بـدات و ڕێنمونی بکات.

وە خوای پەروەردگار لەسەر زمانی پێغەمبەر موسی (عليه السلام) فەرموویەتی:

﴿قَالَ كَلَّآۖ إِنَّ مَعِيَ رَبِّي سَيَهۡدِينِ ٦٢﴾ [الشعراء: ٦٢] .

واتە: پێغەمبەر موسی (عليه السلام) فەرمووی: نەخێر وانییە (کاتێك قەومەکەی وتیـان: دارو دەسـتەی فیرعـەون پێمـان گەیشتن و لەناومان ئەبەن) من بەڕاستی خوای پەروەردگارم لە گەڵدایە (بە هێزو دەسەڵات و عیلم و زانیاری و بـە بیستن وبینین وبەئاگابوون) وە هیدایەتم دەدات و ڕێنمونیم دەکات بۆ ڕزگاری و سەرفرازی.

وە هەروەها لەسەر زمانی پێغەمبەر إبراهیم ﷺ فەرموویەتی:

﴿ٱلَّذِي خَلَقَنِي فَهُوَ يَهۡدِينِ ٧٨﴾ [الشعراء: ٧٨] . واتە: تەنها ئەو خوایە دەپەرستم کە دروستی کردووم و هیدایەتم دەدات و ڕێنمونیم دەکات.

وە هەروەها بە پێغەمبەری خۆمانی ﷺ فەرمووە: ﴿ ۞ لَّيۡسَ عَلَيۡكَ هُدَىٰهُمۡ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۗ ٢٧٢﴾ [البقـرة: ٢٧٢] .

واتە: ئەی پێغەمبەرﷺ هیدایەتی نـاو دڵـی ئـەوان لەسـەر شـانی تـۆ نییـە، بـەڵکو خـوای پـەروەردگار هیدایـەتی کەسێك دەدات و ڕێنمونی دەکات کە خۆی ویستی لێیە.

وە هەروەها پێی فەرمووە:

﴿ إِنَّكَ لَا تَهۡدِي مَنۡ أَحۡبَبۡتَ وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يَهۡدِي مَن يَشَآءُۚ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ٥٦﴾ [القصص: ٥٦ ] .

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ ناتوانی هیدایەتی کەسێك بدەیت کە زۆرت پێ خۆشە هیدایەت بدرێت (هیدایـەتی نـاو دڵ و ئیمان خستنە ناو دڵی)، بەڵکو خـوای پـەروەردگار هیدایـەتی کەسـێك دەدات و ڕێنمـونی دەکـات کـە خـۆی ویستی لێیە، وە خوای پەروەردگار زۆر زاناو شارەزاترە بەو کەسـانەی کـە هیدایـەت دراون و ڕێگـای هیدایـەتیان گرتۆتە بەر.

وە هەروەها پێی فەرمووە:

﴿ إِن تَحۡرِصۡ عَلَىٰ هُدَىٰهُمۡ فَإِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهۡدِي مَن يُضِلُّۖ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ٣٧ ﴾ [ النحل: ٣٧] .

واتە: تۆ ئەی پێغەمبەر ﷺ ئەگەر زۆر سوریش بیت لەسەر هیدایەتی ئەوان، ئەوە ناتوانیت (هیدایەتی ناو دڵیان بدەیت) چونکە بەڕاستی خوای پەروەردگار ڕێنمونی کەسێك ناکات کە ئەو کەسە خەڵك گومڕا بکات، ئەو کەسانە (لە قیامەتدا) هیچ جۆرە سەرخەرو پشتیوانێکیان نییە.

وە هەروەها پێی فەرمووە:

﴿ فَإِنَّ ٱللَّهَ يُضِلُّ مَن يَشَآءُ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُۖ فَلَا تَذۡهَبۡ نَفۡسُكَ عَلَيۡهِمۡ حَسَرَٰتٍۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمُۢ بِمَا يَصۡنَعُونَ ٨ ﴾[فاطر: ٨] .

واتە: تەنها خوای پەروەردگار ئەو کەسانە گومڕا دەکات (بە هۆی بێباوەڕی و کاری خراپیەوە) کە خۆی ویستی لێیەتی، وە هیدایەتی کەسانێك دەدات و ڕێنمونیان دەکات کە خۆی ویستی لێیە، بۆیە ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ نەفسی خۆت بە خەم و پەژارەوە مەفەوتێنە لەسەر باوەڕ نەهێنانیان، چونکە بەڕاستی خوای پەروەردگار زانایەو زۆر بە ئاگایە بەو کردەوانەی کە ئەوان ئەنجامی دەدەن.

وە هەروەها پێی فەرمووە:

﴿ لَيۡسَ لَكَ مِنَ ٱلۡأَمۡرِ شَيۡءٌ ١٢٨ ﴾[آل عمران: ١٢٨].

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ هیچ کارو باری ئەوانت بە دەست نییە (بەڵکو هەموو شت تەنها بە دەست خوای پەروەردگار خۆیەتی) هیدایەتیان بدات یان نا.

وە پێغەمبەر ﷺ لەسەرەتای وتارەکانیدا کە هاوەڵانی بەڕێزیﷺ فێر دەکرد دەیفەرموو:

(من يهده الله فلا مضل له ومن يضلل فلا هادي له) .

واتە: هەرکەسێك خوای پەروەردگار هیدایەتی بدات ئەوە بەڕاستی هیچ کەس ناوانێت گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (دڵی بگۆڕێت)، وە هەرکەسێك خوای پەروەردگار گومڕاو سەرلێشێواوی بکات (بە هۆی تاوان و خراپەی خۆیەوە) ئەوە هیچ کەس ناوانێت هیدایەتی بدات (ئیمان بخاتە ناو دڵییەوە).

بۆیە ئەی لاوی شوێن کەوتووی حەق تۆ ناتوانێت ئیمان و باوەڕ بخەیتە ناو دڵی هیچ کەسێکەوە، بەڵکو تەنها ئەوەندەت لەسەرە بانگەواز بکەیت و خەڵکی ڕێنمونی بکەیت بۆ لای ڕێگای ڕاست:

﴿ وَمَا عَلَى ٱلرَّسُولِ إِلَّا ٱلۡبَلَٰغُ ٱلۡمُبِينُ ١٨ ﴾[العنكبوت: ١٨] .

واتە: هیچ لەسەر پێغەمبەر ﷺ نییە (لە ئیمان خستنە ناو دڵی خەڵکی)، بەڵکو تەنها گەیاندن و ڕونکردنەوەی ئاشکرا ئەرکی سەرشانیەتی و هیچی تر.

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە................**

**بەڵکو مژدە بێ بۆت.**

**ئەی لاوی سەلەفی ئەوەی ئەوان دەیڵێن تەنها مەبەستیان پێی خەفەتبار کردن و بێتاقەت کردنی تۆیە .....**

**بۆیە دڵ تەنگ مەبەو خەفەت مەخۆ.**

بەڵێ، ئەوە کارو پیشەی هاوەڵ بڕیاردەران و بێباوەڕان بووە لە گەڵ پێغەمبەری خوادا ﷺ.

لە کاتێکدا پێیان دەووت: درۆزنە، شاعیرە، شێتە، فاڵ چییە، (گەورەیی و سەربەرزی بۆ پێغەمبەری خوا ﷺ.

بەڵێ پێیان دەووت: بەدرۆ قورئانی هەڵبەستووە، مەبەستیان بە ووتنی ئەم قسانە تەنها خەفەتبار کردن و بێتاقەت کردنی پێغەمبەر ﷺ بوو.

خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿ لَا تَمُدَّنَّ عَيْنَيْكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّنْهُمْ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ ﴿٨٨﴾ ﴾ [الحجر: ٨٨] .

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ نەکەیت چاوەکانت ببڕیتە ئەو کەسانەی کە هەندێك لە ژیانی دونیامان پێ بەخشیون و بەهرەدارمان کردوون، خەفەت مەخۆ لێیان (کاتێك دەبینیت شوێنی حەق ناکەون).

هەروەها دەفەرمووێت:

﴿ وَٱصْبِرْ وَمَا صَبْرُكَ إِلَّا بِٱللَّهِ ۚ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُ فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿١٢٧﴾ ﴾

[النحل: ١٢٧] .

واتە: (ئەی پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئیماندار) ئارام گربە، خۆگری و ئارام گریەکەشت تەنها بە کۆمەکی خوای پەروەردگار دەبێت، بە کەسی تر ناکرێت، غەمبار مەبەو خەفەت مەخۆ لە بێباوەڕان کە باوەڕ ناهێنن، وە دڵ تەنگ مەبە لە بەرامبەر ئەو فێڵ و پیلان و نەخشانەی کە دوژمنان دەیگێڕن.

وە هەروەها دەفەرمووێت:

﴿ وَلَا تَحْزَنْ عَلَيْهِمْ وَلَا تَكُن فِى ضَيْقٍ مِّمَّا يَمْكُرُونَ ﴿٧٠﴾ ﴾ [النمل: ٧٠] .

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ تۆ خەفەت مەخۆ لێیان (کاتێك باوەڕ ناهێنن) و غەمگین مەبە لەو پیلان و تەڵەکەو فێڵانەی کە ئەنجامی دەدەن.

وە هەروەها دەفەرمووێت:

﴿ قَدْ نَعْلَمُ إِنَّهُۥ لَيَحْزُنُكَ ٱلَّذِى يَقُولُونَ ۖ فَإِنَّهُمْ لَا يُكَذِّبُونَكَ وَلَٰكِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ يَجْحَدُونَ ﴿٣٣﴾ ﴾ [الأنعام: ٣٣] .

واتە: بەڕاستی باش دەزانین کە قسەو گوفتاری نادروستی خوانەناسان تووشی بێتاقەتی و خەم و خەفەتت دەکات، چونکە بەڕاسی ئەوان وە نەبێت تۆ (ئەی پێغەمبەر ﷺ بە درۆزن بزانن، بەڵکو ستەمکاران ئایەتەکانی خوای پەروەردگار بە درۆ دەزانن و ئینکاری لێ دەکەن و دانی پیا نانێن.

وە هەروەها دەفەرمووێت:

﴿ وَلَقَدْ نَعْلَمُ أَنَّكَ يَضِيقُ صَدْرُكَ بِمَا يَقُولُونَ ﴿٩٧﴾ ﴾ [الحجر: ٩٧] .

واتە: بەڕاستی ئێمە باش دەزانین کە دڵی تۆ تەنگ دەبێت و خەفەتبار دەبێت بەو قسەو گوفتارانەی کە خوانەناسان دەیڵێن.

**بــەڵێ، پێــت دەڵــێن:** وَهّــــابي، جــــامي، مَــــدخَلِي، مُرجئِــــــي، إرهــــابِي...

بەڵام دلگران مەبە، بەڵكو ئەم ووتە بە نرخەی زانای پایەبەرز الشّيخ ناصر الــسّعدي (ڕەحمەتی خوی لێبێت) بخوێنەوە کە دەفەرموێت: ﴿فێڵ و تەڵەكەیان بە سەر خۆیاندا دەگەڕێتەوە، تۆ "لاوی شوێن كەوتوی حەق" لەو كەسانەی كە لە خوا ترسن و چاكەكارن، وە خوای پەروەردگار لە گەڵ لە خوا ترسان و چاكەكارانە، بە یارمەتی دانیان، وە ڕێنمونی كردنیان، وە چاك ساز كردنی ووتەو كردەوەكانیان، ئەو كەسانەی كە خۆیان پاراستووە لە بێباوەڕی و تاوانەكان، وە زۆر چاكە كارن لە پەرستنی خوای پەروەردگاردا، وەكو ئەوەی كە خوای پەروەردگار ببینن، خۆ ئەگەر خوای پەروەردگاریش نەبینن ئەوە بێگومان خوای پەروەردگار ئەوان دەبینێت، وە چاكەكردن لەگەڵ بەندەكانی خوای پەروەردگاردا بەوە دەبێت كە لە هەموو ڕوویەكەوە سودیان پێبگەیەنیت، داواكارین لە خوای پەروەردگار كە بمان گێڕێت لەو كەسانەی كە لێی دەترسن و چاكەكاریشن﴾.

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە..............**

**بەڵكو مژدە بێ بۆت.**

**ئەی لاوی سەلەفی فیتنەو ئاشوب زۆرە..............بەڵام دڵ گران مەبە**

هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ (أنس)ی كوڕی مالك ﷺ دەفەرموێت: "ئێوە (ئەی تابعیەكان) چەند كارێك دەكەن، لە تێڕوانینی خۆتاندا وەكو تاڵە مویەك وایە "بە چاوی سوكەوە سەیری دەكەن" ئێمەی صەحابە لە سەردەمی پێغەمبەردا ﷺ ئەو كردەوەیەمان وا حیساب دەكرد كە ئەگەر هەركەسێك بیكات ئەوا لەناوی دەبات و بە هیلاكی دەبات"[٩].

بەڵێ ئەم ووتەیەی بەرامبەر تابعیەكان كرد لە كاتێكدا ئەوان لە باشترین سەردەمدا ژیاون دوای سەردەمی پێغەمبەر ﷺ، ئەی ئەبێ سەردەمی ئێمەی ببینیایە چی بوتایە؟

بەڵێ فیتنەی شوبوهات و هەواو ئارەزووەكان زۆر بوونە، بەڵام تۆ دڵ گران مەبە، چونكە تۆ لە تاقی كردنەوەدایت، ئایا ڕاستگۆ دەردەچیت یان نا؟ ئایا ئارام دەگریت یان ئارام ناگریت و بێباوەڕ دەبیت؟ ئایا بەردوام دەبیت لەسەر دینداری یان بەردەوامیت نابێت و پاشەو پاش دەكشێیتەوەو واز لە دینداری دێنیت.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿ أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ ۝٢ وَلَقَدۡ فَتَنَّا ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡۖ فَلَيَعۡلَمَنَّ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ صَدَقُواْ وَلَيَعۡلَمَنَّ ٱلۡكَٰذِبِينَ ۝٣ ﴾ [العنكبوت: ٢– ٣]

واتە: ئایا خەڵكی وا دەزانن تاقی ناكرێنەوەو تووشی ئازارو ناڕەحەتی نابن كاتێك بڵێن ئێمە باوەڕمان هێناوە، بێگومان ئێمە ئەوانەی پێش ئەوانمان تاقی كردۆتەوە بە جۆرەها شێوە، تا خوای پەروەردگار ڕوونی بكاتەوەو دەری بخات كێ ڕاستی كردووە و دینداری بە ڕاستی كردووە، وە تا دەری بخات و بزانێت كێ درۆزنە.

---

[٩] رواه البخاري برقم: ( ٦١٢٧).

بۆیە ئەی لاوی شوێن کەوتوی حەق ئەمڕۆ سەردەمی هەموو جۆرە فیتنەو خراپەو تاقی کردنەوەیەکە، بۆیە مژدەت لێ بێت لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ.

هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەر ﷺ (أنس)ی کوڕی مالك رضي الله عنه) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(إن من ورائكم أيام الصبر للمتمسك فيهن يومئذ بما أنتم عليه أجر خمسين منكم، قالوا يا نبي الله أو منهم، قال: بل منكم)[١٠] . واتە: ئەی هاوەڵانم رضي الله عنهم لە دوای ئێوە ڕۆژگارێك دێت، لەو ڕۆژگارەدا ئەو موسڵمانەی کە ئارام دەگرێت و دەست دەگرێت بەو مەنهەج و ڕێبازو دینداریيەی کە ئێوەی لەسەر بوونە خێرو پاداشتی بە وێنەی پەنجا کەس لە ئێوەی بۆ دەنوسرێت، هاوەڵانی بەڕێزرضي الله عنهم ووتیان: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئایا خێرو پاداشتی بە وێنەی پەنجا کەس لە خۆیانی بۆ دەنوسرێت (واتە: لە موسڵمانی سەردەمی خۆیان)، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر، بەڵکو خێرو پاداشتی بە وێنەی پەنجا کەس لە ئێوەی بۆ دەنوسرێت.

لە ڕیوایەتێکی تردا فەرموویەتی:

(فإن من ورائكم أيام الصبر فيهن مثل القبض على الجمر...)[١١] .

واتە: ئەی هاوەڵانمرضي الله عنهم لە دوای ئێوە ڕۆژگارێك دێت، ئارام گرتن لەسەر خوا ناسی و دینداری تیایدا، وەکو مشت گرتنە بە پشکۆی ئاگردا (واتە: دینداری کردنی ڕاستەقینە زۆر قورس و ناڕەحەتە).

وە معقلي کوڕی يسار رضي الله عنه دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(العبادة في الهرج، كهجرة إليّ)[١٢] .

واتە: عیبادەت و خواپەرستی لە ڕۆژگاری شەڕو کوشتارو فیتنەدا وەکو کۆچ کردن وایە بۆلای من (واتە: کۆچ کردن لە مەککەوە بۆ مەدینە)، لەو سەردەمەدا بۆیە عیبادەت و خواپەرستی ئەوەندە خێرە چونکە خەڵکی زۆر بێ ئاگان لێی، وە کەس خۆی یەکلایی ناکاتەوە بۆ خواپەرستی مەگەر کەسانێکی زۆر کەم.

بۆیە ئەو مژدە گەورەیەت بۆ هەیە لە لایەن پێغەمبەرەوە ﷺ کە خەم و خەفەت و پەژارەت دەڕەوێنێتەوە.

أبو عبيدة کوڕی الجراح دەفەرمووێت: ووتم: ئەی پێغەمبەر ﷺ ئایا کەس هەیە لە ئێمە باشترو چاکتر بێت (لە دینداریدا)؟ لە کاتێکدا ئێمە موسڵمان بووین و لە گەڵ تۆدا جیهادی بێباوەڕان و هاوەڵ پەیداکەرانمان کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی:

(نعم قوم يكونون من بعدكم يؤمنون بي ولم يروني)[١٣] .

---

[١٠] صحيح: السلسلة الصحيحة برقم: (٤٩٤).

[١١] صحيح الترغيب والترهيب برقم: (٣١٧٢).

[١٢] رواه مسلم برقم: (٢٩٤٨).

[١٣] صححه العلامة الألباني في المشكاة برقم: (٦٢٨٢).

واتە: بەڵێ موسڵمانی لە ئێوە باشتر هەیە ئەوانەش ئەوانەن دوای ئێوە دێن باوەڕیان بە پێغەمبەرایەتی من هەیە لە کاتێکدا منیشیان نەبینیوە.

**بۆیە دڵ تەنگ مەبە**................

**بەڵکو مژدە بێ بۆت**.

وصلى الله وسلم على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن اتبعهم الى يوم الدين.

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# دەمارگیری نەتەوایەتی

✍:د. محمد أحمد گەزنەیی

سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بەشی سێیەم

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين، أما بعد:

**٣- هۆی ئەو دەمار شلیەو چارەسەری:**

**هۆیەکانی ئەو دەمار شلییە دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەکی:**

١-خۆشی ژیان و ڕابواردن: هەر نەتەوەیەك ئەگەر لە ژیانێکی خۆش دەگوزەرا، ژیانی خۆش دەوێ و حەز ناکات ژیانەکەی لەدەست بچێت، بۆیە زۆری لا ناخۆشە خۆی بەکوشتن بدات، هەروەها ژیانی خۆش دەبێتە هۆی ئەوەی کەس ئیشی بەکەس نەبێ و هەر کەس بەڕابواردنی خۆی خەریك بێ، بگرە جار جارە دەبێتە هۆی ڕکابەری و ناخۆشی لەسەر شتی پڕوپووچ، بۆ نموونە لەوانەیە ئاژاوەیەك دروست بکەن لەسەر ئەوە یەکێ جل و بەرگی جوانترە یا گران بەهاترە، وە ئاشکرایە ئەو جۆرە کەسانە لە ڕۆژی تەنگانە بە هانای یەکتر نایەن، چونکە هەریەك حەز دەکات ئەوەی دی چاوی بشکێ، جا ئەو جۆرە نەتەوەیە ئەندامەکانی تا بتوانن سەرو ماڵی خۆیان دەپارێزن، زۆر گوێ بە بەرژەوەندی نەتەوایەتی نادەن .

٢- سەرکوت کردن و زیللەت، هەر نەتەوەیەك سەر شۆڕ بکات بۆ نەتەوەیەکی دی، عاجز و بێ دەسەڵات وبێ توانایە، چونکە ئەگەر توانای بەرگری کردنی هەبایە سەری شۆڕ نەدەکرد، وە هۆی توانا نەبوونی بەرگری ئەوەیە کە دەمارگیری نەتەوایەتی شلە، چونکە ئەگەر دەماری نەتەوایەتی شل نەبایە بەرگری لە خۆی دەکرد تا سەرکەوتن یان نەمان، کەواتە سەری شۆڕ نەدەکرد، چونکە ئەو نەتەوانە دەماری نەتەوایەتیان بەهێزە لەکاتی هێرشی نەتەوەیەکی دی بۆ سەریان یەك لەدوو ڕێگا هەڵدەبژێرین: یان بەرگری دەکەن بەگشتی یا هەموو دەڕۆن بە گشتی و خاکەکەیان جێ دێڵن، کەواتە ئەو نەتەوەی تەسلیمی نەتەوەیەکی دی دەبێت و سەری بۆ شۆڕ دەکات هەر ئەو کردەوەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەمارگیری نەتەوایەتی لە دەستداوە . هەر کاتێك نەتەوە دەماری نەتەوایەتی شل بوو، سەروەری نامینێ و دەستەمۆ دەبێ، کە دەستەمۆ بوو، وەکو منداڵی ساوای لێ دێ، ناتوانێ هیچ قەرارێ بدات تا ڕەزامەندی نەتەوەی داگیرکەر وەرنەگرێ و، ساڵ بەساڵ گچکەتر دەبێتەوەو

ترسنۆکتر دەبێ و، بڕواو متمانەی بەنەتەوەی خۆی کەمتر دەبێت، تا دەتوێتەوەو دەبێتە بەشێك لەنەتەوە داگیرکەرەکە، مەگەر خوا بە فریایان بکەوێ، گۆڕانکارییەکی گەورە بەرپابێ .

## چارەسەری دەمارگیری شل:

چارەسەری ئەوەیە کە گۆڕانکارییەکی گەورە بەرپابێ، وەکو ئەو جۆرە شتانە:

١- شەڕێکی گەورە ڕوو‌بدات لە نێوان نەتەوە داگیرکەرەکەو نەتەوەیەکی دی، چونکە لەو کاتە نەتەوە ژێر دەستەکە بەناچاری دەبێ بەشداری بکات لەو شەڕە، بۆ بەرژەوەندی سەروەری نەتەوە داگیرکەرەکە، ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە چاویان بکرێتەوەو بەراوردی هێزو توانای خۆیان بکەن لەگەڵ برادەرە داگیرکەرەکان، بەتایبەتی لە کاتی شکست کەدەبینین ئەوانیش هەڵدێن و دەکوژرێن و شکست دەخۆن، هەروەها جارجارە هەندێ لەوانە دەکەونە نێو چەند کەسێکی ترسنۆك لە نەتەوە داگیرکەرەکە، لەو کاتە زۆر کەیفی بە خۆی دێ چونکە هەست بەوە دەکا کە ئەو لەوان ترسنۆك دی نییە، بەلاّم کاریگەری ئەو جۆرە شەڕانە کەمە چونکە هەر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشداری شەڕەکەیان کردووە و سودفەی کەسانیکی ترسنۆکیان کردووە لە نەتەوەی داگیرکەر، ئەوانەش کەمن تەئسیرێکی لابەلا لە کۆمەڵ بکەن . وەکو ئەوە جارجارە هەندێ کردەوەی نەترسانە بکەن لە بەرامبەر هەندێ ڕووداو، بۆ نموونە لەوانەیە ڕۆژێ هەندێ پۆلیسی ئەسپ سوار ڕووبکەنە دێیەکەیان هەموو خەڵکەکە بترسن وزۆربەیان خۆبشارێتەوە لە بن ئەستێرك وناو چاڵەکان، بەلاّم ئەو کەسە بەبێ ترس بچێتە پێش لەپۆلیسەکان وقسەیان لەگەڵ بکات وموناقەشەیان بکات وکاری پێویست ئەنجام بدات ورەوانەیان بکاتەوە یا بەگەڵیان بکەوێ بۆ پۆلیسخانەو پاش یەك دوو ڕۆژ بێتەوە گوندو حاڵ و حیکایەتەکە بگێڕێتەوە و تۆزی خۆی هەڵبکێشێ، ئەگەر ئەو جۆرە کارە چەند جار دووبارە بێتەوە ئەوە ناوبانگی لەگوند پەیادەکات بەپیاوێکی نەترس و ڕەشید، لەوانەیە هەندێ کەس چاوی لێ بکا . هەروەها لەوانەیە پاش ماوەیەك کەسانێکی زۆرتر بن و جورئەتی ئەوە بکەن داوای لابردنی هەندێ زوڵم بکەن، بەو جۆرە لەوانەیە هەندێ لەوانە یاخی بن لە سوڵتەی نەتەوەی داگیرکەر . بەلاّم ئەو جۆرە شتانە نەتەوە ئازاد ناکەن، بەڵکو تەنها دەبنە هۆی چاوکردنەوە .

٢- ئازاد بوونی بە ناچاری: یا سەر لێ شێوان (التیه) نمونەی ئازاد بوونی بە ناچاری، خوا لە قورئانی پیرۆز بۆمان دەگێڕێتەوە کە بەسەر جولەکە هاتووە، ئەویش بەو جۆرە بوو: جولەکەکانی بەنی ئیسرائیل لە میسر دەستەمۆ ببون و فێری سەرشۆڕ کردن وژێر دەستی ببوون، ترسنۆکی پشتی پێ کوور کردبوونەوە، جا لەو کاتەی خودا پلەی پێغەمبەرایەتی بەخشی بە موسی ﷺ، داوای لێکردن شۆڕش بکەن وبچن فەلەستین ئازاد بکەن، گۆتیان: ئەوەمان پێ ناکرێت، هەر چەند هانی دان و وەعدی دانێ کە خوا سەریان دەخات، سوودی نەبوو، چونکە دەماری نەتەوایەتیان تەواو شل ببوو شەڕیان پێ نەدەکرا، بۆیە خوای پەروەردگار بڕیاریدا چل ساڵ لە چۆڵەوانی بیان هێڵێتەوە:

﴿فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ﴾ [المائدة: ٢٦].

یانی: تا چل ساڵ چونیان بۆ فەڵەستین قەدەغەیە، لەو چۆڵەوانییەدا بەسەر گەردانی دەمێننەوە.

لێرە حەز دەکەم مەبەست لە چۆڵ و لە گومڕایی ڕوون بکەمەوە: چۆڵ مانای وا نییە کەسی لێ نییە، چونکە خۆیان زۆر بوون وجێگاکەیان ئاوەدان کردبۆوە، بەڵام مانای چۆڵ بوون، یانی چۆڵ بوون لەو نەتەوانەی سەر شۆڕیان کردبوو، و داگیریان کردبوون و، چۆڵ بوو لەوانەی فەرمانیان پێ دەکردن، چۆڵ بوو لەوانەی ساڵەهای ساڵ بوو فێرببوون لەگوێ و حەمدیان دەرنەچن، گومڕابوون و سەریان لێ شێوا بوو یانی سەرکردەیان دەست نەدەکەوت، هۆیەکەشی ئەوە بوو ئەوان چەندەها ساڵ بوو دەستەمۆ بوون، ڕاهاتبوون لەسەر ئەوە کە دەبێ سەرکردە لەوان نەبێ، ئێستاش کەس نییە هەر خۆیان نەبێ بەتەنیا، خۆشیان متمانەیان بە خۆیان نییە بۆ بڕیاردان و سەرکردایەتی، لەکاتێك کە حەزرەتی موسایان ﷺ لەگەڵدا بوو دەشیانزانی پێغەمبەرێکی نەترسە، چونکە لەکاتی گەنجی دا وێرابوو قیبتییەك بکوژێ و هەڵاتبوو و یاخی ببوو، پاش هاتنەوەش دەیان زانی بە جورئەت قسە لەگەڵ فیرعەون دەکات، لەگەڵ ئەوەش زۆربەیان بەسەرکردەیەکی لێهاتوویان دەزانی، چونکە لەخۆیان بوو . بۆیە لەبڕیارە گرنگەکانی، وەکو بڕیاری شەڕ کردن لەگەڵ دوژمن بەگوێیان نەدەکرد، بۆ نمونە موسی ﷺ فەرمووی: بچین بۆ شام و فەڵەستین هەوارگەی باپیرە گەورەکانمانەو خاکی خۆمانە، بە ئازادی لەوێ بژین، گوتیان: چۆن بچینە ئەوێ ئێستا نەتەوەیەکی بەهێزو دەست ئەستوورو بەدەماری لێیە:

﴿قَالُوا يَا مُوسَى إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ﴾ [المائدة: ٢٢ ].

موسی ﷺ فەرمووی: کەیفی خۆیانە، ئەگەر بەخۆشی خاکەکەمان بدەنەوە ئەوە زۆر باشە و، ئەگەر بیکەن بە ناخۆشی ئەوە بە تۆبزی لێیان دەستێنینەوە، چونکە بەڵێنم لە خوا وەرگرتووە سەرکەوتنمان مسۆگەرە. جووەکان لەو قسەو بڕیارەی موسی ﷺ زۆر دڵگران بوون، لەترسان دەستیان کرد بە هاتوچوو تێکسوڕان لەناو یەکترو، کۆمەڵ کۆمەڵ پستە پستیان بوو، پاشان لە ئەنجامەکەی ڕێککەوتن لەسەر بەگوێ نەکردنی موسی ﷺ، بەڵام دەیانزانی موسی ﷺ پیاوێکی ئازاو بەجەرگە، ئەو بڕیارەشی زۆر پێ ناخۆشە لەوانەیە ئەو کەسەی ئەو قسەی بۆ دەبا تووشی بەلا ببێ لەگەڵی، بەڵکو لەوانەیە لێشی بدات، نەدەوێران ڕاستەوخۆ ئەو وەڵامەی بدەنەوە، ئەی تەگبیر چییە؟ پاش چەند بیرکردنەوە ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵێ پیاوی ماقووڵ بچنە لای هارونی برا گەورەی موسی ﷺ پێی بڵێن: شەڕمان پێ ناکرێت، ناتوانین بچینەوە ناو خاکی باپیران تا ئەو نەتەوە عیملاقە لەناو خاکەکە دەرنەچن بەڵام ئەگەر موسی ﷺ بتوانێ لەگەڵ خوا شتێکی وا بکات کە ئەوانە لەناو خاکەکە دەربچن و کەسی لێ نەمینێ، ئەوە لەبەر خاتری تۆ دەچین:

﴿وَإِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا حَتَّى يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنْ يَخْرُجُوا مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ﴾ [المائدة: ٢٢ ].

هارون ﷺ هاتە لای موسی ﷺ تەماشای کرد زۆر کەیفی خۆشەو سەرگەرمی خۆ سازدانەو تفاق و کەرەستەی شەڕ کۆ دەکاتەوە وخۆی ڕێك دەخات، وە دڵخۆش بوو بەسەردانەکەی هارون ﷺ وپرسی ئایا قەوم و قیلە چۆن خۆیان سازداوە؟ هارون ﷺ بە ئوسلوبە حەکیمانەکەی خۆی دەستی بە قسەکرد لەگەڵ موسی ﷺ وباسی خاڵە لاوازەکانی بەنی ئیسرائیلی بۆ کرد و شێرێکی لەوێ داناوەو ڕێوییەکی لەوێ داناوە، موسی ﷺ لەوێ دڵتەنگ بوو زانی پەیامێکی ناخۆشی پێیە، پێی گوت: چیت لایە بە ڕوون و ئاشکرایی پێم بڵێ هارونیش ﷺ پێی گوت: کە پیاو ماقوڵانی هەموو هۆزەکان هاتنە لام و داوایان لێ کردم بێمە لات و ئەو پەیامەت پێ ڕابگەیەنم، پەیامەکەی بەئامانەت پێ گوت .

موسی ﷺ زۆر دڵ ناخۆش بوو بە کەساسێکەوە بە هارونی گوت: کاکە ئەتۆ دەزانی من پێغەمبەری خوام و بەس، هیچم لەدەست نییە، هەرچی خوا ئەمرم پێ بکات ئەبێ وا بکەم، ناتوانم ئەمری خوا بشکێنم، تکات لێ دەکەم هەڕوە ناو قەوم و قیلە وهەوڵ بدە بە ئوسلوبە حەکیمانەکەی خۆت (إقناعیان) بکە کە سەرپێچی لە فەرمانی خوا نەکەن، هەروەها سەرکەوتنەکەش مسۆگەرە، چونکە خودا وەعدی داوە، وەعدەکەشی گرنتییە، هەروا بزانە سەرکەوتن لەگیرفانمانە.

هارون ﷺ هاتەوە، قەوم وقیلەش گێکوڕ گێکوڕیانە بزانن چی پێیە؟ هەموویان دەوریان لە هارون دا ﷺ، بۆ زانینی وەڵامی موسی ﷺ.

هارون ﷺ بەئوسلوبە حەکیمانەکەی دەستی بەقسە کرد و، پێشەکی باسی خاڵە بەهێزەکانی بەنی ئیسرائیلی کرد و باسی ئازایەتی و نەترسی باپیرە گەورەکانی کردو، هەروەها باسی ئەو نەتەوە عیملاقەی کرد، کە گوایە ئەوانیش وەکو جاران عیملاق نەماون وزوڵم و زۆرداری و برسێتی و نەخۆشی پشتی شکاندینە، ئەوانە کە جاران وەکو شێر بوون ئێستا بووینە ڕێوی، گوتی: با ئەمری خوا نەشکێنین وخوا لە خۆمان توڕە نەکەین و، خۆمان لەشێری خوای نەدەین، چونکە ئەگەر خوا لەخۆمان توڕە بکەین، لەوانەیە توشی پاشە ڕۆژێکی تاریك بین، خزم بە قسەکانی هارون ﷺ زۆر دلگران بوون و مقۆمقۆیان لەناو پەیدا بوو و دەستیان کرد بە بۆڵە بۆڵ و پستە پست لەو کاتی ئەوان شڵەژانیان کەوتبوو ناو دوو کەس لەوانەی بڕوایان بەهێزبوو دەشترسان خوا لەو کردەوەی ئەوانە توڕە بێ هەڵسانەوە، ویستیان ترسیان کەم کەنەوە و گۆتیان: ئیشەکە زۆر ئاسانەو شەڕەکەی ئێمە هەر پیاسەیە، تەنها ئێوە هێرش بکەنە سەر دەرگاو بچنە ژووری سەرکەوتوو دەبن، پشت بە خوا ببەستن ئێوە ئیماندارن ﴿قَالَ رَجُلَانِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ اللَّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُوا عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ وَعَلَى اللَّهِ فَتَوَكَّلُوا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ﴾ [المائدة: ٢٣].

گوتیان: وانییە، ئیوە فێڵمان لێ دەکەن و دەتانەوێ توشی شەڕمان کەن، ئەوە موسی ﷺ بەخۆی گوتی: بچنە ناو خاکە پیرۆزەکەی باپیران کە خوا بۆ ئەنگۆی نوسییە، بەو مەرجە دەبێ پاشەو پاش نەکشێنەوەو پشت نەدەن، چونکە ئەگەر پشت بدەن زەرەرو زیانێکی زۆرتان لێ دەکەوێ:

﴿يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الْأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللَّهُ لَكُمْ وَلَا تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنْقَلِبُوا خَاسِرِينَ﴾ [المائدة: ٢١].

کەواتە مەسەلەکە شەڕ کردنە، ئێوە دەتانەوێ توشی شەڕمان بکەن . کەزانیان موسی ﷺ هەر مکوڕە لەسەر ئەو شۆڕش و شەڕە، لەدین هەڵگرانەوە و دەستیان کرد بەبێ ئەدەبی دەرهەق بە موسی ﷺ و پڕو پاگەندەیان لەدژ دەکرد و دەیان گۆت: موسی ﷺ پیاوێکی شەڕ خوازە و بە گێچەڵە، هەر لەمنداڵی بەگژی خەڵکی میسردا دەچوو، ئەوە خۆ لەبیرتانە بەلاش وحەلاش خزمێکی فیرعەونی کوشت و هەڵات و ئێمەی توشی بەلا کرد، ئێستاش دەیەوێ سەرمان بەفەتارەت بدات، جا هەموویان هەڵسان بە کۆمەڵ بە ئاشکرا بە موسایانﷺ گۆت: ئێمە شەڕ ناکەین و، خاك ئازاد ناکەین هەتا هەتایێ مادام ئەو قەومە عیملاقە لەسەر خاکەکەن ئەگەر دەتەوێ شەڕیکەی بڕۆ بەخۆت و بەخوات شەڕ بکەن، ئێمە هەر لێرە دادەنیشین چرکە لە تیروکەوانمان نایێ .

﴿قَالُوا يَا مُوسَى إِنَّا لَنْ نَدْخُلَهَا أَبَدًا مَا دَامُوا فِيهَا فَاذْهَبْ أَنْتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلَا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ﴾ [المائدة: ٢١].

لەوە زیاتر کەوتنە سوکایەتی کردن بە موسی ﷺ و ناوناتۆرەی خراپیان لێ دەنا دەیانگوت: (گونکەو نێرەموکە) چونکە منداڵی نەبوو، تا خوا سیڕەکەی ئاشکرا کردو درۆکەی سپیکردنەوە، بەو جۆرەی خوارەوە: جارەکی موسی ﷺ خۆی دەشوشت جلو بەرگەکانی لەسەر بەردێك دانابوو، پاش خۆشوشتنی گەڕایەوە لای بەردەکە بەرگەکەی لەبەر بکات، بەردەکە بەجل و بەرگەکانەوە غلۆڵبۆوە، موسی ﷺ کەوتە دوای بەردی: ئەی بەردە جل وبەرگەکانم بدەرەوە، نەخێر جل وبەرگەکان ڕۆیشت تا بەنی ئیسرائیل بە رووتیان دیت و گوتیان: واللە موسی ﷺ هیچ عەیبی نییە، ئەوجا بەردەکەی ڕاوەستا[1] و جلو بەرگەکانی لەبەر کردەوە، هەروەها دەیانگوت چی هەیە تەنها خۆی و گونی و سەفورای ژنی[2] هیچی تری نییە، کابرایەکی رووت و قوتە، نەمەڕی هەیە نەماڵات، نەجوت و گاو زەرعات، هیچ دڵی بەو ئەزموونەوە نییە، خۆ هیچ منداڵی نییە بکوژرێ، هەر شەڕ بەکوڕی خەڵکی دەکات، هیچ زەرەری لێ ناکەوێت، هەر وەختەکی لەشەڕەکە بشکێت و ترسی بگاتێ هەڵدێ و تێدەتەقێنێ وەکی جارەکەی دی کە هەڵات و چوو بووە شوان چەند ساڵان، ئەو جارەش هەڵدێ لە جێیەك خۆی دەشارێتەوە، دەبێتە شوانێ یا گاوانێ هەرچی هەبی، بەڵام کێ لێی تێك دەچێ؟ ئێمە .

سەر هۆزەکان دەیان گۆت: براینە: هەر شەڕو ئاژاوەیێ ڕووبدات هەر ئێمە پیاوە ماقولەکان لێمان تێکدەچی، چونکە ئێمە ماڵان زۆرە وفێری گوزەرانی خۆشین، کەواتە دەبێ ئەو ئەزمونە بپارێزین بۆ ئەوەی سەرو ماڵ بە

---

(١) عن النبي ﷺ قال: (كان بنو إسرائيل يغتسلون عراة ينظر بعضهم الى بعض، وكان موسى ﷺ يغتسل وحده، فقالوا: والله مايمنع موسى ﷺ أن يغتسل معنا إلا انه آدر، فذهب مرة يغتسل فوضع ثوبه على حجر، ففر الحجر بثوبه فجمح موسى في أثره يقول: ثوبي ياحجر حتى نظر بنو إسرائيل الى موسى ﷺ فقالوا: والله ما بموسى من باس، وأخذ ثوبه فطفق بالحجر ضرباً) البخاري، فتح الباري: ١/٣٣٠.

(٢) **خاتون سەفورای خێزانی موسی ﷺ کچی شوعەیبە ﷺ . بڕوانە تەفسیری** ابن كثير: ٣/٣٨٩.

سەلامەتی بمێنی، دەبێ نەهێڵین (ئیستفزازی) نەتەوەکانی جیران بکات، بەڵکو پێویستە هەوڵ بدەین لەخۆمان ڕازیان بکەین، دەبێ خۆمان لەگەڵیان ڕێك بخەین و دوژمن داریان نەکەین .

دەیان گوت کاکە: ئەو نەتەوانەی دەوروبەرمان دوژمنی سەرەکی ئێمە نینە. دوژمنی سەرەکی ئێمە موسایەﷺ، چونکە دەیەوێ (ئیستفزازیان) بکات، ئەو کاتەی کە (ئیستفزاز) بوون ئەوان تەڕو هیشك دەدەنە بەرێ، ماڵی میللەتەکە کاول دەبێ، بۆیە دەبێ بەتوندی لە دژی موسی ﷺ ڕاوەستین و، پەلبەستی بکەین و نەیێلین پەلبزافتی بکات .

هەندێکیان دەیانگوت: کاکە فیرعەون و قیبتییەکان چ عەیبیان نەبوو، کوا چییان لێ کردینە بگرە دە پازدە هەزار کەسێکیان لەنەتەوەی ئێمە کوشتییە، ئەویش خەتای خزمەکانی ئێمە بوو، زمان درێژیان دەکرد، دەستیان خۆشبێ ئەو زمان درێژانەیان لەبێقە کردینەوە، ئێستا بمابانە هەمووی بە گەر موسی ﷺ دەکەوتن، خوا دەزانێ چیان لێ دەکردین، هەتا خوا سەران نەبینی بەفری ناوێتێ . بەڵام ئەو قسە لەناو کۆمەڵ مەکەن نەوەك کەس و کاری کوژراوەکان دڵیان لێمان بڕەنجێ، و موساوﷺ ئەوانەی هاوبیرن لەگەڵی بەخائین و ترسنۆك لە قەڵەممان دەدەن .

بەو جۆرە کەوتبوونە بەربەرەکانێکی خراپ لەگەڵ موسی ﷺ، تاوای لێهات موسی ﷺ هاواری خوای کرد، گوتی: خوایە کەسم بەدەستەوە نییە لەخۆم و برایەکەم زیاتر، خوایە ئێمە جیاکەوە لەو قەومە دەرچووە لە فەرمان و فاسقانە ﴿قَالَ رَبِّ إِنِّي لَا أَمْلِكُ إِلَّا نَفْسِي وَأَخِي فَافْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ﴾[المائدة: ٢٥].

لەو کاتە خوای گەورە پێ ی فەرموو: چونەوە بۆ خاکی باوباپیران قەدەغەیە لەسەریان تا چل ساڵ و دەبێ سەریان لێ بشێوێ وڕێیان لێ بگۆڕێ، تۆش دڵتەنگ و نارەحەت مەبە لەسەر ئەو نەتەوە فاسقە ﴿قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الْأَرْضِ فَلَا تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ﴾ [المائدة: ٢٦ ].

جا تاچل ساڵ لە بیابانی سینا مانەوە بەسەر لێشێوایی، بەجۆریك ئەگەر بیان ویستبا بچن بۆ میسر یا بۆ شام ڕێیان لێ تێك دەچوو دەگەڕانەوە جێگای خۆیان .

لێرە دوو پرسیاری دێتە کایەوە، ئەویش ئەوەیە: بۆ ڕێیان لێ دەگۆڕا؟ وبۆ چل ساڵ دەوامی کرد؟.

وەڵامی پرسیاری یەکەم – والله اعلم – ئەوەیە: چونکە ئەگەر ڕێیان دەرکردبا بۆ میسر و لەوانەبوو لەگەڵ جەماعەتی فیرعەون دانوستان بکەن بۆ لەناوبردنی موسی ﷺ، هەروەها ئەگەر ڕێی شامیان بزانیبایە لەوانەبوو لەگەڵ عەمالیقەکان ڕێکبکەون لە دژی موسی ﷺ و یاوەرەکانی .

وەڵامی پرسیاری دووەم ئەوەیە: خوای گەورە ویستی ئەوانەی کە لەسەر سەرشۆڕی و زیللەت ڕاهاتوونە و خوویان پێوە گرتووە هەموویان بمرن، وەنەوەیەك دروست بێ لەو ماوەیە کە ژێر دەستی نەدیتووەو دەستەمۆو زەلیل نەبووەو، دەماری نەتەوایەتی شل نەبووە.

لەو سەرگوزشتەی بەنی ئیسرائیل بۆمان دەردەکەوێت کە هەر نەتەوەیەکی دەمار شل ئەگەر خوا حەز بکا ڕزگاری بکات، دووری دەکاتەوە لە نەتەوە داگیر کەرەکە، بۆ ئەوەی جیلێکی تازە پەروەردە ببێ دوور لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و، دوور لەترس و تۆقاندنی نەتەوەکانی دی، جا ئەو نەوە نەترسە دەتوانی خاکی باب باپیران ڕزگار بکات و، ئازادی وسەربەخۆیی بەدەست بێنی، چونکە ئادەمیزاد بە ئازادی لە دایک دەبێ، بە سروشت ژێردەستەیی وچەوسانەوە قەبوڵ ناکات، تا فێر دەکرێ و لێ ڕادێ، وە ئەو کەسانەی لەماوەی ئەو چل ساڵە لە دایك بوون فێری چەوسانەوەو ژێر دەستەیی نەبوون، چونکە پەروەردەی کاتێك بوون کە داگیرکەریان نەدیتبو، هەروەها ترسنۆکەکان نەدەوێران لەترسی موسی ﷺ لەسەر ترسنۆکی پەروەردەیان بکەن و ڕایان بینن .

## باسی سێیەم: دەمارگیری نەتەوایەتی مام ناوەند:

لێرە پێویستە دوو شت بزانین ئەوانەن:

١– پێناسەی دەمار گیری نەتەوایەتی مام ناوەندی.

٢– حوکمی شەرعی ئەو جۆرە دەمارگیرییە چییە .

٣– پێناسەی ئەو جۆرە دەمارگیرییە ئەوەیە: کەئەو نەتەوەیە خۆی دابنێ بە ئادەمیزادێکی سروشتی وەکو هەموو ئادەمیزادانی جیهان نە لەوان کەمترە و نە لەوان زیاترە، ئەویش وەکو ئەو خەڵکە لە نەوەی ئادەمەو ئادەمیش خوا لە قوڕی دروست کردووە .

٤–حوکمی ئەو جۆرە دەمارگیرییە ئەوەیە، کە دروستە، بەڵکو پێویستە (واجبە) . چونکە:

أ/ حوکم ڕانان و کاربەدستانی ئەو جۆرە نەتەوەیە ئەگەر لە دەستیشیان بێ نەتەوەکانی دی نا چەوسێننەوەو، مافیان پێشێل ناکەن و، گاڵتەیان پێ ناکەن، چونکە مادەم بڕوایان بەوە هەیە کە ئەوانیش کوڕی ئادەمن وەکو ئەوان، هەست دەکەن جۆرە خزمایەتی و برایەتی یەك لەنێو هەموو ئادەمیزاد هەیە .

ب– حوکم ڕانانی ئەو جۆرە نەتەوەیە دادپەروەری دەکەن، چونکە هەر کاتی کێشەیەك ڕوودات لەنێوان نەتەوەی خۆیان لەگەڵ نەتەوەیێکی دی، ناچن یارمەتی نەتەوەی خۆیان بدەن بە کوێرانە، بەڵکو تەماشای خودی کێشەکە دەکەن و هەڵی دەسەنگێنن، جا بەگوێرەی حەق یارمەتی نەتەوەی خۆیان دەدەن، زۆربەی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە ژیرو عاقڵ و ڕەوشت جوانن، چونکە ئادەمیزاد سێ جۆرە: جۆرێك شت تێدەگا بەڕاستی وچاك و خراپ لە یەك جیا دەکاتەوە، بەبیرکردنەوەی خۆی، بەبێ یارمەتی کەسێکی دی، جۆرێکی دی هەیە پێویستیان هەیە بەیارمەتی کەسێکی دی، یانی خۆی چاکە و خەراپەی باش پێ لەیەك جیاناکرێتەوە، بەڵام ئەگەر کەسێکی دی بۆی لەیەك جیاکردەوە تێدەگات و شتەکە فێر دەبی . جۆری سێیەم نە خۆی سەربەخۆ دەتوانی چاکەو خراپە لەیەك جیا بکاتەوە و، نە ئەگەر کەسێکی دی بۆی لەیەك جیاکردەوە تێدەگات . جا ئەو هەرسێ جۆرانە کامیان بە عاقل دائەندرێن؟ جۆری سێیەمیان ئەحمەقە و حیسابی لەگەڵ دەواران دایە . بەڵام جۆری یەکەم ودووەم ئەوانە عاقڵن و ژیرن لەگەڵ جیاوازی پلە، بەڵام هەر ژیری و عاقڵی بەس نییە، بەڵکو

پێویستە ڕەوشت جوان بن، ئادەمیزادی ڕەوشت جوان ئەو کەسەیە کە هەر کاتێ حەق و چاکەی زانی لایەنگیری دەکات، چونکە هەر کەسێ حەق و ناحەق تێگەیشت یا تێگەیندرا، بەڵام بوو بە لای ناحەق و لەدژی حەق ڕاوەستا لەبەر هەر هۆیەك هەبێ ئەوە بەدخووە[٣].

کەواتە دەبێ زۆربەی ئەندامانی ئەو نەتەوەیە بتوانن چاك و خراپ و حەق و ناحەق لەیەك جیا بکەنەوە و لەهەمان کات ببنە لایەنگیری حەق و چاك .

ج- ئەندامی ئەو جۆرە نەتەوەیە – عادە- یارمەتی یەکتر دەدەن وخۆیان لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بەخت دەکەن.

د- ئەندامی ئەو جۆرە نەتەوەیە – عادە- شەڕی ناوخۆیان کەمە، چونکە زۆربەیان حەق و ناحەق لەیەك جیادەکەنەوە، و بەحەق رازی دەبن و، حەز لە چاکەو یارمەتیدانی یەکتر دەکەن و، بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەیان ڕەچاو دەکەن و، نەفسیان نایێ یەکتر زەلیل بکەن و، بێزیان نایێ ماڵی دزیاری بخۆن و، دڵیان نابا ماڵی یەکتر داگیر بکەن و بیخۆن، دڵیان نایێ پەلاماری ناموسی یەکتر بدەن ویەکتر سوك وریسوا بکەن.

هـ- ئەو جۆرە نەتەوەیە زۆر جار تووشی شەڕی گەورە دەبن لەگەڵ نەتەوەکانی دی، چونکە رازی نابن هیچ نەتەوەیەکی دی حوکم ڕانیان بکات و، کلکایەتی هیچ نەتەوەیێك قەبوڵ ناکەن، لەژێر هیچ دروشمێ و، بەناوی هیچ شتێ، چونکە خۆیان بەدادپەروەر و دادگەر دەزانن و، خۆیان بە شایانی ئەوە دەزانن کە پێویستە چارەنوسی خۆیان بکەن، بەهیچ جۆرێ لەو حەقەی خۆیان دەست بەردار نابن، دەگێڕنەوە دەڵێن: ئیمامی عومەرﷺ (عەرفەجەی کوڕی هەرسەمەی) کردە حوکمڕانی بوجەیلە، ئەوانیش رازی نەبوون و داوایان لێ کرد لایبا، چەنکە لە قەوم و هۆزی ئەوان نییە، وەداوایان کرد لە جیاتی ئەو جەریری بەجلیﷺ دابنێ، ئیمام عومەر ﷺ بانگی عەرفەجی کردوو لێی پرسی: ئایا ئەو قسەیە ڕاستە؟ عەرفەجە گوتی: راست دەکەن من لەهۆزی ئۆزدم، بەڵام لەوێ خوێنداریم توشبوو و ڕۆیشتم وهاتم بۆ ناو بوجەیلە، ئیمامی عومەر ﷺ بۆی گۆرین[٤]، کەواتە داواکەیان گونجاو بوو لەگەڵ بنەماکانی ئایینی ئیسلام، بۆیێ ئیمامی عومەر ﷺ قەبوڵی کرد .

هەروەها زانایانی فیقهی ئیسلامی لەسەر ئەو رایەن کە هەموو کەسێك ونەتەوەیەك مافی ئەوەی هەیە بەزوڵم و ستەم ڕازی نەبێ و بەگژی ستەم کاردا بچێتەوە، هەتا ئەگەر ئەو ستەمکارە خەلیفەی ئیسلام بێ، وەهەر کاتێ شەڕو ئاژاوە لەنێوان خەلیفەو ستەم لێکراوان ڕوو بدات، پێویستە کۆمەڵی موسڵمان پشتی ستەم لێکراوان بگرن وداوا لە خەلیفە بکەن مافیان پێشێل نەکات[٥] .

---

(٣) غزالي، إحياء علوم الدين: ١٦٩/٢، چاپی مصطفى بابي.

(٤) بڕوانە ابن خلدون، المقدمة لاپەرە: ١٣١ چاپی مەکتەبی مثنى / بغداد.

(٥) بڕوانە البحر الرائق: ١٥١/٥ الطبعة الأولى، والمواق، التاج والاكليل: ٢٧٧/٦ . وموسوعة جمال عبدالناصر في الفقه الإسلامي: ٦٨/١٧ طبعة المجلس الأعلى للشؤون الإسلامية في مصر.

بەڵگەش زۆرە لەسەر ئەوە کەنەتەوەی خوا پەرست نابێ ڕازی ببێ بە زەلیلی و ژێر دەستەیی و کلکایەتی بۆ نەتەوەیەکی دی، ئەوەش بەڵگەکانە:

١- خوای گەورە دەفەرمێ:

﴿وَلِلَّهِ الْعِزَّةُ وَلِرَسُولِهِ وَلِلْمُؤْمِنِينَ وَلَكِنَّ الْمُنَافِقِينَ لَا يَعْلَمُونَ﴾ [المنافقون: ٨].

یانی: ڕێزو سەربەرزی هەر بۆ خوا و پێغەمبەر ﷺ و ئیماندارانە، بەڵام دووڕوان نازانن، کەواتە ژێر دەستەیی لەگەڵ ئیمانداری ناگونجێ، چونکە ژێر دەستەیی زەلیل بوونەو، ئمانداریش سەربەرزییە، زەلیلی و سەربەرزی لەیەك دڵ کۆ نابنەوە، بەڵکو ژێر دەستەیی لەگەڵ دوو ڕوویی جمکن، چونکە ئادەمیزادی ژێر دەستە یا نەتەوەی ژێر دەستە بە هەموو هەوڵی تێدەکۆشێ نەتەوە داگیرکەرەکە لە خۆی ڕازی بکات و خۆی بباتە پێش، کەواتە دووڕوو زەلیل و ژێر دەستەیە، بەڵام تێ ناگات، یا خۆی لێ نەزان و گێل دەکات .

٢- خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿فَمَا أُوتِيتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَمَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَمَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ وَأَبْقَى لِلَّذِينَ آمَنُوا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ وَالَّذِينَ يَجْتَنِبُونَ كَبَائِرَ الْإِثْمِ وَالْفَوَاحِشَ وَإِذَا مَا غَضِبُوا هُمْ يَغْفِرُونَ وَالَّذِينَ اسْتَجَابُوا لِرَبِّهِمْ وَأَقَامُوا الصَّلَاةَ وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنْفِقُونَ وَالَّذِينَ إِذَا أَصَابَهُمُ الْبَغْيُ هُمْ يَنْتَصِرُونَ وَجَزَاءُ سَيِّئَةٍ سَيِّئَةٌ مِثْلُهَا فَمَنْ عَفَا وَأَصْلَحَ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ إِنَّهُ لَا يُحِبُّ الظَّالِمِينَ وَلَمَنِ انْتَصَرَ بَعْدَ ظُلْمِهِ فَأُولَئِكَ مَا عَلَيْهِمْ مِنْ سَبِيلٍ إِنَّمَا السَّبِيلُ عَلَى الَّذِينَ يَظْلِمُونَ النَّاسَ وَيَبْغُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ أُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾ [الشورى: ٣٦-٤٢] .

یانی: هەرچی هەتانە لە ماڵ و دارایی و منداڵ هەمووی شتێکی کاتییە، تەنها بۆ دونیایە، کە مردن هیچ سودی نامینێ، بەڵام ئەوەی لای خوا هەڵگیراوە، دەمینێ بۆ پاش مردنیش، بۆیێ زۆر چاکترە، و ئەوەی لای خوا هەڵگیراوە بۆ ئەو کەسانەیە کە ئیماندارن وپشت بە خوا دەبەستن . ئەو کەسانەی خۆیان دەپارێزن لە تاوانی گەورە و، دامەنپیسی، و ئەگەر تووڕە بوون زوو چاك دەبنەوە – ڕکە ئەستوور وخشم کێش نییە – ئەو کەسانەی وەڵامی بانگەوازی خوایان داوەتەوەو لە فەرمانی دەرناچن و نوێژ دەکەن، ئەو کەسانەی ئەگەر کران بەسەرکردەو کاربەدەست دیکتاتۆر نینە و بیروڕای خەڵك وەردەگرن و کاری پێ دەکەن، ئەو کەسانەی ئەگەر خوا ماڵ و دارایی پێ بەخشین بەگوێرەی توانای ماڵەکەیان بەسەر خەڵك دەبەخشنەوە. ئەو کەسانەی کە ستەم قەبوڵ ناکەن و هەرکاتێ کەستەمیان لێ کرا یارمەتی یەکتر دەدەن بۆ لابردنی و، پشت و پەنانە بۆ ستەم لێ کراوان .

چونکە پاداشتی خەراپە خەراپەیەکی وەکو ئەوە، وەلە هەمان کات ئەگەر خەراپەکار پەشیمان بۆوە داوای لەیەك بوردن و ڕێککەوتنی کرد ئامادەنە بۆ ڕێککەوتن و، جارەجارە هەر بەپیاوەتی لێی خۆش دەبن و پاداشت لە خوا وەردەگرن، خوا پیاوی ستەمکاری خۆش ناوێت، وە ئەو کەسانەی کەزوڵم قەبوڵ ناکەن تۆڵە لە ستەم

کار دەکەنەوە و دیفاع لە مافی خۆیان دەکەن، ئەوانە هیچ ڕەخنەو گلەییان لەسەر نییە، بەڵکو گلەیی و ڕەخنە لەسەر ئەو کەسانەیە کە ستەم لە خەڵك دەکەن و سنوری حەق و مافی خۆیان دەبەزێنن لە عەرد، ئەو سنوربەزێن و ماف داگیرکەرانە تووشی عەزابێکی بەئێش و ژان دەبن .

ئەو ئایەتە پیرۆزانە چەند خاڵێکیان گرتۆتەوە، بەڵام ئەو خاڵانەی ئێمە مەبەستمانە ئەوانەیە:

١- خوای گەورە پیاوی ستەمکاری خۆش ناوێ، و هەرکەسێ یارمەتی داگیرکەر بکات شەریك و برابەشی ئەوە لە کارەکەی، و کارەکەشی ستەمکارییە، کەواتە خوای گەورە داگیرکەرو شەریکەکەی خۆش ناوێ .

٢- ئیمانداری بەڕاستی ئەو کەسەیە کە زوڵم و ستەم قەبوڵ ناکات و بەگژی دا دەچێتەوە، کەواتە پێویستە لەسەر هەر نەتەوەیەك ژێر دەستی نەتەوەیەکی دی قەبوڵ نەکات، چونکە زوڵم وستەمکارییە، وە ئەگەر هات و هەر کەسێ کلکایەتی قەبوڵ کرد، ئەوە ئیمانداری ڕاستەقینە نییە .

٣- ئەو کەسانەی زوڵم قەبوڵ ناکەن و تۆڵە لە ستەم کار دەکەنەوەو دیفاع لە مافی خۆیان دەکەن، خوای پەروەردگار هیچ ڕەخنەو گلەیی لەسەریان نییە . کەواتە ئەوانەی شۆڕش دەکەن بۆ ئازاد کردنی نەتەوەی خۆیان و دەیانەوێ سەربەخۆیی بۆ نەتەوەکەیان مسۆگەر بکەن، خوا بە شۆڕشەکەیان ڕازییە و هیچ گلەیی لەسەریان نییە .

٤- خوای گەورە ڕەخنەو گلەیی زۆرە لەسەر ئەو کەس و نەتەوانەی ماف پێشێل دەکەن و سنوور دەبەزێنن وعەردی کەسێکی دی یا نەتەوەیێکی دی داگیردەکەن، کەواتە ئەو کەسانەی لە نەتەوە داگیرکراوەکە دەبنە داردەست و چاوساغ و یارمەتیدەری داگیرکەر حاڵیان زۆر خەراپە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(من شر الناس منزلة عند الله يوم القيامة عبد اذهب آخرته بدنيا غيره)[٦] .

یانی: خەراپترین کەس لای خوا لە ڕۆژی قیامەت، ئەو بەندەیە کە دینی خۆی لەناو بردووە بۆ خاتری دونیای کەسێکی دی، وە ئاشکرایە ئەو کەسانەی یارمەتی داگیرکەر دەدەن، ئەوانە دین ودونیای خۆیان ونەوەکەیان کردووە بە قوربانی سوود وقازانجی داگیرکەر .

٥- پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ:

( لاطاعة فى المعصية، إنما الطاعة في المعروف)[٧].

یانی: ئەگەر خەلیفەی ئیسلام یا نوێنەری ستەمیان لە خەڵك کرد، یان بوون بەلای نەتەوەیەك لەسەر حیسابی چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دی، یا نەتەوەکیان دەچەوساندەوە، لەو کاتە پێویست نییە لەسەر خەڵك گوێڕایەڵی فەرمانەکانیان بن، چونکە گوێڕایەڵی فەرمانی سەرکردە واجب و پێویست نییە تەنها لە کاتێ کە فەرمانەکانیان

---

(٦) بڕوانە: (سنن ابن ماجة: بەرگی ٢ لاپەڕە ١٣١٢ نمرەی حديث: ٣٩٦٦، وضعفه الألباني في: ضعيف سنن ابن ماجة: ٣٩٦٦، وضعيف الجامع الصغير: ٢٠٠٨، و ٥٣٠٥).

(٧) بوخاری، بڕوانە: (صحيح البخاري) چاپی مصطفى البابي ساڵی ١٣٧٧ هـ كتاب الأحكام، باب ماجاء في الخبر الواحد: ٩ لاپەڕە ١٠٩ و فتح الباري: ٢٠٣/١٣.

ڕاست بێ و چاکەو بەرژەوەندی ئایینی پیرۆزو نەتەوەکانی تێدا ڕەچاو بکات و لەسنووری شەرع دەرنەچێ و، ئەو کەسانەی ڕازی دەبن بە چەوسانەوەی نەتەوەی خۆیان، بەهەنجەتی (تاعەتی وەلی ئەمر؟) ئەوانە لە مانای (طاعة) نەگەیشتینە، و ئەگەر تێگەیشتبن و ئەوجا بەراوگیری بکەنەوە لە ترسان یا بۆ قازانجێکی دونیایی کاتی، ئەوانە دونیاو قیامەتی خۆیان و نەتەوەکەیان بە قوربانی دونیای (وەلی ئەمر) کردووە، لە ڕۆژی قیامەت بە خراپترین کەس لای خوا دائەندرێن .

٦-بەم جۆرە دێمە کۆتایی باسەکە، لە خوای گەورە دەپاڕێمەوە لێم قەبوڵ بفەرموێ و، لەناو دڵی ئیماندارانی بچەسپێنێ، وسودبەخش بێت، تکاشم لەو خوێنەرانەی کە دەیخوێننەوە ئەوەیە هەر هەڵەییێکیان بەرچاو کەوت ئاگادارم بکەنەوە چ بەقسەبێ چ بەنووسین، منیش إن شاء الله سوود لەسەرنج و تێبینیەکانیان وەردەگرم (الكمال لله وحده، والحمد لله رب العالمين )

**وصلى اللّه على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# ئامۆژگاری زانای بەناوبانگ ابن تەیمییە بۆ قوتابیان ومامۆستایان

م/ عبدالكريم محمد قادر
پێش نوێژو وتار خوێن لە مزگەوتی
ئیمان لە سلێمانی

=========================================

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

پاشان: پێویستە قوتابی مەبەستی لە فێربوونەکەی تەنها بۆ ڕەزامەندی خودابێت، لەسەر مامۆستاش پێویستە ئامۆژگاری خێری ببێت بۆ قوتابییەکەی وە هەوڵی لەگەڵدا بدات بەچاکی شارەزای بکات، لەسەر قوتابیش پێویستە ڕێزی مامۆستاکەی بزانێت وسوپاسی بکات لەسەر چاکەکانی لەگەڵیدا، چونکە هەر کەسێك چاکەی خەڵکی لەبەر چاو نەبێت وسوپاسی نەکات بەدڵنیاییەوە سوپاسی خوداش ناکات.

پێویستی سەرشانی مامۆستایانە کە یارمەتی یەکتر بدەن لەسەر چاکەو کاری باش هەر وەکو پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی:

(المسلم أخو المسلم لايسلمه ولايظلمه)[١].

واتە: موسڵمان برای ئایینی برای موسڵمانێتی بۆیە نابێت برای موسڵمانی خۆی تەسلیمی دوژمن بکات، وەنابێت ستەم لەبرای موسڵمانی خۆی بکات بەهیچ شێوەیەك.

وەفەرموویەتی:

(مثل المؤمنين في توادهم وتراحمهم وتعاطفهم كمثل الجسد الواحد إذا اشتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالحمى والسهر)[٢].

واتە: نمونەی تەواوی باوەڕداران لە خۆشەویستی وبەزەیی ودڵسۆزییان بۆ یەکتری وەکو یەك لاشەن، کاتێك ئەندامێك لە ئەندامەکانی لاشە ئازاری پێ بگات هەموو ئەندامەکانی تری لاشەی هاوبەشی ئازارەکەی دەبن.

وەفەرموویەتی:

(والذي نفسي بيده لايؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه من الخير مايحب لنفسه)[٣].

---

(١) (البخاري: ٢٤٤٢، ومسلم: ٢٥٦٤).

(٢) (البخاري: ٦١١، ومسلم: ٢٥٨٦).

واتە: سوێند بەو خودایەی کە نەفسی منی بەدەستە هیچ کەسێکتان باوەڕی تەواوی نییە تاکو ئەوەی پێی خۆشە لەخێرو چاکە بۆ خۆی بۆ برای باوەڕداریشی پێی خۆش نەبێت.

بۆ هیچ مامۆستایەك دروست نییە ئازاری مامۆستایەکی تر بدات نە بەقسەو نەبەکردار بەناحەق، هەروەکو خودای گەورە دەفەرمووێت: ﴿وَالَّذِينَ يُؤْذُونَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ بِغَيْرِ مَا اكْتَسَبُوا فَقَدِ احْتَمَلُوا بُهْتَانًا وَإِثْمًا مُبِينًا﴾ [الأحزاب: ٥٨] .

واتە: ئەوانە کەئازاری پیاوانی باوەڕدارو ژنانی باوەڕدار ئەدەن بێ ئەوەی هیچ تاوانێکیان کردبێت بێگومان ئەوانە درۆو بوختان وگوناهی گەورەیان هەڵگرتووە.

ئەگەر کەسێك تاوانێك ئەنجام بدات دروست نییە سزا بدرێت بەسزایەك کە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام بێت، بۆ هیچ مامۆستایەك نییە کەسزای بدات بەو شێوەیەی کەپێی خۆشە ونابێت هیچ کەسێکیش یارمەتی بدات.

بۆ نمونە: مامۆستایەك بیەوێت قسە دابڕێت لە کەسێك بێ ئەوەی ئەم کەسە هیچ گوناهێکی کردبێت. ئەم قسە دابڕینە بەم شێوەیە وەکوکرداری سەرکردەی جولەکەو گاورو پێشەوا گومڕاکانە کە ئەنجامی ئەدەن لەگەڵ شوێن کەوتووەکانیاندا.

پێغەمبەرمانﷺ فەرمویەتی:

(لاطاعة لمخلوق في معصية الخالق)[٤].

واتە: گوێڕایەڵی هیچ کەسێك ناکرێت لەبێ فەرمانی کردنی خوادا.

بەڵام ئەگەر ئەو کەسە گوناهێکی کردبێت بەگوێرەی گوناهەکەی سزا ئەدرێت و لێی زیاد ناکرێت، هەروەها بۆ مامۆستایان دروست نییە خەڵکی پەروەردە بکەن لەسەر حیزبایەتی کە هۆکاری دروست بوونی دوژمنایەتی و ڕق وکینەیە لەنێوان خەڵکیدا.

بۆ هیچ مامۆستایەك دروست نییە پەیمان لە کەس وەربگرێت تاگوێڕایەڵی بکات بەو شێوەیەی کە مامۆستاکەی مەبەستێتی، یان دۆستایەتی لەگەڵ کەسانێك بکات کەدۆستی مامۆستاکەیەتی، وە دژایەتی کەسانێك بکات کە مامۆستاکەی دوژمنایەتی ئەکات، بەڵکو لەسەر مامۆستایان وقوتابیان پێویستە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن ﷺ کرداریان بەگوێرەی فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بێت ﷺ قەدەغەکراو لایان قەدەغە کراوەکانی خوداو پێغەمبەرەکەی بێت ﷺ، ئەگەر مامۆستایەکیان ستەمی لێ کرابوو هەوڵ بدات بۆ سەرخستنی، بەڵام ئەگەر مامۆستایەکیان ستەمکاربوو نابێت پشتگیری لێ بکات لەسەر ستەم کردن، بەڵکو ئەبێت دەستی بگرێت بۆ ئەوەی ستەم نەکات، وەکو پێغەمبەرمان ﷺ فەرموویەتی:

(انصر أخاك ظالما أو مظلوما، قالوا يا رسول الله هذا ننصره مظلوما فكيف ننصره ظالماً؟ قال: تأخذ فوق يده)[٥].

---

(٣) (البخاري: ١٣، ومسلم: ٤٥).

(٤) (رواه أحمد عن عمران بن حصين رضي الله عنه، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٧٥٢٠).

(٥) (رواه البخاري: ٢٤٤٤، ومسلم: ٢٥٨٤).

واتە: براكەت سەربخە ئەگەر ستەمكاربوو یان ستەم لێكراو بوو، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوداﷺ، سەری ئەخەین و پشتگیری ئەكەین ئەگەر ستەم لێكراو بوو، ئەی چۆن پشتگیری لێ بكەین ئەگەر ستەمكار بوو؟ فەرمووی: دەستی بگرن بۆ ئەوەی ستەم نەكات .

ئەگەر لە نێوان مامۆستایەك و مامۆستایەكی تردا، یان لەنێوان قوتابییەك وقوتابییەكی تردا، یان لەنێوان مامۆستایەك وقوتابییەكدا كێشە و ناكۆكییەك دروست بوو، دروست نییە یارمەتی هیچ لایەنێكیان بدرێت تاكو نەزانرێت كامیان لەسەر حەقە، تا بەنەزانین وهەڵە یارمەتی نەدرێت، ئەگەر بۆی دەركەوت خاوەن حەق كێیە یارمەتی ئەدات تا حەق سەربكەوێت، جایەكسانە خاوەن حەق دۆستی خۆی بێت یان دۆستی كەسێكی تر بێت، وە هەروەها یەكسانە كەناحەق دۆستی خۆی بێت یان دۆستی كەسێكی تر بێت، چونكە مەبەستی پەرستنی خودایە بەتەنهاو شوێنكەوتنی پێغەمبەرەكەی ﷺ، وە شوێنكەوتنی حەق و ئەنجامدانی دادپەروەری، خوای گەورە دەفەرمووێ: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا كُونُوا قَوَّامِينَ بِالْقِسْطِ شُهَدَاءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَى أَنْفُسِكُمْ أَوِ الْوَالِدَيْنِ وَالْأَقْرَبِينَ إِنْ يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَاللَّهُ أَوْلَى بِهِمَا فَلَا تَتَّبِعُوا الْهَوَى أَنْ تَعْدِلُوا وَإِنْ تَلْوُوا أَوْ تُعْرِضُوا فَإِنَّ اللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ خَبِيرًا﴾ [النساء: ١٣٥] .

واتە: ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە بەدادپەروەری هەڵسن بۆ ئەنجامدانی كاری خەڵكی، بە شێوەیەك هیچ كاتێك ستەمتان لێ نەوەشێتەوە، هەمیشەش شایەتی لەسەر حەق بدەن بۆ خودا، ئەگەرچی ئەو شایەتییەش بە زیانی خۆتان و دایك وباوك و خزمانیشتان بێت، دەبێ ئێوە بەبەردەوامی جێ بەجێی بكەن بێ لادان، ئەگەر شایەتی بۆدراو دەوڵەمەند بێت یان هەژار، دڵنیابن خودا باشترە بۆیان لەئێوە، چونكە خودا خۆی چاك ئەزانێ بەرژەوەندییان لەچیدایە، كەواتە مەكەونە شوێن هەواو ئارەزووتان تا لەحەق لابدەن، با خزمایەتی واتان لێ نەكات شایەتی حەق بشارنەوە، وە لەشایەتی داندا بەناحەق شایەتی مەگۆڕن، هەروەها خۆتان لەشایەتی دان مەبوێرن وپشتی تێ هەڵمەكەن، چونكە بەڕاستی خودا زۆر ئاگادارە بەقسەو وتەو كردەوەكانتان و هیچی لێ وون نابێت، كەواتە: تەنها لەبەر خودا شایەتی بدەو لەبەر دەوڵەمەندی كەسێك یان لەبەر هەژاری كەسێكی دیكە شایەتییەكە مەشێوێنە.

هەر كەسێك پشتگیری براكەی بكات جا ئەگەر حەق بۆ ئەو بێت یان حەقی خەڵكی لەسەر بێت ئەوە بە حەقیقەت حوكمی كردووە بەحوكمی جاهیلییەت و لە حوكمی خوداو پێغە ﷺ دەرچووە.

پێویستە مامۆستایان وقوتابیان و یەك دەست بن بۆ سەرخستنی حەق بەسەر ناحەقدا، بەڕێز لایان كەسێك بێت كە لای خودای گەورە بەڕێزە وەكەسێك پێش خۆیان بخەن كە خوداو پێغەمبەرەكەی ﷺ پێشی خستبێ، وەكەسێكیان خۆش بوێت كەلای خوداو پێغەمبەرەكەی ﷺ خۆشەویست بێت .. وەهەروەها بێ ڕێز لایان كەسێك بێت كە لای خوداو پێغەمبەرەكەیﷺ ڕێزی نەبێت، تەنها ڕەزامەندی خوداو پێغەمبەرەكەی ﷺ بەهەند بگیرێت، ئەمە ئەو بنچینە سەرەكییەیە كەپێویستە لەسەری بن ئەو كاتە هیچ پێویست ناكات خۆیان پارچە پارچە بكەن بۆ چەندین حزب، چونكە خودای گەورە دەفەرمووێ:

﴿إِنَّ الَّذِينَ فَرَّقُوا دِينَهُمْ وَكَانُوا شِيَعًا لَسْتَ مِنْهُمْ فِي شَيْءٍ﴾ [الأنعام: ١٥٩] .

واتە: بێ گومان ئەو کەسانەی کەدینی خۆیانیان پەرت وبڵاو کردو بوونە چەند دەستەو حیزبێکی جیاوازو لێکترازاو پێویستە تۆ ئەی پێغەمبەری خوداﷺ لەوان نەبی.

وە خودای گەورە فەرموویەتی:

﴿وَلَا تَكُونُوا كَالَّذِينَ تَفَرَّقُوا وَاخْتَلَفُوا مِنْ بَعْدِ مَا جَاءَهُمُ الْبَيِّنَاتُ وَأُولَئِكَ لَهُمْ عَذَابٌ عَظِيمٌ﴾ [آل عمران: ١٠٥] .

واتە: ئێوەی موسڵمان وەك ئەو جولەکەو گاورانە مەبن، کە دوای چەندین بەڵگەو نیشانەی ڕوون کە بۆیان هات پارچە پارچە بوون و دووبەرەکییان تێ کەوت  ودژی یەکتری وەستان ئەوانە سزایەکی گەورەو گرانیان بۆ هەیە، چونکە پارچە پارچە بوون وحیزبایەتی کردن پێچەوانەی فەرمانەکەی خوداو پێغەمبەرەکەیەتی ﷺ.

پێغەمبەری خۆشەویستمان فەرموویەتی:

(افترقت اليهود على إحدى وسبعين فرقة، فواحدة في الجنة، وسبعون في النار، وافترقت النصارى على اثنتين وسبعين فرقة، فاحدى وسبعون في النار وواحدة في الجنة، والذي نفس محمد بيده لتفترقن أمتي على ثلاث وسبعين فرقة، فواحدة في الجنة، واثنتان وسبعون في النار)[٦].

واتە: جولەکە دینەکەیان شێواندو بوونە حەفتاو یەك کۆمەڵ، یەك دەستەیان جێگەی بەهەشتەو حەفتا دەستەیان جێگەی دۆزەخە، گاوریش دینەکەیان شێواند و بوونە حەفتاو دوو  کۆمەڵ، حەفتاو یەك دەستەیان لەناو ئاگردایە، یەك دەستەیان لەناو بەهەشتدایە، سوێند بەو خودایەی کەنەفسی محمدیﷺ بەدەستە ئوممەتەکەی منیش دینەکەیان ئەشێوێنن و دەبنە حەفتاو سێ کۆمەڵەوە، یەك دەستەیان لەبەهەشتدایە، حەفتاو دوو دەستەیان لە ئاگردایە، جا تەنیا ئەوانەیان بەهەشتین کەلێك ناترازێن، پێکەوەکار ئەکەن لەسەر ئەو بەرنامەیەی کە من و هاوەڵانمی لەسەرە.

بۆ هیچ مامۆستایەك نییە کە پەیمان لە قوتابییەکەی وەر بگرێت و پێی بڵی نابێت بە هیچ شێوەیەك لە قسەی من دەربچیت، ئەم کارەی لە داهێنراوەکانی سەردەمی نەفامێتیە کەبە حەق و ناحەق پشتگیری یەکتریان دەکرد، بۆ هیچ مامۆستایەك نییە بە قوتابییەکەی بڵێ: نابێ لای هیچ مامۆستایەکی تر بخوێنی وزانیاری لێ وەربگریت ئەگەر ئەو مامۆستایەی تر خاوەنی بیروباوەڕێکی پاك بێت و لەسەر ڕێگای ڕاستی ئیسلام بێت، هەروەها بۆ هیچ قوتابییەك دروست نییە سپڵەو بێوەفا بێت و چاکەی مامۆستای پێشووی لەبەر چاو نەبێت، بەڵکو ئەگەر قوتابییەك زیاتر لەمامۆستایەکی هەبوو، پێویستە مافی هیچ مامۆستایەکی نەفەوتێنێت، بەبێ ئەوەی دەمارگیری بۆ هیچ مامۆستایەکی هەبێت، بەڵام ئەگەر زانیاری لەمامۆستایەکی زیاتر وەرگرتبێت، ئەبێت زیاتر چاودێری مافی ئەم مامۆستایەی بکات .

تەنها شوێنکەوتنی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ کۆیان بکاتەوە، وە تەنها داهێنراوەکان جیایان بکاتەوە، تاکو بەڕاستی گوێڕایەڵی فەرمانی خوداو پێغەمبەرەکەی بکەن ﷺ پەرستنیان تەنها بۆ ڕەزامەندی خودا بێت و گوێڕایەڵیان بەگشتی و بێ جیاوازی لەنێوانیاندا تەنها بۆ پێغەمبەری خودا بێت ﷺ.

گومانی تێدا نییە ئەگەر لەسەر ڕەوشتی نەفامی بن وەکو ئەوەی هەر کەسێك مامۆستایەکی شتێکی فێر کرد ئیتر پشت بکاتە مامۆستایەکی پێشوو تری ئەم کردارە کە ئەم قوتابییە ئەنجامی داوە ستەمکارییەو تاوانەو گوناهبارییە، ئەم

---

(٦) (صحيح الجامع الصغير: ١٠٨٢).

کردارەی پیسەو حەرامەو وەکو گۆشتی بەرازی مردووە، لەبەر ئەوەی پەیمانی خوداو پێغەمبەرەکەی ﷺ شکاندووە و کەسێکی فێڵبازەو هیچ پەیمان ودین ووەفای نییە، لەسەردەمی نەفامی دا کەسانێك هەبوون پەیمانیان ئەدا بە هۆزێك دوای ئەم پەیمانە ئەگەر هۆزێکی تریان دەست بکەوتایە بەهێزتر بوایە لە هۆزی پێشوو، پەیمانی یەکەمیان هەڵئەوەشاندەوەو پەیمانیان لەگەڵ هۆزی بەهێزتردا دەبەست، پاشان ئەم ئایەتانە هاتە خوارەوە کە دەفەرمووێ:

﴿وَأَوْفُوا بِعَهْدِ اللَّهِ إِذَا عَاهَدْتُمْ وَلَا تَنْقُضُوا الْأَيْمَانَ بَعْدَ تَوْكِيدِهَا وَقَدْ جَعَلْتُمُ اللَّهَ عَلَيْكُمْ كَفِيلًا إِنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ مَا تَفْعَلُونَ وَلَا تَكُونُوا كَالَّتِي نَقَضَتْ غَزْلَهَا مِنْ بَعْدِ قُوَّةٍ أَنْكَاثًا تَتَّخِذُونَ أَيْمَانَكُمْ دَخَلًا بَيْنَكُمْ أَنْ تَكُونَ أُمَّةٌ هِيَ أَرْبَى مِنْ أُمَّةٍ إِنَّمَا يَبْلُوكُمُ اللَّهُ بِهِ وَلَيُبَيِّنَنَّ لَكُمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَا كُنْتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ﴾ [النحل: ٩١-٩٢] .

واتە: کاتێك پەیمانتان بە الله دا بۆ کردنی هەر کارێك بەڕێك و پێکی جێ بەجێی بکەن، سوێندو پەیمانتان بەتاڵ مەکەنەوە دوای ئەوەی بڕیارتان داوە جێ بەجێیان بکەن، بێ هۆی شەرعیش هەڵی مەوەشێننەوە، بەتایبەتی کەخوداتان بەچاودێری خۆتان داناوە، دیارە کەخودا ئاگای لەکردەوەکانتان هەیە، وەکو ئەو ئافرەتە مەبن کە هەموو کات ڕێسەکەی لەپاش گرژی وڕێسان خاو دەکردەوەو کوت کوتی دەکرد، واتە: پەیماندان بەتووندی پاشان هەڵوەشاندنەوەی بەبێ هۆی شەرعی وەکو کاری ئەو ئافرەتە وایە، جائێوەی موسڵمان خاوەنی قسەو ئیمزاو پەیمانی خۆتان بن، بەهۆی تووڕە بوونێکی سادە پەیمان شکێنی مەکەن و سوێندەکانتان بەنیازی ئەوە بێت فرۆفێڵ لەیەك بکەن ویەکتری بخەڵەتێنن، بەو بەهانەیەی فلانە گەل لەگەلی تر زۆر ترو بەهێزترە، جا خوای گەورە ئەم کارەی بەدزێوو ناپەسەند وەسف کردووە، دیارە خودا ئەیەوێت بەو پەیمانە تاقیتان بکاتەوەو بەراوردتان بکات ئایا کێ پەیمان ئەشکێنێ و کێش پەیمان ئەباتە سەروو پەیمان ناشکێنێ.

(مجموعة الفتاوى: ٢٨/١١-١٥).

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين.

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# چەند ئامۆژگاریەك بۆ خوشكان

م/ رمضان قابیل
ئیمام و خەطیـبی مزگەوتی گەورەی
قادركەرەمییەكان لە شۆڕش/ چەمچەمال

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

## پێشەكی

خوێنەری خۆشەویست من نەمویست لـەم چـەند ئامۆژگاریـەدا بەسـەرهاتی داماوەكـانی دونیـا بگێڕمـەوە، هـەروەها نەمویست بەشێوەی (منهج البحث) دایڕێژم، چونكە چەند ئامۆژگاریەك وەكو دیاریەك پێشكەشی دەكـەم بـۆ ئـەو ئافرەتانـەی كـەخاوەن بیرو هۆشن بۆ ئەوانەی كە چاویان بەسەر هەردێركدا یان ئامۆژگاریەكدا دەچێت تێڕامانێك تێدا دەكەن بۆ ئـەو خوشـكانەی كـە دەیانەوێ بەپاكی بەچاكی بژین لەژیاندا پێشینان وتویانـە: (العاقل تكفيه الإشارة) كەسـی ژیر هێمایـەكی بەسـە بـۆ تێگەیشتن

### ئامۆژگاری یەكەم

### خوشكی بەڕێزم:

گەورەترین باسێك كەشایستە بێت مرۆڤ بیزانێت و تێی بگـات ئەوەیـە كـەبزانێت بۆچـی دروسـت كـراوە؟ چ مەبەسـتێك هەیـە لەدروست بوونی مرۆڤ؟ خوای گـەورەو میهرەبـان هـەمووانی دروسـت كـردووە بـە پیـاوان و ئافرەتانـەوە بـۆ پـەرستنی خـۆی تەنانەت جنۆكەكانیش، هەروەك خودای گەورە دەفەرموێ:

﴿وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ﴾ [الذاريات: ٥٦] .

كەواتە: دیارە وشەی عیبادەت ئەوە دەگەیەنێ كەكارێك بكەین لـەژیانی ڕۆژانەماندا ببێتـە جێـی ڕەزامەنـدی پـەروەردگارمان، بەڵام ئایا لەپەرستنی خودایە كە ئافرەت زۆربەی كاتەكانی لەبەر ئاوێنەدا بباتە سەر یـان سـەرقاڵی پـەیوەنـدی وەرگـرتن بـێ، یان تەماشای هەموو زنجیرە فلیمەكانی ڕاگەیاندن بێت، یان........ بێگومان نـەخێر جـا پێویـست دەكـات خوشـكی موسـڵمان بیرێك لەخۆت بكەیتەوە.

### خوشكی موسڵمان:

ڕوونە لەلای هەریەك لەئێمە كەهیچ خانویـەك نییـە ئـیلا دەبێـت چـەند كوڵەكەیـەك ڕایگرتبێـت، وە كوڵەكـەی ئـایینی ئیـسلام نوێژەكانە خوشكی بەڕێزم سوربە لەسەر جێ بەجێ كردنی نوێژەكانت لە كاتی خۆیدا بە لە خـوا ترسـانەوە نوێـژەكانت بـەجێ بهێنە لە واتاكانی نوێژو ویردەكـانی خـۆت تێبگەیەنـە تـا دەتـوانی وریابـە لەوانـە نـەبیت كـە پـەروەردگار باسـیانی كـردووە و لۆمەیان دەكات لە نوێژەكانیاندا تەمبەڵی دەكەن .. ﴿الَّذِينَ هُمْ عَن صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ﴾ [الماعون: ٥] .

## خوشکی ئازیزم: خوشکی بەڕێزم:

هیچ گومانێکی تیدا نییە کەبنچینەی هەموو خراپەیەکی ڕەوشتی دەگەڕێتەوە بۆ تێکەڵ بوونی ئافرەتان و پیاوانی نامەحرەم سەرەتایەکە بۆ دەرئەنجامێکی تاریك و بەئازار دەرئەنجامێك کەهەمووان وەك موسڵمان پێی ناڕازیبین، پێغەمبەری سەروەرمان دەفەرموێ:

(ألا لا يخلون رجل بامرأة إلا كان ثالثهما الشيطان)(١).

واتە: هیچ کاتێك پیاوێکی نامەحرەم لەگەڵ ئافرەتێکدا کۆنابێتەوە لەجێگەیەکدا إلا شیطان سێهەمیانە.

## خوشکی بەڕێزم:

وریابە سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ نەکەیت، وە ئەوەش بزانە کە ئاگری دۆزەخ بەخۆشی وئارەزوو دەور دراوە:

(وحفت النارُ بالشهوات)(٢).

واتە: ئاگری دۆزەخش بە بەخۆشی وئارەزوو دەور دراوە .

## خوشکی بەڕێزم:

باهەست بەوە بکەین کە لەش ساغی نیعمەتی پەروەردگارە و ساغی ئەندامەکانی لەش نیعمەتێکی گەورەیە، جا باوریا بین لەحەرامدا بەکاری نەهێنین، ئایا خوشکی بەڕێزم دیقەتی کوێرت داوە ڕۆژێ لە ڕۆژان تاوەکو نیعمەتی چاوت بیر کەوێتەوە؟! ئایا دیقەتی کەڕو لاڵێکت داوە تاوەکو هەست بەنیعمەتی زمان وبیستن بکەیت؟!

خودای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿وَلاَ تَقْفُ مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً﴾ [الإسراء: ٣٦].

کەواتە پرسیارت لێ دەکرێ بەرامبەر بیستن وبینین ئەو دڵەی کەهەڵت گرتووە، جا خوشکی بەڕێزم گوێکانت بپارێزە لە گۆرانی پڕوپوچ و لەو قسەو قسەلۆکانەی کە هیچ سودێك بە مرۆڤ ناگەیەنن، بەڵکو زۆربەی لەوانەیە تاوانیش بێت، خوشکی بەڕێزم چاوت بپارێزە لەو کەناڵانەی کەدوورن لە هەموو ڕەوشت و ئاکاری مرۆڤایەتی، خوشکی بەڕێزم هەندێ جیگا هەیە وریا بە تیایدا نەوەستی یان بۆی نەچی کەجێگەی گومانی خەڵکیە یان ئافرەتی بەد ڕەوشت و پیاوانی گورگ ئاسا لەو جێگایەدا کۆدەبنەوە !!!

## خوشکی موسڵمان:

شەپۆلی داب و نەریتی غەرب زۆر بەتین بەرەو کۆمەڵگای موسڵمان دێت یەکێك لەو بەڵا گەورانە ئەوەیە کە ئافرەتان پانتۆڵ لەپێ دەکەن وەك دەبینرێ چۆن لەبازاڕ و خوێندنگاو شوێنە گشتییەکان گەنجی موسڵمانی پێ گومڕا دەکەن تەنانەت هەندێ گەنجان لەبەر ئەم دیاریدەیە ناتوانن پەیوەست بن بە ئایینەوە هەروەکو خۆیان دەیانەوێ ئایا دەتەوێ ببی بە بەربەستێك

(١) (رواه الترمذي وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٥٤٦) .

(٢) (رواه الترمذي وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣١٤٧) .

لەئایینی پەروەردگار؟ پاشان دەبێت بیر لەو ڕۆژە بکەیتەوە کە هەریەك بەتەنها ڕووبەڕووی خودای پەروەردگار دەبێتەوە وەڵام ئامادە بکەین بۆ ئەو ڕۆژە.

**خوشکی بەڕێزم:**

پانتۆڵ لەچەند ڕوویەکەوە حەرامە، زانایان فەتوایان داوە بەحەرامی پانتۆڵ بۆ ئافرەتان، چونکە:

یەکەم: خۆ شوبهاندنە بە پیاوان، چونکە پانتۆڵ لەسەرەتاو بنچینەدا پۆشاکی پیاوانە.

دووەم: خۆ شوبهاندنە بە کافران، چونکە پانتۆڵ لە سەرەتاو بنچینەدا پۆشاکی کافرانە.

سێهەم: سەرنجی پیاوان ڕادەکێشێت وتوشی فیتنەیان دەکات.

چوارەم: نابێ ئەو حیجابە یان ئەو جلەی لەبەری دەکەی تەنك بێت بە شێوەیەك کە پێستی ئافرەتەکە دەربخات ئەوا دیسان دەبێتە کۆسپێك لە کۆسپەکان لەبەر دینداری گەنجان وتوشی گوناھ کردنیان دەکەیت.

**خوشکی بەڕێزم:**

دەبێت ئەوە بزانیت کە دەبیت بە خێزانی پیاوێك یان خێزانی پیاوێکی جا چ پێویست دەکات تۆ جوانی خۆت بۆ خەڵکی دەرخەیت؟!!! وخەڵکی کەسانی وەکو گورگی تێدایە کە بە دەوری ناموسی خەڵکی دا دەگەڕێن لە کەداری بکەن وەك دەبیستریَ لە هەندێ شارو شارۆچکەکان!!!

چوارەم: نابێ ئەو جل وبەرگە تەسك بێت لەشی ئافرەتی تێدا دەرکەوێ بەرزو نزمێکانی لەشی ئافرەت دەرکەوێ.

**خوشکی بەڕێزم:**

پێغەمبەری خودا ﷺ باسی دوو کۆمەڵ دەکات کە لە سەردەمی خۆیدا نەبوون و نەیانی بینیوە، بەڵام دێن وپەیدا دەبن، دەفەرمێت: کۆمەڵەی دووهەمیان ئەو ئافرەتانەن:

(نساءٌ کاسیات عاریات مائلات ممیلات لا یدخلن الجنة ولایریحون ریحها وإن ریحها بعد من مسیرةِ کذاوکذا)[٣].

واتە: کۆمەڵە ئافرەتانێکن کەجلیان لەبەردایە بەڵام ڕووتن(یان تەسکە یان کورتە یان تەنکە) لەنجەولار دەکەن ولادەرن و خەڵکی لەڕێ لادەدەن ئەوانە ناچنە بەهەشتەوە، وە تەنانەت بۆنی بەهەشتش ناکەن هەرچەندە بۆنی بەهەشت ئەوەندە وئەوەندە دەڕوات.

پێنجەم: نابێت ئەو جل وبەرگە بە جۆرێك بێت وەکو جلی بێ باوەڕان بێت لە شێواز و دووریِنی وزیاد و کەمی وڕەنگی، چونکە وەك پێشتر باسمان کرد هێمایەکە بۆ خۆشەویستی موسڵمان بۆ بێ باوەڕان ئەمەش حەرامە لە ئاییني پیرۆزدا.

شەشەم: نابێت وەکو جلی پیاوان وابێت یان ئافرەتان دەبێت جلیان جیاواز بێت لە پیاوان، کەواتە هەندێ جل تایبەتن بە ئافرەتانە وەکو کراس و مەکسی وکەوا و عاباو جبە وحیجاب. وهەندێ جل هەن تایبەتن بە پیاوانەوە وەکو قات و پانتۆڵ

---

(٣) (رواه مسلم، وانظر: صحیح الجامع الصغیر: ٣٧٩٩).

وچاکەت و....نابێت ئافرەتان جلی پیاوان لەبەر بکەن، ئایا خوشکی بەڕێزم عابەکەت بەم شێوەیەیە یان بوو بەمانتۆ؟ دڵنیابە گەر عەبات بوو بە (مانتۆ) ئەوا هەنگاو هەنگاو شەیتان بەرەو هەڵدێرت دەبات.

**خوشکی بەڕێزم:**

وریا بین کە تەڵەکەی شەیتان زۆر زۆرە بەلأم بۆ هەموو گۆڕانێك سەرەتایەك هەیە، وەزۆربەی دوور کەوتنەوە لە ئایین پەیوەست بوون بە ئاستی ئیسلامی پیرۆز لە بیر کردنەوەیەکدا ڕوو دەدات چۆن سەرەتای هەر لافاوێك دڵۆپە ئاوێکە . ئاواهاش سەرەتای سفور بوونی ئافرەت لە بیردا هاتنێکەوەیە.

**خوشکی ئیماندارم:**

پەیوەست بە بە حیجابەکەتەوە، چونکە ناسنامەیەکە بۆ تۆ، بەڵێ ناسنامەی ئافرەتانی بەڕەوشت و ئایین پەروەرە . خوشکی ئیماندارم

ئەو قۆناغانەی کە مرۆڤ پێیدا تێدەپەڕێ چوار قۆناغە یەکەم قۆناغ ئەم دنیایەیە کەتێیدا دەژیت، پاشان قۆناغی ناو گۆڕ وژیانی ناو گۆڕ، پاشان ژیانی مەحشر گۆڕەپانی مەحشرکە فریشتەکان هەمووی تێیدا کۆدەبێتەوە، خودای گەورە خەڵکی تێیدا محاسبە دەکات ولێ پرسینەوە دەکرێ پاشان یان بەهەشتی پان وبەرینە یان ئاگری دۆزەخ پەنامان هەر خودایە، خوای گەورە من وخوێنەری ئەم چەند لاپەڕەیە بەبەهەشتی پان و بەرین شاد بکات .

**بەلأم خوشکی ئیماندار:**

دڵنیابە کەدونیا تاقیکردنەوەی تێدایە خۆشێکانی قۆناغەکانی قەبر ومەحشرو بەهەشت ڕاوەستاون لەسەر گوێڕایەڵی کردنت بۆ پەروەردگارت، خودای گەورە دەفەرمێت:

﴿الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ﴾ [الملك: ٢] .

خودا ژیان ومردنی دروست کردووە تاکو بەندەکانی تاقی بکاتەوە وکێ کردەوەی باشترین دەکات وگوێڕایەڵی خوای گەورەیە جا ئەگەر لەدونیا وەلأمی ئایینی پەروەردگارت نەدایەوە دڵنیابە کەژیانی ناو گۆڕ سزایەو تاریکییە لەگۆڕەپانی مەحشردا شەرمەزاری و ڕیسواییە شەکەت و ماندوێتییە لەدوای مەحشر بەرەو خەشم وتوڕە بوونی خودا دەبێت کە ئاگری دۆزەخە.

جا خوشکی بەڕێزم چاکەکاربەو خۆت بپارێزە تاوەکو پارێزراو بیت لە هەموو ناهەموارێك لەڕاستێکانی دونیای غەیبدا ڕوودەدات کە توشی تاوان باران دێت لە دوای بەهارو جوانی و گوڵی گەنم وهەڵوەرینی.

**خوشکی بەشەرم وحەیا:**

وریابە لەو مۆبایلەی کە هەڵی دەگریت یا ئەو (تلفون)ەی کەلەماڵەوەیە بەڕاستی ئافرەتانێکی زۆری بەرەو هەڵدێر بردووە ئابڕوی چەندەها بنەماڵەی بردووە سەری چەندەها سەربەرزی سەرشۆڕ کردووە، چەندەها کچان توشی شەرمەزاری کردووە تاوەکو وایان لێ هاتووە نەدەژین نەدەمرن!!! چەندەها کچی تازە پێ گەیشتو کە هێشتا لەفرۆفێڵی پیاوە گورگ ئاساکان تێنەگەیشتوون توشی هەڵدێری گەورەیان دەکەن ڕووزەردی لای ماڵ دەبن بەناوی عیشق وخۆشەویستی‌یەکی بەتاڵ کە

لەڕاستیدا قـولّ کـردن و ڕابـواردن وهەڵخەڵەتاندنـە، لـە کۆتـاییش پیاوەکـە یـان کـوڕە گەنجەکـە وەك بـەرزەکی بابـان بـۆی دەردەچێ، کچەکەش جێگای دەبێتە گۆڕو بڕیاری کۆتایی دەردەچێ کەنابێ کچەکە بژی.

ئەم ئەنجامی بەشێکی ئافرەتانە لە کوردستان سالآنە سەدەها حاڵەتی وەها ڕوو دەداو باسش ناکرێ، لەبیر دەبرێ.

**جا خوشکی موسڵمان:**

سەرەتای زۆربەی ئەم پەیوەندییە ناڕاستەوخۆیانە کە ڕوو دەدەن لە مۆبایلەکەتەوەیە، ئەم ڕاستییە کەدەبێت بوترێ، وریابە خوشکی ئازیز هەموو پەیوەندێك وەلأم مەدەوە.

چەندەها ئافرەتی بە شەرم وحەیا شەرمی خۆی دانا لە ڕێگای مۆبایلەوە و چەندەها ئافرەت لـەڕێگای پەیوەندێکانـەوە توشـی هەڵەی گەورە بوونە ماڵی خۆی پێ وێران کرد، وچەندەها وێران بوونی هۆکارەکە دەگەڕێنینەوە بۆ ئەم حاڵەتە.

**خوشکی بەڕێز.**

ڕاستە مرۆڤ لەژیانی دونیادا پێویستی بەگەڕان وسەفەر هەیە، بەلأم وریا بیت نەکەی بۆ جێگایەی دور ڕۆیشتی کە ڕێگای شـەو ڕۆژێك بێت بەتەنها بچیت بە بێ ئەوەی کە مەحرەمێکت لەگەڵ دابێت. چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرمێت:

(لايحل لامرأة تؤمن بالله واليوم الآخر أن تسافر مسيرة يوم وليلة إلا مع ذي محرم)(٤).

واتە: دروست نییە بۆ ئافرەتێك کە باوەڕی بەخواو ڕۆژی دوای هەبێت سەفەر بکـات لەشـەو ڕۆژێـك زیـاتر بێـت مەگـەر لەگـەڵ مەحرەمێکی خۆیدا نەبێت.

ئەمە بۆ کاتێك گەر هاتوو دونیا ئەمن و ئاسایشی تێدا هەبێت، خـەڵکی بەگشتی خودانـاس و پـاك بـن، بـەلأم ئەگـەر ئەمانـەت نەماو ئاسایش کەم بوو خەڵکی خراپ زۆر بوو ئەوا تەنانەت دروست نییە بە تەنها لـە شـاری خـۆی دەرچـێ بگـرە تـاوەکو نـاو شاری خۆی گەر خراپە کاری زۆری تێدا بێت. ئەمانەش هەمووی بۆ پاراستنی کەسایەتی ئافرەتە تـا کـەس هـەتکیان نـەکات و نەبن بەنێچیری گورگەکان!!!؟؟

خوشکی موسڵمان خوشکی خوێندکار: بەتەنها لەگەڵ شۆفێردا سەرمەکەوە مەگەر شۆفێرەکە کەسـی مـەحرەمی خـۆت بێـت، چونکە دروست نییە بۆت لەگەڵ پیاوی نامەحرەمدا پێکەوە دانیشن لەشوێنێکدا.

ئەگەر تائێستا کـاری وات کـردووە وازی لـێ بهێنـە، چـونکە لەوانەیـە خوشـکی بـەڕێزم تـاکو ئێسـتا لەگـەڵ شـۆفێرێکدا سـەر کەوتبێتی بەشـێوەیەك دووا بێت لەگەڵتدا کەشایستەی ڕێزی جـەنابت نـەبوو بـێ بـەلأم هەڵەکـە دەگەڕێننـەوە بـۆ کـێ!!!

**خوشکی ئیماندارم**

وەك ڕاسـتیەك دەوتـرێ کـە ئـافرەت نیـوەی کۆمەڵگایـە دایکـی نیوەکـەی تریشێتی. کـەوابوو گـەر بێـت ئـافرەت هەسـت بـە بەرپرسیاری خۆیان نەکەن ئەوا چۆن گومانی باش هیوای گەورەمان هەبێت بە منداڵەکان کەلەباوەشـی ئافرەتانێکدا گـەورەبن کەخۆیان لەژیان نەگەیشتبن لەمەبەستەکانی خێزان وپەروەردە کردنی منداڵ نەگەن ونەزانن .

---

(٤) (رواه الترمذي وأبو داود، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٧٦٥٣).

جا چۆن هیوایەکمان هەبێت بەو منداڵانەی کەنەوەی پێشکەوتنی وڵات ونەتەوەی خۆیان بن لەهەمان کاتدا لەباوەشی ئافرەتانێکدا گەورە بن خۆیان پێویستیان بەئاراستەی ژیان وئامۆژگاری گشتی بێت.

لێرەوە دەڵێم: ڕووتی ئافرەتان زۆر گەورەیە وکاریگەری هەیە بۆ ڕوخاندنی وڵات ونەتەوە یان بۆ سەرخستنی وڵات.

بۆیە لەکۆنەوە وتراوە: (وراء كل رجل عظيم أمٌ).واتە: لەپشتی هەر پیاوێکی گەورەوە دایکێك هەیە.

## خوشکی موسڵمان

خوشکی بەڕێزم هیچ شانازیەك لەوەدا نییە بۆ مرۆڤ کەتەنها باوەڕی بە بینراوەکان هەبێت، چونکە هەموو مرۆڤەکان تێیدا یەکسانن بەڵام گەورەیی و ژیری لەوەدایە کە مرۆڤ باوەڕی بەڕاستییەکانی دونیای غەیب هەبێت کە هیچ گومانی تێدا نییە وهەمووان دەبینین وپێدا تێ دەپەڕین.

## خوشکی باوەڕدار.

لەگۆڕەپانی مەحشر خودای گەورە ومیهرەبان ئەو زاتە پیرۆزە یەك یەك بانگمان دەکات بەبێ ئەوەی وەرگێڕێك لەو نێوانەدا هەبێت، جالەو کاتە سەیری لای ڕاست دەکەی ئەو کارەی ئەنجامت دابێت دەیبینی، پاشان سەیری لای چەپ دەکەی بەهەمان شێوە ئەو کردەوانە دەبینیت کە کردوتە، پاشان سەیری پێشی خۆی دەکات هیچ شتێك نابینێ تەنها ئاگری دۆزەخ نەبێ، جا خۆت بپارێزە لەو ئاگرە باتەنانەت بە لەتە خورمایەك بێت، با بە ووشەیەکی باش بێت.

(ما منكم من أحد إلا سيكلمه الله يوم القيامة ليس بينه وبينه ترجمان فينظر أيمن منه فلا يرى إلا ما قدم وينظر أشأم منه فلا يرى إلا ما قدم وينظر بين يديه فلا يرى إلا النار تلقاء وجهه فاتقوا النار ولو بشق تمرة ولو بكلمة طيبة)[٥] .

## خوشکی بەڕێزم:

چ وەڵامێك ئامادە دەکەیت بۆ خودای گەورە لەو کاتەدا کە پێت بڵێت: ئەی بەندەی خۆم ئایا شەرمت لەمن نەدەکرد سەرپێچی فەرمانی منت دەکرد بەئاشکرا بەڵام تاوانەکانت لەخەڵکی دەشاردەوە!!!

## خوشکی باوەڕدار

دیارە کەدونیا تەمەنی درێژە پێش لەدایك بوونی من وتۆ و ئەوانەی دەیانبینین دونیا هەر هەبووە، ئەوەش بزانە دونیا هەر دەمێنێت دوای مردنیشت وئەو تەمەنەی تۆ بەرامبەر بە مێژووی دونیا چەند نەختێکە هیچی تر نا.

و ئەو چەند ڕۆژەی تەمەن دیاری کراوە بەهەلی بزانە.

## خوشکی بەڕێزم:

بۆ گوێڕایەڵی خوداو پێغەمبەری خودا ﷺ بەجێ بهێنە وریابە تۆ پێك هاتووی لەتەمەنت ئەگەر ڕۆژێك ڕۆیشت لەتەمەنت ئەوە بزانە بەشێك لەتۆ ڕۆیشتووە. وەئەوەش بزانە هەموو دونیا هەستن ناتوانن ئەو خولەکەی کەبەسەرتا تێ دەپەڕێ بیگەڕێننەوە بۆت!!!داوام وایە لە هەموان کەکات بەفیرۆ نەدەین نەك خراپەی تێدا بکەین!!!

---

(٥) (رواه الترمذي والبيهقي، وصححه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٥٧٩٨).

## خوشكی بەڕێزم

بەڵایەكی تری كومەڵگا و زەرەرێكی تیمار نەكراو ئەو جوكی وفاڵچی وساحیرانەی گۆمەڵگایـــە .

بەشێكی زۆری ناكۆكێكانی خێزانی ئەو ساحیرانە دروستی دەكـــــەن بەڕەش كردنی ئافرەت لەبەر چاوی پیاوەكەی یان پیاوەكە لەبەر چـاوی ئافرەتەكە كە دەبێتە هۆكاری تێكچونی خێزان و پاشان تەڵاق و پاشان ئەو منداڵانەی كە لەو نێوانەدا بوون دەبن بەقوربانی ئەو كێشەیە كە بینراوە وهەست پێكراوە .

## خوشكی بەڕێزم:

پەنا نەبەیتە لای ئەو فاڵچیانە، چونكە لە شەرعی پیرۆزی ئیسلامدا گوناهێكی گەورییە هەروەك پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرموێ:

(من أتى عرافاً أوكاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما نزل على محمدﷺ)(٦)

واتا: هەر كەسێك بچێتە لای فاڵچیەك یان ساحرێك وباوەڕی پێ بكات بەوەی كە دەیڵێت ئەوە ئەو كەسە بێ باوەڕ بووە بەو پەیامەی كەوا دابەزیوە بۆ سەر محمدﷺ .

ئەم حاڵە ئەگەر بێت وبچێت بەڕاستی بزانێ، بەڵام تەنها بچێتە لای پرسیاری لێ ئەكەی بەڕاستی نەزانی ئەوە نوێژی چل ڕۆژت قبول نابێت، هەروەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێ:

(من أتى عرافاً فسأله عن شيء لم تقبل له صلاة أربعين يوماً)(٧) .

چونكە بەڕاست زانینی فاڵچی وجوگی لەگەڵ پەیامی ئیسلامدا یەك ناگرن لەئایینی ئیسلامدا.

وە لە فەرموودەدا هاتووە:

(لايعلم الغيب إلا الله)(٨).

واتە: تەنها خودا لەغەیب و پەنهانەكان دەزانێت، ئەوانیش بانگەشە بۆ ئەوە دەكەن كە غەیب دەكەن.

## خوشكی بەڕیزم

ئایا دەزانێ ڕوبەری تاوانەكان كەدەكرێ بەئەندامی زمان دەكرێ، ئەو زمانەیە كەوا دەكات بەتەنها ووشەیەك خۆشەویسترین كەس دڵ بریندارکەی وبەتەنها ووشەیەك دەبێتە هۆی جیابوونەوەی خێزانی، تەنها وشەیەكە دەبێتە هۆی لەخودا بەدوور بیت، هەر بۆیە خودا زمانی لەنێوانی ڕیزبەند دانا دروست كردووە تاكو توانای گرتنیمان هەبێت وهەموو ئەندامەكانی لەش پەنا دەگرن بەخودا لە زمان وشەڕی زمان، هەر بەزمان دەكرێ ناشرینترین ڕەوشت كەدرۆیە هەربە زمان دەوترێ كە لەعنەت لە منداڵی خۆت یا خەڵكی بكەیت چەندەها تاوان وگوناهی گەورەیە وەكو غەیبەت وەكو بوهتان ..

---

(٦) (صحيح الجامع الصغير: ٥٩٣٩) .

(٧) (صحيح الجامع الصغير: ٥٩٤٠).

(٨) (حديث حسن رواه الطبراني).

**خوشکی ئیماندار:**

خۆت بەدور بگرە لەئافاتی زمان لەنەهامەتیەکانی زمان، زمان و ئەنجامی ڕەشی زمان، تـاکو یـەکێك بیـت لەئیمانـدارە ڕاسـت گۆکانی دونیا...

**خوشکی بەڕێزم:**

بیرێك لەڕۆژانی ڕابردوو بکەرەوە گەر ئاوەدان بوو بەچاکەو پاکی ئـەوە بزانـە کـە فـەزڵی خودایـە لەسـەرت شـوکرو سـوپاس و ستایش بکە، گەر هاتو وانەبوو لەگەڵ بیرکردنەوەتدا ئەوا فرمێسکی پەشیمانی بڕێژە بۆ ئەو هـەموو تـاوان وهەلأنـەی کردووتـە بۆ ئەو کاتەی بەبێ ئاگایی بەسەرت بردووە، ئایا ڕۆژێك یان تاقیێـك یـان کاتـژمێرێك دانیـشتووی لـێ پرسـینەوە بکـەیت لەگـەل خۆتدا پێش ئەوەی محاسبە بکرێیت .

**خوشکی بەڕێزم:**

تاکو لە دونیا ماویت مۆڵەتت هەیە بۆ گەڕانەوە بەڵام گەر مردیت هـەموو دەرگایـەکت لێ دادەخرێـت ئەوسـا شـەرمەزاری هـەتا هەتایی توشت دەبێت خوای گەورە من وتۆ و موسڵمانان بپارێزێ.

**خوشکی موسڵمانم:**

تەنها پەرستنێك هەبێ کەزەحمەتی تێدا نەبێ دەنگی گەورە ومەزن بێت دوعایە و پاڕانەوا غەنیمەتێکی گەورە، ئـەم عیبادەتـە جێ بەجێ بکە وبپاڕێرەوەو پەلە مەکە لەوەڵام دانەوەتدا .....

وصلی اللە وسلم علی نبینا محمد وعلی آلة وصحبة أجمعین.

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# تەفسیر کردنی قورئانی پیرۆز

✍ ئەندازیار/ ئاراز عزالدین

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

تەفسیر لە زمانەوانیدا: لە(فسر)وە هاتووە واتە: لابردنی پەردە لەسەر شتێکی داپۆشراو ولابردنی ئەو شتەی کە داپۆشیوە .

لەزاراوەی شەرعدا: ڕوونکردنەوەی واتاکانی قورئانە، ئیمامی (بدرالدین الزرکشی) ئەفەرموێت: (التفسير علم يفهم به كتاب الله المنزل على نبيه محمد ﷺ وبيان معانيه واستخراج احكامه وحكمه).

واتە: (تەفسیر ئەو زانستەیە کە بەهۆیەوە لەکتێبی خوا کەدابەزیوە بۆ سەر پێغەمبەرﷺ تێ دەگەین وەبۆ ڕوونکردنەوەی واتاکانی ودەرکردنی حوکمەکانی).

## فێربوونی تەفسیری قورئان واجبە:

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿كِتَابٌ أَنْزَلْنَاهُ إِلَيْكَ مُبَارَكٌ لِيَدَّبَّرُوا آيَاتِهِ وَلِيَتَذَكَّرَ أُولُو الْأَلْبَابِ﴾ [ص: ٢٩].

واتە: (ئێمە ئەم کتابەمان دابەزاندوە بۆ سەر تۆ ئەی پێغەمبەرﷺ کە کتێبێکی پڕ بەرەکەتە بۆ ئەوەی کەدەیخوێنێ وئەوەی کاری پێ دەکات وئەوەی حوکمی پێ دەکات وەبەرەکەتی لێوە بەدەست دێنن بۆ ئەوەی لەئایەتەکانی قورئان ورد ببنەوە وبگەن بەماناکانی وەخاوەن عەقڵەکان پەندو ئامۆژگاری لێ وەربگرن)

وە لەچەندین ئایەتی تردا سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە لە قورئان وورد نابنەوەو بەکەسانێك وەصفیان دەکات کە قوفڵ لەسەر دڵیان دراوە وەك دەفەرمووێت: ﴿أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا﴾ [محمد: ٢٤].

سەلەفی صالح ﷺ فێری خوێندنەوەو ماناکانیشی دەبوون ئەو کات دەیان توانی کار بەقورئان بکەن بەو شێوەیەی خوای گەورە مەبەستێتی وئەیەوێت, چونکە کارکردن بەشتێ ماناکەی نەزانی مەحاڵە)، ابوعبدالرحمن السلمی دەفەرموێت: (حدثنا الذين كانوا يُقرؤننا القران كعثمان بن عفان وعبدالله بن مسعود ﷺ أنهم كانوا إذا تعلموا من النبي ﷺ عشر أيات لم يتجاوزوها حتى يتعلموا ما فيها من العلم والعمل) .

واتە: (ئەوانەی کە قورئانیان پێ دەخوێناین وەکو عوسمانی کوڕی عەففان وعبدالله ی کوڕی مسعود ﷺ پێیان ڕاگەیاندوین کاتێ دە ئایەت لە پێغەمبەرەوەو فێربووینایە ﷺ بەسەریدا تێ نەدەپەڕین وئایەتی تر فێر نەئەبووین تاوەکو چی زانستی تیا هەیە فێر نەبووینایە ووەچۆنێتی کارکردنیشمان پێ ی ).

شێخ الاسلام ابن تەیمییە ئەفەرمێ:

(والعادة تمنع أن يقراء القوم كتاباً في فن من العلم كالطب والحساب ولايستشرحوه فكيف بكلام الله تعالى الـذي هـو عصمتهم وبه نجاتهم وسعادتهم وقيام دينهم ودنياهم).

واتە: خەڵکی هیچ کتێبێ ناخوێننەوە لە زانستەکانی وەك پزیشکی و بیرکاری تاکو شەرح نەکرێ بۆیان ئەی چۆن قورئان ئەخوێننەوەو فێری تەفسیری نابن کە پارێزەریانەو وەهـۆی رزگـاری و خۆشـبەختی و راوەسـتاوی دیـن و دونیایانە وە پێویستە لە سەر ئەهلی علم کە قورئان روون بکەنەوە بۆ خە ڵکی لـە ڕێی دەرس و محازەراتـەوە یان لەڕێی نوسینەوە یان ڕێگەیەکی تر.

خوای گەورە ئەفەرمێ:

﴿وَإِذْ أَخَذَ اللَّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلَا تَكْتُمُونَهُ﴾ [آل عمران: ١٨٧].

واتە: کاتێ خوای گەورە پەیمانی لە ئەهلی کتاب (گـاور و جولەکـە) وەرگـرت کـە کتێبەکـەیان روون بکەنـەوە بـۆ خەڵکی و نەیشارنەوە، کەوا دینی ئیسلام دێ بۆ ئەوەی شوینی بکەون.

## ئەوەی پێویستە لەسەر ئەو کەسەی تەفسیری قورئان ئەکات

ئەوەی پێویستە لەسەری ئەوەیە ئەو کەسە هەست بکات وەرگێڕی خوای گەورەیە کاتێ قورئـان تەفـسیر ئـەکات وە ئەو شاهێدی دەدات لەوەی خوای گەورە لەم ئایەتە چی مەبەستە, جا نابێ بەبێ زانست قـسە بکـات، چـونکە ئەو کاتە ئەکەوێتە ناو حەرامەوە و وەسزای زۆر توندی لەسەرە لەرۆژی دوایی، خوای گەورە ئەفەرمێ:

﴿قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ وَالْإِثْمَ وَالْبَغْيَ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَأَنْ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ مَا لَمْ يُنَزِّلْ بِهِ سُلْطَانًا وَأَنْ تَقُولُوا عَلَى اللَّهِ مَا لَا تَعْلَمُونَ﴾

[الأعراف: ٣٣].

واتە: ئەی محمدﷺ پێیان بفەرمە خوای گەورە حەرامی کردووە کاری داوێن پیسی ئەوەی بـە ئاشـکرا ئـەکرێ و ئەوەی بە نهێنی، وە تاوان وزوڵم و دەست درێژی کردنە سەر خەڵکی وهاوبەش بڕیاردان کـە هـیچ بەڵگەیـەکی بـۆ دانەبەزاندوە، وەقسە لەسەر خوا بکات بەبێ زانست.

هەروەها ئەفەرمێ:

﴿وَيَوْمَ الْقِيَامَةِ تَرَى الَّذِينَ كَذَبُوا عَلَى اللَّهِ وُجُوهُهُمْ مُسْوَدَّةٌ أَلَيْسَ فِي جَهَنَّمَ مَثْوًى لِلْمُتَكَبِّرِينَ﴾ [الزمر:٦٠].

واتە: لە ڕۆژی دواییدا ئەیان بینی ئەوانەی درۆیان بۆ خـوا هەڵبەسـتوە ڕویـان ڕەشـە, ئایـا دۆزەخ شـوێنی لـوت بەرزەکان نییە؟

## مەرجەکانی ئەو کەسەی تەفسیری قورئان ئەکات:

زانایان رەحمەتی خوایان لێ بێ چەند مەرجێکیان داناوە بۆ ئەو کەسەی تەفسیری قورئان ئەکات لەوانە:

١- عەقیدەیەکی پاك و سەلامەتی هەبێ: عەقیدە کاریگەری زۆری بەسەر خاوەنەکەیەوە هەیە، چونکە کاتێ ئایەتێ تەفسیر بکا پێچەوانەی عەقیدەکەی خۆی بێ ئەوا ئایەتەکە تەئویل ئەکاو ماناکەی ئەگۆڕێ و ئەبێتە رێگر لە شوێن کەوتنی خەڵك بۆ حەق.

٢- شوێن کەوتەی هەواو ئارەزوو نەبێ: چونکە هەواو ئارەزوو وا لە خاوەنەکەی ئەکات کە هەوڵ بدات بۆ سەرخستنی مەزهەبەکەی و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی بە قسەی نەرم و رازاوە وەك کۆمەڵەکانی قەدەری و موعتەزیلەو.......هتد.

٣- ئەبێ سەرەتا تەفسیری قورئان بە قورئان بکات، چونکە خوای گەورە قورئانی دابەزاندووە وخۆیشی زاناترە بەمەبەستەکانی قورئان، هەروەها قورئان لە هەندێ شوێندا باسی شتێکی کردووە بە کورتی بەڵام لە شوێنی تردا بە درێژی باسی کردووە و زیاتر روونی کردوەتەوە.

نمونەی تەفسیری قورئان بە قورئان خوای گەورە ئەفەرمێ:

﴿أَلَا إِنَّ أَوْلِيَاءَ اللَّهِ لَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ﴾ [يونس: ٦٢] . وە وشەی(أَوْلِيَاءَ) ی لە دوای ئایەتەکەوە بە﴿الَّذِينَ آمَنُوا وَكَانُوا يَتَّقُونَ﴾ [يونس: ٦٣] تەفسیر کردووە.

٤.تەفسیر کردنی قورئان بە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ گەیەنەری ئەم دینەیە لە لایەن خوای گەورەوە، وەزاناترین کەسە لەناو خەڵکدا بە ماناکانی قورئان، خوای گەورە ئەفەرمێ:

﴿وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ﴾ [النحل: ٤٤] .

واتە: ئەی محمد ﷺ ئێمە ئەم قورئانەمان بۆ تۆ دابەزاندوە بۆ ئەوەی بۆ خەڵکی ڕوون بکەیتەوە، وە بەڵکو ئەوانیش بیربکەنەوە، وە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ راڤەکار و روون کەرەوەی قورئانن.

پێغەمبەری خوا ﷺ ئەفەرمێ:

(ألا إني أوتيت القران ومثله معه)(١).

واتە: قورئانم بۆ هاتوە وەهاشێوەشی لەگەڵیدایە.

واتە: سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ.

نمونەی تەفسیر کردنی قورئان بە فەرموودە، خوای گەورە ئەفەرمێ:

﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ﴾ [يونس: ٢٦] .

---

(١) (صحيح سنن أبي داود: ٤٦٠٤، صحيح الجامع الصغير: ٢٦٤٣).

پێغەمبەری خوا ﷺ (زِيَادَةٌ)ی بە تەماشا کردنی خوای گەورە تەفسیر کردووە وەك لە حەدیسی صحیح مسلم داهاتوە.

عن صهيب بن سنان رضي الله عنه عن النبي ﷺ في حديث قال فيه: (**فيكشف الحجاب فما أعطوا شيئا أحب اليهم من النظر الى ربهم عزوجل ثم تلا الأيه**)[٢] ﴿**لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ**﴾[يونس: ٢٦] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی لە ڕۆژی قیامەتدا پەردە لە نیوان خوا و ئیمان داران لائەدری لە بەهەشتدا، ئەوانیش هیچ شتێ خۆشتر نییە لایان لە وانەی پێیان دراوە لە سەیر کردنی خوای گەورە پاشان ئایاتەکەی خوێندەوە.

٥.ئەگەر نەیتوانی ئایاتەکە بە قورئان و فەرموودە تە فسیربکا ئەوا بە وتەی صەحابەکان رضي الله عنهم تەفسیری ئەکا: بەتایبەتی زاناکانیان و ئەوانەی گرنگیان بە تەفسیر داوە، چونکە قورئان لە سەردەمی ئەواندا و بە زمانی ئەوان هاتۆتە خوارەوە وە زاناترین کەس بوونە بە کات و شوێنی دابەزینی ئایاتەکان و هۆی دابەزینیان(اسباب نزول) وەك عبداللەی کوڕی مسعود رضي الله عنه ئەفەرمێ:

(والله الذي لا إله غيره ما أنزلت سورة من كتاب الله إلا وأنا أعلم أين نزلت، ولا أنزلت آيه من كتاب الله إلا وأنا أعلم فيمن نزلت).

واتە: سوێند بەو خوایەی کە هیچ خوایەکی تری حەق نییە کە شایانی پەرستن بێت غەیری ئەو هیچ سورەتێکی قورئان دانەبەزیوە ئیلا ئەزانم لە کوێ دابەزیوە، وە هیچ ئایەتێك لە قورئان دانەبەزیوە ئیلا ئەزانم لەسەر کێ دابەزیوە.

وە هەروەها راستگۆترین کەس بوونە لە دوای پێغەمبەران لە شوێن کەوتنی حەق، وەسەلامەترین کەس بوونە لە شوێن کەوتنی هەوا و ئارەزووز.

نمونەی تەفسیر کردنی قورئان بە وتەی صەحابە رضي الله عنهم، خوای گەورە ئەفەرمێ:

﴿**وَإِنْ كُنْتُمْ مَرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاءَ أَحَدٌ مِنْكُمْ مِنَ الْغَائِطِ أَوْ لَامَسْتُمُ النِّسَاءَ**﴾ [النساء: ٤٣] .

وەریوایەت کراوە کە ابن عباس رضي الله عنهما وشەی (لَامَسْتُمُ) ی بە جماع(جوت بوونی ژن و مێرد) تەفسیر کردووە.

٦.ئەگەر ئایەتەکە بە قورئان و فەرموودە و وتەی صەحابە رضي الله عنهم تەفسیر نەکرا ئەوا بە وتەی تابعی تەفسیری ئەکات.

چونکە لە دوای صەحابە باشترین کەس بوونە، وە لە سەردەمی ئەماندا زمانی عەرەبی گۆڕانێکی وای بە سەردا نەهاتووە، وە تەفسیریان لە صەحابەوە وەرگرتوە.

ئەوانەی بە ناوبانگ بوونە لە تەفسیر کردندا:

---

(٢) (مسلم وابن ماجة والترمذي والنسائي، وانظر: صحيح سنن ابن ماجة: ١٨٧، وصحيح سنن الترمذي: ٣١٠٥).

مجاهد، سعيد بن جبير، عكرمة، عطاء بن أبي رباح، حسن البصرى، مسروق، سعيد بن مسيب، ربيع بن أنس، قتـــادة، ضحاك بن مذاحمﷺ.......**هتد**

**نمونەی تەفسیر کردنی قورئان بە وتەی تابعی خوای گەورە ئەفەرمێ:**

﴿وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ﴾

[الإسراء: ٢٣] . **وشەی(قضى)مجاهد بە**(وصى)**تەفسیری کردووە، وە ربیع بن انس بە** (اوجب) **تەفسیری کردووە.**

**٧.دەبێ شارەزا بێ بە زمانی عەرەبی و بەشەکانی: چونکە قورئان بە زمانی عەرەبی دابەزیوە و تێگەشتنی ڕاوەستاوە لەسەر شارەزایی کەسەکە لەزمانی عەرەبی دا مجاهد ئەفەرمێ:**

(لا يحل لأحد يؤمن بالله واليوم الآخر أن يتكلم في كتاب الله إذا لم يكن عالما بلغات العرب).

**واتە: حەلاڵ نییە بۆ کەسێ کە ئیمانی بە خوا و بە ڕۆژی دوایی هەبێ قسە بکات لە بارەی کتێبی خواوە(تەفسیری قورئان بکات) ئەگەر زانا نەبێ لە زمانی عەرەبی و بەشەکانی.**

**٨. دەبێ شارەزا بێ لەو زانستانەی کە لکاون بە قورئانەوە وەك زانستی خوێندنەوەکان(علم القراءات)وەشارەزابێ لە(اصول التفسیر) وە چەند زانستێکی تر.**

**٩.دەبێ ئەو کەسەی تەفسیری قورئان ئەکات خاوەن تێگەشتنێکی ورد بێ بۆ دەرکردنی حوکم و هەڵبژاردنی مانای باش لەگەڵ دەقە شەرعییەکاندا بگونجێ.**

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آلة وصحبة أجمعين.

## سەرچاوەکان:


١. أصول في تفسير و شرحه للشيخ العلامة محمد بن صالح العثيمين.
٢. مباحث في علوم القرآن لمناع قطان.
٣. الإتقان في علوم القرآن للإمام السيوطى.


==================


# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# مافەکانی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بەسەر باوەڕدارانەوە

## بەشی دووەم

م/عبید محمدامین
پێش نوێژو وتار خوێنی
مزگەوتی(مجمَّع) لە چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين .

**مافی دووەم:** گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ لەهەموو شتێکدا کە فەرمانمان پێ دەکات. بێگومان گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ شتێکی پێویستەو مەجالی سەرپێچی کردنی تێدا نییە. گوێڕایەڵی کردنی پێشەوامان ﷺ پێویستە لەبەر چەند هۆیەك لەوانە:

١- لەبەر ئەوەی خوای پەروەردگار فەرمانی پێکردوین کە گوێڕایەڵی فەرمایشتە جوانەکانی پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ بکەین و سەرپێچی نەکەین.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا أَطِيعُوا اللَّهَ وَأَطِيعُوا الرَّسُولَ﴾ [النساء: ٥٩] .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە و باوەڕدارن گوێڕایەڵی خوا و پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن و لە فەرمانیان دەرمەچن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ گوێڕایەڵی کردنی خوای پەروەردگارە، وەك لە ئایەتێکی تردا دەفەمووێت:

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿مَنْ يُطِعِ الرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ اللَّهَ﴾[النساء: ٨٠] .

واتە: ئەو کەسەی گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بکات ئەوە بێگومان گوێڕایەڵی خوای پەروەردگاری کردووە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ڕەدێکی زۆر گەورەیە بۆ سەر ئەو کەسانەی کە جیاوازی دەخەنە نێوان قورئان و فەرموودە ڕاست(صحیح)ەکان بەوەی کە قورئانی پیرۆز وەردەگرن و فەرموودەکان لەبیردەکەن و فەرامۆشیان دەکەن و جێ بەجێیان ناکەن و گرنگیان پێ نادەن و شوێن کەوتنی فەرموودەکان بەلایانەوە واجب نییە، بێگومان ئەم جۆرە کەسانە گومڕاو سەرلێ

شێواون وهیچ ڕێزێکیان نییە لای پەروەردگار، چونکە ڕێزی فەرموودەکان ناگرن، بەم گومڕایانە دەوترێت (القرآنیین)

پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ دەفەرمووێت :

( ترکت فیکم شیئین لن تضلوا بعدهما کتاب الله وسنتي)(١).

واتە: دوو شتم لەناو ئێوەدا بەجێ هێشتوە گەردەستیان پێوەبگرن ئەوە بێگومان گومڕاو سەرلێ شێواو نابن ئەویش بریتییە لە قورئانی پیرۆزو سوننەتەکانی من.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دەستگرتن بەقورئان و سوننەتەوە بەختەوەری بۆ هەردوو جیهان بۆ خاوەنەکەی مسۆگەر دەکات و بە پێچەوانەشەوە وازهێنان لێیان گومڕاییە.

٢- لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بانگەوازی ئوممەتەکەی دەکات بۆسەر ڕێگای ڕاست ودروست، کەبە ویستی خوای پەروەردگار دەیانگەیەنێتە ڕەزامەندی خۆی و بەهەشتی پڕلە نازو نیعمەت.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلَى صِرَاطٍ مُسْتَقِيمٍ﴾

[الشورى: ٥٢] .

واتە: بێگومان ئەی پێغەمبەری خواﷺ تۆ بەویستی خوای پەروەردگار ڕێگای ڕاست نیشانی خەڵکی دەدەیت و ڕێنموویيان دەکەیت بۆ سەر ڕێگای ڕاست و دروست.

کەواتە: پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ دڵسۆزترین کەس و پێشەوایە بۆ ئێمە لەبەر ئەوە ئێمەش لە خۆمان و هەموو کەس وکار و منداڵەکانمان خۆشترمان دەوێت.

٣- لەبەر ئەوەی لەگوێڕایەڵی کردنیدا ڕێنموونی تەواو و دروست هەیە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَإِنْ تُطِيعُوهُ تَهْتَدُوا﴾ [النور: ٥٤] .

واتە: ئەگەر ئێوە گوێڕایەڵی پێغەمبەری خوا ﷺ بکەن ئەوە بێگومان ڕێنموونی دەکرێن و ڕێنموونی وەردەگرن.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە گوێڕایەڵی کردنی پێغەمبەری خواﷺ هۆکارێکی سەرەکییە بۆ مسۆگەر کردنی ڕێنموونی و ڕۆیشتن لەسەر ڕێگای ڕاست و دروست بەویستی خوای پەروەردگار. وە بەپێچەوانەوە سەرپێچی کردنی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ گومڕایی و سەرلێ شێواوییە.

٤- لەبەر ئەوەی لە گوێڕایەڵی کردنیدا بەختەوەری و مسۆگەر کردنی بەهەشت هەیە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ يُدْخِلْهُ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ﴾ [النساء: ١٣] .

---

(١) (صحيح الجامع الصغير: ٢٩٣٧).

واتە: هەر کەسێك گوێڕایەڵی خوای پەروەردگارو پێغەمبەرەکەی ﷺ بکات ئەوە خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو بەهەشتێکەوە کەچەندەها ڕوبارو جۆگە ئاو بەناو کۆشك وماڵەکانیاندا دەڕوات.

پێغەمبەری خۆسەویستمان ﷺ دەفەرمووێت:

(کل أمتي يدخلون الجنة إلا من أبى . قيل: ومن يأبى يارسول اللهﷺ ؟ قال من أطاعني دخل الجنة ومن عصاني فقد أبى)[٢].

واتە: هەموو ئوممەتەکەم دەچێتە بەهەشتەوە تەنها ئەو کەسانە نەبێت کەپشت هەڵدەکەن و مل کەچ ناکەن، ووترا ئەی پێغەمبەری خواﷺ کێ هەیە پشت هەڵ بکاو مل کەچ نەکات؟ فەرمووی: هەرکەسێك گوێڕایەڵی من بکات دەچێتە بەهەشتەوە، وەهەرکەسێك سەرپێچی لەفەرمانەکانمدا بکات ئەوە پشتی هەڵکردووەو ناچێتە بەهەشتەوە وە لەسەرپێچی کردنیدا ئاگری دۆزەخ هەیە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَمَنْ يَعْصِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَيَتَعَدَّ حُدُودَهُ يُدْخِلْهُ نَارًا خَالِدًا فِيهَا وَلَهُ عَذَابٌ مُهِينٌ﴾[النساء: ١٤] .

واتە: هەر کەسێك سەرپێچی لە فەرمانەکانی خواو پێغەمبەرەکەیداﷺ بکات و سنورە شەرعییەکان ببەزێنێت ئەوە خوای پەروەردگار دەیخاتە ناو ئاگرەوەو بەهەتاهەتایی تیایدا دەمێنێتەوە دووچاری سزایەکی سەرشۆڕ دەبێ و لەئاگری دۆزەخدا بەسەرشۆڕی دەمێنێتەوە پەنا بەخوای پەروەردگار.

### مافی سێیەم:

چاو لەپێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بکەین لە هەموو کردارو گفتارێکدا.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ﴾ [الأحزاب: ٢١].

واتە: بێگومان لەپێغەمبەری خواوە ﷺ پێشەنگی و قدوەیی و مامۆستایی بۆ ئێوە هەیە، بۆ ئەوکەسانەی کە باوەڕیان بەخوای پەروەردگار هەیە و ئومێدیان بەلێخۆشبوونی خوای پەروەردگار هەیە و باوەڕی تەواویان بە پاشەڕۆژ هەیە.

ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ باشترین و چاکترین پێشەنگ و قدوەو پێشەوایە، چونکە کەسێك خوای پەروەروەردگار بیکاتە پێشەنگ و قدوەی ئادەمیزاد ئەوە بیگومان باشترین پێشەنگ و پێشەوایە لەجیهاندا، بۆیە پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ باشترین پێشەنگ و قدوەیە چونکە:

١- هەموو کردارو گفتارێکی بەوەحی یە لەلایەن خوای پەروەردگارەوەیە.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَمَا يَنْطِقُ عَنِ الْهَوَى إِنْ هُوَ إِلَّا وَحْيٌ يُوحَى﴾ [النجم: ٣ - ٤] .

---

(٢) (البخاري: ٦٨٥١).

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ بەهەواو ئارەزوو قسە ناکات، بەڵکو هەمووی بەوەحیە ولەلایەن خوای پەروەردگارەوەیەو بەفەرمانی ئەوە.

٢- لەبەر ئەوەی باشترین ئادەمیزادە کە لەسەر زەویدا دروست بووە. پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ دەفەرموێ (أنا سيد ولد آدم يوم القيامة ولا فخر)(٣).

واتە: من گەورەی هەموو ئادەمیزادم و بەفەخرو شانازییەوە نایڵێم.

٣- لەبەر ئەوەی پێغەمبەری خۆشەویست ﷺ بەرزترین خووڕەوشتی هەبووە.

وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ﴾ [القلم: ٤] .

واتە: ئەی محمد ﷺ تۆ لەسەر بەرزترین و گەورەترین خووڕەوشتیت.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

---

(٣) (صحيح سنن ابن ماجة: ٣٤٧٧).

# فەزڵ و پاداشتی خێر وبەخشین

✍م/ محمد أسعد

ووتار خوێن لە مزگەوتی: الفرقان

لە شۆرش/ چەمچەماڵ

**بسم الله الرحمن الرحيم**

الحمد لله رب العالمين،والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين .

**خوشك وبرا بەڕێزەکانم: یەکێك لەو بەها زۆر گرنگ وگەورانەی کە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا زۆر گرنگی پێ دراوە بریتی‌یە لە پاراستنی حەبلی برایەتی، کە چەندین ئایەت و فەرموودە ڕاستێتی ئەمە بەدیار دەخەن .**

**جا یەکێك لەو کارە زۆر پیرۆزانە کە ئەم حەبلی برایەتی و پێکەوە ژیانە پتەوتر دەکات بریتی‌یە لە خێرو یارمەتی بۆ هەژاران و دەست کورتان ونەداران .**

## خوێنەری بەڕێز:

**خێرو یارمەتی باسی زۆر لەخۆ دەگرێت ودەرگامان زۆر بەڕوودا دەکاتەوە، بەڵام ئەوەی کەمن کورتەیەکی لەخزمەت جەنابتاندا باس دەکەم پاداشتی خێرو صەدەقەیە بۆ خوشك وبرا نەدارەکانت، بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو بڕوایەی کە هەموومان لە تەرازوی شەرعدا یەك کێشمان هەیە مەگەر بە لەخوا ترسان و کاری چاك و جوان کێشمان بەسەنگ بکەین، وەبشزانیت هەژاری و دەست کورتی بەرامبەرت بەڵگە نی‌یە لەسەر ئەوەی لە تۆ کەمترە، وە بوونی سەروەت و ماڵ و پارەی تۆش بەڵگە نییە کەلەو زیاتری، جا بەیارمەتی خوای گەورە باسی خێر و یارمەتی لەچەند خاڵێکدا کورت دەکەمەوە بۆ ئەوەی بەخوێندنەوەی کەمێك لەخەوی غەفڵەتی ڕەزیلی ودەست نوقاوی بێینەدەر .**

## یەکەم: خێرو یارمەتی پاداشتی ( ١ بە ٧٠٠ )ە:

**خوای گەورە دەفەرموویێت:**

**﴿مَّثَلُ الَّذِينَ يُنفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنبُلَةٍ مِّئَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَن يَشَاء وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ﴾** [البقرة : ٢٦١].

**خوای گەورە و میهرەبان نمونەیەك دەهێنێتەوە بۆ ئەو کەسانەی ماڵ دەبەخشن لە پێناوی و مەبەستیان ڕەزامەندی ئەوەو سوود گەیاندنی بەهەژاران وەکو فەرمووی: نمونەی ئەو کەسانەی کە ماڵی خۆیان دەبەخشن لە پێناو خوای گەورەدا وەکو دەنکە گەنمێك وایە کە حەوت گوڵ بکات وهەر گوڵەی سەد دەنکی تێدا بێت، (واتە**

پاداشتی خێر وچاکە یەك بە حەوت سەدە)، وە خوای گەورە ویستی لێ بێت بۆ هەرکەسێك لەوەیش زیاتر پاداشتی دەداتەوە.

## خوێنەرە ئازیزەکان:

با تەماشا بکەین پەروەردگار چەندە دەوڵەمەندە لە چاکە کردن لەگەڵماندا، بەشێوەیەك لەبەرامبەری یارمەتییەك کە دەیدەن بە هەژارو نەدارێك، کە کەمەو بەهۆیەوە خۆشەویستی لای ئەو هەژارە دەبین، کەچی خوای گەورە بەعیبادەتی وەردەگرێت إن شاء الله وە چەندین قات پاداشتمان دەداتەوە لەسەری .

وە پێغەمبەری خوا ﷺ لەباسی زیادبوون وگەورە بوونی خێرو صەدەقە و یارمەتیدا دەفەرموێت: (من تـصدَّقَ بِعَدلِ تمرةٍ مِن كَسبٍ طَيِّبٍ ولايُصعَدُ إلى اللهِ الاّ الطيبَ فإنَّ اللهَ يَتَقبَّلُها بِيَمينِهِ ثُمّ يُرَبِّها لِصاحِبِها كما يُـربي أحـدُكُم فلوَّهُ مثل الجبل)[1].

واتە: هەرکەسێك بە ئەندازەی لەتە خورمایەکی حەڵاڵ خێر بکات– کە خوای گەورە جگە لە حەڵاڵ هیچ شتێکی تر وەرناگرێت– ئەوا خوای گەورە بە دەستی ڕاستی وەری دەگرێت وگەورەی دەکات بۆ خاوەنەکەی تا بەئەندازەی شاخێکی لێ دێت، هەروەکو چۆن یەکێك لە ئێوە بێچوە ئەسپەکەی گەورە دەکات.

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە کە ئەوەندە ڕەحمەتی پڕ لێشاوە، وەخوای گەورە دڵەکانمان جۆش وخرۆش دات بۆ یارمەتی دانی هەژاران و بەزەیی هاتنەوە بەنەداراندا .

## دووەم: خێر و یارمەتی تاوان دەشواتەوە و نایهێڵێ:

لە پاداشتی یەکەمدا خوای گەورە چاکەکانی بۆ چەندین جارکردوین، بەڵام لێرەدا موژدەی دووەمی ئەوەیە کە هۆکارێکە بۆ سڕینەوەی تاوانەکانمان إن شاء الله، وەك سەروەرمان ﷺ دەفەرموێت:

(والصدقةُ تُطفِيءُ الخطيئةَ كما يُطْفِيءُ الماءُ النارَ)[2].

واتە: وەخێر و یارمەتی تاوان دەکوژێنێتەوە و دەشواتەوە، هەروەکو چۆن ئاو ئاگر دەکوژێنێتەوە .

بەڕاستی حەیفە بۆ ئوممەتێك لە وێنەی ئەم موژدە خۆشانەی کرابێت بەخەڵات بەڵام بێ خەبەر بێت، پرسیارێك دەکرێت کە ئایا دەبێت چەندان منداڵی هەتیو و ئافرەتی بێوەژنی نەدارا هەبن لەم شارو وڵاتەی ئێمەدا کە بەهەژاری ژیان دەگوزەرێنن، بەڵام لەبەرامبەردا چەندان دەوڵەمەندی خاوەن سامانی بێ ژمارە هەن، ئەگەر ئاوڕێك بدەنەوە بەلایاندا و کەمێك خەمی دەست کورتییان لەسەر سووك بکەن، ئەوا باری هەژاری کەمتر دەبێتەوە و لەبەرامبەریشدا ئەمان دەگەن بەو پاداشتە گەورەیەی کە کەمێکمان دەربارەی باسکرد .

(١) (صحيح البخاري، إرواء الغليل: ٣/٣٩٣، مشكاة المصابيح، صحيح الترغيب والترهيب: ٨٥٦ ) .

(٢) (صحيح الترغيب والترهيب: ٨٦٨) .

کەوا بوو ئەو حەقەمان واله ئەستۆدا کەئەگەر هەژارێکمان هەست پێکرد یارمەتی بدەین ئەگەر کەمێکیش بێت، چونکە بەو بەخشینە دڵی خۆش دەبێت، وەئاشکراشە هیچ چاکەیەك بەئەندازەی خێر و صەدەقە خۆشی ناخاتە ناو دڵی هەژارنەوە، چونکە باری قورسی ئەو نەبوونییە، پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:

(أفضلُ الأعمالِ أنْ تدخُل على أخيك سروراً أو تقضي عَنْهُ دَيْناً أو تُطْعمهُ خُبزاً)(٣).

واتە: چاکترین کردەوە ئەوەیە کە خۆشی وشادییەك بخەیتە ناو دڵی برایەکتەوە، یان قەرزارییەکی بۆ بدەیتەوە، یان خواردنی پێ بدەیت ئەگەر لەتە نانێکیش بێت .

هەژاری واهەیە لەبەر نەبوونی سواڵ دەکات و دەست لە خەڵکی پان دەکاتەوە بەو چاکەیەی کە تۆ لەگەڵیدا دەیکەیت، ئەگەر واز لەسواڵ و دزی و خراپەکاری بهێنێت، تۆ إن شاء الله پاداشتت بۆ دەنوسرێ، چونکە هۆکارێك بووی بۆ دەرباز کردنی ئەو برایەت لەشوێن کەوتنی شەیتان و چەندین تاوان .

کەوابوو باتەماشا بکەین هەر لەباسی پاداشتی صەدەقەدا وا چەند جۆر خێرو پاداشت بەدەست دەهێنیت، ئەگەر مەبەستت خوای گەورە بێت و نەفس و دڵ و دەرونت خاوێن کردبێتەوە لەڕیاو ناوبانگ دەرکردن .

## سێیەم: صەدەقەو یارمەتی بەربەستە لەنێوان خاوەنەکەی و دۆزەخدا :

لە ڕۆژی پڕ شەرمەزاری قیامەتدا کە خۆزگەی ئەوە دەخوازین چاکەکانمان زیاتر بوایە، چاکەو خێر و یارمەتی دوای ڕەحمەتی پەروەردگار دێن بەهانامانەوە و قوتارمان دەکەن بەئیزنی خوا، وەدەبنە بەربەستێك لەنێوان ئێمە و دۆزەخدا .

چۆن خێرو صەدەقە نابێتە بەربەست لەکاتێکدا چەندین نەفس بەهۆی ئەو یارمەتییەوە لەچەندین مەترسی دەربازیان دەبێت .

چۆن چاکە کردن لەگەڵ نەداراندا هۆکاری ڕەزامەندی خوای گەورە نییە، لەکاتێکدا نەفسی موسڵمان بەڕێزترو پایەدارترە لە کەعبەی پیرۆز؟

چۆن یارمەتیدان و دەست هێنان بەسەر هەتیواندا هۆکاری گەیشتنە بەهەشت و بوون بەدراوسێی ڕەسولی ئەکرەم ﷺ نییە، لەکاتێکدا چەندین ئایەت دیفاع لە مافی هەتیوان دەکات؟

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت: (إجْعلوا بَينكُم وبَينَ النارِ حِجاباً وَلَو بِشقِّ التَمرةِ)(٤) .

واتە: بەربەستێك لەنێوان خۆتان وئاگردا دابنێن، یان دروست بکەن بۆ ئەوەی لەچنگی قوتاربن ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بێت .

ئەوە تێ دەگەین کە هەر کات یارمەتی هەژارێکمان دا بەکەمی نەزانین، مادەم پەروەردگار خێرەکان پەروەردە دەکات و زیادی دەکات، مادەم تەرازووی دواڕۆژ کەمتر لە مسقاڵە زەڕەیەك دەخوێنێتەوە، مادەم لەو ڕۆژەدا

(٣) (صحيح الجامع: ١٠٩٦، سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٤٩٤).

(٤) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٨٩٧، وصحيح الجامع الصغير: ١٥٣).

پێویستمان بەکەمتر لەلەتی خورمایە، مادەم بەربەستە لەنێوان خۆمان و ئاگری پڕ ئێشی دۆزەخدا، دەبا پەلە بکەین و لەچنگی ئاگرینی ئەو خۆمان بهێنینەدەر، وە بەئەنجامدانی کاری جوان و ڕازی کردنی خوای گەورە بگەینە ئەو بەهەشتەی کە بۆ کە بۆ چاکەکاران ئامادەکراوە إن شاء الله .

**خوشك و برای بەڕێزم:**

لە کۆتایی ئەم خاڵەدا ئەوە تێ دەگەین کە پێغەمبەری خوا ﷺ ترساندن و موژدەی پێکەوە باسکرد .

واتە: بترسن لەو دۆزەخەی کە هەموو جۆرە سزایەکی بەئێشی تێدایە، بەڵام لەپاش پەرستنی خوای گەورە، دەتوانن بەیارمەتی هەژاران و خێرکردن بەکەم دەستان خۆتان بپارێزن لێی ئەگەر کەمتر لەخورمایەکیش بێت .

**چوارەم: خێرو صەدەقەدان هۆکارە بۆ ئەوەی خەڵات و دیاری تایبەتی خوای گەورەت بۆ بێت :**

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

**(بينما رَجلٌ بِفَلاةٍ منَ الأرضِ فسَمِعَ صَوْتاً في سَحابَةَ: إسقِ حديقةَ فُلان، فَتَنَحَّى ذلك السحاب فأفرَغَ ماءَهُ في حَرّةٍ، فإذا رَجلٌ قائمٌ في حديقته يُحوِّلُ الماءَ بِمسْحاتِه، فقالَ لَهُ: يا عبدالله! ماسْمك؟ قال: فلان، لِلإسم الذي سمع في السحابة فقالَ له: يا عبدالله لِمَ تسألني عَن اسمي؟ فقال إنّي سمعتُ صَوتاً في السحابِ الذي هذا ماءُهُ يقولُ: إسقِ حديقةَ فُلان، لإسمكَ فَما تَصْنَعُ فيها؟ قال: أما إذ قُلْتَ هذا، فإنّي أنظرُ إلى مايخرُجُ مِنْها، فَأَتَصَدَّقُ بثُلُثِه، وآكلُ وعيالي ثُلُثاً، وَ أرُدُّ فيها ثُلُثَهُ)**[٥].

پاك و بێ عەیبی بۆ پەروەردگار، کە ئەی ئینسان ئەگەر خواناس بیت چەندە خۆشەویستی و چەندە پایەداری، بەڕاستی بەبیستنی ئەم فەرموودانە و وێنەیان ئەوە تێ دەگەین کە خوای گەورە دەرگای ڕەحمەتی بەڕووماندا بەتەواوی کردوەتەوە و چەندین بانگخوازیشی لەسەر داناوە بۆ چونە ناوی إن شاء الله خەسارەت مەند نابین ئەگەر وڵامی نێردراوانی خوای گەورە بدەینەوە بەڵام لەبەرامبەریشدا بانگخواز هەن بۆ فریودان و گومڕاکردن .

هەر لەباسی خێرو یارمەتی، بانگخوازی یەکەم پێغەمبەری خۆشەویستە ﷺوە مەلائیکەتەکانن، کە هانمان دەدەن لەسەر خێرات و پاشان دوعاشمان بۆ دەکەن[٦].

بەڵام ئەوەی دووەم شەیتانی دەرچووە لەڕەحمەتی پەروەردگارو نەفسی خراپە کارە، کە پێت دەڵێت: ماڵی حەڵاڵی خۆت کە بەزەحمەت پەیدات کردوە لەچیدا سەرفی دەکەیت ودەیدەیت بەکێ؟

دەتترسێنێت بەهەژاری و غەمبارت دەکەن بەلە دەستدانی ماڵ وسەروەتت، بۆ ئەوەی بەهرەمەند نەبیت بەو خەڵاتەی کە خوای گەورە لە هەموو کات و سەردەمێکدا دەینێرێت .

---

(٥) (صحيح مسلم).

(٦) مەبەست لە دوعای پێغەمبەری خوا ﷺ ئەو فەرموودانەیە کە لەکاتی خۆی باسی فەرمووە بۆ ئەوانەی یارمەتی هەژاران دەدەن .

کەوا بوو ئازیزان بەیارمەتی دەست کورتان ونەداران (إن شاء الله) دەگەینە ئەو ئاستەی کە خوای گەورە خەڵاتی تایبەتیمان بۆ بنێرێ، وەکو لەفەرموودەکەدا هات سێیەکی ئەو قازانجەی کە دەیکەیت لەدوکان و کڕین و فرۆشتنەکەتدا، بەڵکو کەمتریش لەوە بەرزت دەکاتەوە بۆ ئاستێك کە خوای گەورە شێوە یارمەتیەکت بدات، جیاواز لەوانی تر کەوابوو هەژارانت بەردەوام لەیادبێ.

## پێنجەم: خێرو صەدەقەی نهێنی هۆکارە بۆ نەمانی توڕەیی پەروەردگار:

پەنا دەگرین بەخوای گەورە لە توڕە بوونی پەروەردگار، بەڕاستی تاوان و سەرپێچی گەیشتۆتە ئاستێك کە پەروەردگار بە هەڕەشەوە باسی بکات، حەقە لەسەرمان زوو بکەین و پەلە بکەین بۆ ڕازی کردنی ئەو ذاتە پیرۆزە، تا شاڵاوی عیقابی ئیلاهی بۆ سەر ئەوان ئێمەش نەگرێتەوە، بەڵام خوای گەورە بەلوتف و لێبوردنی خۆی دەبورێت لە کەسێك کە گەڕاوە بێت و تەوبەکار بێت، وە تووڕە بوونی خۆی ناهێڵێ بەرامبەر کەسانێك کەدڵ نەرم و بەسۆز بن لە موسڵمانان، بەتایبەتی خێرخوازان،

<u>**برای خێرخوازم:**</u> موژدەی خۆشت بەر دیدەکەوت و لە خوێندنەوەی ئەم چەند پەڕەیەدا، بەڵام ئاگادار بە، ڕیاو سومعەو ناوبانگ خۆی نەکات بەشەریکە بەشت، پەنا بەخوا چاکەکانت ناهێڵێ وصەدەقەو خێرەکانت لەناو دەبات، پێغەمبەری خواﷺ لەپاداشتی پێنجەمی خێرو یارمەتیەکانتدا بۆنەداران، دەفەرمووێت: (صَـدَقَةُ السِّرِّ تُطفيءُ غضب الرَّب)[٧].

واتە: (خێرو صەدەقەی نهێنی تووڕە بوونی پەروەردگار دەکوژێنێتەوە و نایهێڵێ). خوشك وبرای ئیمانداری خێرخواز، ئەم فەرموودەیە موژدەیەکی خۆش و وانەیەکی بەسوودی تێدایە .

<u>**یەکەم:**</u> وانە بەسوودەکەی ئەوەیە دوای ئەوەی هانی داین بۆ دەست گرتنی هەژاران، ئینجا فێرمان دەکات کەئەو دەست گرتنەمان بەنهێنی بێت وئیخلاصمان بیرنەچێت، چونکە صەدەقەی نهێنی یەکێکە لەسیفاتی ئەو حەوت تاقمەی کەوان لەژێر سێبەری عەرشە پیرۆزەکەی پەروەردگار دا.

**دووەم:** بەڵام ئەوەی کەزیاتر مەبەستمانە لایەنی پاداشتەکەیەتی، وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە، هۆکارێکە بۆ ئەوەی پەروەردگار ئەو خەشم وتووڕە بوونەی کە بەهۆی تاوان ومەعصیەتی خۆمانەوە لێی گرتووین نەیهێڵێ.

پاك وبێ عەیبی بۆ تۆ ئەی ئەو زاتە پیرۆزەی کەچەندین کارو گوفتارت ئاماژە پێداوە کە هۆکاری ڕازی کردنی تۆن، سوێند بێ بەتۆی خاوەن شکۆ زۆرێك لە خاوەن ماڵ وسامانەکان دەتوانن توڕەیی تۆ لەسەر خۆیان لابدەن، بەیارمەتی دانی دەست کورتان.

(٧) (صحيح الترغيب والترهيب: ٨٨٨، سلسلة الأحاديث الصحيحة: ١٩٠٨، صحيح الجامع الصغير: ٧٩٧٣ ).

**شەشەم**/ماڵ سەرف کردن لەپێناوی خێزان و مناڵدا گەورەترین خێرو صەدەقەیە :

موسڵمانە بەڕێزەکان: بیستت پاداشتی خێرو صەدەقە لەچەند ڕووەوە، بەڵام باخراپ تێ نەگەین، ئەو پاداشە کاتێکە منداڵ وخێزانت بێ پێویست بن لەو یارمەتییەی کە دەیدەیت بەنەداران، ئەگەر ئەوان نەبوو وهەژار بن تۆی باوك لەهەموو کەس لەپێشتری بەخێوکردنیان، وەئەوان لەهەموو کەس لەپێشترن بەبێ پێویست بوونیان وبێ ئیحتیاجیان .

کەوابوو برا بەڕێزەکەم، منداڵەکانت بەخێو بکە بەپارووی حەڵاڵ، دڵنیابە گەورەترین خێرە، کاتێك ئەوان پێویستیان بەو پارەو ماڵە نەبوو، ئینجا خێری لێ بکە، بەئیزنی خوا، دەگەیت بەو پاداشتانەی کەباسکران .

پێغەمبەری خوا ﷺ لەباسی پاداشتی ماڵ سەرفکردن بە خێزان ومنداڵ دەفەرموێت:

(دينار أَنْفَقْتَهُ في سبيلِ الله، ودينار أَنْفَقْتَهُ في رَقَبَةٍ، ودينار تصدَّقتَ بِه على مسكينٍ، ودينار أنفقته على أهلِكَ، أعْظَمُها أجراًالذي أنفقْتَه على أهلِك)[٨] .

واتە: (ئەی ئینسانی موسڵمان دینارێك ببەخشی لەپێناوی خوا، وە دینارێکیش ببەخشی لەپێناوی ئازاد کردنی بەندەیەکدا، وەدینارێکیش ببەخشی بۆ سەر کەم دەستان وهەژاران، وەدینارێکیش ببەخشی بۆ سەر ئەهلەکەت بۆ بەخێو کردنیان، گەورەترینی ئەم خێرو صەدەقانە لە ئەجرو پاداشتدا، ئەوەیانەکە دەیبەخشی بۆ سەر ئەهل وماڵ ومنداڵەکانت.

بەڵام ئەگەر ئافرەتەکە خاوەنی ماڵ بوو، ئەو مارەیی‌یەی کە مێردەکەی داویەتییەوە، خێری لێ بکات، ئازادە ئەگەر پرسی مێردەکەشی لەسەر نەبێت، جیاواز لەماڵی مێردەکەی .

بەڵام ئەگەر مێردەکەی دەست کورت بوو، پاداشتی خێری ئەو ئافرەتە بۆ مێردەکەی دووجارە، پاداشتی نزیکییەتی وپاداشتی یارمەتی دانی، وەکو(زەینەبی خێزانی عبداللەی کوڕی مسعود) (خوایان لێ ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی:

(تصدّقن يا معشرالنساء، ولو من حليّكُنَّ قالت: فرجعتُ الى عبدالله فقلتُ: إنكَ رجل ذات اليد، وان رسول الله ﷺ قد أمرنَا بالصدقةِ، فأته فسألهُ فان كان ذلِك يُجزيءُ عنّي وإلا صرَفتُها الى غيرِكم؟ قالتْ: فقال لي عبدالله: بل ائته أنتِ قالت: فانطلقتُ، فاذا امرأة الأنصار بباب رسول الله ﷺ حاجتي حاجتُها قالت: وكان رسول الله ﷺ قد ألقَيْتُ عَليهِ المهابَة، فقالتْ: فَخَرَج علينا بلال فقلنالَهُ: ائتِ رسول الله ﷺ فاخبرهُ أنَّ امرأتين بالبابِ تسألانِك: أتُجزيءُ الصَدَقَةُ عنهما على أزواجهما وعلى أيتامٍ في حجرِهِما، ولا تُخبِرهُ مَنْ نَحْنُ . قالَتْ: فَدَخل بلال على

---

(٨) (رواه مسلم).

رَسولِ الله ﷺ فسَألَهُ، فقال لَه رَسول الله ﷺ مَنْ هُما-؟ قال: امرأة من الأنصار. فَقال رسول الله ﷺ أيُّ الزيانبِ؟ قال:امرأة عبدالله. فقال رسول الله ﷺ -لَهُما أجرانِ، أجرُالقَرابةِ، وأجرُالصدَقَةِ)[٩].

واتە: (پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: ئەی کۆمەڵی ئافرەتان خێرو صەدەقە بکەن: ئەگەر لەو ئاڵتونانەش بێت کە بۆ جوانی بەقەدتانەوەن: دەفەرمووێت: گەڕامەوە بۆ لای عبداللە و ووتم: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی پێکردووین خێرو صەدەقە بکەین، وەتۆش پیاوێکی کەم دەست وهەژاری، بچۆ بۆ لای لێی بپرسە کە زەینەبی خێزانم دەڵێ ئەگەر ئەم کارەم لەسەر دەکەوێت وبەخێرو صەدەقە بۆم دەنوسرێ، ئەوە دەیدەم بەتۆ، ئەگینا دەیدەم بەکەسانی تر، دەفەرموێت: عبداللە رضي الله عنه پێی ووتم: بەڵکو خۆت بڕۆ وپرسیاری لێ بکە، دەفەرمووێت: ڕۆیشتم تەماشام کرد ئافرەتێکی ئەنصاری کەلای دەرگای پێغەمبەرە ﷺ هەردووکمان بۆیەك کارو پێویست هاتبووین، دەفەرمووێت: جا لەو کاتەدا بیلال رضي الله عنه دەرچو، پێمان ووت: ئەی بیلال رضي الله عنه بڕۆ بۆ لای پێغەمبەر ﷺ هەواڵی بەرێ دوو ئافرەت لەلای دەرگان پرسیاری ئەوەت لێ دەکەن: کە ئایا خێر و یارمەتیان لەسەر دەکەوێت (بەو مانایەی پاداشتی تەواویان بۆ بنوسرێ و یارمەتی کەسانی تر ئەدەن) ئەگەر بیدەن بە مێردەکانیان، وە ئەو هەتیوانەی کە لە ژووری خەوتنی ئەماندان؟ بەڵام مەڵێ ئێمە کێین، دەفەرموێت: بیلال رضي الله عنه چووە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەر رضي الله عنه و پرسیاری لێکرد پێغەمبەری خوا رضي الله عنه پێی فەرموو ــ ئەو دووانە کێن ــ ؟ فەرمووی: (ئافرەتێکی ئەنصاری و زەینەب )ە پێغەمبەری خوایش ﷺ فەرمووی ــ کام زەینەب ــ وتی: خێزانی عبداللە رضي الله عنه، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ــ دوو پاداشتیان بۆ هەیە، پاداشتێك لەبەر نزیکی و پاداشتێك لەبەر یارمەتییەکە .

لە کۆتایدا خوشك و برای بەڕێزم ئەم چەند فەرموودەیە دەدەم بە گوێتاندا کە باس لە پاداشتی ئەو کەسانە دەکات لە خێر و یارمەتی دەبەخشن و ترسی ئەوەیان نییە هەژار بکەون .

(داوو مَرضاكُم بِالصّدَقة)[١٠] .

واتە: نەخۆشەکانتان چارەسەر بکەن بە صەدەقە و خێرکردن، ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی دەست گرتنی هەژاران نەخۆشی دەپەڕێنێ و نایهێڵێ إن شاء الله .

(ظِلُّ المُؤْمنِ يومَ القيامةِ صَدَقتُهُ )[١١] .

واتە: خێرو سەدەقە لە ڕۆژی دواییدا دەبێتە سێبەر بۆ خاوەنەکەی.

وفي لفظ آخر: (كُلُّ آمرءٍ في ظِل صَدَقتهِ حتى يُقضى بين العِباد )[١٢].

(٩) (متفق عليه، واللفظ لمسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ١٩٣٤).

(١٠) (حسنه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٣٣٥٨، صحيح الترغيب والترهيب: ٧٤٤ ).

(١١) (مسند الإمام احمد: ١٨٠٧٢، وقال الشيخ الألباني: اسناده حسن صحيح، وانظر: مشكاة المصابيح: ٢٤٣٢، وصحيح الترغيب والترهيب: ١٩٢٥).

(١٢) (صحيح الجامع الصغير: ٤٥١٠، صحيح الترغيب والترهيب: ٨٧٢، ومشكلة الفقر: ١٨٨).

واتە: هەموو مرۆڤێك لە ڕۆژی قیامەتدا لە ژێر سێبەری سەدەقەو خێرەکەیدایە تا بڕیار دەدرێت لە نێوان خەڵکیدا.

(الصَدَقَةُ على المسكينِ صدقة، وهيَ على ذي الرَّحِمِ ثنتان: صَدَقَةٌ وَصِلَةٌ)[١٣].

واتە: یارمەتی و خێرکردن بۆ سەر دەست کورت خێرو صەدەقەیە، بەڵام ئەو خێرە بۆ سەر دەست کورتێکی خزم وکەس دوانە: خێرو صەدەقەیە، وە گەیاندنی صیلەی ڕەحمیشە .

لە کۆتایدا داواکارم لە خوای گەورە عیبادەتی موسڵمانان و خێر و یارمەتی خێرخوازان و چاکەی هەموو لایەك وەربگرێت، إن شاء الله .

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلِهِ وَصحبِهِ وسلم.**

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

---

(١٣) (صحيح الجامع الصغير: ٣٨٥٨، ومشكاة المصابيح: ١٩٣٩) .

# چۆن ئیمانت تازە دەكەیتەوە؟

م/ أبو بكر أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحَمْدَ لله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه، أما بعد...**

**سوپاس و ستایش بۆ خوای پەروەردگار كە تەمەنی دام ئـەمجارەش بەخزمـەت خوێنـەرانی خۆشەویستی ڕێگای ڕاست بگەمەوە، بەو نیازەی كەبابەتێك باس بكەم سودی هەبێت بۆ هەموو لایەكمان** إن شاء الله.

**خوشكی بەڕێز برای خۆشەویست ...**

**خوای پەروەردگار مرۆڤـی وا دروست كردووە كە زوو شتی لەبیر ئەچێتەوە، هـەر لەسـەرەتای دروست بـوونی پێغەمبـەر ئادەم ﷺ كاتێك كە خوای پەروەردگار فەرمانی پێكرد كە لـەو دارە نـەخوات، بـەڵام شـەیتان فریـووی داو فەرمانەكـەی خوای پەروەردگاری بیرچوو، وە لەدارەكەی خوارد، هەر بە هۆی ئەو كارەوە بوو لەو بەهەشـتە پـڕ لـە حـەزوو ئـارەزووە دەركرا، هاوەڵی خۆشەویست** (ابْنِ عَبَّاس رضي الله عنهما) **ئەفەرمووێت: ( إنّما سُمِّي الإنْسانُ إنْساناً لأنّه عُهِدَ إليه فنَسِي)[1] .**

**واتە: نەوەی ئادمیزاد بۆیە ناونراوە** (الإنْسانُ) **چونكە پەیمانی دا بەڵام پەیمانەكەی بیرچوو.**

**باوەڕداری خۆشەویست ...**

**خوای پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەرەكەی ﷺ كردووە كە زوو زوو بـیری بـاوەڕداران بخاتـەوە، چـونكە بیرهێنانـەوە سوود ئەگەیەنێت بە باوەڕداران: ﴿وَذَكِّرْ فَإِنَّ الذِّكْرَى تَنفَعُ الْمُؤْمِنِينَ﴾** [الذاريات: ٥٥].

**واتە: بیریان بخەرەوە چـونكە بـیر خـستنەوە سـود بـە بـاوەڕداران ئەگـەیێنێت، مرۆڤـی بـاوەڕدار زۆرجـار كـە ئایـەتێكی قورئانی دەخوێنێتەوە یـان فەرموودەیـەكی پێغەمبـەر ﷺ ئـەبینێت باوەڕەكـەی زیـاد ئـەكات وەترسـی لـێ ئەنیشێت، ئەمیش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایەتەی كە خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:**

**﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾** [الأنفال: ٢].

**واتە: بێگومان باوەڕدارە ڕاستەقینەكان ئەو كەسانەن كاتێك كە باسی خوای پەروەردگار بكرێـت ترسـیان لـێ ئەنیـشێت و دڵیان دائەچەڵەكێت، وە كاتێكیش كە ئایەتـەكانی پـەروەردگاریان بەسـەردا ئەخوێنرێتـەوە باوەڕەكـەیان زیـاد ئـەكات وەپشت بە پەروەردگاریان ئەبەستن، بێگومان باوەڕ زیاد و كەم ئەكات[2](زیاد ئەكات بەئەنجامدانی فەرمانـەكانی خـوای پەروەردگار، وە شوێن كەوتنی سوننەتەكانی پێغەمبەری خوا ﷺ وەكەمیش ئـەكات بـەتاوان وسەرپـێچی كـردن، شـێخ: (عُثیمین)** (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى) **ئەفـەرمووێت:[3] ئەصـل لای ئـەهلی سـوننەو جەماعـە ئەوەیـە كـە بـاوەڕ زیـادو كـەم ئـەكات بەبەڵگەی ئەم ئایەتەی خوای پەروەردگار كە ئەفەرمووێت:**

---

(١) **بڕوانە:** تفسير الطبري (٤٦٥/٨) والقرطبي (٢٢٣/١١) وابن كثير (٢٢٥/٣) .

(٢) **بڕوانە:** شرح النووي على المسلم (١٤٦/١) **ئەمە ووتەی:** ابن مسعود وسفيان والاوزاعى والحسن البصرى وعطاء ومجاهد وعبد الله بن المبارك، **وەجگە لەوانیش.**

(٣) **بڕوانە:** شرح العقيدة الواسطية (ص ٢٢٣) .

﴿لِيَسْتَيْقِنَ الَّذِينَ أُوتُوا الْكِتَابَ وَيَزْدَادَ الَّذِينَ آمَنُوا إِيمَاناً﴾ [المدثر: ٣١] .

واتە: بۆ ئەوەی ئەوانەی کتێبیان پێدراوە دڵنیا بن لە ڕاستی ئەم قورئانە (مەبەست پێیان گاور و جولەکەیە، چونکە لە تەورات و ئینجیلدا ئەو باسە هەیە) وە بۆ ئەوەی کە باوەڕداران ئیمانیان زیاتر بکات و دابمەزرێت.

ئیمامی (الْبُخَارِيّ) (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى) لە (صَحِيحَه) کەیدا، لەسەرەتای (كِتَابُ الإِيْمَانِ) دا ئەفەرمووێت: (الإِيمَانِ وَهُوَ قَوْلٌ وَفِعْلٌ، وَيَزِيدُ وَيَنْقُصُ) واتە: باوەڕ بریتییە لە ووتەو کردار وە زیاد و کەم ئەکات، هەروەها باسێکی داناوە بەناوی ( ٣٢ – باب زِيَادَةِ الإِيمَانِ وَنُقْصَانِهِ) خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿لِيَزْدَادُوا إِيمَاناً مَّعَ إِيمَانِهِمْ﴾ [الفتح: ٤] .

واتە: تاکو باوەڕیان زیاد بکات لەگەڵ ئەو باوەڕەی کەهەیانە.

**پێناسەی باوەڕ (الإيمان): باوەڕ دوو پێناسەی هەیە، یەکەمیان لە (زمانەوانیدا)، دووەمیان لە(شەرعدا).**

**یەکەم: لە زمانەوانیدا: الإِيْمَانُ:** التصديق، وفي أسماء الله تعالى (الْمُؤْمِنُ) هو الذي يَصْدُقُ عبادَه وعْدَه أَو يُؤْمِنُهم في القيامة عذابَه فهو من الأَمانِ ضدّ الخوف[٤].

باوەڕ: واتە: بەڕاست دانان و باوەڕ پێکردن، وەیەکێك لەناوە جوانەکانی خوای پەروەردگار (الْمُؤْمِنُ). واتە: بەڕاست دانەری ئەو بەڵێنەی کە بە بەندەکانی داوە، یاخود ئەمینیان دەکات لە سزاکەی.

**دووەم: لە شەرعدا: الإِيْمَانُ:** (أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ, وَمَلائِكَتِهِ, وَكُتُبِهِ, وَرُسُلِهِ, وَتُؤْمِنَ بِالْجَنَّةِ وَالنَّارِ, وَالْمِيزَانِ وَتُؤْمِنَ بِالْبَعْثِ بَعْدَ الْمَوْتِ، وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ)[٥]. واتە: باوەڕ هێنان بە خوای پەروەردگار، وە بە فریشتەکان وکتێبە ئاسمانییەکان و پێغەمبەران، وە باوەڕبوون بە بەهەشت و جەهەنم و تەرازوو، وە باوەڕبوون بە زیندوو بوونەوە لەدوای مردن وە باوەڕ بوون بە قەزاو قەدەر خێرو شەڕی.

**ئایا چی بکەین بۆ ئەوەی کە باوەڕمان بەهێز بکەین...؟؟؟**

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەچینەوە لای ڕاسترین کتێب لەدوای قورئانی پیرۆز کە(صحيح البخاري)یە، ووتەیەکی زێڕینی هاوەڵی خۆشەویست (معاذ بن جبل) مان رضي الله عنه بۆ ئەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: (اجْلِسْ بِنَا نُؤْمِنْ سَاعَةً).

واتە: با دابنیشین پێکەوە بۆ ئەوەی باوەڕەکەمان تازەبکەینەوە بەوەی کە یادی خوای پەروەردگار بکەین وە بیر لەڕۆژی دوایی بکەینەوە.

**بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکان زۆرن لەوانە...**

**یەکەم: پاڕانەوە لە خوای پەروەردگار:**

---

(٤) بڕوانە: لسان العرب، وتاج العروس، ومختار الصحاح، وە جگە لەوانیش لە پەرتوکی زمانەوانی.

(٥) (صحيح) بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٢٧٩٨) .

هاوەڵی خۆشەویست (عبد الله بن عمرو بن العاص) ﷺ ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إنّ الإيْمَـانِ لَيَخْلَقُ فِي جَوف أحَدكُم كَمَا يَخْلَقُ الثوب فَاسألوا الله تَعالى: أَنْ يجدد الإِيْمَان في قُلُوبكم)[٦] . واتە: بە دڵنیای باوەڕ بەردەوام نابێت لەلاشەتانداو دەرزێت (واتە: کەم دەکات، یان نامێنێت) وەك چۆن پۆشاکێك بەردەوام نابێت ودەرزێت، جا کەوایە داوا بکەن لە پەروەردگارتان باوەڕەکەتان بۆ نوێ بکاتەوە، وە (عمار بن ياسـر) ﷺ ئەفەرمووێت: نوێژم کرد لەگەڵ پێغەمبەری خوا ﷺ لە پاڕانەوەکانیدا ئەیفەرموو:

(اللَّهُمَّ زَيِّنَّا بِزِينَةِ الإِيْمَان...)[٧].

واتە: پەروەردگار جوانمان بکەو بمان ڕازێنەوە بەجوانی باوەڕ، هەروەها ئەیفەرموو: (اللَّهُمَّ حَبِّبْ إِلَيْنَا الإِيْمَانَ وَزَيِّنْهُ فِي قُلُوبِنَا)[٨].

واتە: ئەی پەروەردگار باوەڕمان لەلا خۆشەویست بکە و دڵەکانمان بڕازێنەوە بەجوانی باوەڕ.

**دووەم: شەونوێژ:** بێگومان شەو نوێژ چاکترین و باشترین نوێژە لەدوای فەرزەکان، هاوەڵی خۆشەویست (أَبِـي هُرَيْـرَةَ) ﷺ ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (أَفْضَلُ الصَّلاَةِ بَعْدَ الصَّلاَةِ الْمَكْتُوبَةِ الصَّلاَةُ فِى جَوْفِ اللَّيْلِ)[٩] .

واتە: باشترین نوێژ لەدوای فەرزەکان بریتییە لە شەونوێژ، وەهۆکارێکیشە بۆ زیاد بوونی باوەڕ، وە هاوەڵی خۆشەویست (أَبِي أُمَامَةَ ﷺ) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (عَلَيْكُمْ بِقِيَامِ اللَّيْلِ فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ وَقُرْبَةٌ إِلَى اللَّهِ تَعالى وَمَنْهَاةٌ عَنِ الإِثْمِ وَتَكْفِيرٌ لِلسَّيِّئَاتِ)[١٠]. واتە: شەونوێژ زۆر بکەن چونکە لەخوو ڕەوشتی پیاوچاکانی پێش ئێوەیە، وەبە ئەنجامدانی نزیك ئەبنەوە لەپەروەردگار، وەڕێگرە بۆ تاوان و سەرپێچی، وەهۆکارێکیشە بۆ لێخۆش بوونی تاوان.

**سێیەم: تێگەیشتن وبیر لێکردنەوە لە ناوە جوانەکانی خوای پەروەردگار:**

بێگومان تێگەیشتن لەناوە جوانەکانی خوای پەروەردگار باوەڕ زیاد ئەکات و ڕێگریشە بۆ تاوان و سەرپێچی، بۆنموونە کاتێك مرۆڤی باوەڕدار بیر لە (الرَّقِيب) ئەکاتەوە ئەوا ئەزانێت کە خوای پەروەردگار چاودێرە بەسەر بەندەکانییەوە ئاگادارە بەهەموو ئەو کارو کردارانەی کەئەنجامی ئەدات، وەهیچ شتیك لە پەروەردگار بزر نابێت، یان (الـرَّزَّاق) ئەوا ئەزانێت کە خوای پەروەردگار بەندەکانی دروست کردوەو ڕۆزی هەموویانی دابین کردووە.

---

[٦] (صحيح) بروانه: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١٥٩٠) .

[٧] (صحيح) بروانه: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١٣٠١) .

[٨] (صحيح) رواه أحمد (١٥٨٩١) بروانه: صحيح الأدب المفرد للإمام البخاري بتحقيق الشيخ الألباني (رحمه الله) (٦٩٩) .

[٩] رواه مسلم (٢٧٤٨) بروانه: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١١١٦) .

[١٠] (صحيح) رواه الترمذي (٣٨٩٥) بروانه: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٤٠٧٩) .

**چوارەم: قورئان خوێندن و بیر لێکردنەوەو بەتێگەیشتن لێی:**

قورئان خوێندن و بیر لێکردنەوەی هۆکارێکی سەرەکییە بۆ زیاد بوونی باوەڕ، وەخوای پەروەردگار بەندەکانی ئاگادار کردۆتەوە کە تێگەیشتنیان هەبێت بۆ قورئان:

﴿أَفَلاَ يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ﴾ [النساء : ٨٢].

واتە: ئایا بۆ بیرناکەنەوە لەقورئان، بێگومان باوەڕدار بەهۆی تێگەیشتنەوە چەندین خێرو چاکەی دەسگیر ئەبێت، وە دوریش ئەبێت لە تاوان و سەرپێچی، زانای پایە بەرز (عبدالرحمن بن ناصر السعدي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەفەرمووێت[11]: گەورەترین هۆکار کە باوەڕ بەهێز و زیاد بکات بریتییە لە بیرکردنەوە و تێگەیشتن لەقورئانی پیرۆز وەخوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ﴾ [الأنفال : ٢] .

واتە: بەدڵنیایی لەناو بەندەکانی پەروەردگار باوەڕداری ڕاست ئەو کەسەیە کاتێك کەباسی خوای پەروەردگار بکرێت ترسیان لێ ئەنیشێت و دڵیان دائەچەڵەکێ، وە کاتێکیش کە ئایەتەکانی پەروەردگاریان بەسەردا ئەخوێنرێتەوە باوەڕەکەیان زیاد ئەکات و پشت بە پەروەردگاریان ئەبەستن. وە زانای پایە بەرز (اِبْنُ کَثِیر) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) ئەفەرمووێت: ئیمامی (الْبُخَارِيّ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) وە زانایانی ئیسلام ئەم ئایەتە ئەکەن بە بەڵگە بۆ زیاد بوونی باوەڕ لە دڵدا[12].

**پێنجەم: بیرکردنەوە لەدروست بوونی جیهان:**

بیرکردنەوە لە دروست بوونی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەی کەتێیدایە لەبونەوەری جۆراو جۆر وەخودی مرۆڤەکان، وە چۆنێتی دەستورو یاسای بەڕێوەبردنی ژیانیان هۆکارێکە بۆ زیاد بوونی باوەڕ، چونکە هەموویان بەڵگەن لەسەر گەورەیی و بەتوانایی خوای پەروەردگار:

﴿وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِن مَّاء فَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى بَطْنِهِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى رِجْلَيْنِ وَمِنْهُم مَّن يَمْشِي عَلَى أَرْبَعٍ يَخْلُقُ اللَّهُ مَا يَشَاءُ إِنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾ [النور : ٤٥] .

واتە: پەروەردگار هەموو زیندەوەرێکی لە ئاو دروستکردووە جا هەندێکیان لەسەر سکیان ئەڕۆن وەك خشۆکەکان (مار...هتد) وەهەندێکیان لەسەر دووپێ ئەڕۆن وەك (مرۆڤەکان) وەزۆرێك لە (باڵندەکان) وەهەندێکی تریشیان لەسەر چوار پێ ئەڕۆن وەك (مانگا، مەڕ، بزن... هتد) وەخوای پەروەردگار چی بوێت دروستی ئەکات، وەدڵنیابن پەروەردگار دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە. خوای پەروەردگار ئەم نموونانە دێنێتەوە بۆ خەڵکی تا بیر بکەنەوەو باوەڕیان زیاد بێت، بەڵام لەڕاستیدا تەنها زاناکان لەم نموونانە تێ دەگەن:

---

(11) بڕوانە: پەرتووکی (التوضيح والبيان لشجرة الإيمان (ص: ٧٢) تأليف العلامة (عبدالرحمن بن ناصر السعدي) (رحمه الله) .

(12) بڕوانە: صحيح البخاري (رحمه الله) (كتاب الإيمان) (٢/٢) وە مختصر تفسير ابن كثير (رحمه الله) (٣/٢) .

﴿وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ﴾ (العنكبوت :٤٣) .

هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمانی بەهاوەڵەکان کردووە کەبیر لە بەدیهێنراوەکانی پەروەردگار بکەنەوە، (ابْنِ عَبَّاس ﷺ) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(تَفَكَّرُوا فِي خَلْقِ الله)[١٣] .

واتە: بیربکەنەوە لەبەدیهێنراوەکانی خوای پەروەردگار.

## شەشەم: گوێ گرتن لە قورئان:

هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُ اللَّهِ بن مَسْعُودٍ ﷺ) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرمووم: قورئانم بەسەردا بخوێنە؟ منیش ووتم ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ قورئان بەسەر تۆدا بخوێنم کەبەسەر تۆدا دابەزیوە؟ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: بەڵی پێم خۆشە لە جگە لە خۆمەوە گوێم لێ بێ، (عَبْـدُ اللَّـهِ بـن مَسْعُودٍ ﷺ) ئەفەرمووێت: منیش سورەتی (النساء)م خوێند تاکو گەیشتمە ئەو ئایەتەی کە خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿فَكَيْفَ إِذَا جِئْنَا مِن كُلِّ أُمَّةٍ بِشَهِيدٍ وَجِئْنَا بِكَ عَلَى هَـؤُلاء شَهِيداً﴾[النساء : ٤١].

واتە: ئەبێ حاڵی بێ باوەڕەکان چۆن بێت لە ڕۆژی دواییدا کاتێك لەهەموو ئوممەتێکدا (پێغەمبەرێك) بکەین بە شاهید بەسەریانەوە، وەتۆشمان هێنا (ئەی محمد ﷺ) بەشاهید بەسەر ئوممەتەکەتەوە: پاشان پێغەمبەری خوا ﷺ پێمی فەرموو: (حَسْبُكَ) .واتە: بەسە، (عَبْـدُ اللَّـهِ بـن مَسْعُودٍ ﷺ) ئەفەرمووێت: سەرم بەرز کردەوە بینیم فرمێسك بەچاوەکانیدا دێتە خوارێ[١٤] .

## حەوتەم: زۆر یاد کردنی خوای پەروەردگار:

زۆر یادکردنی خوای پەروەردگار تۆوی باوەڕ لەناو دڵدا ئەچێنێت، وەهەر کاتێك مرۆڤی باوەڕدار یادی خوا بکات ئەوا باوەڕی بەهێز ئەبێت، هەروەك چۆن باوەڕ پەیوەستە بەیادی پەروەردگارەوە، وە بێگومان هەر کەسێك خوای پەروەردگاری خۆش بوێت ئەوا زوو زوو یادی ئەکات، وەیادکردنی خوای پەروەردگار تەنها بریتی نییە لەو ویردانەی کە لە دوای نوێژە فەرزەکان ئەخوێنرێت، بەڵکو ئەنجامدانی قورئان خوێندن و بە ڕۆژوو بوون و دانیشتن لەگەڵ پیاوچاکاندا و باسی ڕۆژی دوایی و نوێژ بریتیە لە یادکردن، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرمووێت:

﴿وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي﴾ [طه: ١٤] .

واتە: نوێژەکانت بە چاکی ئەنجام بدە تا هەمیشە منت لە یاد بێت، وەبێگومان بەردەوام بوون لەسەر یادکردنی خوای پەروەردگار هۆکارێکە بۆ ڕزگار بوون لە سزای پەروەردگار، هاوەڵی خۆشەویست (مُعَاذِ بْـنِ جَبَـل) ﷺ ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

---

(١٣) (حسن) بڕوانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٢٩٧٦) .

(١٤) رواه البخاري (٥٠٥٠) ومسلم (١٨٦٦) .

(مَا عَمِلَ آدَمِيٌّ عَمَلاً قَطُّ أَنْجَى لَهُ مِنْ عَذَابِ اللَّهِ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ)(١٥).

واتە: باوەڕدار هیچ کردەوەیەك ناکات کە ڕزگار کەری بێت لەسزای خوای پەروەردگار بە ئەندازەی یادکردنی پەروەردگار.

وەبەدڵنیاییەوە هەر کەسێك زۆر یادی خوای پەروەردگار بکات ئەوا دڵی ئارام ئەبێت لەهەموو کێشەو ناڕەحەتییەکانی دونیا،

﴿الَّذِينَ آمَنُواْ وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكْرِ اللّهِ أَلاَ بِذِكْرِ اللّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ﴾ [الرعد: ٢٨] .

واتە: باوەڕداران دڵیان ئارام ئەگرێت بەیادی خوا، وەتەنها یادی پەروەردگارە دڵەکان ئارام ئەکات، وەیادکردنی خوای پەروەردگار لێخۆشبوون و پاداشتی گەورەی تێدایە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً﴾ [الأحزاب: ٣٥].

وەبێگومان هەر کاتژمێرێك بەسەر ئادەمیزاددا بڕوات و یادی خوای تێدا نەکرد بێت ئەوا پەشیمانی لەدوایە، دایکی باوەڕداران (عَائِشَة) ئەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(مَا مِنْ سَاعَةٍ تَمُر بِابن آدَم لَمْ يَذْكُرْ اللَّه فِيها إلا حَسَرَ عَلَيْهَا يَوْمَ الْقِيَامَةِ)(١٦).

واتە: هیچ کاتژمێرێك نییە کە بەسەر ئادەمیزادا تێ ئەپەڕێت و یادی خوای پەروەردگاری تێدا نەکردبێت ئەوا بۆی ئەبێتە پەشیمانی و نەدامەتی لەڕۆژی دوایدا.

## هەشتەم: ترس لە خوای پەروەردگار:

بەدڵنیاییەوە ترسان لەخوای پەروەردگار هۆکارێکە بۆ زیاد بوونی باوەڕ، چونکە هەر کەسێك لەپەروەردگاری بترسێت ئەوا لەقەدەغە لێکراوەکانی دوور ئەکەوێتەوە، وەهەر کەسێکیش لە قەدەغە لێکراوەکان دوور بکەوێتەوە ئەوا باوەڕەکەی زیاد ئەکات، بەڵام ئەبێت ترس لەخوای پەروەردگار بەنهێنی بێت، چونکە ئەگەر وابوو ئەوا لێخۆش بوونی پەروەردگار و فەزڵێکی زۆر گەورەی بۆ هەیە لە بەهەشتدا، پەروەردگار ئەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَخْشَوْنَ رَبَّهُم بِالْغَيْبِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ كَبِيرٌ﴾ [الملك: ١٢] .

واتە: بێگومان ئەوانەی بەنهێنی لەپەروەردگاریان ئەترسن (واتە لەترسی پەروەردگاریان خۆیان ئەپارێزن لەحەرام و قەدەغە لێکراوەکان) ئەوا لێخۆش بوون و پاداشتی گەورەیان بۆ هەیە لە بەهەشتدا، بەتایبەتی باوەڕدارێك لە شوێنێکدا یادی خوای پەروەردگار بکات وە لەترسی خوای پەروەردگار فرمێسك بەچاوەکانیدا بێتە خوارێ، هاوەڵی خۆشەویست (أَبِى هُرَيْرَةَ رضي الله عنه) ئەفەرموێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ تَعَالَى فِى ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ... وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)(١٧) .

---

(١٥) (صحيح) رواه أحمد (٢٢٧٣٠) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٥٦٤٤) .

(١٦) (حسن) رواه الطبراني في معجم الأوسط (٨٥٥١) والبيهقي في شعب الإيمان (٥٤٠) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٥٧٢٠) .

(١٧) رواه البخاري (٦٤٧٩) ومسلم (٢٣٧٧) .

واتە: حەوت تاقم هەن لەڕۆژی دواییدا لەژێر سێبەری عەرشی خوای پەروەردگاردا حەشر ئەکرێن ... یەکێك لەو حەوت تاقمە باوەڕدارێکە کاتێك بەتەنها لەشوێنێکدایە یادی خوای پەروەردگار بکات و لەترسی پەروەردگار فرمێسك بەچاوەکانیدا دێتە خوارێ.

**نۆیەم: عیبادەت وپەرستشی زۆر:**

لەناو باوەڕداراندا هەرکەسێك پەرستش و بەندایەتی زۆر بکات، ئەوا خوای پەروەردگار ئەو باوەڕەی کە پێی بەخشیوە بۆی زیاد ئەکات: ﴿وَيَزِيدُ اللَّهُ الَّذِينَ اهْتَدَوْا هُدًى﴾ [مريم : ٧٦].

واتە: ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی ڕاست و حەقن، وە کردەوەو پەرستشی زیاد ئەنجام ئەدەن، ئەوا خوای پەروەردگار ئەو باوەڕەی کەپێیانی بەخشیوە بۆیانی زیاد ئەکات، وە پێغەمبەر(إِبْرَاهِيم) ﷺ داوای کرد لە خوای پەروەردگار ئەو باوەڕەی کە هەیەتی پەروەردگاری بۆی زیاد بکات: ﴿ قَالَ بَلَى وَلَـكِن لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي﴾ [البقرة: ٢٦٠] (لِّيَطْمَئِنَّ قَلْبِي) أي (ليزداد يقيني)[١٨] .

واتە: بۆئەوەی باوەڕەکەم پێی زیاد بکات، وە خوای پەروەردگار پەیمانی داوە کە هەر کەسێك لەسەر ڕێبازی ڕاست و حەق بێت ئەوا باوەڕو دڵنیابوونی زیاد ئەکات ﴿وَالَّذِينَ اهْتَدَوْا زَادَهُمْ هُدًى وَآتَاهُمْ تَقْواهُمْ﴾ [محمد : ١٧] .

واتە: ئەوانەی لەسەر ڕێبازی ڕاست و حەقن وەپەرستشی زۆر ئەنجام ئەدەن ئەوا پەروەردگار باوەڕەکەیان بۆ زیاد ئەکات.

**دەیەم: بیرکردنەوە لە ژیانی پێشینەکانی ئەم ئوممەتە (سلف):**

بیرکردنەوە لە ژیانی پێشینەکانی ئەم ئوممەتە (سلف)، وە خوێندنەوەی بەسەر هاتەکانیان دڵی باوەڕدار ڕادەچەڵەکێنێت و هۆکارێکە بۆ زیادبوونی باوەڕ، چونکە ئەوان باشترین و چاکترین کەسانێکن لەدوای پێغەمبەران(علیهم الصلاة والسلام) وە بەڕاستی ئەوان دەیانزانی چۆن پەروەردگاریان دەپەرستن، وە ماڤی پەروەردگاریان چییە بەسەریانەوە، وە دەیانزانی کە پاشەڕۆژ هەر دەبێت بگەڕێنەوە بۆلای پەروەردگار، وە دەیانزانی چۆن وە بەچی دینی پەروەردگار سەر دەکەوێت، وە چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکیدا بکەن.

**کام باوەڕدار لە هەموو باوەڕدارێك باشترو چاکترو خۆشەویسترە لەلای خوای پەروەردگار؟**

بێگومان باوەڕی بەندەکانی خوای پەروەردگار پلە پلەیە، لەناو باوەڕداراندا بەندە هەیە خوای پەروەردگار خۆشی ئەوێت، وەهەیشە پەروەردگار خۆشی ناوێت و ڕقی لێیەتی، چونکە خۆی ناپارێزێت لەگوناهـ و تاوان و سەرپێچی، وە ئەو باوەڕدارەی کە خوای پەروەردگار خۆشی ئەوێت ئەبێت ئەم سیفەتانەی تێدا بێت:

**لەقورئانی پیرۆزدا:**

**١) باوەڕدارێك تەوبەکارو پاك وخاوێن بێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

---

(١٨) بڕوانە: تفسير الطبري (٣/٤٩).

﴿إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ التَّوَّابِينَ وَيُحِبُّ الْمُتَطَهِّرِينَ ﴿٢٢٢﴾﴾[البقرة: ٢٢٢] .

واتە: بەڕاستی پەروەردگار تەوبەکارانی خۆش دەوێت (ئەوانەی کە زۆر تەوبە دەکەن)، وە پاك وخاوێنانیشی خۆش دەوێت(ئەوانەی کە خۆیان دەپارێزن لەپیسی).

تەوبەکاران ئەو کەسانەن (دەروونیان پاك دەکەنەوە)، وە پاك وخاوێنان (ئەوانەن کە خۆیان دەپارێزن لەپیسی لاشەیی).

**٢ ) باوەڕدارێك بەڕاستی شوێنی سوننەت کەوتبێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣١﴾ ﴾ [آل عمران: ٣١] .

واتە: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ بە باوەڕداران بڵێ: ئەگەر ئێوە پەروەردگارتان خۆش دەوێت، ئەوا شوێنی من بکەون (ئەویش بە جێبەجێ کردنی سوننەتەکانم وگوێڕایەڵی کردنم)، چونکە ئەگەر شوێنی من بکەون ئەوا خوای پەروەردگار خۆشتانی دەوێت و لەتاوانەکانتان خۆش دەبێت، وە خوای پەروەردگار زۆر لێخۆش بوو بەبەزەییە.

**٣ ) باوەڕدارێك خۆپارێزوو لە خواترس بێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿بَلَىٰ مَنْ أَوْفَىٰ بِعَهْدِهِ وَاتَّقَىٰ فَإِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَّقِينَ ﴿٧٦﴾﴾ [آل عمران: ٧٦] .

واتە: نەخێر وانییە، هەرکەس ئەو پەیمانەی کە داوێتی بەخوا جێبەجێی کرد بێت و خۆی پاراستبێت لەحەرام، ئەوە بەڕاستی پەروەردگار پارێزکاران و لەخواترسانی خۆش دەوێت.

**٤ ) باوەڕدارێك چاکەکارو خێر خوازبێت:** خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿وَأَحْسِنُوا ۛ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ ﴿١٩٥﴾﴾[البقرة: ١٩٥]

واتە: بەردەوام خێرو چاکە ئەنجام بدەن و چاکە خوازبن، چونکە بەڕاستی پەروەردگار چاکە کاران وخێر خوازانی خۆش دەوێت.

**٥ ) باوەڕدارێك داد پەروەر بێت لە گوفتارو کرداردا:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿وَأَقْسِطُوا ۖ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴿٩﴾﴾

[الحجرات: ٩].

واتە: دادپەروەربن لەنێوان خەڵکیدا، چونکە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت کە داد پەروەرن لە گوفتارو کرداردا.

**٦ ) باوەڕدارێك خۆڕاگرو بەئارام بێت:** خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿ وَكَأَيِّن مِّن نَّبِيٍّ قَاتَلَ مَعَهُ رِبِّيُّونَ كَثِيرٌ فَمَا وَهَنُوا لِمَا أَصَابَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَمَا ضَعُفُوا وَمَا اسْتَكَانُوا ۗ وَاللَّهُ يُحِبُّ الصَّابِرِينَ ﴿١٤٦﴾ ﴾ [آل عمران: ١٤٦] .

واتە: چەندەها پێغەمبەر هەبوون کە خواناس وپیاو چاکانی لەگەڵدا بوون و دژ بە دوژمنان جەنگاون، جا ئەوانە هیچ کات سستی وبێزاری و بێتاقەتی ڕووی تێ نەکردوون بەهۆی ئەوەی کەتوشیان بووە لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەی خوادا، وە لاوازو بێ هێزو سەرشۆڕیش نەبوون بۆ دوژمنان، وە خوای گەورەش ئەو خۆڕاگروو بەئارامانەی خۆش دەوێت.

**٧) باوەڕدارێك لە پێناوی خوادا بجەنگێت:**

خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلَّذِينَ يُقَٰتِلُونَ فِي سَبِيلِهِۦ صَفًّا كَأَنَّهُم بُنۡيَٰنٌ مَّرۡصُوصٌ ٤ ﴾ [الصف: ٤].

واتە: بەڕاستی خوا ئەوکەسانەی خۆش دەوێت کە دەجەنگن لە پێناوی ڕێبازو بەرنامەی خوادا، بەیەك ڕیزو یەك دڵ ویەك پارچە، چونكە هەروەك كۆشكێكی بەرزی قایمی داڕێژراون بە قورقۆشم.

**٨) باوەڕدارێك پشت بەخوا ببەستێت:** خوای پەروەردگار ئەفەرمووێت:

﴿ فَإِذَا عَزَمۡتَ فَتَوَكَّلۡ عَلَى ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يُحِبُّ ٱلۡمُتَوَكِّلِينَ ١٥٩ ﴾ [آل عمران: ١٥٩] .

واتە: ئەگەر ویستت کارێك ئەنجام بدەیت، ئەوا ئەنجامی بدەو پشت بەخوا ببەستە، چونكە بەڕاستی خوا ئەوانەی خۆش دەوێت كە لە كارەكانیاندا پشت بە خوادەبەستن.

**لە فەرمووده ڕاستەكانی پێغەمبەردا ﷺ:**

**١- باوەڕدارێك ڕەوشتی جوان بێت:** هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُ اللَّهِ بن عُمَر رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(أَفْضَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانَاً أَحْسَنُهُمْ خُلُقَاً)[١٩]. واتە: لەناو باوەڕداراندا باشترینیان ئەو کەسەیە کە ڕەوشتی بەرزو جوان بێت، هەروەها پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(أَكْمَلُ الْمُؤْمِنِينَ إِيمَانًا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا)[٢٠] .

واتە: لەناو باوەڕداراندا باشترینیان ئەو کەسەیە کە ڕەوشتی بەرزو جوان بێت.

**٢- باوەڕدارێك دەست پاك وئەمین بێت:** هاوەڵی خۆشەویست (فَضَالَةَ بن عُبَيْد رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(الْمُؤْمِن مَنْ أَمِنَهُ النَّاس عَلى أَمْوالِهم وَأَنْفُسِهِم)[٢١].

واتە: باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە موسڵمانان ئەمین بن بەرامبەری لە ماڵ و نەفسی خۆیان.

**٣- باوەڕدارێك ئارامگرو دڵ فراوان بێت لەسەر ناڕەحەتییەکان:**

هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدِاللَّهِ بْنِ عُمَر رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

---

(١٩) (صحيح) رواه البيهقي في الزهد الكبير (٥٢ / ٢) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١١٢٨) .

(٢٠) (صحيح) رواه أبوداود (٤٦٨٤) والترمذي (٢٨٢٠) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١٢٣٠) .

(٢١) (صحيح) **بڕوانە**: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٦٦٥٨) .

(الْمُؤْمِنُ الَّذِى يُخَالِطُ النَّاسَ وَيَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ أَعْظَمُ أَجْرًا مِنَ الْمُؤْمِنِ الَّذِي لاَ يُخَالِطُ النَّاسَ وَلاَ يَصْبِرُ عَلَى أَذَاهُمْ)[٢٢].

واتە: باوەڕدارێك كە تێكەڵ بەخەڵكی ئەبێت و ئارام ئەگرێت لەسەر ناڕەحەتییەكانیان چاكترو باشترە لەو باوەڕدارەی كە تێكەڵ بە خەڵكی نابێت و ئارام ناگرێت لەسەر ناڕەحەتییەكانیان.

**٤- باوەڕدارێك ئازاو بەهێزو بەتوانا بێت:**

هاوەڵی خۆشەویست (أَبِى هُرَيْرَةَ رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وَأَحَبُّ إِلَى اللَّهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ)[٢٣].

واتە: باوەڕدارێك ئازاو بەهێز بێت چاكترو خۆشەویسترە لای خوای پەروەردگار لە باوەڕدارێك كە لاوازو بێ هێزو ترسنۆك بێت.

**٥- باوەڕدارێك خەڵكی لە دەست وزوبانی ئەمین بن:** هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُ اللَّهِ بنِ عَمْرٍو رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(أفْضَلُ المُؤْمنِينَ إِسْلاَماً مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِه وَيَدِه)[٢٤].

واتە: لەناو باوەڕداراندا باشترینیان ئەو كەسەیە كە موسڵمانان لە زوبان و دەستی ئەمین بن (واتە: بە زوبان ودەستی ئازاری موسڵمانان نەدات).

**٦- باوەڕدارێك دەست ودڵپاك بێت:** هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدُ اللَّهِ بن عَمْرٍو رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: ووترا بە پێغەمبەر ﷺ لەناو موسڵماناندا كامیان لە هەموویان چاكترو باشترە؟ ئەویش فەرمووی:

(كُلُّ مَخْمُومِ الْقَلْبِ صَدُوقِ اللِّسَانِ).

واتە: هەموو موسڵمانێكی دڵپاك و زوبان ڕاست، ووترا زوبان ڕاست ئەزانین، بەڵام دڵپاك كێیە؟ ئەویش فەرمووی:

(هُوَ التَّقِيُّ النَّقِيُّ لاَ إِثْمَ فِيهِ وَلاَ بَغْيَ وَلاَ غِلَّ وَلاَ حَسَدَ).

واتە: ئەو موسڵمانەی خۆی ئەپارێزێت لە خراپەكاری و دڵ پاكە و نەتاوان ئەكات و نەزۆردارەو نەڕق وكینەی لەدڵایەو نەحەسودی بەكەس ئەبات[٢٥].

**٧) باوەڕدارێك كردەوەكانی بەنهێنی وشاراوە ئەنجام بدات:**

هاوەڵی خۆشەویست (سَعْدُ بْنُ أَبِى وَقَّاصٍ رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ ئەیفەرموو:

(إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْعَبْدَ التَّقِيَّ الْغَنِيَّ الْخَفِيَّ)[٢٦].

---

[٢٢] (صحيح) رواه ابن ماجه (٤١٦٨) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٦٦٥١).

[٢٣] رواه مسلم (٦٧١٦) وابن ماجه (٤٣٠٧).

[٢٤] (صحيح) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١١٢٩).

[٢٥] (صحيح) رواه ابن ماجه (٤٣٥٦) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (٣٢٩١).

[٢٦] رواه مسلم (٧٦٢١).

واتــە: خــوای پــەروەردگار بەندەیــەكی لــە خواترســی دەوڵــەمەنــدی شــاراوەی خــۆش دەوێــت، (واتــە: دەوڵەمەنــد لــەدڵ ودەروونندا، وە شاراوە لە ئەنجامدانی كردەوە چاك وباشەكان، بەنهێنی ئـەنجامی دەدات تاكـەس پێـی نـەزانێت لەترسـی ڕیا).

**٨) باوەڕدارێك جوان وپاك وخاوێن بێت:** هاوەڵی خۆشەویست (عَبْدِاللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ رضي الله عنه) ئەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ جَمِيلٌ، يُحِبُّ الْجَمَالَ)[٢٧] .

واتە: خوای پەروەردگار جوانەو خاوەنی هـەموو نـاوو سـفەتێكی جـوان وپـیرۆزە، وە هـەموو كارەكـانی جـوان وپڕبایـەخ وپیرۆزە(جـوانی بـێ سـنورە لـە نـاوو سیفەتدا)، وە ئـەو كەسانەشـی خـۆش دەوێـت كـە خۆیـان دەڕازێننـەوە بـە كـارو كردەوەی جوان.

**٩) باوەڕدارێك هێمن ولەسەرخۆ بێت:** دایكی باوەڕداران (عَائِشَةَ) (رَضى الله عَنْهَــا) ئەفـەرمووێت: پێغەمبـەری خـوا ﷺ فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ رَفِيقٌ يُحِبُّ الرِّفْقَ)[٢٨] .

واتە: بەڕاستی خوای پـەروەردگار (نـەرم ونیـان ولەسـەر خـۆو پێویسـتی ئاسـان دەكـات كـە بـەبێ ئـەو نایەتـەجێ)، وە بەندەیەكیشی خۆش دەوێت كە نەرم ونیان وهێمن و لەسەرخۆ بێت.

**١٠) باوەڕدارێك ئاسانكار بێت:**

**هاوەڵی خۆشەویست** (أَبِى هُرَيْرَةَ رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: **پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

(إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ سَمْحَ الْبَيْعِ سَمْحَ الشِّرَاءِ سَمْحَ الْقَضَاءِ)[٢٩] .

واتە: خـوای پـەروەردگار بەندەیـەكی خـۆش دەوێـت لـە كـڕین وفرۆشـتندا ئاسـانكارو لێبـوردە بێـت، وە لـە دادوەریـشدا ئاسان كارو لێبوردە بێت.

**١١) باوەڕدارێك لەناو خەڵكیدا ڕێزدار و بەحورمەت بێت:**

**هاوەڵی خۆشەویست** (سَهْلِ بن سَعْدٍ رضي الله عنه) ئەفەرمووێت: **پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:**

(إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ كَرِيمٌ يُحِبُّ الْكَرَمَ)[٣٠] . واتە: بەڕاستی خـوای پـەروەردگار (بـەڕێزو ڕێزگـرە)، وە كەسانێكیـشی خـۆش دەوێت كە لەناو خەڵكیدا ڕێزوو حورمەتیان هەبێت.

---

([٢٧]) رواه مسلم (٢٧٥).

([٢٨]) رواه مسلم (٦٧٦٦).

([٢٩]) (صحيح) رواه الترمذي في السنن (١٣١٩) **بڕوانە:** السلسلة الصحيحة (٨٩٩).

([٣٠]) رواه الطبراني في (معجم الكبير) (٥٧٩٥) **بڕوانە:** صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١٨٠١) .

١٢) **باوەڕدارێك دەست كراوەو دەست بڵاوبێت:** هاوەڵی خۆشەویست (ابْنِ عَبَّاس ﷺ) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(إِنَّ اللَّهَ تَعالى جَوَادٌ يُحبُّ الْجُودَ)[٣١] .

واتە: خوای پەروەردگار زۆر بەخشەرو بەخشندەیە(هەموو شتێكی چاكی بەخشیوەو داویەتی)، وە باوەڕدارێكی خۆش دەوێت كە دەست كراوەو دەست بڵاوبێت لە خێرو چاكەكاری وبەخشین لە پێناوی خوادا.

**لەكۆتایدا...بیرخستنەوەیەك...**

**باوەڕداری خۆشەویست**... وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێكرد كە هاوەڵی خۆشەویست (ابْـنِ عَبَّـاس) ﷺ فەرموویەتی: نەوەی ئادمیزاد بۆیە ناونراوە (الإِنْسانُ) چونكە پەیمانی دا بەڵام پەیمانەكەی بیرچوو، وەئێمەش هەموومان نەوەی پێغەمبەر ئادەمین (ﷺ) زۆر شتمان بیر ئەچێت، وە پێویستە بەردەوام ئەم ئایەتانە بخوێنین ﴿رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذْنَآ إِن نَّسِينَآ أَوْ أَخْطَأْنَا ۚ ﴿٢٨٦﴾﴾ [البقرة : ٢٨٦] .

واتە: ئەی پەروەردگار لێمان مەگرە ئەگەر كارێكی خێرو باشمان بیر چوو، پەروەردگار لێمان مەگرە ئەگەر تاوانێك یان سەرپێچییەكمان كرد، وەپێویستە هەموومان ئەو ڕاستیە بزانین كە خوای پەروەردگار مرۆڤ و جنۆكەی تەنها بۆ بەندایەتی خۆی دروست كردووە، هەموو باوەڕدارێك هەڵە ئەكات بەڵام باشترین باوەڕدار ئەو كەسەیە ئەگەر هەڵەیەكی ئەنجامدا دووبارەی نەكاتەوە بەڵكو تەوبە بكات و پەشیمان بێتەوە لەو هەڵەیە، بەم فەرموودەیەی خۆشەویستی خوا ﷺ ماڵئاوایتان لێ ئەكەم ... هاوەڵی خۆشەویست (أَنَس بن مَالِك ﷺ) ئەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(أَيُّ الْخَلْقِ أَعْجَبُ إِيْمَاناً؟ قَالُوا: المَلائكةُ، قَالَ: المَلائكةُ! كَيفَ لاَ يُؤْمنُونَ؟ قَالُوا: النَّبيُّون، قَالَ: النَّبيُّون يُوحَى إِلَيهم فَكَيفَ لاَ يُؤْمنُونَ؟ قالوا: الصَّحَابَة، قَالَ: الصَّحَابَةُ مع الأَنْبِيَاء، فكيف لاَ يُؤْمنُونَ؟ وَلَكنْ أَعْجَبُ النَّاسِ إِيْمَاناً قَوْمٌ يجيئون مِنْ بَعْدِكُمْ فَيَجِدُونَ كِتاباً مِنَ الْوَحْيِ فَيُؤْمنُونَ بِهِ ويتبعونه، فَهُمْ أَعْجَبُ النَّاسِ إِيْمَاناً، أَوْ الْخَلْقِ إِيْمَاناً).

واتە: كام لە دروستكراوەكان، سەرسوڕهێنەر ترین باوەڕی هەیە؟ ووترا: فریشتەكان، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: فریشتەكان! چۆن باوەڕیان وانابێت لەكاتێكدا هەڵە نەكردوون(واتە: معصومن)؟ ووترا: پێغەمبەران(عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: پێغەمبەران چۆن باوەڕیان وانابێت لەكاتێكدا سرووشی خوایان بۆ دێت؟ ووترا: هاوەڵەكان(صەحابە)، (ڕەزای خوایان لێبێت) پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: هاوەڵەكان چۆن باوەڕیان وانابێت لەكاتێكدا لەگەڵ پێغەمبەرانن (عَلَيْهِمُ الصَّلاَةُ وَالسَّلاَم)، بەڵام سەرسوڕهێنەر ترین باوەڕی خەڵكی قەومێك دێن لەدوای

(٣١) بروانە: صحيح الجامع للشيخ الألباني (رحمه الله) (١٧٤٤) .

ئێوە قورئانی خوای پەروەردگار دەبینن و باوەڕی پێ دەهێنن و شوێنی دەکەون، ئەوانە سەرسوڕهێنەر ترین خەڵکن لە باوەڕهێناندا، یان سەرسوڕهێنەر ترین دروستکراون لە باوەڕدا[٣٢].

وَصَلَّى اللَّهُ عَلَى نَبِيِّنَا مُحَمَّدٍ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَالتَّابِعِينَ أجمعين.

**گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کەسوودم لێ وەرگرتووە.**

١- مختصر تفسير ابن كثير (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى).

٢- تفسير السعدي للشيخ العلامة: عبدالرحمن بن ناصر السعدي (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى)..

٣- التوضيح والبيان لشجرة الإيمان تأليف الشيخ العلامة (عبدالرحمن بن ناصر السعدي) (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى) .

٤- صحيح الجامع الصغير وزيادته: للشيخ العلامة/ محمد ناصر الدين الألباني (رَحِمَهُ اللَّه تَعَالَى) .

٥- شرح العقيدة الواسطية.

**٦- چەند سەرچاوەیەکی تر...**

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

(٣٢) بڕوانە: سلسة الأحاديث الصحيحة (٣٢١٥).

گۆشەی فەتوا ﴿فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ﴾

# وەڵامی شەرعی
# بۆ پرسیاری خوێنەران

**مامۆستا خلیل أحمد**

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**ئەم گۆشەیەی گۆڤارەکەمان فەتوای مامۆستایانی ئایینی و وەڵامی پرسیار و کێشەی خوێنەرانی بەڕێز دەربارەی فیقە و حەدیس و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە شەریعەتەوە هەیە لە ئامێز دەگرێت، بە ویستی خوای گەورە لە هەموو ژمارەیەکی ئەم گۆڤارە بەنرخەدا ژمارەیەك فەتواو وەڵامی بە سوودی متمانە پێکراو دەخەینە بەر دەستی خوێنەران ئەمەش وەڵامی چەند پرسیارێکە:**

**پ١ / ئایا بەکارهێنانی ووشەی سەلەفی بیدعەیە یان نا؟**

**و/ بەکارهێنانی ناو و ئەلقاب کە بۆ پێویستی ببێ و هیچ مانایەکی خراپی تێدا نەبێ و هۆکار نەبێت بۆ پەرتەوازە کردنی موسڵمانان و هاندەر نەبێت بۆ هەڵگرتنی بیروباوەڕی خراپ بە ناوی ئیسلامەوە ئەوە دروستە لەوانەش کە خراپن** (أهل الكلام، الفلاسفة، الجهمية، الخوارج، المعتزلة، الروافض ....) **بەڵام ناونان بە** (أهل الحديث، أهل التقوى، أهل القرآن، أهل السنة والجماعة، أهل الأثر، السلفية، الطائفة المنصورة، الفرقة الناجية، الجماعة.......) **ئەمانە دروستن چونکە ماناو دەلالەتی خراپیان تێدا نییە و دەلالەتی باشیش دەگەیەنن، بۆ نموونە ووشەی (السلف) لە زمانی عەرەبیدا بەمانای پێشینی خۆت دێت لە زانست و ئیمان و چاکە و خێردا .**

**ابن منظور ئەڵێ:**

(والسّلف أيضا من تقدّمك من آبائك و ذوي قرابتك الذين هم فوقهم في السِّنِّ والفضل ولهذا سُمي الصدر الأول من الصحابة السلف الصالح)[1].

**هەروەها وەکو فەرموودەش پێغەمبەری خوا ﷺ بەکاری هێناوە کە بە (فاطمة)ی کچی ئەفەرمێت: ( فانّه نعم السلفُ أنا لك)[2].**

(١) (لسان العرب: ٩/١٥٩).

(٢) (رواه مسلم: ٢٤٥٠).

لەزاراوەی زانایاندا (سلف) بەمانای (صحابە) دێت ئیمامی بوخاری ڕیوایەتی دەکات کە (ڕاشد)ی کوڕی (سعد) کە تابعییە ئەفەرمێت: (كان السلف يستحبّون الفُحولة لأنها أجرى وأجسر)[٣].

واتە: (صحابە) هاوەڵان لە بۆ غەزا ئەسپی (نێر)یان بە باشتر دەزانی لە ماین چونکە ئازاو خێرا ترە . مەبەست لەم (أثر)ە وشەی (السلف) کە لەسەردەمی (تابعين) دا بەکارهاتووە و بۆ صحابەش بەکارهاتووە واتا بۆ مانایاکی .

ئیمامی موسلیم لە پێشەکی صەحیحەکەیدا لاپەڕە ١٦ ڕیوایەت دەکات لەڕێگەی (محمد)ی کوڕی (عبدالله) ئەڵێ گوێم لێ بوو علی کوڕی شەقیق دەیگوت لە عبدالله ی کوڕی (مبارك)م بیست لەناو خەڵکیدا دەیگوت: (دعوا حديث عمرو بن ثابت فانه كان يسبُّ السلف) .

کەوا بوو سەلەفیەت نیسبەتە بۆ (السلف) ئەمەش نیسبەتێکی چاکە بۆ مەنهەجێکی حەق و بیدعە و مەزهەبێکی تازە نییە .

شێخ ابن تيمە (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) ئەڵێ:

(لا عيب على من أظهر مذهب السّلف وانتسب اليه واعتزى اليه، بل يجب قبول ذلك منه بالإتفاق، فإن مذهب السلف لايكون الا حقاً)[٤].

واتە: عەیب نییە لەسەر کەسێك کە مەزهەب و بەنامەی سەلەف ئاشکرا بکات و خۆی بداتە پاڵی (بڵێت من سەلەفیم) وە شانازی پێوە بکات, بەڵکو پێویستە ئەم شتەی لێ وەربگیرێت بەیەك دەنگی زانایان، چونکە مەزهەبی سەلەف تەنها حەق دەبێت.

بڕوانە مێژوو نووسی ئیسلام پێشەوا (الذهبي) (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) لە ژیاننامەی الحافظ الدارقطني دا ئەفەرمێت:

(لم يدخل الرَّجلُ أبدا في علم الكلام ولا الجدال ولا فاضَ في ذلك بل كان سلفياً)[٥].

ئەگەر کەسێك بڵێت باشە خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: ﴿هُوَ سَمَّاكُمُ الْمُسْلِمِينَ مِن قَبْلُ﴾ [الحج: ٧٨].

واتە: ناوی لێ ناونین بە (مسلم) موسڵمان ئیتر بۆچی ناوی تر بەکاربهێنین؟ ئێمە دەڵێین ڕاستە زۆر شیاویشە ئەگەر تاقمە گومڕاکان ناو و مەزهەب و ڕێچکەی خراپیان بەناوی ئیسلام و موسڵمانانەوە دروست نەکردایە هەمووشمان دەزانین هەرچی مەزهەب وحیزب و تاقمی گومڕا هەیە لە عالەمی ئیسلامیدا خۆی بە موسڵمان دەزانێت ئەی ئەبێ ئەوە کێ بێت نوێنەرایەتی ئیسلامی ڕاستەقینە بکات ئەگەر هەموومان تەنها ناومان موسڵمان بێت بۆ نموونە ئەگەر کەسێك پێت بڵێ مەزهەبت چییە؟ ئەگەر تۆ بڵێیت موسڵمانم پێت دەڵێت باشە خەڵکی هەمووی خۆی بە موسڵمان دەزانێت (شیعە، خوارج، جهمیە، معتزلە) چۆن خۆت لەوانە جیا دەکەیتەوە و ئیسلامی ڕاستەقینەش دەپارێزیت ئەگەر بڵێیت موسڵمانێکم لەسەر قورئان وسوننەت هەموویان ئەوە دەڵێن کەوابوو ئەبێ بڵێیت موسڵمانێکم لەسەر مەنهەجی سەلەف واتا قورئان وسوننەت

---

(٣) (فتح الباري: ٨٢/٦ چاپی (دار الكتب العلمية) .

(٤) (مجموع الفتاوى: ١٤٩/٤).

(٥) (سير أعلام النبلاء: ٤٥٧/١٦).

بە تێگەشتنی سەلەف (صحابە) ئەو کاتە هیچ تاقێکم ناتوانێت بەردەوام بێت . ئەنجا ناوی سەلەفی دژی ناوی مسلم نییە وەك موشریك یان کافر کە بەرامبەر بەناوی (مسلم)ە لەدژایەتی کردندا وە ئیسلام خۆی ئەوە دەخوازێت کە لە سلف لەسەری بوون وەك بە ئایەت ڕونکرایەوە وە چەندین حەدیسمان لەسەر ئەو مەسەلەیە هەیە وە لە حەدیسی افتراق دا هاتووە: (فقيل من هي الناجية؟ قال ما أنا عليه اليوم وأصحابي)[٦] .

**پ ٢/ ئایا بەکارهێنانی وشەی شێخ سونەتە یان بدعەیە؟**

**و/** وشەی شێخ دروستە بۆ کەسێکی زانا لە شەرعدا بەکاربێت وە هیچ کەس لە زانایان نەیانگوتوە حەرامە بەڵگە نەبوون لەسەر حەرامێتی حەڵاڵی دەکات، چونکە أصل (إباحە) یە وەك زانایان گوتویانە (الأصل في الأشياء الإباحة) بەمەرجێك ئەو ناولێنانە مانا و دەلالەتی خراپیان لێ نەکەوێتەوە .

**پ٣/ مەرجەکانی قەبوڵ بوونی دوعا چی‌یە؟ ئەگەر داوای شتێك لەخوا بکەم قەبوڵ دەبێت؟**

**و/** گومان لەوەدا نییە کە خوای گەورە وەعدی داوە وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کە داوای لێ دەکەن وەك دەفەرمووێ:

﴿ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ﴾ [غافر: ٦٠] .

یان سەلمانی فارسی ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرموێ پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (إن الله حَيّ كريم يستحي من عبده إذا رفع يديه إليه أن يردّهما صِفراً)[٧] .

واتە: خوای گەروە خاوەنی بەشەرمە و بەڕێزە شەرم دەکات ئەگەر بەندەیەك دەستی پاڕانەوەی بۆ لا بەرز بکاتەوە و بەبەتاڵی بگێڕێتەوە . بەڵام خۆ نەبێ هەموو پاڕانەوەیەك وەربگیرێت کەوا بوو پێویستە ئەوە بزانیت ئەم مەسەلەیە چەندین مەرج و ڕێگری هەیە ابن القيم (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) دەفەرموێ: جاری وا هەیە پاڕانەوە قەبوڵ ناکرێت و دوا دەکەوێت یان بە هۆی لاوازی خودی پاڕانەوەکە بۆ نموونە پاڕانەوەیەك بێت دژایەتی ودوژمنکاری کەسی تری تیادا بێت یان بە هۆی لاوازی دڵی ئەو کەسەی پاڕانەوەکە دەکات...یان بە هۆی ڕێگرێك وەك خواردنی حەرام و تاوان و دڵ ڕەشبوونەوە وەبێ ئاگابوون لە خوای گەورە و حەز و ئارەزوو زاڵبن بەسەریدا، لەو بەڵگانەی لەم مەسەلەدا هاتوون:

**١- فەرموودەی أبو هريرە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ:**

**(أدعوا الله وأنتم موقنون بالإجابة واعلموا أن الله لا يقبل دعاءً من قلب لاه)[٨] .**

واتە: داوا لە خوای گەورە بکەن وەدڵنیاش بن بەوەی کە خوای گەورە وەڵامتان دەداتەوە وە ئەوەش بزانن خوای گەورە پاڕانەوەی کەسێك وەرناگرێت بەدڵێکی بێ ئاگاوە بیکات .

**٢- فەرموودەی أبو هريرە ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی:**

---

(٦) (صحيح الجامع الصغير: ٣٥٤٣).

(٧) (رواه أبوداود والترمذي، وصححه الألباني في: صحيح سنن أبي داود: ١٤٨٨) .

(٨) (رواه الترمذي برقم ٣٤٧٩، وحسنه الألباني في: صحيح الجامع الصغير: ٢٤٥) .

(....ثم ذكر الرجل يطيل السفر أشعث أغبر يمدُّ يديه إلى السماء يارب يارب ومطعمهُ حرام ومشربه حرام وملبسه حرام وغذي بالحرام فأنى يستجاب لذلك)[٩].

واتە: دەستەكانی بەرزدەكاتەوە بۆ ئاسمان دەڵێ ئەی خوایە ئەی خوایە لە كاتێكدا خواردنەكەی حەرامە و خواردنەوەكەی حەرامە و جلو بەرگی حەرامەو بە حەرام گۆش كراوە ئەی چۆن وەڵام ئەدرێتەوە و پاڕانەوەكەی قەبوڵ دەكرێت .

٣- فەرموودەی أبو هريرە رضي الله عنه ئەڵێ پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرموویەتی:

(يستجاب لأحدكم مالم يعجل يقول دعوتُ فلم يستجب لي)[١٠].

واتە: هەركامتان داوا لە خوای گەورە بكەن وەڵام دەدرێنەوە بەمەرجێ پەلە نەكات و بڵێت داوام لە خوا كردو وەڵامی پاڕانەوەكەم نەدرایەوە .

٤- فەرموودەی أبو هريرە رضي الله عنه لە پێغەمبەرەوە صلى الله عليه وسلم:

(لا يزال يستجاب للعبد مالم يدعُ باثم أو قطيعة رحم....)[١١] .

واتە: بەردەوام وەڵامی بەندە دەدرێتەوە بەمەرجێ داوای تاوان و بچڕانی پەیوەندی خزمایەتی نەكات .

ئەمە و چەندین مەرج و ئادابی زۆر هەن ئەمانە دیارترینیان بوون .

**پ ٤** / ئایا نوێژی سوننەت لە دوای نوێژەكان دەكرێت؟ وە شەونوێژ چەند ڕكاتە؟

**و**/ نوێژی سوننەت لە پێش و پاش نوێژە فەرزەكان دەكرێت لە پاش و پێش نوێژی نیوەڕۆ، لە پاش و لە پێش نوێژی عەسر (هەرچەندە زانایان جیاوازیان هەیە بۆ پاش عەسر) لە پێش و لە پاش نوێژی مەغریب، لە پێش و لە پاش نوێژی عیشا، بەڵام نوێژی بەیانی تەنها لە پێشی نوێژی سوننەت هەیە لە پاشییەوە سوننەت نییە، شەو نوێژ تەنها یانزە ڕكاتە بەدەقی فەرموودەیەك كە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) ڕیوایەتی كردووە كە دەفەرموێ:

(ماكان رسول الله صلى الله عليه وسلم يزيد في رمضان ولا في غيره عن إحدى عشرة ركعة)[١٢].

واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم هەرگیز لە ڕەمەزان و غەیری ڕەمەزاندا لە یانزە ركات زیاتری نەكردووە

**پ ٥** / من خوشكیكم بە مێرد داوە بەكەسێك ئەوانیش ئەوكات منداڵێكیان لەمن مارە كردوە ئێستا منداڵەكە گەورە بوە من دەمەوێت بیهێنم بەڵام نام دەنێ دەڵێن پارەت دەدەینێ ئایا ئەم پارەیە حەرامە وەرگرتنی یاخودنا حوكمەكەی چۆنە؟

---

(٩) (رواه مسلم) .

(١٠) (رواه البخاري ومسلم) .

(١١) (رواه مسلم) .

(١٢) (رواه البخارى ومسلم) .

**و/** پێشەکی ژن بە ژن ئەگەر مەرجی گۆڕینەوەی تیادا بێت بۆ نموونە بڵێت خوشکی خۆمت ئەدەمێ بە مەرجێ تۆش خوشکی خۆتم بدەیتێ و مارەییان بۆ دانەنرێ ئەمە دروست نییە، بەڵام ئەگەر مارەییان هەبێت ئەوە هەندێ لەزانایان بە دروستیان داناوە هەرچەندە ڕای پەسەند ئەوەیە ژن بە ژن دروست نییە وەك لە حەدیسی صەحیحدا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ نەهی کردووە لێی: (**نهى رسول الله ﷺ عن الشغار**)[13] .والشغار هو أن يزوج الرجل ابنته على أن يزوجه الآخر ابنته وليس بينهما صداق ..وقال بعض العلماء جملة وليس بينهما صداق من كلام نافع .

پاشان بە مێرددانی کچی منداڵ لە لایەن خاوەنی کچە بە تایبەت باوك و باپیرە دروستە هەرچەندە لای زانایانی شوێنکەوتوانی ئیمامی شافعی ڕەحمەتی خوای لێ بێت ئەوەیان بە سوننەت داناوە کە باوك و باپیرە کچ بە مێرد نەدەن تاوەکو پێ دەکات و پرسی پێ دەکرێت ڕای پەسەند ئەوەیە ئەگەر بە منداڵی بە مێرد درا دادەمەزرێت بە مەرجێك کچەکە لە کاتی باڵغ بونیدا قایل بێت بەڵام ئەگەر قایل نەبوو هەڵدەوەشێتەوە ئەمە بۆ چوونی پێشەوایان لە هاوەڵانی پێغەمبەرە ﷺ وەك( عومەر، عەلی، عبد الله بن مسعود، ابن عمر، أبو هريرە) خوای گەورە لە هەموویان ڕازی بێت.

جا ئەگەر کچەکە ڕازی بوو ئەوە خێزانی خۆتە و دەبێ بتدەنێ و زوڵم دەکەن ئەگەر قەدەغەتان بکەن ئەوکاتە دەتوانی بۆ تەڵاقدانی پارەیان لێ وەربگریت، بەڵام ئەگەر ڕازی نەبوو ئەوە دانەمەزراوە هەر پارەیەکت دا بێت بۆت دەگەڕێتەوە .

**پ٦/** من بەتەمام ببم بە باڵاپۆش إن شاء الله بە پشتیوانی خوای گەورە پرسیارەکەی من لێرەدا ئەوەیە ئەگەر تەوبە بکەیت وەك منداڵێك وایت کە تازە لەدایك بوبێت؟ یانی هەموو ئەوانەی پێشتر کردوومە کە بوەتە مایەی سەرپێچیەکانی خوای گەورە بۆ نموونە من پێشتر کەسێکی سفور بووم ئێستا خوای گەورە هیدایەتی داوم بڕیارێکی وام داوە کە ببم بە باڵاپۆش ئایا خوای گەورە تاوانی سفوریەکەم هەموو بۆ ئەسڕێتەوە و لاپەڕەیەکی نوێ لە ژیانم هەڵئەدرێتەوە من تەمەنم ١٩ ساڵە خوێندکاری زانکۆم توخوا زوو وەڵامم بدەنەوە با دڵم مورتاح بێت .

**و/** ئافرەتان لەسەریان واجبە لەشیان داپۆشن و جلی شەرعی لەبەر بکەن ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە و پاراستن بۆ خۆیان لە چاوی خەڵکانی خراپ و مانەوەیان لەسەر حەیا و پاکی ڕەوشت و بەو کارەیان دەبنە ڕێگرێك لەبەردەم گورگەکانی ڕەوشت خراپی و هەڵناوەرێن لە ژێر دەستیان دا کە پاشانیش هیچ بەهایەکیان بۆ دانانێن جا هەر سفورێك تەوبە بکات و ببێتە باڵاپۆش خوای گەورە تەوبەی لێ وەردەگرێ و تاوانەکانی دەسڕێتەوە وە خوای گەورە وای لێ دەکات کە تاوانی نەبووبێ وەك پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێ:

(**التائب من الذنب كمن لا ذنب له**)[14] .

واتە: کەسی تەوبەکارو پەشیمان لەتاوان وەکو ئەو کەسەوایە کەتاوانی نییە وە ئەو دڵخۆشی و خۆشبەختییەی هەستی پێ دەکەیت ئەو دەرگایە بۆ خۆشبەختی گەورەتر لە دونیا و قیامەتدا إن شاء الله جا خێراکە ساتێك زووتر تەوبە بکەو جلی شەرم و حیشمەت و ڕێز لەبەر بکە نەفرەت بێت لە جلی سفور و نەهێشتنی دین و ڕەوشت.

---

(١٣) (رواه أحمد ومسلم).

(١٤) (صحيح الجامع الصغير: ٣٠٠٨) .

**پ٧**/ ئایە بانگدان بە کۆمپیوتەر لە مزگەوتەکاندا جائیزە؟ کە مەبەست لێی یەکخستنی بانگەکانی ناوشار و نەهێشتنی بیدعەیە, چونکە جاران کێشەی ئەوەمان هەبوو کە شکات دەکرا لە هەندێ مزگەوت کە فاتیحا نادات لە دوای بانگ یان صەلاوات نادەن . خوای گەورە پاداشتان بداتەوە.

**و**/ بانگدان عیبادەتێکی بەرز و بەڕێزە و چەندین فەرموودە هاتوون لە باسی فەزڵ و چاکە و گەورەیی ئەو عیبادەتە وەك حەدیسی أبو هريرە رضي الله عنه کە ئەڵێ:

(أن رسول الله ﷺ قال: لو يعلم الناس ما في الأذان والصف الأول ثم لم يجدوا إلا أن يستهموا عليه لاستهموا ولـو يعلمـون ما في التهجيد لاستبقوا إليه ولو يعلمون مافي العتمة والصبح لاتوهما ولو حبواً)[١٥].

واتە: ئەگەر خەڵکی بیانزانیایە کە بانگ و ڕیزی یەکەمی نوێژ چەند پاراستنی تیایە ئەنجا چار نەبوایە بۆ دەستکەوتنی ئەو خێرە تەنها بە پشك خستن (قرعە) نەبێت ئەوە دەیانکرد، وە ئەگەر بیانزانیایە زوو ڕۆیشتن بۆ نوێژی نیوەڕۆ چەند خێر و پاداشتی تیایە ئەوە پێشبڕکێیان دەکرد وە ئەگەر بیانزانیایە نوێژی عیشا و بەیانی چەندێك پاداشتیان هەیە ئەوە بە گاگۆڵکێ بۆیان دەڕۆیشتن جا دانانی بانگ بەو ئامێرانە دەبێتە هۆکاری لەناودانی ئەو پاداشتەی دانراوە بۆ موسڵمانان کە ئەو حەدیسانە هانیان دەدات بۆی، ئەنجا بانگ دانی هەموو موسڵمانان لەیەك کاتدا شتێکی واجب و پێویست نییە کە ئەگەر نەکرا موسڵمان پێی تاوانبار ببن بەڵکو مەسەلەکە فراوانە و ئەوەندەش قورس نییە لەسەر موسڵمانان لەوانەش هۆکار بۆ ئەم بیرۆکەیە ئەو خشتانەبن کە کاتی نوێژەکانیان تیادا نووسراوە کە زۆربەیان وە زۆر کاتیشیان بۆ نوێژەکان هەڵەیە ئەنجا پێشەوایانی مزگەوتەکان دەتوانن بانگ دوابخەن بەمەرجێ موخالەفەی سوننەتی تیادا نەبێت وە لەبەر بەرژەوەندییەکی شەرعی بێت وەك ئەوەی لە ماڵی خوادا لەڕەمەزاندا نوێژی عیشا دوو سەعات دوای مەغریب بانگی بۆ دەدرێت .

**پ٨**/ من گەنجێکم کە دێمە سەر ئینتەرنێت سایتی خراپ دەکەمەوە زۆریش هەوڵ ئەدەم نەیکەمەوە بەس ناتوانم.

**و**/ ئینتەرنێت ئامێرێکی دوو لایەنە بۆ چاك و بۆ خراپ بەکاردێت بۆیە پێویستە موسڵمان وریا بێت بۆ شتی چاك بەکاری بهێنێت وە وریای ئەو بەرنامەو سایتە خراپانە بێت کە دەبنە هۆی نەهێشتنی دین و ڕەوشتی مرۆڤەکان بەتایبەت گەنجان زۆر پێویستە ئەگەر دڵنیا نەبێت نەچنە سەر ئینتەرنێت یان بەرنامەی (بلۆکەر) و چەندین بەرنامەی قەدەغە کردنی کردنەوەی سایتە بێ ڕەوشتەکان دابەزێنێتە سەر کۆمپیوتەرەکەی جا ئەگەر توانای بەسەر نەفسی خۆیدا نەبوو ئەوە نابێ بچێتە سەر ئینتەرنێت، چونکە یەکێك لەمەرجەکانی تەوبە کردن ئەوەیە نەچێتەوە سەر ئەو کارەو ئەو جێگایەی تاوانەکەت تیادا کردووە بەجێی بهێڵێت .

**پ٩**/ من ماوەیەك پێش ئێستا دوکانێکم برِا (دزرا) وە تا ئێستا کابرای دز نەدۆزراوەتەوە جا بۆ دۆزینەوەی ئەو کەسانە خەڵکی هەندێ کەسیان بۆ دەستنیشان کردووم کە لەڕێگەی ئەوانەوە بتوانم بیاندۆزمەوە ئەم جۆرە کەسانەش بە عیلمی

---

(١٥) (رواه البخاري) .

پاراسایكۆلۆژیا یان بە تەنوینی موگناتیسی ئەم كارە دەكەن بەڵام من بڕوام پێیان نییە وەپێشم وایە ئەم جۆرە كارانە گوناهە جانازنم ئێوەی بەڕێز لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

**و/** هەر كەس شتێكی دزرا دەتوانێت هۆكارەكان بگرێتە بەر بۆ دۆزینەوەی دزراوەكەی بەڵام بە هۆكاری واقعی كە لە مەحكەمەی موسڵمانانداكاری پێ دەكرێت لە درێژایی مێژووی حوكمڕانی موسڵمانانداكە لەوانە دۆزینەوەی شتەكەی بە دەستی دزەكەوە یان دان پیانانی دزەكە بەوەی كە ئەو دزیویەتی یان بوونی شایەت لەسەری بەم شێوەیە تۆمەت جێگیر دەكرێت چونكە قاعیدەی شەرعی وایە دەڵێ: (المتهم بري حتى يثبت عليه الدليل) یان (الأصل براءة الذمة) بەڵام بە پاراسایكولوژیا یان (تنويم المغناطيس) یان بە جادووگەر و ساحیر یان بەهەر شتێكی ناواقعی تاوانباری ئەو كەسە ناسەلمێنێت و جێگیر ناكرێت ئەوەش بزانە لە زۆربەی ئەمانەی باسكران جنۆكە و شەیتانەكان ڕۆڵی خراپ دەبینن بۆ دروست كردنی ئاشوب و فیتنە لە نێوان موسڵمانان و ئادەمیزاد بە گشتی .

**پ١٠/** ئایا لەسەر قەبران مردوو ئاگای لێیە كە قورئانی بۆ ئەخوێنن؟

**و/** قورئان خوێندن لەسەر قەبران كارێكی خراپە و هیچ بەڵگەیەك نەهاتووە كە هیچ كەس لە هاوەڵان و پێشەوانیان كردبێتیان سەرەڕای ئەوەی بەڵگەش نەهاتووە كەوابوو بیدعەیە و دەبێ موسڵمان خۆی لێ بپارێزێ بۆ مەسەلەی ئایا مردووەكان ئاگایان لێیەتی نەخێر مرۆڤ كە مرد لەم دونیایە پەیوەندی دەبچڕێ بەڵگەش بۆ نەبیستنیان ئەوەیە كە خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ﴾ [فاطر: ٢٢].

واتە: تۆ ناتوانیت دەنگی خۆت بگەیەنی بە مردووكان ئەمە ئەگەر بۆ پێغەمبەر ﷺ وا بێت بێ گومان بۆ كەسانی تر وەك خوێنەرانی سەر گۆڕستانەكان ناتوانن بیگەیەنن كە زۆربەیان ئەو خوێندنەیان بۆ پارە و پول و سامانی دونیایە خوا پەنامان بدات .

**پ١١/** ئایا میز كردن بە پێوە جائیزە؟

**و/** یەكێك لە ئادابەكانی دەست بە ئاو گەیاندن ئەوەیە لە شوێنێكدا ئەو كارە ئەنجام بدەیت كە جلوبەرگ و گیانت پیس نەبێت هەروەها بە پێوە میز كردن ئەگەر ببێتە مایەی پیس بوونی ئەوانە ئەوا دروست نییە، جا میزكردن بە پێوە جوان نییە و پێچەوانەی ئاكارەكانە، بەڵام ئەگەر بە پێوە بكرێت و لەش و جل و بەرگ پیس نەكات دروستە .

عائشە (خوای لێ ڕازی بێ) ئەفەرمووێ:

(من حدّثكم أن رسول الله ﷺ بال قائماً فلا تصدّقوه ما كان يبول إلا جالساً)[١٦].

---

(١٦) (رواه الخمسة إلا أبو داود، وصححه الألباني في: سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢٠١) .

واتە: هەر کەس پێی ووتن پێغەمبەری خوا ﷺ بە پێوە میزی کردووە ئەوە باوەڕی پێ مەکەن، چونکە پێغەمبەری خوا ﷺ هەمیشە بە دانیشتنەوە میزی دەکرد . ئەمە سوننەتی بەردەوامی پێغەمبەری خوایە ﷺ بەڵام دەبینی (حذيفة رضي الله عنه) ئەفەرمێت:

(أن النبيّ ﷺ انتهى إلى سباطة قومٍ فبال قائماً فتنحيتُ عنه فقال أُدنه فدنوت حتى قمت عند عقبيه فتوضأ ومسح على خفيه)(١٧) .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕۆیشتە سەر سەرانگوێلکەیەك بە پێوە میزی کرد منیش دورکەوتمەوە لێی فەرمووی نزیك بەرەوە نزیك بومەوە تا لە پشتیەوە وەستام جا دەستنوێژی کرد و مەسحی کرد لەسەر خوفەکانی.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەی ئەوەی تێدایە کە جائیزە بەمەرجێك پارێزراو بێت لە پرش و پیس بوون .

بۆچوونی عائیشە لەسەر ئەوە بنیات نرابوو کە نەیبیستبوو بەڵام بینیبوی لە زانستدا بەوەی (حذيفة رضي الله عنه) کار دەکرێت کە جائیزە.

**پ١٢/** حوکمی صیغە یان هاوسەرێتی بۆ ماوەیەکی کەم چیە؟

**و/** زەواجی سیغە یان کاتی زانایان پێناسەیان کردووە بەم شێوەیە کە بریتیە: (زەواجی کات بۆ دانراو بە زەمانێکی زانراو یان نەزانراو کە کۆتایەکەی ٤٥ ڕۆژە کە ئەو زەواجەیە هەڵدەوەشێتەوە بۆ ئەو ئافرەتانەی حەیزیان نەماوە بەو کاتە وە بە دوو حەیز بۆ ئەو ئافرەتانەی دەکەونە حەیزەوە وە چوارمانگ و دەڕۆژ بۆ ئەو ئافرەتانەی (سیغە)کرابن بەڵام پیاوەکانیان بمرن حوکمی ئەم زەواجە تەنها ئەو مارەیەی پێ دەدرێت کە بەمەرج گیراوە وە هیچ نەفەقەیەکی نادرێتێ و نە میرات وەردەگرێت وە هیچ عیدەیەکی نییە ئەو چوار مانگ و دەڕۆژە نەبێت وە بەو زەواجە هیچ خزمایەتیەك جێگیرنابێت و خزمایەتی ژن و ژنخوازی پێ جێگیر نابێت)

حوکمی ئەم زەواجە ئەوەیە کە زۆربەی زانایانی ئیسلام بە حەرامیان داناوە بەبەڵگەی:

یەکەم: خوای گەورە دەفەرمووێ:

﴿وَالَّذِينَ هُمْ لِفُرُوجِهِمْ حَافِظُونَ إِلاَّ عَلَى أَزْوَاجِهِمْ أوْ مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَإِنَّهُمْ غَيْرُ مَلُومِينَ فَمَنْ ابْتَغَى وَرَاءَ ذَلِكَ فَأُوْلَئِكَ هُمْ لْعَادُونَ﴾ [المؤمنون ٥-٧] .

دووەم: (سبره الجهينى) ئەڵێ: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی:

(يا أيها الناس اني قد كنت أذنت لكم في الاستمتاع من النساء وإن الله حرّم ذلك إلى يوم القيامة فمن كان عنده منهن شيءٌ فليخل سبيله ولا تأخذ مما آتيتموهن شيئاً)(١٨) .

کەوا بوو ئەم زەواجە شتێکی خراپ و حەرامە و با چیتر ئافرەتان نەکرێن بە کاڵا و بۆ کاتێکی کەم بۆ تێرکردنی ئارەزووەکان کڕین و فرۆشتنیان پێوە بکرێت .

---

(١٧) (رواه الجماعة) .

(١٨) (رواه مسلم: ٣٤٠٨).

**پ١٣/** ئایە لەشەرعی ئیسلام زەواج میسار هەیە، ئەگەر نییە ئەوانەی ئەو زەواجیان کردوە تاوانەکەیان چییە؟وە ئەگەر هەیە چۆنە؟

**و/** زەواجی مسیار یەکێکە لەو زەواجانەوەی لەم سەردەمەدا پەیدا بووە و پێشتر لەناو موسڵماناندا نەبووە ئەسڵی ووشەکە دەگەڕێتەوە بۆ (سیر) واتە: ڕۆشتن بەمانای ئەوەی مێردەکە بەبەردەوامی لای ژنەکە نەبێت هەرکات ڕێی کەوتە ماڵی ژنەکە دەچێت بۆ لای هۆکاریش بۆ دروست بوونی ئەم زەواجە زۆرن لەوانە:

١- زۆربوونی ڕێژەی ئافرەتان لە کۆمەڵگادا.

٢- کارنەکردن بە هاوسەرگیری ئیسلامی و لەبەرچاوگرتنی تەنها مەرجی جوانی بۆ ئافرەتان یان هەبوونی پلەوپایە و بڕوانامە و سامانی دونیا .

٣- گران کردنی مارەیی ئافرەتان وگرنگی دان بە ماڵ و باڵەخانە و زێڕ و زیو .. هەموو ئەمانە بوونەتە مایەی قەیرە کردنی کچان و شونەکردنیان لەمەشەوە کچان ناچار بوونە دەست هەڵگرن لە هەندێ لە مافەکانی خۆیان لە شوکردندا لەوانە خەرج و ماڵ لەکاتێکدا ئەم دووانە مافی ئافرەتانن بەسەر پیاوانەوە ئەوەش بزانە ڕوکنەکانی هاوسەرگیری ئەمانەنن:

کچ و کوڕ وخاوەنی کچ و (پێدان و قەبوڵ کردن) و بوونی دوو شایەت دەبینی هاوسەرگیری (مسیار) هەموو پێنج ڕوکنەکەی تێدایە تەنها ئەوەندە هەیە ئافرەت لە ماڵی باوکی خۆیدا یان لەماڵی خۆی دەمێنێتەوە بە بێ مافی داوا کردنی ماڵ وخەرج (نفقة) هەر کات مێردەکە ڕۆشت دەچێتە ماڵی ژنەکە یان ماڵی باوکی ژنەکە .

ئەوەش بزانە ئەم زەواجە کاتیی نییە و مارەییش بۆ ئافرەتەکە دیاری کراوە جا حوکمی زانایان ئەوەیە هەندێ لەزانایان فەتوای ئەوەیان داوە کە مەرجەکانی هاوسەرگیری شەرعی تێدایە تەنها ئەوەیە ئافرەتەکە (تەنازول لە مافی خۆی دەکات) . بەڵام کەسانی تریش ڕای جیاوازیان هەیە دەڵێن بوونی ماڵ و خەرج (نفقـة) ناگەڕێتەوە بۆ ویستی ئافرەتەکە بەڵکو تشریع کراوە لەسەر پیاوان و حیکمەتی تیادایە وە لەم شێوەیە دل (سالاری پیاو) لەناو دەچێت وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ [النساء: ٣٤] لەمەشەوە چەندین کەم و کوڕی و نوقسانی وخراپە ڕوو ئەدات وەك:

١- دووری مێردەکە لە چاودێری و پەروەردەی ئەو ئافرەتە.

٢- مەحروم بوونی ئەو منداڵانەی دەکەونەوە لە پەروەردەی باوك .

٣- قورس بوونی خەرجی دان لەسەر ئافرەتەکە .

٤- کرانەوەی دەرگای بایەخ نەدان و بەسەر نەردنەوەی ژنەکە لە لایەن مێردەکەوە ئەمەش ئەگەری ڕوودانی کاری خراپی لێ دەکرێت .

٥- ساردکردنەوەی خەڵك لە زەواجی ئیسلامی کارپێکراو بە هۆی هەڵگرتنی ماڵ دروست کردن و خەرج دانی ژنەکە کە ئەمەش لەم سەردەمەدا دژوارە و ئەمەشە هۆی ژن نەهێنان و قەیرە بوونی زۆرێك لە کچان .

بۆیە ئەمەیان بەکارێکی خراپ داناوە و ڕەخنەیان لێگرتووە تەنانەت لە کۆمەڵگەدا کەسانێکی کەم نەناسراو ئەو کارەیە دەکەن بە تایبەت ئەو خانەوادەو خێزانانەی لەناو کۆمەڵگەدا پلەو پایە و ناوبانگیان هەیە و خاوەنی کەسایەتی خۆیانن ئەو کارە ناکەن جا وا چاکترە ئەم دەرگایە نەکرێتەوە و هاوسەرگیری شەرعی زیان نەبینێت چونکە بەڕاستی ئەمە کاردەکاتە سەر هاوسەرگیری ئیسلامی کارپێکراو.

خوایش زاناترە.

**پ١٤/** من لەم وڵاتە هەموو کەس خۆی تەئمین دەکات (تأمين حياة) پارە دەدەین مانگانە بە ئەو بانکە بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکمان لێ بقەومێ ئەوان یارمەتیمان دەدەن بەڵام نازانم بۆ ئەو پارەیە حەرامە؟ من منداڵەکەم ساڵی پار سوتا زۆر شوێنی سەقەت بوو ئەگەر ئەو پارە لەوان وەربگرم بۆ تەجمیل کردنی منداڵەکەم ئەو پارە بە هەمان شێوە حەرامە؟ خوای گەورە یارمەتی دەری هەموو موسڵمانان بێت لەگەڵ ئێوەش.

**و/** مەسەلەی تأمین لە فیقهی ئیسلامی دا بریتییە لە گرێبەستێك لە نێوان بیمەدار (مؤمن) لەگەڵ بیمەکراو (مؤمن لـه) کە بریتییە لەو کەسەی بیمە بە قازانجی بەمەرج گیراوە کە بڕێك لە ماڵ یان موچەیەك یا ماڵێکی بەرامبەری پێ دەدرێت لەکاتی ڕوداودا یان لەکاتی ترسدا  کە لە گرێ بەستەکەیاندا ڕوون کراوەتەوە بە پێی قیست لایەنی یەکەم دەیدات بە لایەنی دووەم، ئەنجا ئەوەش بزانە (بیمە) تأمین جۆری زۆرە وەك بیمەی بازرگانی، کەسێتی، ژیان، کۆمەڵایەتی....هتد .

جا زانایانی سەردەم لە دوای تاوتوێ کردنی زۆر ئەم کارەیان بە حەرام داناوە چونکە سوخواردنی تێدایە و کەم و زۆری تێدایە وە قومار و نەزانینی تێدایە، جا پێویستە موسڵمان خۆی لەم کارە بپارێزێت .

**پ١٥/** ئایا لەبەرکردنی پانتۆڵ حەرامە؟

**و/** پانتۆڵ جلوبەرگی موسڵمانان نییە و چەندین خراپەی تیادایە وەك ئەوەی گۆڕینەوەی جلوبەرگی شەرعی بەو جلە و دەرخستنی لەش و لاری ئەو کەسانەی لەبەری دەکەن ئەم حوکمە بۆ پیاو ئەوەندە هەیە ئەگەر پان و پۆڕ بێت هەندێ لە زانایانی ئەم سەردەمە فەتوای دروستیان داوە، بەڵام ئامۆژگاریم ئەوەیە ئەگەر پێویست نەبێت لەبەر نەکرێت، بەڵام بۆ ژنان دروست نییە بە هیچ شێوەیەك چونکە لاسایی کردنەوەی پیاوانی تیادایە و زیاتر جوانی ئافرەتان دەردەخات وە دەبێتە هۆکاری فیتنە و بێ ڕەوشتی و نەهێشتنی شەرم و حیشمەتی ئافرەتانی موسڵمانان بۆیە پێویستە ڕێگە نەدرێت بە ئافرەتان کەمتەرخەمی تیادا بکەن .

**پ١٦/**  نینۆك درێژکردن حەرامە؟

**و/** نینۆك کردن و پاك ڕاگرتنی نینۆکەکان یەکێکە لە دروشمەکانی پێغەمبەران و دروشمی موسڵمانان وەك لە فەرموودەی أبو هریرە ﷺ دا هاتووە پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: (**خمس من الفطرة: ... وتقليم الأظفار**)[١٩] .

واتە: پێنج شت لە فیترەت و ئیمانن:.... نینۆك کردن .

(١٩) (رواه الجماعة) .

جا درێژ کردنەوەی نینۆك کارێکی پیس و حەرامە و پێچەوانەی ئەو فیترەتەیە کە مرۆڤی لەسەر دروستکراوە و فەرمانی پێ کراوە لەوەش خراپتر ئێستا کەسانی خراپ و تاوانبار و عاشق وخنکاو لە ناو دەریای بێ بنی شەیدا بوون و بێ هۆشیدا ئەو کارە دەکەن تاوەکو بووەتە هۆی ناسینەوەی ئەو کەسانەی ئەوە ڕەفتاریانە بۆیە یەکێك لە نیشانەکانی لەدەستدانی ژیری و هۆش و فام لای کەسانی ئارەزووپەرست و عەودالانی ڕەگەزی بەرامبەر بەبێ شەرعی ئەوەیە نینۆکت درێژ بکەیت ئەگینا کەسی پاك و بەئیمان و ئازاد کە خۆی نەخستبێتە داوی شەیدابوونەوە پێویستی بەو جۆرە کارانە نییە .

**پ١٧/** ئایا بەکارهێنانی مۆسیقا بۆ مەبەستی چاکە حەرامە؟ وەك سامی یوسف کە ئێستا بەدیلی گۆرانییە خراپەکانەی ئەم سەردەمەیە، چونکە ئەوەندەی گوێی لێ دەگرم دڵم پاراو دەبێ بە یادی خواو پێغەمبەر ﷺ ئیتر نازانم بۆ حەرامە؟ ئەگەر وابێت ئینتەرنێت و سەتەلایت خراپن خۆ لە سەردەمی پێشودا نین و بیدعەن، وە ئایا ئیمامی عومەر رضي الله عنه لەسەردەمی خۆی دا دەست بڕینی دزی نەهێشت لەکاتێکدا پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردبوو بەرامبەر دزی کردن کەوا بێت ئەبێ اجتهاد بە پێی کات و شوێن بگۆڕێت .

زۆربەی مەلاو زاناکان دەڵێن موسیقا گەر بۆ کاری چاکە بەکار بێت حەرام نییە، وە ئەگەر حەرام بێت کەواتە ئەو هەموو ڕاگەیاندنە ئیسلامیانە لە کوفرو خەڵوەتدان (لَهْوَ الْحَدِيثِ) خوای گەورە کە فەرموویەتی مەبەست شتێکە کە دین ناشرین بکات و قورئان لە بەرچاو خەڵکی بخات" امام محمدی غەزالی ئەفەرموێت: ئەگەر قورئانیش بۆ لەبەر چاوخستنی خەڵك لێ بدەیت هەر حەرامە وە باسکراوە کە جارێکیان گوێی لە شیعرە نیشتیمانییەکانی أم کلثوم گرتووە؟

**و/** حوکمی گۆرانی مۆسیقا حەرامێکی ڕوون و ئاشکرایە و چەندین جار بەڵگەکانمان خستۆتە ڕوو ئەنجا کارو پیشەی پێغەمبەران و هاوەڵان و دۆستانی خوا نەبووە وە بەدیلی گۆرانیش بریتییە لە قورئان و ذیکر و زانست و موناجاتی خوا (جلّ جلاله)، سەردەمی زێڕینی ئیسلامەتی سەردەمی هاوەڵان کەسانی وەك (سامی یوسف)یان نەبووە گۆرانیان بۆ بڵێ ئەگەر بهاتبایە کارێکی چاك بوایە و ئیمان بەوە زیادی بکردایە ئەوە چەندین کەس خۆی بۆ تەرخان دەکرد و دەبوو بە بەشێك لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئەنجا ئەو بەڕێزەش کە ئەڵێ بە بیستنی دڵم پاراو دەبێ بە یادی خواو پێغەمبەری خوا ﷺ ئەڵێم: ئەوە تۆ بەکەمی گوێ دەگریت لە گۆرانییە ئیسلامیەکان و سرودەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ وات لێ دێت ئەگەر وریای خۆت نەبیت ئەوانە دەبنە بەدیلی قورئان و ذیکر و دوعاکردن وەزیاتر مەیلت بۆ شیعر و سرود و گۆرانییەکان دەچێت ئەنجا خەیرێکی زۆر لەدەست دەچێت، ئەنجا ئەڵێم ئینتەرنێت و سەتەلایت دوو ئامێری چاکن و بواری خزمەتکردنیان زۆر تێدایە بەکۆمەڵگە ئەگەر بە چاکی بەکار بهێنرێت وە قیاس کردنی بە ئامێرەکانی گۆرانی و مۆسیقا زۆر دوورن لەیەکەوە، وە کەئەڵێی لەسەردەمی پێشوودا نەبووە بۆ ئەم برگەیەت پێم خۆشە ڕوون کردنەوەیەکت پێشکەش بکەم دەربارەی بیدعە:

بیدعە جۆری زۆرە لەوانە:

یەکەم: بیدعەی دینی .

دووەم: بیدعەی دونیایی .

سێ یەم: بیدعەی زمانی .

یەکەم: بیدعەی دینی هەمووی خراپە و ئایینی پیرۆزی ئیسلام پێویستی بە داهێنانی ئاین نییە، چونکە خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً﴾ [المائدة: ٣] .

وە چاك و خراپی نییە بەڵکو هەموو بیدعەیەکی ئایینی گومڕاییە بەبەڵگەی ئەو حەدیسەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرموێت:

(من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد)[٢٠].

واتە: هەرکەس بیدعە لەم دینەی ئێمە بکات و لەدین دا نەبێت ئەوا قەبووڵ ناکرێت (تەماشاکە دەفەرموویت لەم دینەی ئێمەدا).

دووەم: بیدعەی دونیایی: ئەم بەشە تایبەت نییە بەسەردەمێکەوە وە ئاییینی پیرۆزی ئیسلام هانی شوێنکەوتوانی دەدات بۆ بەدیهێنان و نوێکاری و بەدەست هێنانی شتی خزمەت گوزاری بەکەڵك و بەسود، تەنها مەرج ئەوەیە ئەو شتانە دژ بە ئیسلام نەبن وەکاری ناشەرعیان پێ نەکرێت ئەوکاتەش شتی بەکەڵك و بەسودی پێ بکرێت و شتە حەرامەکانی قەدەغە دەکرێت.

سێیەم: بیدعەی زمانی: وەك ئەوەی ئیمامی عومەر رضي الله عنه لەسەردەمی خیلافەتی خۆیدا کە جارێکی تر موسڵمانانی لەسەر نوێژی تەراویح کۆکردەوە کە پێغەمبەر ﷺ لەبەر واجب نەکردنی وازی لێهێنابوو لەسەر هەمان نوێژ و هەمان ژمارەی ڕکاتەکان و بەجەماعەت وەك چۆن لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دەکرا، بۆیە فەرمووی: (نعمت البدعة هذه) ئەمەش هیچ پەیوەندی بە حەڵاڵ و حەرامەوە نییە لێرەدا دەبێ هەموو لایەك ئەوە بزانن کاتێك شوێنکەوتوانی سەلەف باسی بیدعە دەکەن ئەوە باس و دیاری کردن و تێگەشتن و پۆلێن کردنیانە وە لەسەر ئەو سێ تەوەرە دەڕوات . ئەنجا ئەو قیاسەی کردووتە کە دەڵێیت ئیمامی عومەر دەستبڕینی دزی بەکار نەهێناوە، بزانە:

یەکەم: ئەمە لە ساڵی برسێتی و لەنەبونیدا بووە (عام المجاعة) .

دووەم: پێغەمبەری خوا ﷺ لەکاتی شتی واجب دەفەرموێت (وما أمرتكم به فأتوا منه مااستطعتم) مەبەستم بڕگەی (ما استطعتم) بەڵام لەباسی حەرامدا دەفەرموێت:

(وما نهيتكم عنه فاجتنبوه)[٢١] .

(٢٠) (صحيح الجامع الصغير: ٥٩٧٠).

(٢١) (صحيح الجامع الصغير: ٣٤٣٠).

دەبینی باسی (استطاعة)ی تێدانییە و هەردەبێ نەکرێت ئەنجا کە دەڵێی زۆربەی مەلاکان ئەڵێن حەڵاڵە:

یەکەم: زۆرینە هەرگیز بەڵگە نەبووە دەبینی زۆربەی خەڵك ڕقی لە ڕاستییە:

(وَأَكْثَرُهُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ) [المؤمنون: ٧٠]. ئەنجا لەگەڵ ڕێزماندا بۆ مەلاکان بەڵام فەتوا کاتێك وەردەگیرێت بەڵگەی هەبێت، زانایان ڕەحمەتی خوایان لێ بێ ووتوویانە لەوانە:

یەکەم: أبو حنيفة: دەفەرمووێت:

(لا يحل لأحد أن يأخذ بقولنا ما لم يعلم من أين أخذناه).

دووەم: مالك ئەفەرمووێت:

(إنما أنا بشر أُخطيء و أُصيب فانظروا في رأيي فكل ماوافق الكتاب والسنة فخذه وكل ما لم يوافق الكتاب والسنة فاتركوه) .

سێیەم: الشافعي: دەفەرمووێت: (كل ما قلت فكان عن النبي ﷺ خلاف قولي مما يصح فحديث النبي أولى فلا تقلدوني) .

چوارەم: ئیمامی ئەحمەد ئەفەرمووێت: (لا تقلدني ولا تقلد مالكاً ولا الشافعي ولا الأوزاعي ولا الثوري وخذ من حيث أخذوا).

بۆ زیاتر ئاشنابوون لەم ووتانە بڕوانە پێشەکی کتێبی (صفة صلاة النبي ﷺ)نوسینی شێخ ئەلبانی .

وە ئەو بڕگەیەی کە بەڕێزێکی تر دەیکات لە ئاوەها پرسیارێکدا کە باس لە ڕاگەیاندنی ئیسلامی دەکات کەگوایە لە کوفرو خەڵوەتدا دەبن، نا ئێمە بە کوفری نازانین و ڕێزیشمان بۆ هەموو لایەك هەیە کە خزمەتی دروستی ئیسلام بکات بەڵام ڕەنگە ئەوان لە ژێر فشاردا بن و نەتوانن خۆیان ڕاگرن یان بوونی هەندێ کەس کە لەناو قیادەی ئیسلامییەکاندا کە زۆر لای گرنگ نییە حەڵاڵ بێت یان حەرام چونکە پەروەردەیەکی سیاسی بووە و بەتەواوی لەسەر حەڵاڵ و حەرام پەروەردە نەبووەتەوە بە تایبەت لەبەر ململانێی سیاسی و حزبی بۆیە ناچار دەبێ ئەو بۆچونەی خۆی تەعمیم دەکات بەسەر هەموو لایەنگرەکانیدا و لایەنگرانیش لەبەر کەمی زانست و متمانەیان بە قیادەی خۆیان پاساوی بۆ دێننەوە .

وە ئەو بڕگەیەی ئەم بەڕێزە باسی دەکات کە ئەڵێ امام محمد غزالی گوێی لە گۆرانی گرتووە ..

یەکەمجار (محمد الغزالی) کەسێکە لەم سەردەمە ژیاوە نەزانایە و نە ئیمام بەڵکو نوسەرێکی چەواشەکاری دوژمنی مەنهەجی سەلەفی بووە تامردنی، وە ڕاو بۆچوونی سەیر و ناقۆڵای هەیە بەتایبەت لە کتێبی (السنة النبوية) وە ناوبراو بریتی نییە لە ئیمامی غەزالی زانای بەناوبانگ کە لەسەدەی شەشەمداساڵی (٥٠٥) ی کۆچی مردووە . وە گەورەترین شایەت لەسەر خراپێتی محمد غەزالی سەردەم ئەوەیە کە گوێی دەگرت لە گۆرانییەکانی (أم كلثوم) ی میسری کە هەرگیز زانایانی ئیسلام شتی وایان نەکردووە.

**پ١٨/** من حالەتێکی ناخۆشم بەسەردا هاتووە ئەویش توشی وەسوەسە هاتووم لە ڕاستی دا ئەو وەسوەسەی من توشی بومە لە کوفرەوە نزیکە ئایا چی بکەم تاکو لەم حاڵەتە خۆم بپارێزم؟

**و/** یەکێك لە سیلاحەکانی شەیتان بۆ دژایەتی کردنی ئادەمیزاد بریتیە لە دروست کردنی (وەسوەسە) لە دڵی ئادەمیزاد دا ئەمەش جەنگێکی کۆن و بەردەوامی شەیتانە لەو کاتەوەی خوای گەورە ئادەمی دروستکردووە دوای ئەوەی خوای

گەورە بە ئادەمی فەرموو لەبەهەشتدا بن خۆت و خێزانت وە لەبەروبوومی بەهەشت بخۆن تەنها ئەو دارە نەبێت بەڵام شەیتان ختورەی بۆ ئادەم کرد وەك خوای گەورە دەفەرموێ: ﴿فَوَسْوَسَ إِلَيْهِ الشَّيْطَانُ قَالَ يَا آدَمُ هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَى﴾[طـه: ١٢٠] .

تا ئادەم لە دارەکەی خوارد و ئەو کارەش بووە هۆی دەرکردنی لەبەهەشت و لەدەستدانی ئەو بەخششەی خوا و ناردنی بۆ سەر زەوی جا خاوی گەورە دەفەرمووێ: ﴿وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ﴾ [البقرة: ١٦٨] .

واتە: شوێنی هەنگاوەکانی شەیتان مەکەون، لێرەوە ئەوەمان دەست دەکەوێت شەیتان بۆ لەخشتە بردنی ئادەمیزاد بەیەکجار داوای شت ناکات بەڵکو هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ تاوەکو ئامانجەکانی بەدی دەهێنێ (وەسوەسە)ی شەیتان بوارەکانی زۆرن یەکێك لە بوارەکانی ئەوەیە کە خاوەنی ئەم پرسیارە ئاماژەی بۆ دەکات کە بریتییە لە وەسوەسە بۆ کردن لە بابەتی بیروباوەڕ و کوفر پێ کردن لێرەدا ئەمەوێت ئەوە بەخاوەنی پرسیارو ئەوانەی ئەم جۆرەیان هەیە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئێوە ئیمانتان لە دڵدا هەیە و لەگەڵ کوفرو بێ باوەڕی دا دژایەتی دەکات وەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ: (ذلك صريح الإيمان)[٢٢] . بۆ چارەسەرکردنی (وسوسە)زانایان دوو شتیان داناوە:

یەکەم: بەدەستهێنانی زانستی شەرعی بەتایبەت لەوەی کە شەیتان وەسوەسەی تیادا دەکات .

دووەم: وازهێنان و بەقسەنەکردن و بەدوادا نەچوونی ئەو ختورانەی شەیتان دەیانکات .

لەدوای ئەوانەش پەناگرتن بەخوای گەورە ونیاز پاکی بۆ خوا چونکە هەبوونی نیاز پاکی پاراستن و سەرکەوتنی خوا مسۆگەر دەکات.

**پ١٩/** دەربارەی هێنانی کچێکی ٩ساڵ لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ تاچەند ڕاستە؟

**و/** ئەو کچەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە تەمەنی نۆ ساڵی دا هێنای (عائیشە)یە دایکی ئیمانداران ئەمەش ڕاستە و زۆر شتێکی ئاساییە بۆ دیراسەکردنی ئەم مەسەلەیەش پێویستە ئەم شتانەمان لا ڕوون بێت:

یەکەم: مارەکردنی کچی تەمەن منداڵ دروستە پێش باڵغ بوونی واتە تەنها مارە بڕین نەك گواستنەوەی، ئەم مارەبڕینەی عائشە کە لە بوخاریدا بەناوی (زواج الابكار)ەوە حەدیسی لەسەر هاتووە بەڵگەیە لەسەر ئەم مەسەلەیە .

دووەم: هاندان بۆ مارە کردنی عائشە لەلایەن پێغەمبەرەوە ﷺ وەحی بووە ویستی خوا بووە و هەواو ئارەزوو نەبووە.

سێیەم: عائشە هەرچەندە تەمەنی نۆ ساڵ بووە پێگەشتوو و باڵغ بووە .

ئەوەش بزانە زۆرکەسی دڵ نەخۆش ئەم مەسەلەیە دەوروژێنن بەمەبەستی تانەدان و ڕەخنەگرتن لە ئیسلام و پێغەمبەران و پێغەمبەر ﷺ کە ئەڵێن (محمد) کچێکی تەمەن نۆ ساڵی مارە کردووە بەڵام نازانن ژنی یەکەمی (خدیجە بێوەژن بووە و پێش ئەم دوو شوی تری کردووە و تەمەنیشی لە پێغەمبەر ﷺ گەورەتربووە.

(٢٢) (صحيح سنن أبي داود: ٥١١١) .

ئەوەش بزانە پێگەشتن و باڵغ بوون بەتەمەن نییە و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت بەتایبەت شوێنی گەرمەسێر و کەش و هەوای لادێ و دووربوون لە ژینگەی ئالۆز و تەنانەت جۆری خۆراك و پەروەردە کاریگەریان هەیە لەسەر گەیشتن و گەورەبوون با تەمەنیش کەم بێت .

**پ٢٠/** حوکمی خواردنەوەی تایگەر چییە؟

**و/** هەر شتێك خواردنەوەی زۆری مرۆڤ بێ هۆش بکات ئەوا خواردنەوەی کەم و زۆری حەرام دەبێت، چونکە بێهۆشکەر (خمر) ە، ئەوەش زانراوە لای هەموو کەسێك (خمر) دروست نییە و قەدەغە کراوە لە شەریعەتی ئیسلامدا بەڵگەش ئەوەیە (ما أسكر كثيره فقليله حرام) وە (كلُّ مسكر خمر وكل خمر حرام) جا هەر شتێك ئەسڵەکەی پاك بێت وەك گەنم و جۆ و ترێ ...هتد، وە نەگاتە ترشان (خمر) کە مرۆڤ بێهۆش بکات ئەگەر زۆری لێبخوات ئەوا حەڵاڵە کەوا بوو مەرج ئەوەیە بێهۆش نەکات وە سەرچاوەکەی پاك بێت .

ئەوەش بزانە لیژنەی هەمیشەیی بۆ توێژینەوەی زانستیەکان و فەتوادان بە حەڵاڵیان زانیوە[٢٣] .

تێبینی:

١- هەندێ جار دەنوسرێت ئەندازەی (لە سەدا ٢ تا لەسەدا ٩) مادەی کحولی تیادایە بۆ ئەمەش زانایان لەهەمان فەتوادا ئەڵێن: ئەگەر ئەمەش زۆری لێ بخوێت سەرخۆش بکات ئەوا کەم و زۆری حەرام دەبێت .

٢- بۆ ئەو کەسانەی پرسیاری (تایگر) یان کردووە دەبێت بزانین ئەسڵی چییە پاکە یان نا ئەگەر ئەو مەرجانەی تیادا بوو ئەوە حەڵاڵە.

٣- ئەم حوکمە بۆ هەموو خواردنەوەیەکە کە سەرخۆش نەکات بەهەر ناوێکەوە بێت.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

**تێبینی:** ئەم پرسیارانە لە سایتی بەهەشتەوە: ( **www.ba8.org** ) ئاراستە کراوە .

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

(٢٣) بڕوانە فەتوای ژمارە (٦٨٠٥) کتێبی (فتاوى اللجنة الدائمة) بەرگی ٢٢ لاپەڕەی ١٤٨ .

# دەست گرتن بە سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ، وە دورکەوتنەوە لە بیدعە

م: عبدالسلام رؤوف
پێش نوێژو وتار خوێن
لە مزگەوتی راپەڕین لە چەمچەماڵ

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على من لا نبـي بعده

خوێنەری بەڕێز بەیارمەتی خودای گەورە لەبابەتی ئەم جارەدا دەچینە خزمەت ئامۆژگارییەکی بەسود لەلایەن پێشەوایەکی خۆشەویستەوە کە (معازی کوری جەبەل رضي الله عنه) .

ئەم ئامۆژگاریەیش ئیمامی ئەبو داود لەسوونەنەکەیدا بۆمان دەگێڕێتەوە بە ژمارە(٤٦١١-٤٦١٢) لە بابەتی (كتاب السنة، باب من دعا الى السنة).

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەهاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەر ﷺ وپیاوچاکانی دوای ئەوان کەچەند گرنگییان داوە بەدەست گرتن بەسوننەتەوە، وە چەند خۆیان و خەڵکیان ئاگادار کردۆتەوە لەخراپی بیدعە و شتە زیاد کراوەکانی ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

ئەم ئامۆژگارییە لەلایەن ئەبو ئیدریسی خەولانی کە ناوی (عائذ الله) لە یەزیدی کوری عومەیر کە یەکێکە لە هاوەڵانی موعازی کوری جەبەلە رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە، ئەویش لە موعازی کوری جەبەلەوە رضي الله عنه بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرمووێت: موعازی کوری جەبەل رضي الله عنه هەموو کات لە دانیشتنەکانیدا کە بریتی بوو لە دانیشتنی زیکرو یادکردنەوە ئامۆژگاری دەی فەرموو: خودای گەورە خودایەکی حاکم و دادپەروەرە, بەڕاستی بەهیلاك چوون ئەو کەسانەی کە لە گوماندان, پاشان فەرمووی ئاگاداربن لە دوای ئێوەوە ڕۆژانێك دێت پڕە لە ناخۆشی تاقیکردنەوە, ڕۆژانێکە ماڵ و سەروەت و سامان زۆر دەبێت لە ناو خەڵکیدا, ڕۆژانێك دێت قورئان خوێن و شێوازی قورئان خوێندن زۆر دەبێت بە شێوازێك خەڵکانێکی زۆر قورئان دەخوێنن لە ئیمانداران و مونافیق وە لە پیاوان و ژنان وە لە گەورە و بچووك لە ئازادو کۆیلە, هەتا وای لێ دێت بیدعەو شتی داهێنراو لەناو دیندا زۆر دەبێت بە جۆرێك کە خەڵکی واز لەشوێنکەوتنی قورئان و سوننەت دێنن وە شوێنی بیدعە و شتە داهێنراوەکان لەناو دیندا دەکەون, لەو کاتەدا وای لێ دێت کە زۆر نزیکە کەسانێك بڵێن: ئەوە بۆچی خەڵکی شوێنی خۆم و قسەکانم ناکەون!! خۆ من قورئانیان بۆ دەخوێنم جا ئەم جۆرە کەسانە لەبەر بێ دڵسۆزیان بۆ دین بایەخ دانیان بە بوونی خۆیان و خۆویستی خۆیان بیردەکەنەوە کە چۆن دەست بکەن بە بیدعە کردن و شت دروست کردن بەناوی دین تا خەڵکی شوێنیان بکەون.

پاشان موعاز رضي الله عنه فەرمووی: ئاگاداربن لە کارو بیدعەی ئەم جۆرە کەسانە, چونکە هەموو داهێنراوێك لە دین گومڕاییە وە خەڵکی بەرەو گومڕایی دەبات.

جا لە پاشان فەرمووی: ئاگادارتان دەکەمەوە لە هەڵەو لادان لە ڕاستی کە هەندێك جار لە زانایان ڕوو دەدات, چونکە هەندێك جار شەیتان دەبێتە هۆکار بۆ ووتنی قسەی خراپ و نادروست لەسەر زمانی کەسانی زانا, بەهەمان شێواز هەندێك کەسانی مونافیق و دوو ڕوو ووتەی هەق دەڵێن.

ئینجا یەزیدی کوڕی عومەیر فەرمووی: بە موعازمﷺ ووت: چۆن بزانم کە هەندێ جار کەسانی زانا ووتەی ناحەق دەڵێن لە زمانیان دەردەچێت وە کەسانی دووڕوو مونافیق هەندێ جار ووتەی حەق دەڵێن؟ موعاز فەرمووی: بەڵێ, هەندێ جار شتی وا ڕوودەدات لە کەسانی زانا و کەسانی مونافیق و دووڕوو, جا بۆیە دوور بکەوەرەوە لە ووتەی کەسی زانا کە کاتێك ووتەکەی بە ئاشکرا ناحەقە, لەکاتێکدا کە خەڵکی ئەم ووتە دەبیستن دەڵێن جێگای سەرسوڕمانە ئەم ووتەیە لەم جۆرە کەسانەوە, بەوە ئاگادار بە ئەم جۆرە قسانە کە هەندێ جار لەسەر زمانی ئەم کەسانە دەردەچێت لات نەدات لەسەر ڕێگای ڕاست وە ووتەکانیان وات لێ نەکات کە وازبێنیت لە هەوەڵێتیان, چونکە لەوە دەچێت ئەم زانایە کاتێك بێت پەشیمان بێتەوە لەم ووتانەی خۆی کە پێچەوانەی ڕاستییە.

جا ئەوەی لەسەر تۆیە ئەوەیە کە ڕاستی وەر بگریت با لەکەسانی مونافیق و دوو ڕوویش بێت، چونکە لەناو حەق و ڕاستی ڕووناکی و ڕۆشنایی دیار و ئاشکرا هەیە, وە خۆت بپارێزە لە بیدعە و شتی پێچەوانە بە ئایین با لەسەر زمانی کەسانی زانایش دەربچێت, چونکە ووتەو کاری بیدعەو داهێنراو لە دیندا کاتێك خەڵکی دەیبینێت یاخود دەیبیستێت خۆیانی لێ دەپارێزن وئینکاری دەکەن بەهۆی ڕووناکی سونەتەوە، وە لەناو بیدعەدا خراپە و تاریکی دەردەچێت و بەری دەگرێت با ئێستا دیار نەبێت بەلام لە داهاتوودا دەردەکەوێت.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# قونووت
# لە نوێژی ویتر و نوێژە فەرزەکاندا

ئامادەکردنی: م/ إدريس محمود

بسم الله الرحمن الرحيم

## پێشەکی

**إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ومن سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل الله فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله .**

أما بعد: فإن أصدق الحديث كتاب الله، وأحسن الهدي هدي محمد ﷺ، وشر الأمور محدثاتها وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة، وكل ضلالة في النار.

**بیدعە یەکێکە لەو بەڵا گەورانەی کە تووشی ئوممەتی ئیسلامی بووە، و زۆرێك لە خەڵکی بەرەو سەر لێ شێواوی و گومڕایی بردووە، هەرچەندە هەندێکیان وا تێگەیشتوون یان وا تێگەیەنراون کە لەسەر حەقن، وەکو** (صديق حسن خان) **دەفەرمووێت:**

(وكثيرا ما يقع الإنسان في الابتداع، وهو يظن أنه في الاتباع، والسبب عدم الشغل بالعلم، وسؤال أهل الذكر)[1] .

**واتە: زۆر جار مرۆڤ دەکەوێتە بیدعەوە و تووشی دەبێت، بەڵام خۆی پێی وایە شوێنکەوتووی سوننەتە، هۆکارەکەشی سەرقاڵ نەبوونە بە عیلم، و پرسیار نەکردنە لە زانایان و شارەزایانی دین .**

**بۆ نەهێشتنی ئەو بیدعە و خورافیاتانەش کە تێکەڵ بە دین کراون، پێویستمان بەوەیە سەرەتا هەوڵ بدەین خۆمان فێر ببین و شارەزای دینەکەمان ببین، پاشان خەڵکیش فێربکەین، و وریایان بکەینەوە لە مەترسی بیدعە و بیدعەچیان، بە ڕاستی ئەوە چارەسەرە، ئەگەر جگە لەوە بتەوێ ڕێگاچارەیەکی تر بگریتە بەر، ئەوا دەبێتە هۆکارێك بۆ زیاد کردنی بیدعە نەك کەمکردنەوەی، ئەوەی لەم بابەتەیشدا هاتووە هەوڵێکە بۆ لە گۆڕینانی ئەو بیدعانەی کە لە قونووتدا دەکرێن، لە خوای گەورە داواکارین شارەزامان بکات لە دینەکەی خۆی ..** آمين .

---

[1] (الروضة الندية: ص ١٣٧) .

## مانای قونوت

قونووت لە زماندا بە چەند مانایەك هاتووە لەوانە: وەستان بەپێوە (القيام)، بێدەنگی (السكوت)، بەردەوامی پەرستش (دوام العبادة)، پاڕانەوە (الدعاء)، (التسبيح)، (الخشوع) .

لە زاراوە (اصطلاح) دا: (هو اسم للدعاء في الصلاة في محل مخصوص من القيام )[٢]. واتە: ناوێکە بۆ ئەو پاڕانەوەیەی کە لە شوێنێکی تایبەت لە نوێژدا دەکرێت لە کاتی وەستان بە پێوە .

## قونوت لە نوێژە فەرزەکاندا [٣]

قونوت لە نوێژە فەرزەکاندا شەرعی نییە، تەنها لە کاتی بەڵا و ناهەمواری[٤] (النوازل) دا نەبێت، بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە فەرموودەدا هاتووە:

(كان يقنت في الصلوات الخمس كلها)[٥].

واتە: لە هەر پێنج نوێژە فەرزەکەدا پێغەمبەر ﷺ قونوتی دەکرد .

بەڵام (كان لا يقنت فيها إلا إذا دعا لقوم، أو دعا على قوم)[٦] .

واتە: قونوتی نەدەکرد جگە لەو کاتەدا نەبێت کە دوعا بۆ قەومێك بکات, یان دوعا لە قەومێك بکات .

لەو دوعایانەشی کە کردوویەتی: (اللهم أنج الوليد بن الوليد، وسلمة بن الهشام، وعيَاش بن أبي ربيعة، اللهم اشدد وطأتك على مضر، واجعلها سنين كسني يوسف، [اللهم العن لحيان ورعلا وذكوان وعصية عصت الله ورسوله])[٧] .

پاشان( کە لە قونوت دەبووەوە دەیفەرموو: (الله أكبر)، و سوژدەی دەبرد)[٨] .

پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ ماوەیەکی کاتی قونووتی دەکرد، وەکو(أنس) ی کوڕی (مالك) دەفەرموویت:

(قنت رسول الله ﷺ شهرا يدعو على حي من أحياء العرب، ثم تركه)[٩] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ مانگێك قونووتی کرد، دوعای کرد لە چەند هۆزێك لە هۆزەکانی عەرەب، پاشان وازی لێ هێنا.

---

[٢] (الفتوحات الربانية على الأذكار النووية : ٢ / ٢٨٦).

[٣] بڕوانە: (فقه السنة: ص٢٣٥) و (صفة الصلاة للألباني: ص ١٧٨) و (الاختيارات الفقهية للإمام الألباني: ص ٩٥).

[٤] وەکو داگیرکردنی وڵات لە لایەن دوژمنەوە ...

[٥] ( أخرجه أبو داود والسراج والدارقطني بسندين حسنين).

[٦] (الصحيحة: ٦٣٩) .

[٧] (البخاري: ٤٥٦٠، و الزيادة لمسلم: ٦٧٥).

[٨] (أخرجه أبو يعلى في مسنده بسند جيد).

[٩] (مسلم: ١ / ٤٦٩).

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە ردەوامی قونووتی نەکردووە، بەڵکو بۆ ماوەیەکی دیاری کراو (مانگێك) کردوویەتی و پاشان وازی لێ هێناوە، وتەی ئەنەس ﷺ بەوەی کە مانگێك کردوویەتی و پاشان وازی لێ هێناوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو قونووتەی کە ئەنەس ﷺ مەبەستیەتی قونووتی کاتی بەڵا و ناهەمواریيە، هەر بۆیەش کاتەکەی دیاری کردووە بە مانگێك[١٠] .

## قونوت لە نوێژی بەیانیاندا[١١]

تایبەتکردنی قونوت بە نوێژی بەیانیان بیدعەیە[١٢]، چونکە نوێژی بەیانی لەگەڵ نوێژە فەرزەکانی تردا هیچ جیاوازیەکی نییە، و هەموویان هەر لە کاتی بەڵا و ناهەمواریدا قونوتیان تێدا دەکرێت، بەڵگەش لەسەر ئەوەی کە بیدعەیە، فەرموودەکەی (أبي مالك الأشجعي) یە کە دەفەرمووێت:

(قلت لأبي: يا أبت إنك صليت خلف رسول الله ﷺ وأبي بكرو عمرو عثمان و علي ﷺ هاهنا بالكوفة نحو خمس سنين، أكانوا يقنتون في الفجر؟ قال: ((أي بني محدث))[١٣] .

واتە: بە باوکم وت: ئەی باوکە تۆ لەدوای پێغەمبەری خوا ﷺ و ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلیەوە ﷺ نوێژت کردووە لێرە لە کوفە بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ئایا ئەوان قونووتیان خوێندووە لە نوێژی بەیانیاندا؟ فەرمووی: (نەخێر کوڕم ئەوە شتێکی تازە داهێنراوە ـ واتە: بیدعەیە) .

لێرەدا ئەم هاوەڵە بەڕێزە ﷺ ئەوەی ڕوون کردەوە بۆ کوڕەکەی کەوا پێغەمبەری خوا ﷺ و چوار خەلیفەکەش ﷺ لە نوێژی بەیانیاندا قونووتیان نەخوێندووە، پێغەمبەری خوایش ﷺ لە کۆتایی ژیانیدا وەصیەتی بۆ ئوممەتەکەی کردووە، کە دەست بگرن بە سوننەتی خۆی ﷺ و خەلیفە ڕێنموونی کراوەکانەوە کە ئەوانیش ( ئەبوبەکر و عومەر و عەلی و عوسمانن ﷺ) .

هەروەها (سعيد) ی کوڕی (جبير) دەفەرمووێت:

(إن القنوت في صلاة الفجر بدعة)[١٤]. واتە: قونوت لە نوێژی بەیانیاندا بیدعەیە.

پێشەوا (أحمدو إسحاق) فەرموویانە: (لا يقنت في الفجر إلا عند نازلة تنزل بالمسلمين)[١٥] .

---

[١٠] بڕوانە: (القول المبين في أخطاء المصلين: ص ١٢٩).

[١١] بۆ نوسینی ئەم باسە سوودم لە کتێبی (الموسوعة الفقهية الميسرة في فقه الكتاب و السنة المطهرة – حسين العوايشة) وەرگرتووە .

[١٢] بڕوانە: (قاموس البدع: ص ٤٠٧) و(الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز: ١١٦) و(موسوعة الأحكام و الفتاوى الشرعية: ص٣٣٩) و(السنن والمبتدعات في العبادات: ٢٧٧).

[١٣] (صحيح ابن ماجة: ١٠٢٦) .

[١٤] قال الشيخ الألباني في (الإرواء) ـــ التحقيق الثاني ـــ بعد تضعيفه نسبته إلى ابن عباس: (والصحيح أنه من قول سعيد بن جبير) . (الموسوعة الفقهية لحسين العوايشة) .

[١٥] (الترمذي: ٢ / ١٩١) .

واتە: قونوت ناخوێنرێت لە نوێژی بەیانیاندا تەنها لە کاتێکدا نەبێت کە بەڵا و ناهەمواری بەسەر موسڵماناندا بێت .

وە لە چەند (أثر) ێکدا هاتووە کە هاوەڵانﷺ لە نوێژی بەیانیاندا قونووتیان نەخوێندووە[١٦]:

(أسود)ی کوڕی (یزید) و (عمرو)ی کوڕی (میمون) دەگێڕنەوە:

**(أنهما صليا خلف عمرﷺ الفجر فلم يقنت)** .

واتە: نوێژیان لە دوای ئیمامی عومەرەوەﷺ کردووە، قونوتی نەخوێندووە .

(علقمة)ی کوڕی (قيس) دەگێڕێتەوە:

**(أن ابن مسعودﷺ لم يكن يقنت في الفجر)**.

واتە: ابن مسعود ﷺ قونوتی نە دەخوێند لە نوێژی بەیانیاندا .

(عمرو)ی کوڕی (دينار) دەگێڕێتەوە: **(أن ابن الزبير صلى بهم الصبح فلم يقنت)** واتە: ابن الزبير نوێژی بەیانی پێ کردوون قونووتی نەخوێندووە .

(سعيد)ی کوڕی (جبير) دەگێڕێتەوە: **(عن ابن عباس وابن عمرﷺ أنهما كانا لا يقنتان في الفجر)** .

واتە: ابن عباس وابن عمرﷺ لە نوێژی بەیانیاندا قونووتیان نەدەخوێند .

زانای پایەبەرز (ابن باز) دەفەرمووێت: (... أما القنوت دائما في صلاة الفجر فليس بمشروع بل هو محدث... )[١٧].

واتە: بەڵام قونووت بە بەردەوامی لە نوێژی بەیانیاندا شەرعی نییە بەڵکو تازە داهێنراوە .

هەروەها زانای پایەبەرز (محمد ناصرالدين الألباني)ش دەفەرموێت: بیدعەیە، و فەرموودەکەی (أبي مالك الأشجعي) دەکات بە بەڵگە[*] .

بەڵام ئەو فەرموودەیەی کە (ابن سيرين) گێڕاویەتیەوە و دەڵێت:

**(سئل أنس بن مالكﷺ: أقنت النبي ﷺ في الصبح؟ قال: نعم، فقيل: أو قنت قبل الركوع [أو بعد الركوع]؟ قال: بعد الركوع يسيرا)**[١٨] .

واتە: پرسیار کرا لە ئەنەسی کوڕی مالیك ﷺ: ئایا پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی بەیانیدا قونوتی خوێندووە؟ فەرمووی: بەڵێ، وترا: پێش ڕکوع قونوتی کردووە یان دوای ڕکوع؟ فەرمووی: پاش ڕکوع بۆ ماوەیەکی کەم .

---

[١٦] (هذه الآثار أخرجها ابن أبي شيبة في (المصنف: ٢ / ١٠٢)، وبعضها عند عبدالرزاق (١٠٥) وما بعدها بأسانيد صحيحة) (السنن والمبتدعات في العبادات: ص٢٧٩) و (ما صح من آثار الصحابة: ص٤١٥) .

[١٧] (موسوعة الأحكام: ص٣٣٩ ).

[*] (إرواء الغليل: ٢ /١٨٢) .

[١٨] (البخاري: ١٠٠١).

لە فەرموودەیەکی تردا ئەنەس ﷺ دەفەرمووێت:

(قنت رسول الله ﷺ شهرا يدعو على حي من أحياء العرب، ثم تركه)[١٩] .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ مانگێك قونووتی خوێند، دوعای کرد لە چەند هۆزێك لە هۆزەکانی عەرەب، پاشان وازی لێ هێنا.

ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لە سەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ بە بەردەوامی قونوتی نەخوێندووە، چونکە ئەنەس ﷺ دەفەرمووێ: مانگێك قونوتی کرد پاشان وازی لێ هێنا، ئەمەش قونوتی کاتی بەلاّ و ناهەمواریە کە تایبەت نییە بە نوێژێك لە نوێژەکان بەڵکو لە هەموو نوێژەکاندا دەکرێت، لە پاش ڕکوع، وە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەم قونوتەی نەدەکرد لە کاتێکدا نەبێت کە دوعا لە یەکێك بکات یان دوعا بۆ یەکێك بکات .

(أبو هريرة ﷺ) دەفەرمووێت:

(أن رسول الله ﷺ كان إذا أراد أن يدعو على أحد أو يدعو لأحد، قنت بعد الركوع ... )[٢٠].

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ئەگەر بیویستایە دوعا لە یەکێك بکات، یان دوعا بۆ یەکێك بکات، لە پاش ڕکوع قونوتی دەکرد .

لەو دوعایەنەشی کە کردوویەتی: (خفاف) ی کوڕی (إيماء) دەفەرمووێت:

( ركع رسول الله ﷺ ثم رفع رأسه فقال: غفار غفر الله لها، وأسلم سالمها الله وعصية عصت الله ورسوله، اللهم العن بني لحيان والعن رعلا وذكوان) .

واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ ڕکوعی برد پاشان سەری بەرزکردەوەو فەرمووی: (غفار غفر الله لها، وأسلم سالمها الله وعصية عصت الله ورسوله، اللهم العن بني لحيان والعن رعلا وذكوان) .

لەبەر ئەوە کاتێك (عاصم) هات بۆ لای (أنس) ی کوڕی (مالك) ﷺ وپرسیاری لێکرد لە بارەی قونووتەوە و فەرمووی:

(قد كان القنوت قبل الركوع أو بعده؟ قال: قبله، قال: فإن فلانا أخبرني عنك أنك قلت: بعد الركوع! فقال كذب؛ إنما قنت رسول الله ﷺ بعد الركوع شهرا، أراه كان بعث قوما يقال لهم القراء زهاء سبعين رجلا إلى قوم من المشركين دون أولئك، وكان بينهم وبين رسول الله ﷺ عهد فقنت رسول الله ﷺ شهرا يدعو عليهم)[٢١] .

واتە: قونووت پێش ڕکوع بوو یان دوای ڕکوع؟ فەرمووی پێش ڕکوع، عاصم فەرمووی: فلاّن کەس هەواڵی پێداوم کە تۆ وتووتە: پاش ڕکوع! فەرمووی: درۆی کرد، پێغەمبەری خوا ﷺ مانگێك قونووتی لە پاش ڕکوع کرد،

---

[١٩] (مسلم: ١ / ٤٦٩).

[٢٠] (البخاري: ٤٥٦٠).

[٢١] (البخاري: ١٠٠٢).

کۆمەڵێك لە هاوەڵان ﷺ کە پێیان دەوترا: (القراء)[٢٢] و نزیکەی حەفتا پیاو بوون، ناردنی بۆ لای قەومێکی هاوەڵ برپاردەر، وە لە نێوان ئەو قەومەو پێغەمبەری خوادا ﷺ پەیمان هەبوو، پێغەمبەری خوا ﷺ یەك مانگ قونووتی کرد و دوعای تێکردن .

لەم فەرموودەیەدا ئەنەس ﷺ ئەوەی نەفی کرد کە قونووت دوای ڕکوع بێت، ئەمەش وای لێ تێدەگەین کە قونووتی ویتر پێش ڕکوعە، بەڵام لە کاتی بەڵا و ناهەمواریدا پاش ڕکوعە .

بەڵام ئەو فەرموودەیەی کە دەڵێت: (ما زال رسول الله ﷺ يقنت في الفجر حتى فارق الدنيا) وەرناگیرێت چونکە (ضعيف)[٢٣]ە، واتای فەرموودەکەش ئەوەیە کە بەردەوام پێغەمبەری خوا ﷺ قونووتی دەکرد تاوەکو دونیای بەجێ هێشت .

(ابن القيم) لە (زاد المعاد: ١ / ٢٧١) فەرموویەتی: (مەحاڵە پێغەمبەری خوا ﷺ لە هەموو بەیانیەکدا لە پاش ڕاست بوونەوە لە ڕکوع وتبێتی: ( اللهم اهدني فيمن هديت، وتولني فيمن توليت ...الخ) وە دەنگی بەرز کردبێتەوە، و هاوەڵانﷺ ئامینیان لەسەر کردبێت بە هەمیشەیی تاوەکو دونیای بەجێ هێشتووە، پاشان ئەمە لای ئوممەت ئاشکرا نەبێت، بەڵکو زۆرینەی ئوممەتەکەی وزۆرینە بەڵکو هەموو هاوەڵەکانیشیﷺ نەیانکردووە، هەتا هەندێکیان وتوویانە: تازە داهێنراوە! وەکو (سعد بن مالك الأشجعي)ﷺ وتوویەتی) .

(ابن القيم) پاش ئەوەی کە ئەو فەرموودەیەی پێشوو بە (ضعيف) دادەنێت، دەفەرمووێت: (ئەگەر (صحيح) یش بێت، بەڵگەی تێدا نییە بۆ ئەو قونووتە دیاری کراوە[٢٤]، چونکە بە (بە پێوە وەستان و بێدەنگی و بەردەوامی پەرستش و پاڕانەوە و تەسبیح و خشوع) یش دەوترێت قونووت، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلَهُۥ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ كُلٌّ لَّهُۥ قَٰنِتُونَ ٢٦ ﴾ [الروم] .

﴿وَكَانَتۡ مِنَ ٱلۡقَٰنِتِينَ ١٢﴾ [التحريم].

---

[٢٢] (القراء): نزیکەی حەفتا صەحابی بوون پێغەمبەری خوا ﷺ ناردنی بۆ لای هۆزەکانی (رعل و ذكوان وعصية) لە (بني سليم) ، کە وایان پیشان دەدا مسوڵمان بوون، و داوایان کرد لە پێغەمبەری خوا ﷺ چەند صەحابیەکیان بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی فێری دینیان بکەن، ئەویش ئەو حەفتا صەحابیەی بۆ ناردن، بەڵام خیانەتیان لێکردن و هەموویان کوشتن، پێغەمبەری خوایش ﷺ یەك مانگ لە قونووتدا دوعای لێکردن . بڕوانە: (فقه السنة: ص ٢٣٦) .

[٢٣] حديث منكر فيه: أبو جعفر الرازي واسمه عيسى بن ماهان متكلم فيه . قال ابن التركماني: ... قال ابن حنبل و النسائي: ليس بالقوي، وقال أبو زرعة: يهم كثيرا ، وقال الفلاس: سيء الحفظ، وقال ابن حبان يحدث بالمناكير عن المشاهير ... وانظر التفصيل في (السلسلة الضعيفة: ١٢٣٨) (الموسوعة الفقهية: ١٣٦) .

[٢٤] مەبەستی ئەم دوعایەیە: (اللهم اهدني فيمن هديت، وتولني فيمن توليت ... الخ ) .

(زید) ی کوڕی (أرقم)رضي الله عنه دەفـەرموێت: (لما نزل قوله تعالى: ﴿وَقُومُواْ لِلَّهِ قَـٰنِتِينَ﴾ أمرنا بالسكوت ونهينا عن الكلام )[٢٥]. واتە: پاش ئەوەی ئایەتی: ﴿وَقُومُواْ لِلَّهِ قَـٰنِتِينَ﴾ دابەزی فەرمانمان پێکرا بە بێدەنگی و نەهیمان لێکرا لـە قسەکردن (لە نوێژدا).

باشـە ئێـوە چـۆن زانیتـان کـە ئەنـەس رضي الله عنه ئـەو دوعـا دیـاری کـراوەی ویـستووە، و دوعاکـانی تـری نەویستووە؟)[٢٦]، وە دەفەرمووێت: (پاش ئەوەی کە قونووت لەسەر زمانی فەقیهەکان و زۆرینەی خەڵکی بوو بە ئەو دوعـا ناسـراوە (اللهم اهدني فيمن هــديت ... الخ)، و بیـستوویانە کـە (پێغەمبـەر ﷺ)[*] قونـووتی کـردووە تـاوەکو دونیـای بـەجێ هێـشتووە، وە هـەروەها خەلیفـە ڕاشـیدینەکانرضي الله عنهم و جگـە لـەوانیش لـە هـاوەڵانرضي الله عنهم ( کردوویانە)، هاتوون ئەو قونووتەی کە لە لەفزی هاوەڵاندا رضي الله عنهم هـاتووە دایـان بڕیـوە بەسـەر وشـەی قونـووت لـە زاراوە (اصطلاح) ی خۆیاندا (واتە: ئەو قونوتەی کە لە هاوەڵانـەوە رضي الله عنهم هـاتووە، ئـەم دوعـا دیـاری کـراوە نییـە، بەڵکو ئەوان مەبەستیان ماناکانی تری قونوت بووە کە پێشتر باسمان کرد بەڵام ئەمان هاتوون تایبەتیان کـردووە بەو دوعا دیاری کراوەوە) وە پاشان خەڵکێك پەیدابوون کە جگە لەوەیان نەدەزانی، بۆیە گومانیان نەبوو لـەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ و هاوەڵانی رضي الله عنهم بەردەوام بوونە لەسەری لە هەموو بەیانیەکدا ! لەمەشدا زۆربـەی زانایـان ناکۆکن لەگەڵیاندا و دەڵێن: پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام نەیکردووە)[٢٧] .

ئەگەر بڵێن: فەرموودەی (صحيح) ی لە بارەوە هاتووە: ئێمەش دەڵێین ڕاستە فەرموودەی (صحيح) هـاتووە لەسەر ئەوەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ لە نوێژی بەیانی و نوێژەکانی تـردا، لـە کـاتی بـەلاَ و ناهەمواریـدا قونـوتی کردووە، بەڵام بە تەنها تایبەتی نەکردووە بە نوێژی بەیانیەوە بەڵکو لە هەموو نوێژەکانی تریشدا کردوویەتی .

(أنس) ی کوڕی (مالك)رضي الله عنه دەفەرمووێت:

(كان القنوت في المغرب والفجر)[٢٨] .

واتە: قونوت لە نوێژی مەغریب و بەیانیدا بوو .

لە فەرموودەیەکی تردا کە (سلمة) ی کوڕی (عبد الرحمن) دەیگێڕێتەوە دەفەرموێت:

( ... فكان أبو هريرة رضي الله عنه يقنت في الظهر والعشاء الآخرة وصـلاة الـصبح، ويـدعو للمـؤمنين ويلعـن الكافرين)[٢٩].

---

[٢٥] (البخاري: ٤٥٣٤).

[٢٦] (زاد المعاد: ص ٢٧٦) .

[*] وشەی ناو کەوانەکان خۆمان زیادمان کردووە بۆ ڕوون کردنەوەی مانا .

[٢٧] (زاد المعاد: ٢٨٣).

[٢٨] (البخاري: ١٠٠٤).

[٢٩] (مسلم: ٦٧٦).

واتە: ئەبو هورەیرە ﷺ لە نوێژی نیوەڕۆ و عیشا و نوێژی بەیانیدا قونوتی دەکرد، و دەپاڕایەوە بۆ بڕواداران و لەعنەتی دەکرد لە بێباوەڕان .

باشە ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن و حەز دەکەن سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ زیندوو بکەنەوە ئەی بۆ شوێن ئەو هەموو فەرموودە (صحيح) انە ناکەون و پشتگوێی دەخەن، و شوێن فەرموودەیەك دەکەون کە (ضعيف) ە .

خوای گەورە لە ئایەتی تاقیکردنەوەدا دەفەرمووێت:

﴿ قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللَّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللَّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ۗ وَاللَّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (٣١) ﴾ [٣٠] .

واتە: ئەی پێغەمبەر ﷺ بە بڕواداران بڵێ: ئەگەر ئێوە خواتان خۆش دەوێت دە شوێنی من بکەون و لە فەرمانی من دەرمەچن، ئەو کاتە خواش ئێوەی خۆش دەوێت و لە گوناهو هەڵەکانیشتان خۆش دەبێت، ئەو خوایە لێخۆشبوو و میهرەبانە.

دووەم: ئاساییە دوعای قونووت بخرێتە دوای ڕکوع، و نەفرەت بکرێت لە بێباوەڕان، و دوعا بکرێت بۆ موسڵمانان، و صەڵاوات بدرێت لەسەر پێغەمبەر ﷺ، لە نیوەی دووەمی مانگی ڕەمەزاندا، چونکە ئەمە لە پێشنوێژەکانی سەردەمی ئیمامی عومەرەوە ﷺ جێگیر بووە .

لە کۆتایی فەرموودەی (عبد الرحمن) ی کوڕی (عبد القاري) دا هاتووە: (لەعنەتیان دەکرد لە بێ باوەڕان لە نیوەی ڕەمەزاندا:

(اللهم قاتل الكفرة الذين يصدون عن سبيلك، ويكذبون رسلك، ولا يؤمنون بوعدك، وخالف بين كلمتهم، وألق في قلوبهم الرعب، وألق عليهم رجزك وعذابك، إله الحق)،

پاشان صەڵاواتیان دەدا لە سەر پێغەمبەر ﷺ، و ئەوەندەی بتوانن دوعای خێریان بۆ موسڵمانان دەکرد، پاشان داوای لێخۆشبوونیان بۆ بڕواداران دەکرد . پاش ئەوە داوایان دەکرد:

(اللهم إياك نعبد، و لك نصلي و نسجد، و إليك نسعى ونحفد، و نرجو رحمتك ربنا، و نخاف عذابك الجد، إن عذابك لمن عاديت ملحق ) پاشان (الله أكبر) دەکات و سوژدە دەبات[٣١] .

---

[٣٠] (آل عمران: ٣١).

[٣١] (رواه ابن خزيمة في صحيحه: ٢ / ١٥٥، ١٥٦ / ١١٠٠) .

## چەند سودێك

**١- ئیمام لە کاتی قونووتدا دەنگ بەرز دەکاتەوە، لە فەرموودەدا هاتووە:**

**(وكان يجهر بدعائه)[٣٢] .**

**واتە: پێغەمبەری خوا ﷺ دەنگی بەرز دەکردەوە .**

**٢- لە کاتی قونووتدا دەست بەرز دەکرێتەوە، لە فەرموودەدا هاتووە:**

**(كان النبي ﷺ يرفع يديه في القنوت)[٣٣]. واتە: پێغەمبەر ﷺ لە قونووتدا دەستی بەرز دەکردەوە . ئەمەش مەزهەبی** (أحمد وإسحاق)[٣٤] **ە.**

**بەڵام فەرموودەیەکی** (ضعيف) **هەیە کە دەڵێت:**

(كان إذا رفع يديه لا يردهما حتى يمسح بهما وجهه).

**واتە: کە پێغەمبەر ﷺ دەستی بەرز بکردایەتەوە، نەیدەگێڕایەوە تاوەکو دەم و چاوی پێ نەسڕایە .**

**٣- ئەوانەی لە دوای ئیمامەوە نوێژ دەکەن** (آمين) **دەکەن لەسەر دوعاکانی ئیمام، لە فەرموودەدا هاتووە:**

**(ويؤمن من خلفه)[٣٥]. واتە: ئەوانەی لە دوای ئیماوەن** (آمين) **دەکەن .**

**٤- دروستە هەندێك جار صەڵاوات بدرێت لەسەر پێغەمبەری خوا ﷺ، چونکە لە هاوەڵانەوە رضي الله عنهم جێگیر بووە، شێخ ئەلبانی دەفەرموێت:**

(ثبت في حديث إمامة أبي بن كعب رضي الله عنه الناس في قيام رمضان أنه كان يصلي على النبي ﷺ في آخر القنوت، وذلك في عهد عمر رضي الله عنه رواه ابن خزيمة في صحيحه (١٠٩٧) وثبت مثله عن أبي حليمة معاذ الأنصاري رضي الله عنه الذي كان يؤمهم أيضا في عهده . رواه إسماعيل القاضي (رقم ١٠٧) وغيره فهي زيادة مشروعة لعمل السلف بها، فلا ينبغي إطلاق القول بأن هذه الزيادة بدعة والله أعلم[٣٦] .

**واتە: جێگیر بووە لە فەرموودەی پێشنوێژی ئوبەی کوڕی کەعب رضي الله عنه بۆ خەڵکی لە - تەراویحدا - کە صەڵاواتی داوە لە سەر پێغەمبەر ﷺ لە کۆتایی قونووتدا، ئەمەش لە سەردەمی ئیمامی عومەردا رضي الله عنه .... بۆیە زیادەیەکی مەشروعە لەبەر ئەوەی سەلەف کردوویانە، و نابێت بوترێت ئەم زیادەیە بیدعەیە .**

**٥- حیکمەتی دانانی دوعای قونووت لە پێش یان لە دوای ڕکوع ئەوەیە: کە ئەوانەی لە دوای ئیمامەوە نوێژ دەکەن، بەشداری بکەن لەگەڵ ئیمامدا، ئەگەر تەنها بە** (آمين) **کردنیش بێت[٣٧] .**

---

[٣٢] (البخاري: ٤٥٦٠).

[٣٣] (رواه أحمد والطبراني بسند صحيح).

[٣٤] (الشرح الممتع: ص١٣).

[٣٥] (أخرجه أبو داود والسراج وصححه الحاكم ووافقه الذهبي).

[٣٦] (الاختيارات الفقهية: ص١٣٠).

[٣٧] (فتح الباري: ج٢ ص٦٣٣).

## هەڵە و بیدعەکانی قونووت

١- یەکێك لە هەڵەکان تایبەتکردنی قونووتە بە نوێژی وەترەوە لە نیوەی دووەمی مانگی ڕەمەزان، ڕاستە قونووت لە نیوەی دووەمی مانگی ڕەمەزاندا حاڵەتێکی تایبەتی هەیە، بەڵگەش لە سەری ئەو (أثـر) یە کە لە (صحیح ابن خزيمة: ٢ / ١٥٥، ١٥٦ رقم ١١٠٠) دا هاتووە کە پێشتر باسمان کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر تایبەت نییە بە نوێژی وەترەوە، بەڵکو لە هەموو ساڵدا مەشروعە، و ئەو فەرموودەیەی لەبارەی تایبەتکردنەکەوە هاتووە (ضعیف)ە[٣٨] .

٢- یەکێکی تر لە هەڵەکان زیادکردنی (فلك الحمد على ما قضيت، أستغفرك وأتوب إليك) ە لەسەر دوعای قونووت، چونکە لە پێغەمبەری خواوە ﷺ نەگێڕدراوەتەوە کە ئەو زیادەیەی وتبێت[٣٩] .

٣- دەست هێنان بە دەم و چاو لە کاتی لێبوونەوە لە دوعای قونووت بیدعەیە، شێخ ئەلبانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێت) دەفەرمووێت: (وأما مسح الوجه بهما فلم يرد في هذا الموطن، فهو بدعة، وأما خارج الصلاة فلم يصح، وكل ما روى في ذلك ضعيف، وبعضه أشد ضعفا من بعض كما حققته في (ضعيف سنن أبي داود: ٢٦٢) و(الأحاديث الصحيحة: ٥٩٧) ولذلك قال العز بن عبد السلام في بعض فتاويه: لا يفعله إلا الجهال[٤٠] !

واتە: دەست هێنان بە دەم و چاو لەم شوێنەدا (واتە: لە دوای دوعای قونووت) هیچی لەسەر نەهاتووە، و بیدعەیە، بەڵام لە دەرەوەی نوێژ فەرموودەی (صحيح) ی لەسەر نەهاتووە، و هەموو ئەوانەی لەم بارەیەوە ڕیوایەت کراون (ضعيف)ن، ... لە بەرئەوەش (عز بن عبد السلام) لە هەندێك لە فەتواکانیدا فەرموویەتی: مەسحی دەم و چاو ناکات مەگەر کەسێك کە نەزان بێت.

بەڵام فەرموودەیەکی (ضعيف) هەیە کە دەڵێت:

(كان إذا رفع يديه لا يردهما حتى يمسح بهما وجهه) .

واتە: کە پێغەمبەر ﷺ دەستی بەرز بکردایەتەوە، نەیدەگێڕایەوە تاوەکو دەم و چاوی پێ مەسح نەکردایە.

٤- خوێندنی دوعای (اللهم اهدني فيمن هديت ... الخ) لە قونووتی کاتی بەڵا و نەهامەتیدا، چونکە ئەم دوعایە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا ناگونجێت[٤١] .

٥- درێژکردنەوەی قونووت[٤٢]، چونکە دەبێتە هۆی بێزارکردنی نوێژخوێنانان، بیریان لە لای نوێژەکانیان نامێنێت .

٦- دەنگ بەرزکردنەوەی زۆر[٤٣] .

---

[٣٨] (بروانة: القول المبين في أخطاء المصلين: ١٣٣) .

[٣٩] (القول المبين: ١٣٤) .

[٤٠] (الاختيارات الفقهية: ص١٣٠) .

[٤١] ( القول المبين: ص١٣٤) .

[٤٢] (هەمان سەرچاوەی پێشوو).

## پوختەی ئەم بابەتە:

پوختەی ئەو قسانەی پێشتر لەم چەند دێڕەدا كورت دەكەینەوە: قونووت لە نوێژە فەرزەكاندا تەنها لە كاتی بەڵا و ناهەمواریدا دەكرێت، و تایبەت كردنی قونووت بە نوێژی بەیانیەوە بیدعەیە، و قونووتی ویتر هەندێك جار دەكرێت نەك بە بەردەوامی، لە قونووتدا دروستە ئیمام دەنگ بەرز بكاتەوە، و ئەوانەی لە دوای ئیمامەوەن (آمین) بكەن لەسەر دوعاكان، و دروستە صەڵاوات بدرێت، بەڵام دەست هێنان بە دەم و چاو لە دوای تەواوبوونی دوعای قونووت بیدعەیە.

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم

سەرچاوەكان

١ . فتح الباري شرح صحيح البخاري– ابن حجر العسقلاني .
٢ . صحيح فقه السنة – أبو مالك كمال بن السيد سالم .
٣ . الروضة الندية – صديق حسن خان
٤ . الموسوعة الفقهية الميسرة في فقه الكتاب والسنة المطهرة – حسين بن عودة العوايشة
٥ . الوجيز في فقه السنة والكتاب العزيز– عبد العظيم البدوي .
٦ . فقه السنة – سيد سابق .
٧ . قيام رمضان – الشيخ محمد ناصر الدين الألباني .
٨ . الاختيارات الفقهية للإمام الألباني – إبراهيم أبو شادي .
٩ . الإقناع في مسائل الأجماع – للإمام الحافظ أبي الحسن علي بن القطان الفاسي .
١٠ . القول المبين في أخطاء المصلين – مشهور بن حسن آل سلمان .
١١ . قاموس البدع – مشهور بن حسن آل سلمان، أحمد بن إسماعيل الشكوكاني
١٢ .الشرح الممتع على زاد المستقنع – الشيخ محمد بن صالح العثيمين .
١٣ . موسوعة الأحكام والفتاوى الشرعية – جمع و ترتيب: صلاح الدين محمود السعيد .
١٤ . (فقه السنة) بە كوردی – وەرگێڕانی: حەمە ئەمین ئەحمەد بەرزنجی .
١٥ . چۆنێتی نوێژی پێغەمبەر ﷺ – وەرگێڕانی: مامۆستا عەدنان بارام.
١٦ . السنن والمبتدعات في العبادات – عمرو عبدالمنعم سليم .

==================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

---

[٤٣] ( القول المبين: ص١٣٤) .

# ژیاننامەی زانایانی پێشین

# مەسروقی کوڕی الأجدع

✍ : د.احمد فريد
وەرگێڕانی: م/ عثمان أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

**الحمد لله رب العالمين،وصلى الله وسلم وبارك على سيّد الأنبياء وخاتم المرسلين نبينا محمد وعلى آله وأصحابه وأتباعه الى يوم الدين .**

(مسروق)ی کوڕی (الأجدع)ی هەمەدانی، قوتابی زۆرێك لەزانایانی صەحابە بووە وەك : (ابن مسعود وعلي وعائشة)ﷺ، پیاوێکی دونیا نەویستی خۆپارێز بووە (بەڕەحمەت بێت)، وە باشترین نمونەیە بۆ دەست پێکردنی ئەم زنجیرەیە.

ناوی: (مسروق بن الأجدع الهمداني الوادعي) أبو عائشەی کوفیە ، کوڕی (الأجدع)ی کوڕی (أمية)ی کوڕی (عبد الله)ی کوڕی (مُرّي) کوڕی سلمانی (وتراوە:سلامان) کوڕی (معمر)ی کوڕی (حارث)ی کوڕی سعدی کوڕی (عبد الله)ی کوڕی (وداعة)یە.

حافظ أبو بكر الخطيب دەڵێت: دەڵێن بە منداڵی دزراوە دوای ئەوەی دۆزیانەوە ناوی (مەسروق)یان لێنا، وەباوکی موسڵمان بووە.

لەدایك بوونی: هیچ کەس لەوانەی کە ژیانامەیان باسکردووە"ئەوەی من بەردەستم کەوتووە"مێژووی لە دایك بوونیان باس نەکردووە، بەڵام دەڵێن لە ساڵی شەست و دوو یان شەست و سێ کۆچی دوایی کردووە، هارونی کوڕی حاتم لە الفضل کوڕی عمروە(کاتێك مرد تەمەنی شەست و سێ ساڵ بوو)، بەوەش ڕوون دەبێتەوە کە لەدایك بوونی ساڵی یەکەمی کۆچی یان ساڵێك پێش کۆچ بووە، خودا زاناترە.

مالکی کوڕی مغول دەڵێت: گوێم لە أبوسفر بوو چەند جار دەیگوت: هەمەدانیەکی وەك مەسروق لەدایك نەبووە.

وەعامر الشعبی دەڵێت: لە دونیادا کەس ناناسم بەقەد مەسروق عەوداڵی زانست و زانیاری بێت.

وە منصوری کوڕی إبراهیم دەڵێت: هاوەڵەکانی عبدالله کە قورئان و سوننەتیان فێری خەڵك دەکرد ئەمانە بوون: علقمة والأسود وعبيدة ومسروق و حارثي کوڕی قيس و عمرو کوڕی شرحبيل.

الشعبي دەڵێت: کاتێك (عبيدالله) ی کوڕی زیاد بوو بەکاربەدەستی کوفە ووتی: کێ لێرە باشترین و بەڕێزترین کەسە؟ وتیان: مەسروقە.

وە ابن المديني دەڵێت: هیچ کەس لە مەسروق بە چاك تر نازانم ، لەوانەی لەدوایی أبوبكرەوە نوێژیان کردووە.

احمدی کوڕی حنبل دەڵێت: ابن عيينە گوتی: لە دوایی علقمە، مەسروق ماوە فضلي کەسی تری بەسەردا نادەم.

وە ابن أبجر لە الشعبي ەوە ووتی: مەسروق لە شريح زاناتر بوو بەفەتوادان، وە شريح ڕاوێژی بە مەسروق دەکرد.

وە يحى کوڕی معين دەڵێت: مەسروق (ثقة)یە، لە هاوشێوەی ئەو پرسیار ناکرێت .

وە ابن سعد دەڵێت: ثقةيە، و فەرموودەی صحيى هەيە.

العجيلي دەڵێت: تابعيەکی ثقةيە، وە یەکێك بووە لە قوتابییەکانی عبدالله کە قورئانی فێری خەڵك کردووە و فەتوای داوە، وە ئەوەندە نوێژی دەکرد و دەمایەوە تا پێیەکانی دەئاوسان.

وە ابونعيم دەڵێت: زانا بوو بە پەروەردگاری، وهۆگری خۆشەویستی خودا بوو، وە لەزانستدا ڕۆچوو بوو، وە کەسێکی باوەڕ پێکراو بوو، وە بۆ پەرستش شەیدا و تامەزرۆ بوو.

وە مجالد لە الشعبي لە مەسروقەوە دەڵێت: عائشە فەرمووی: تۆ کوڕی منی، وە لە هەموویان خۆشەویستری، ئایە زانیاریت دەربارەی فەرموودەی (المخدج) هەیە کەباس لەخەوارجەکان دەکات.

**پەرستشی (بەرەحمەت بێت):**

لە ابراهيمی کوڕی محمدی کوڕی المنتشر دەڵێت: مسروق پەرژینێکی لە نێوان خۆی و خێزانەکەی دروست دەکرد، دەستی بەنوێژ کردن دەکرد، ئەوانی بەدونیای خۆیانەوە بەجێ دەهێشت.

وە أنسی کوڕی سيرين لە ژنەکەی مسروقەوە ئەگێڕێتەوە دەڵێت: مسروق نوێژی دەکرد هەتا پێیەکانی دەئاوسان، منیش لەپشتییەوە دادەنیشتم دەگریام، کە ئەم بینی چی بەخۆی ئەکات.

وە فطری کوڕی خليفە لە الشعبى وە دەڵێت: ڕۆژێکی هاوینی زۆر گەرم مەسروقی کوڕی الأجدع بەڕۆژوو بوو بورایەوە"عائیشەی خێزانی پێغەمبەر ﷺ بەکوڕی خۆی دائەنا و ناوی ئەبرد" لەبەر ئەوە کچەکەی ناولێنا عائیشە، وە لە هیچ شتێکدا دڵی نەئەشکاند، چوو بۆلای پێی ووت: باوکە ڕۆژوەکەت بشکێنەو ئاو بخۆرەوە، ووتی: چیت ئەوێت کچم، ووتی:بەزەیت بەخۆتدا بێتەوە، ووتی کچم: بەزەییم بەنەفسی خۆم لەڕۆژێکدا دێتەوە کە پەنجا هەزارساڵ درێژە.

وە أبو إسحاق دەڵێت: مەسروق حەجی کرد وبەردەوام لە کڕنۆشدا مایەوە و ئەو ماوەی بەسەربرد.

ابراهیمی کوڕی محمدی کوڕی المنتشر دەڵێت: خالدی کوڕی عبدالله ی کوڕی أسید فەرمانڕەوای بەصرە سی هەزاری بەدیاری بۆ مەسروقی مامم نارد، لێی وەرنەگرت، لەو کاتەشدا زۆر نەدار بوو.

أبوإسحاق السبیعی دەڵێت: مەسروق کچەکەی لە سائبی کوڕی الأقرع مارەکرد بە دەهەزار کە ئەو پارەی وەرگرت بەخشی بەتێکۆشەرانی ڕێگەی خودا و هەژار و کەم دەست و نەدارەکان.

الأعمش لە أبو الضحی وە دەگێڕێتەوە دەڵێت: مەسروق کاتێك خۆی بۆ نوێژ ئامادە دەکرد وەك لە خەڵوەتدا بێت وابوو، وە بەکەخێزانەی دەگووت: هەرچیتان هەیە بیهێنن بۆمی باس بکەن پێش ئەوەی هەستم بۆ نوێژ.

## هەڵوێستی لەبارەی فیتنەو ئاشووب و ناتەبایی یەوە:

الشعبیی دەڵێت: ئەگەر بە مەسروقیان بگوتایە لەسەرخستنی جەنگەکان لەگەڵ علی دا نەبووی و هاوکاریت نەکردووە، خۆی لەو باسە دەدزیەوەو، دەیگووت: تو خودا پێم بڵێن کاتێك ئێوە سەنگەرتان لەیەك گرت، وە چەکتان لەدژی یەك هەڵگرت، وەیەکترتان کوشت، دەرگایەك لەئاسمانەوە کرایەوە و ئێوە سەیری بکەن، فریشتەیەك دابەزێت تا دێتە نێوان هەردوو سەنگەرەکە بفەرمووێت:

﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَأْكُلُواْ أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ إِلاَّ أَن تَكُونَ تِجَارَةً عَن تَرَاضٍ مِّنكُمْ وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ [النساء ٢٩] .

واتە: ئەی ئەوانەی وا باوەڕتان هێناوە ماڵی یەکتر بەناڕەوا مەخۆن مەگەر بەبازرگانی و ڕەزامەندی یەکتر نەبێت، وە خۆتان مەکوژن بەڕاستی خودای پەروەردگار بەبەزەییە بەرامبەر ئێوە، ئایە ئەوە ئەبێتە بەربەست لەوەی کەدەستان نەچێتە خوێنی یەکتر، ووتیان: بەڵێ، ووتی: سوێند بەخودا، پەروەردگار دەرگایەکی لە ئاسمانەوە کردوەتەوە، لەو دەرگایەشەوە فریشتەیەکی بەرز و بەڕێز دابەزیوەتەوە سەر پێغەمبەرەکەتان ﷺ ئەوەش یەکێکە لەئایەتە ڕونەکانی قورئان، وە هیچ شتێك نەیسڕیوەتەوە.

الذهبي دەڵێت: وکیع دەڵێت: مسروق و الأسود والربیع ابن خثیم وابو عبدالرحمن السلمی لە دەرچوون لەگەڵ سوپای ئیمامی علی دەرنەچوون، وە دەڵێن لە صفین ئامادە بووە وئامۆژگاری کردووە و خەڵکی ترساندووە، شەڕی نەکردووە، وە دەڵێن ئامادەی جەنگی حروریەکان بووە لەگەڵ علی دا، دواتر داوای لێخۆش بوونی کردووە لەو دواکەوتنەی لە سوپاکەی ئیمامی علی، وە دەڵێن گۆڕەکەی لە سلسلەیە لە واسط .

## دونیا نەویستی و خۆنەویستی (بەڕەحمەت بێت):

ابراهیمی کوڕی محمدی کوڕی المنتشر لە باوکییەوە ئەویش لەمەسرقەوە دەگێڕێتەوە: کە لەسەر قەزاوەتکردن هیچ پاداشتی و بەرامبەرێکی وەرنەدەگرد، لەبەر ڕۆشنای ئەم ئایەتە:

﴿إِنَّ اللّهَ اشْتَرَى مِنَ الْمُؤْمِنِينَ أَنفُسَهُمْ وَأَمْوَالَهُم بِأَنَّ لَهُمُ الجَنَّةَ﴾ [ سورة التوبة ١١١].

واتە: خوا ماڵ و نەفسی ئیماندارانی کڕیوە لە پاداشتیان بەهەشتیان دەداتێ.

الأعمش لە أبو الضحى وە دەڵێت: مەسروق بوو بە کاربەدەستی السلسلة دوای دوو ساڵ گەڕایەوە، کەس وکارەکەی هەگبەکەی گەڕان سەرە تەورێکی بێ داریان تێدا دۆزیەوە، وتیان دوو ساڵە خۆت وون کردووە و ڕۆیشتووی سەرە تەورێکی بێ دارت بۆ هێناوین، ووتی: ئێمە لەبەر خودا ئەوەمان بە ئەمانەت هێنا بوو، بەڵام لەبیرمان چوو بیگەڕێنینەوە.

ابوالضحى دەڵێت: پرسیاری دێڕە شیعرێکیان لە مەسروق کرد ووتی: پێم ناخۆشە لە نێو نامەی کردەوەکانمدا شیعری تیادا بێت.

ئیبراهیمی کوڕی محمدی کوڕی المنتشر دەڵێت: هەموو هەینییەك مەسروق سواری قاترەکەی دەبوو منیشی لە پشت خۆیەوە سوار دەکرد، دەچووە شوێنی حەوانەی خەڵك دەیگووت: دونیا لە ژێرماندایە.

حمزەی کوڕی عبدالله ی کوڕی عتبەی کوڕی مسعود دەڵێت: پێیان ڕاگەیاندم کە مەسروق دەستی برازایەکی خۆی گرت بردییە شوێنی حەوانەوەیەك لە کوفە، ووتی: دونیاتان پێ پیشان بدەم، ئەوە دونیایە خواردیان و لە ناویان برد، وە لەبەریان کردو ڕزی لەبەریاندا، وە سواری بوون و لە کارکەوت، وە خوێنیان تیدا ڕشت، وە شتە حەرام کراوەکانیان حەڵاڵ کردوو، وە ئەرکی خزم ودۆستانیشیان تیادا بەجێ نەهێنا.

## شێخ وماموستا و قوتابیەکانی:

**شێخەکانی:** المزي دەڵێت: لە أُبي کوڕی کعب و خبابی کوڕی الأرت و زیدی کوڕی ثابت و ابن عمر و عبداللەی کوڕی عمرو کوڕی العاص و ابن مسعود و عبيد بن عمير الليثي کە هاوتایەتی و عثمانی کوڕی عفان و علی کوڕی أبوطالب و عمری کوڕی خطاب و معاذی کوڕی جبل و معقلی کوڕی سنان الاشجعی و مغیری کوڕی شعبە و ابوبکری الصدیق و سبیعەی الأسلمية و عائشە و ام سلمەی خێزانی پێغەمبەری خوداﷺ فەرموودەی ڕیوایەت کردووە.

## قوتابیەکانی:

المزي دەڵێت: ابراهمی النخعی وانسی کوڕی سیرین وأیوبی کوڕی هانی وحبلی کوڕی رفیدەو ابو وائل شقیقی کوڕی سلمە وعامر الشعبیی وعبداللەی کوڕی مرةی الخارقی وعبدالرحمن کوڕی عبداللەی کوڕی مسعود وعبیدی کوڕی نضلە، وەعمارەی کوڕی عمیر والقاسمی کوڕی المنتشری کوڕی الاجدع ومحمدی کوڕی نشری الهمدانی وأبوالضحى مسلمی کوڕی صبیح و مکحولی الشامی ویحیی کوڕی الجزار و یحیی کوڕی وثابت وابو الآحوص الجشمی وأبو اسحاقی السبیعی و أبوالشعسائی المحاربی وخێزانەکەی قمیر کچی عمرو فەرموودەیان لێ گێڕاوەتەوە.

## لە کردار و گوفتارەکانی:

مسلم لە مەسروق دەگێڕێتەوە دەڵێت: بەسە بۆ مرۆڤ ئەوەندە زانا بێت بەو زانابیەی لە خودا بترسێت، وە نەزانە ئەو کەسەی بەکردەوەی خۆی بایی دەبێت.

ابو الضحى دەڵێت: مسروق کارێکی بۆ کەسێك ئاسان کرد و بۆی ڕاپەڕاند، ئەویش لەپاداشتدا کەنیزەکێکی بەدیاری بۆ نارد، توڕە بوو ووتی: ئەگەر بم زانایە ئەمە لەدەرونتایە لەو ئیشەی تۆ قسەم نەدەکردوو، ئەوەشی کەماوە ئیدی قسەی تیادا ناکەم، گویم لە عبداللەی کوڕی مسعود بوو دەیگوت: ئەوەی بەکارێك هەستێت مافێکی زەوت کراو بگەڕێنێتەوە یان ستەمێك لەسەر خەڵك لاببات، لە باتی ئەو کارە دیارییەکی بۆ ببەن و قەبوڵی بکات، ئەوە (السحت)ە، پێیان گووت: ئێمە سحت تەنها بەو دیاری و پارەیە دەڵێین کە لەباتی حوکم دانێکدا وەردەگیرێت، ووتی: وەرگرتنی دیاری لەباتی حوکمدان کوفرە.

الشعبی دەڵێت مەسروق ووتی: ئەگەر قەزاوەت بکەم لەکارێکدا و ڕاستی بپێکم، باشترە لەلام لە ساڵێك تێکۆشان لە پێناوی خودا.

ابراهیمی کوڕی محمدی کوڕی المنتشر دەڵێت: مەسروق دەیگوت: هیچ شتێك بۆ باوەڕدار باشتر نییە لە ئەلحەدێك کەتیایدا لە غەم و پەژارەی دونیا ڕزگاری ببێت، وە تیایدا پارێزراویش بێت لە سزاری خودا.

وە مسلم لە مەسروقەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت: کاتێك زۆر پشت و پەنام بە خودا بەتین بەهێزتر دەبێت کە خزمەتکارەکەم پێم بڵێت هیچ گەنم و پارەمان لە ماڵدا نییە.

هلالی کوڕی یساف دەڵێت: مەسروق ووتی: ئەوەی حەز دەکات زانستی پێشینان و پاشینان و دونیا و دواڕۆژ فێربێت با سورەتی الواقعة بخوێنێتەوە، الذهبی دەڵێت: مەسروق ئەمەی وەکو مبالغەیەك وتووە، لەبەر گەورەیی ئەو ڕستانەی لەو سورەتەدا هاتووە، وە مانای ئەوەی دەڵێت با سورەتی واقعە بخوێنێتەوە ئەوەیە: بیخوێنێتەوە بە تێفکرین و تێڕامان و ئامادەی دڵ و دەرون نەك وەك ئەو گوێدرێژەی هەرچی بەسەردا بدەیت هەڵی دەگرێت.

### کۆچی دوایی:

شقیق دەڵێت: مەسروق دوو ساڵ لە السلسة بوو، نوێژەکانی بە دوو رکات دەکرد، دەیویست سوننەت پیادە بکات.

الاعمش دەڵێت: شقیق ووتی: بە مەسروقم ووت: چی وای لێ کردیت ئەو کارە ئەنجام بدەیت (مەبەستی قەزاوەتکردن بوو): ووتی: سێ کەس وازیان لێ نەهێنام: زیاد و، شریح، و شەیتان، هەتا گیرۆدەیان کردم.

ابو وائل دەڵێت: کاتێك مەسروق لەسەرە مەرگدا بوو ئەیووت: خودایە مەم مرێنە لەسەر کارێك کە سوننەتی پێغەمبەرەکەتﷺ و ابوبکر و عمر نەبێت، سوێند بە خودا هیچ زێڕ و زیوم لای خەڵك نییە، جگە لە شمشێرەکەم نەبێت بیفرۆشن بەپارەکەی کفنم بۆ بکڕن.

سفیانی کوڕی عیینە ویحیی کوڕی بکیر و ابن سعد و ابن نمیر دەڵێن: مەسروق ساڵی شەست و سێ کۆچی دوایی کردووە، بەڵام ابونعیم دەڵێت: ساڵی شەست و دوو کۆچی دوایی کردووە بەڕەحمەت بێت.

**سەرچاوەکان**

١- تهذيب الكمال، لجمال الدين المزي، ط. دار الفكر.

٢- تاريخ بغداد، للخطيب البغدادي، ط.دار الكتب العلمية.

٣- سير أعلام النبلاء، للذهبي، ط.الرسالة.

٤- طبقات أبن سعد، لمحمد بن سعد، ط. صادر.

٥- حلية الأولياء، لأبي نعيم الاصبهاني، ط. مكتبة السعادة.

**وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلِهِ وَصحبِهِ وسلم.**

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**

# هەندێك لە سوودەكانی ژن هێنان

وەرگێڕانی: م/ صلاح الدین عبدالكریم

بسم الله الرحمن الرحیم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

ژن هێنان سودو شوێنەواری دینی و دونیایی زۆری هەیە لەوانە:

١-خوای گەورە منەتی كردووە بەسەر بەندەكانیدا بەژن هێنانیان, دەفەرمووێت:

﴿وَمِنْ آَيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً﴾ [الروم: ٢١] .

واتە: یەكێك لە نیشانەكانی تواناو دەستەڵاتی خوای گەورە ئەوەیە كە لە خۆتان (لە ئادەم حەوای دروست كردووە) خێزانی بۆ دروست كردوون تا لەلای ئەو جێنیشین بن وبحەوێنەوە, وە خۆشەویستی وسۆز و بەزەیی خستۆتە نێوانتانەوە.

هەروەها ئافرەتی داناوە بە پۆشاكی پیاو كە دەفەرمووێت: ﴿هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ﴾ [البقرة: ١٨٧] .

واتە: ئەوان پۆشاكن بۆ ئێوەو ئێوەش پۆشاكن بۆ ئەوان.

٢- ژن هێنان سوننەتی پێغەمبەرانە, خوای گەورە دەفەرمووێت:

﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِنْ قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجًا وَذُرِّيَّةً﴾ [الرعد: ٣٨].

واتە: ئەی محمدﷺ لەپێش تۆدا چەندەها پێغەمبەرانمان ناردووە بۆ لای نەتەوەكانیان, وەخێزان و منداڵمان پێ بەخشیون.

وە خوای گەورە باسی موسیﷺ دەكات كە چەندەها ساڵ شوانی مەڕ بووە وەكو مارەییەك بۆ ژن هێنانەكەی.

وە پێغەمبەرﷺ باسی سلێمانﷺ دەكات كە چەندەها خێزانی هەبووە، دەفەرمووێت: سلێمانی كوڕی داود(عليهما الصلاة والسلام) فەرمووی: دەبێت ئەمشەو بچمە لای حەفتا ئافرەت, لە ریوایەتێكی تردا سەد ئافرەت، بۆ ئەوەی هەر ئافرەتێك منداڵێكی ببێت و ببێتە سوارچاكێك و لەپێناو خوای گەورەدا جیهاد بكات, هاوڕێكەی واتە: فریشتە . پێی ووت: بڵێ: إن شاء الله ئەویش نەیووت ولە بیری چوو، بۆیە ئافرەتەكان منداڵیان نەبوو تەنها یەكێكیان نەبێت كە نیو منداڵی بوو، پێغەمبەرﷺ فەرمووی: سوێند بەو خوایەی كە گیانی منی

بەدەستە ئەگەر بیووتایە إن شـاء الله ئەوا هـەموویان منداڵیان دەبوو هەموویشیان لـە پێنـاو خـوای گـەورەدا جیهادیان دەکرد[1].

وە کاتێکیش چەند کەسێك هاتن بۆ لای خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ و پرسیاری خوا پەرستیان کرد وەکو بڵێی پێیان کەم بوو, بۆیە یەکێکیان ووتی, هەرگیز من ژن ناهێنم و لە ئافرەت نزیك نابمەوە تەنها خوا پەرستی دەکەم، پێغەمبەرﷺ بۆی ڕوون کردنەوە کە ژن هێنان لە سوننەت و هیدایەتی ئەوە.

ففي الصحيحين عن أنسرضي الله عنه **أن نفرا من أصحاب النبي ﷺ قال بعضهم لا أتزوج النساء وقال بعضهم لا آكل اللحم وقال بعضهم لا أنام على فراش وقال بعضهم أصوم فلا أفطر، فبلغ ذلك رسول الله ﷺ فحمد الله وأثنى عليه ثم قال ما بال أقوام يقولون كذا وكذا لكني أصلي وأنام وأصوم وأفطر وأتزوج النساء فمن رغب عن سنتي فليس مني..............)**[2].

واتە: چەند کەسێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خواﷺ پرسیاریان لە خێزانەکانی پێغەمبەرﷺ کرد دەربارەی خواپەرستی پێغەمبەرﷺلە نهێنیدا یەکێکیان ووتی: ژن ناهێنم. یەکێکی تریان ووتی: گۆشت ناخۆم, یەکێکی تریان ووتی: لەسەر نوێن ناخەوم. کە پێغەمبەرﷺ ئەم قسانەی بیست, حەمدو سوپاسی خوای کرد و فەرمووی: چییە کەسانێك ئەم قسانەیان کردووە؟ بەلآم من نوێژیش دەکەم و دەیشخەوم, ڕۆژی وا هەیە بەڕۆژوم ڕۆژی وایش هەیە بەڕۆژوو نیم، وە ژنیش دێنم وەهەر کەسێك لە سوننەتی من دەرچێت و لابدات لە من نییە.

کە ئەگەر پێغەمبەران ژنیان هێنابێت و ژن هێنان لە سوننەتی ئەوان بێت کە ئەوان لەهەموو کەس خواپەرست ترو زاناترو سەرقاڵتر بوونە، کەواتە بوار بۆ هیچ کەسێك نییە کە لەژن هێنان ڕابکات و ژن نەهێنێت بە هەر بیانویەك بێت. تەنها ئەوە نەبێت کە پێچەوانەی سوننەتی پێغەمبەرانی کردووە, یاخود ڕێگرێکی تێدایە کە نایەڵێت ژن بهێنێت.

٣-خوای گەورە فەرمانی کردووە بە ژن هێنان کە دەفەرمووێت: ﴿وَأَنْكِحُوا الْأَيَامَى مِنْكُمْ وَالصَّالِحِينَ مِنْ عِبَادِكُمْ وَإِمَائِكُمْ إِنْ يَكُونُوا فُقَرَاءَ يُغْنِهِمُ اللَّهُ مِنْ فَضْلِهِ﴾ [النور: ٣٢].

واتە: ئەوانەی کە بێ ژن وبێ پیاون ژنیان بۆ بێنن وبە شویان بدەن لە بەندە چاکەکانتان، وە مەترسی هەژاریتان نەبێت، چونکە ئەگەر هەژاریش بن خوای گەورە بە فەزڵ وچاکەی خۆی دەوڵەمەندتان دەکات.

٤- پێغەمبەرﷺ فەرمانی کردووە بە ژن هێنان کە دەفەرمووێت: **(یا معشر الشباب من استطاع منکم البـاءة فلیتزوج فإنه أغض للبصر وأحصن للفرج ومن لم یستطع فعلیه بالصوم فإنه له وجاء)**[3].

---

(١) (متفق علیه، وانظر: مشکاة المصابیح: ٥٧٢٠).

(٢) (صحیح سنن النسائي: ٣٢١٧).

(٣) (صحیح الجامع الصغیر: ٧٩٧٥).

واتە: ئەی گرۆی گەنجان کێ لەئێوە توانای هەیە با ژن بهێنێت، چونکە ژن هێنان چاو و داوێن دەپارێزێت لە حەرام, وە هەرکەسێکیش توانای نەبوو ئەوا با بەڕۆژوو بێت, چونکە ڕۆژوو قەڵغانە و لەتاوان دەیپارێزێت.

٥-ژن هێنان بەدەست هێنانی باشترین خۆشی دونیایە.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (الدنيا كلها متاع وخير متاع الدنيا المرأة الصالحة)[٤].

واتە: دونیا هەمووی خۆشییە و باشترین خۆشی دونیا ئافرەتێکی ساڵحە.

وە دەفەرمووێت: (ليتخذ أحدكم قلبا شاكرا ولسانا ذاكرا وزوجة صالحة تعينه على أمر الآخرة)[٥].

واتە: با هەرکەسێك لە ئێوە ئەم شتانە بۆ خۆی دابین بکات: دڵێکی سوپاس گوزار, وە زمانێکی زیکرکار, وە ئافرەتێکی چاك کە یارمەتیدەری بێت بۆ کاری دوا ڕۆژی.

٦-ژن هێنان نیوەی دینە. پێغەمبەرﷺ دەفەرمووێت: (من رزقه الله امرأة صالحة فقد أعانه على شطر دينه فليتق الله في الشطر الباقي)[٦].

واتە: هەر کەسێك خوای گەورە ئافرەتێکی ساڵحی پێ ببەخشێت ئەوا یارمەتی داوە لەسەر نیوەی دینەکەی, با تەقوای خوا بکات بۆ بەدەست هێنانی نیوەکەی تری.

وەدەفەرمووێت: (إذا تزوج العبد فقد استكمل نصف الدين فليتق الله في النصف الباقي)[٧] .

واتە: ئەگەر مرۆڤ ژن بهێنێت ئەوا نیوەی دینەکەی تەواو کردووە، با تەقوای خوا بکات بۆ بەدەست هێنانی نیوەکەی تری.

وە بۆیە ژن هێنان نیوەی دینە، چونکە پێغەمبەر دەفەرمووێت: (من يضمن لي ما بين لحييه وما بين رجليه أضمن له الجنة)[٨].

واتە: هەرکەسێك ئەوەی نێوان ڕیش و سمێڵی(دەمی) و ئەوەی نێوان هەردوو قاچی(دامێنی) مسۆگەر بکات ئەوا منیش بەهەشتی بۆ مسۆگەر دەکەم.

کە ئەگەر ژن بهێنێت دامێنی پاك دەبێت و دەیپارێزێت.

٧- هەروەکو چۆن پێغەمبەر فەرمانی بەژن هێنان کردووە وهانی داوە، لەهەمان کاتدا قەدەغەی ژن نەهێنانی کردووە .

---

(٤) (صحيح الجامع الصغير: ٣٤١٣).

(٥) (سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢١٧٦).

(٦) (صحيح الترغيب والترهيب: ١٩١٦).

(٧) (صحيح الترغيب والترهيب: ١٩١٦).

(٨) (صحيح الجامع الصغير: ٦٦١٧).

سعدی کوڕی ابی وقاص دەفەرمووێت: (لقد رد رسول الله صلى الله عليه وسلم على عثمان بن مظعون التبتل ولو أذن له لاختصينا)[٩].

واتە: پێغەمبەری خوا قەدەغەی ژن نەهێنانی لە عوسمانی کوڕی مضعون کرد وە ئەگەر ڕێگەی پێ بدایە ئەوا ئێمە خۆمان دەخەساند و ژنمان ناهێنا.

٨- پێغەمبەر قەدەغەی زیادڕەوی کردنی پەرستنی کردووە لەسەر حسابی مافی خێزان و کەس و کار.

وعن عبد الله بن عمرو بن العاص قال: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: يا عبد الله ألم أخبر أنك تصوم النهار وتقوم الليل؟ فقلت: بلى يا رسول الله . قال: فلا تفعل صم وأفطر وقم ونم فإن لجسدك عليك حقا وإن لعينك عليك حقا وإن لزوجك عليك حقا وإن لزورك عليك حقا................)[١٠] .

واتە: پێغەمبەر بە عبداللەی کوڕی عەمری کوڕی عاصی فەرموو: ئەی عبداللە هەواڵم پێ دراوە کە تۆ بەڕۆژ بەڕۆژوویت و بەشەو شەو نوێژدەکەیت ئایا وایە؟ فەرمووی: بەڵێ وایە ئەی پێغەمبەری خوا، فەرمووی: وانەکەیت, بەڵکو بەڕۆژوو بەو جار جار بەڕۆژوو مەبە، وە شەونوێژ بکەو بیش خەوە, چونکە لاشەت مافی هەیە بەسەرتەوە وەچاوەکانت مافیان هەیە بەسەرتەوە, وەخێزانت مافی هەیە بەسەرتەوە, وەمیوانەکانت مافیان هەیە بەسەرتەوە.........

کەئەمەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کەژن هێنان باشترە لە خۆلایەك لاکردنەوە بۆ پەرستن چ جا بۆشتی تر.

٩-ژن هێنان هۆکارە بۆ یارمەتی دان و پشتگیری کردنی خوای گەورە.

پێغەمبەر دەفەرمووێت: (ثلاثة حق على الله عز وجل عونهم: المكاتب الذي يريد الأداء، والناكح الذي يريد العفاف والمجاهد في سبيل الله)[١١] .

واتە: سێ کەس هەن خوای گەورە بەحەقی داناوە لەسەر خۆی کەیارمەتیان بدات: ئەو کۆیلەیەی دەیەوێت خۆی بکڕێتەوەو خۆی ئازاد بکات, وە ئەو کەسەی کە ژن دەهێنێت و مەبەستی داوێن پاکییە, وە ئەو کەسەی کە لە پێناو خوای گەورە دا جیهاد بکات.

١٠- ژن هێنان هۆکارە بۆ زیاد بوونی ئوممەتی پێغەمبەر کە دەفەرمووێت: (تزوجوا الودود الولود فإني مكاثر بكم الأمم)[١٢] .

واتە: ئافرەتانێکی خۆشەویستی منداڵ بوو بهێنن، چونکە من لە ڕۆژی قیامەتدا شانازی بەزۆریتانەوە دەکەم بەسەر ئوممەتەکانی تر.

---

(٩) (صحيح سنن ابن ماجة: ١٨٤٨).

(١٠) (مشكاة المصابيح: ٢٠٥٤).

(١١) (صحيح سنن النسائي: ٣٢١٨).

(١٢) (صحيح سنن أبي داود: ٢٠٥٠).

١١- ژن هێنان شوێنەوارێکی تەندروستی باشی هەیە, دوو زانای دەروون ناس لە زانکۆی شیکاغو ئامارێکی ووردکاریان ئەنجام دا دەربارەی چەند حاڵەتێك لە شێت بوون کە پشکنینیان کرد بۆ ئەو کەسانەی کە چارەسەریان دەکەن بۆیان دەرکەوت کە لەنێوان هەر سەد کەسێکی شێتدا(٨٣)یان لە کچ و کوڕانن و (١٧) یان لە ژن و پیاوانن.

هەروەها ڕێژەی تاوان لای گەنجان زیاترە وەك لەهاوسەرگیران کە لەیەکێك لە ئامارەکاندا دەرکەوتووە (٣٨) تاوانبار گەنجن لەبەرامبەر (١٧) هاوسەرگیر.

١٢- لەگرنگترین مەبەستەکانی ژن هێنان و سوودەکانی پاراستنی نەفسە لە توشبوون و کەوتنە ناو تاوانەوە. پێغەمبەر دەفەرمووێت: (**ما تركت بعدي فتنة أضر على الرجال من النساء**)(١٣) .

واتە: لەپاش خۆم هیچ فیتنەیەکم بەجێ نەهێشتووە بەزیان تر بێت لەسەر پیاوان لە ئافرەت.

وە ئەم شتە زیاتر دەردەکەوێت لەم سەردەمەی خۆماندا کە ئافرەتان زیاتر خۆیان دەڕازێننەوە و جوانی خۆیان دەردەخەن.

١٣- ژن هێنان ئەجر و پاداشتی تێدایە, پێغەمبەر دەفەرمووێت: (**وفي بضع أحدكم صدقة، قالوا يا رسول الله أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر؟! قال: أرأيتم لو وضعها في الحرام أليس كان عليه وزر فكذلك إذا وضعها في الحلال يكون له أجر**)(١٤) .

واتە: لە چوونە لای خێزانەکانتاندا خێرو سەدەقەتان بۆ دەنوسرێت، هاوەڵان فەرموویان: ئەی پێغەمبەری خوا ئایا کەسێك لەئێمە ئارەزووی خۆی تێر دەکات و پاداشتی دەست دەکەوێت؟! فەرمووی: بەڵێ ئایا لە حەرامدا بەکاری بهێنێت تاوانبار نابێت, بەهەمان شێوەش ئەگەر لە حەلاڵدا بەکاری بهێنێت پاداشتی دەست دەکەوێت.

١٤- ژن هێنان هۆکارێکە بۆ منداڵ بوون کە لەپاش مردنی دایك و باوك ئەو منداڵانە ئەگەر ساڵح وخواپەرست بن ئەوا دەبنە خێر و خۆشی بۆ دایك و باوکیان و بەردەوام کردەوەی چاکیان بۆ دایك و باوکیان دەڕوات بەبێ ئەوەی لە کردەوەی چاکی خۆیان کەم بکاتەوە,

پێغەمبەر دەفەرمووێ: (**إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلا من ثلاث صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعو له**)(١٥). واتە: ئەگەر مرۆڤ بمرێت ئەوا کردەوەکانی دەپچڕێت و هیچ خێری بۆ ناچێت تەنها لەم سێ ڕێگایەوە نەبێت: سەدەقەو خێرێکی نەبڕاوە، یاخود زانیارییەکی بڵاو کردبێتەوە خەڵکی لەپاش خۆی سودی لێ ببینن, یاخود منداڵێکی ساڵحی لەپاش خۆی بەجێهێشتبێت دوعای خێری بۆ بکات. بەڵکو دوعای خێرو داوای لێخۆشبوونی بۆ دایك و باوکی لە بەهەشتدا پلەو پایەیان بەرزدەکاتەوە.

---

(١٣) ( صحيح الجامع الصغير: ٥٥٩٧).

(١٤) ( صحيح الجامع الصغير: ٢٥٨٨).

(١٥) (إرواء الغليل: ١٥٨٠).

پێغەمبەر دەفەرمووێت: (إن الرجل لترفع درجته في الجنة، فيقول: أنى لي هذا؟! فيقال: باستغفار ولدك لك)[١٦] .

واتە: پیاوێك لە بەهەشتدا پلەو پایەی زۆر بەرز دەكرێتەوە, خۆی پێی سەیرەو دەڵێت: ئەی پەروەردگار خۆ من ئەوەندە كردەوەی چاكم نەبوو, ئێستا ئەم هەموو پلە بەرزیە چییە؟! پێی دەووترێت: ئەوە بە داوای لێخۆشبوونی منداڵەكەتە.

## سەلەف و ژن هێنان

چونكە سەلەف شارەزابوون لەسوننەتی پێغەمبەر كاریگەری هەبووە لەسەریان لەهەموو ژیانیاندا, لەوانە لەژن هێنانیان كە بایەخیان پێداوە و جێگەی گرنگی پێدان بووە لەلایان.

سەعیدی كوڕی جوبەیر دەفەرمووێت: عبداللەی كوڕی عباس پێی ووتم. ئایا ژنت هێناوە؟ ووتم: نەخێر. فەرمووی ژن بهێنە، چونكە باشترینی ئەم ئوممەتە ئەو كەسەیە كەژنی زیاتر هێنا بێت[١٧].        وە لەڕیوایەتی احمد بن منیع دەفەرمووێت: ئەمە كاتێك بوو پێش ئەوەی ڕیش دەربكەم (واتە: بەگەنجی).

وە شەدادی كوڕی ئەوس كەچاوی كوێر ببوو دەیفەرموو: ژنم بۆ بهێنن، چونكە    پێغەمبەری خوا وەسێتی بۆ كردووم كەبەبێ ژن نەگەم بەخوای گەورە.

وە معاز ﷺ لەنەخۆشی سەرەمەرگدا دەیفەرموو: ژنم بۆ بهێنن چونكە پێم ناخۆشە بەبێ ژن بگەم بەخوای گەورە.

وە مەیسەرە دەفەرمووێت: تاوس پێی ووتم: یان ئەبێ ژن بهێنیت یان ئەوەت پێ دەڵێم كە ئیمامی عمر بە ابی الزوائری ووت: تۆ بۆیە ژن ناهێنیت یان توانای ژن هێنانت نییە(جماع) یاخود لەخراپەو تاواندا ئارەزووت تێر دەكەیت.        وە لە تاوسەوە گێڕڕاوەتەوە كە فەرموویەتی: خوا پەرستی گەنج تەواو نابێت تا ژن نەهێنێت.

وە ابن مسعود دەفەرمێت: ئەگەر نەژیم، یاخود دە ڕۆژ لەدونیادا بژیم پێم خۆشە لەو دە ڕۆژەدا ژنم هەبێت.

ئیمامی احمد دەفەرمووێت: ئەگەر خەڵكی وازیان لە ژن هێنان بهێنایە نەغەزا دەما نەحەج نە.... وەپێغەمبەر ڕۆژی دەكردەوە هیچ نەبوو بیخوات كەوەفاتی كرد نۆ ژنی لەپاش خۆی بەجێهێشت, وە ژن هێنانی هەڵدەبژاردوو هانی دەداو قەدەغەی ژن نەهێنانی دەكرد, بۆیە هەر كەسێك لەسوننەتی پێغەمبەر لابدات    ئەوا لەسەر حەق نییە.

وە یعقوب لە كاتی غەم و پەژارەكەیدا ژنی هێناو منداڵی بوو.

وە پێغەمبەر فەرموویەتی:

---

(١٦) (صحيح الجامع الصغير: ١٦١٧).

(١٧) (رواه البخاري).

(حبـــب إلي الطيـــب والنـــساء)[١٨]. واتـە: بـۆنی خـۆش وئافرەتـان لـەلای مـن خۆشەویـست کـراون.

وە ابن قدامه لە ئیمامی احمد دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی:

واتە: هەر کەسێك بانگی کردیت بۆ جگە لە ژن هێنان ئەوا بانگی کردوویت بۆ جگە لە ئیسلام.

وە عبدالمومن المغربی دەفەرمووێت: پیاوی بیّ ژن وەکو پێی بیّ پێڵاو وایە. وە ژن نەهێنان کلیلی زینا کردنە,

وە هەر کەسێك ژن بهێنێت ئەوا هەندێك لەشەیتانەکانی بەستۆتەوەو زاڵ بووە بەسەریاندا.

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نویّ**

(١٨) (مشكاة المصابيح: ٥٢٦١).

# الفرق بين النصيحة والتعيير

تصنيف: الإمام الحافظ زين الدين ابن رجب الحنبلي

المتوفى سنة (٧٩٥هـ)

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، أمابعد:

فهذه كلمات مختصرة جامعة في الفرق بين النصيحة والتعيير – فإنهما يشتركان في أن كلاً منهما: ذِكْرُ الإنسان بما يكره ذِكْرَه، وقد يشتبه الفرق بينهما عند كثير من الناس والله الموفق للصواب .

اعلم أن ذِكر الإنسان بما يكره محرم إذا كان المقصود منه مجرد الذمِّ والعيب والنقص .

فأما إن كان فيه مصلحة لعامة المسلمين خاصة لبعضهم وكان المقصود منه تحصيل تلك المصلحة فليس بمحرم بل مندوب إليه .

وقد قرر علماء الحديث هذا في كتبهم في الجرح والتعديل وذكروا الفرق بين جرح الرواة وبين الغيبة وردُّوا على من سوَّى بينهما من المتعبدين وغيرهم ممن لا يتسع علمه .

ولا فرق بين الطعن في رواة حفَّاظ الحديث ولا التمييز بين من تقبل روايته منهم ومن لا تقبل، وبين تبيين خطأ من أخطأ في فهم معاني الكتاب والسنة وتأوَّلَ شيئاً منها على غير تأويله وتمسك بما لا يتمسك به ليُحذِّر من الإقتداء به فيما أخطأ فيه، وقد أجمع العلماء على جواز ذلك أيضاً .

ولهذا نجد في كتبهم المصنفة في أنواع العلوم الشرعية من التفسير وشروح الحديث والفقه واختلاف العلماء وغير ذلك ممتلئة بالمناظرات وردِّ أقوال من تُضَعَّفُ أقواله من أئمة السلف والخلف من الصحابة والتابعين ومن بعدهم رضي الله عنهم.

ولم يترك ذلك أحد من أهل العلم ولا ادعى فيه طعناً على من ردَّ عليه قولَه ولا ذمَّاً ولا نقصاً اللهم إلا أن يكون المصنِّف ممن يُفحش في الكلام ويُسيءُ الأدب في العبارة فيُنكَر عليه فحاشته وإساءته دون أصل ردِّه ومخالفته، إقامةً للحجج الشرعية والأدلة المعتبرة .

وسبب ذلك أن علماء الدين كلُّهم مجمعون على قصد إظهار الحق الذي بعث الله به رسوله ﷺ ولأنْ يكون الدين كله لله وأن تكون كلمته هي العليا، وكلُّهم معترفون بأن الإحاطة بالعلم كله من غير شذوذ شيء منه ليس هو مرتبة أحد منهم ولا ادعاه أحد من المتقدمين ولا من المتأخرين فلهذا كان أئمة السلف المجمع على علمهم وفضلهم يقبلون الحق ممن أورده عليهم وإن كان صغيراً ويوصون أصحابهم وأتباعهم بقبول الحق إذا ظهر في غير قولهم .

كما قال عمر رضي الله عنه في مهور النساء وردَّت المرأة بقوله تعالى: ﴿**وَإِنْ أَرَدْتُمُ اسْتِبْدَالَ زَوْجٍ مَكَانَ زَوْجٍ وَآتَيْتُمْ إِحْدَاهُنَّ قِنْطَاراً فَلا تَأْخُذُوا مِنْهُ شَيْئاً أَتَأْخُذُونَهُ بُهْتَاناً وَإِثْماً مُبِيناً**﴾ [النساء: ٢٠]، فرجع عن قوله وقال: (أصابتِ امرأةٌ ورجلٌ أخطأ) وروي عنه أنه قال: (كل أحد أفقه من عمر) .

وكان بعض المشهورين إذا قال في رأيه بشيء يقول: (هذا رأينا فمن جاءنا برأي أحسنَ منه قبلناه) .

وكان الشافعي يبالغ في هذا المعنى ويوصي أصحابه باتباع الحق وقبول السنة إذا ظهرت لهم على خلاف قولهم وأن يضرب بقوله حينئذ الحائط، وكان يقول في كتبه: (لا بد أن يوجد فيها ما يخالف الكتاب والسنة لأن الله تعالى يقول: ﴿أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ لَوَجَدُوا فِيهِ اخْتِلافاً كَثِيراً﴾ [النساء: ٨٢].

وأبلغ من هذا أنه قال: (ما ناظرني أحد فباليت أظهرت الحجة على لسانه أو على لساني) .

وهذا يدل على أنه لم يكن له قصد إلا في ظهور الحق ولو كان على لسان غيره ممن يناظره أو يخالفه .

ومن كانت هذه حاله فإنه لا يكره أن يُردَّ عليه قولُه ويتبين له مخالفته للسنة لا في حياته ولا في مماته . وهذا هو الظن بغيره من أئمة الإسلام، الذابين عنه القائمين بنَصْرِه من السلف والخلف و لم يكونوا يكرهون مخالفة من خالفهم أيضاً بدليل عَرَضَ له ولو لم يكن ذلك الدليل قوياً عندهم بحيث يتمسكون به ويتركون دليلهم له .

ولهذا كان الإمام أحمد (رحمه الله تعالى) يذكر إسحاق بن راهويه ويمدحه ويثني عليه ويقول: ( وإن كان يخالف في أشياء فإن الناس لم يزل بعضهم يخالف بعضا) أو كما قال .

وكان كثيراً يُعرضُ عليه كلام إسحاق وغيره من الأئمة، ومأخذهم في أقوالهم فلا يوافقهم في قولهم ولا يُنكِر عليهم أقوالهم ولا استدلالهم وإن لم يكن هو موافقاً على ذلك كله، وقد استحسن الإمام أحمد ما حكي عن حاتم الأصم أنه قيل له: أنت رجل أعجمي لا تفصح وما ناظرك أحد إلا قطعته فبأي شيء تغلب خصمك؟ فقال بثلاث: أفرح إذا أصاب خصمي وأحزن إذا أخطأ وأحفظ لساني عنه أن أقول له ما يسوؤه أو معنى هذا فقال أحمد: (ما أعقله من رجل) . فحينئذٍ فرد المقالات الضعيفة وتبيين الحق في خلافها بالأدلة الشرعية ليس هو مما يكرهه أولئك العلماء بل مما يحبونه ويمدحون فاعله ويثنون عليه .

فلا يكون داخلاً في الغيبة بالكلية فلو فرض أن أحداً يكره إظهار خطئه المخالف للحق فلا عبرة بكراهته لذلك فإن كراهة إظهار الحق إذا كان مخالفاً لقول الرجل ليس من الخصال المحمودة بل الواجب على المسلم أن يحب ظهور الحق ومعرفة المسلمين له سواءٌ كان ذلك في موافقته أو مخالفته .

وهذا من النصيحة لله ولكتابه ورسوله ودينه وأئمة المسلمين وعامتهم وذلك هو الدين كما أخبر به النبي ﷺ.

وأما بيان خطأ من أخطأ من العلماء قبله إذا تأدب في الخطاب وأحسن في الرد والجواب فلا حرج عليه ولا لوم يتوجه إليه وإن صدر منه الاغترار بمقالته فلا حرج عليه وقد كان بعض السلف إذا بلغه قول ينكره على قائله يقول: (كذب فلان) ومن هذا قول النبي ﷺ: (كذب أبو السنابل) لما بلغه أنه أفتى أن المتوفى عنها زوجها إذا كانت حاملاً لا تحل بوضع الحمل حتى يمضى عليها أربعة أشهر وعشر .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آلة وصحبة وسلم.

==================

# سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

**هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ**